# ئاگری مێژوو

## مێژووی تاوانکاری براکان
## بەرگی یەکەم

ئاوارە کەریم



ئاوارە کەریم

# یەکێتی

مێژووی یەکێتی و سەرۆک خێڵەکانی

هەولێر

2024

Razasha700@gmail.com

# پێرست

پێشەکی........................................................................ ٣
یە کێتی نیشتیمانی کوردوستان.................................................... ٤
هەلومەرجی دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول ........................................ ١٢
دوای شۆڕشی ئەیلول............................................................... ٢٧
قوتابخانەی "خۆفرۆشتن و جاشایەتی"ی جەلال تاڵەبانی.............................. ٣٦
هەڵەبجە و خیانەتی مام جەلال و هێرۆ............................................ ٤١
مام جەلال و ئاوە ژۆکردنەوەی مێژو............................................... ٤٧
خۆفرۆشی و جاشایەتی.............................................................. ٥٥
ئاژبەتاڵیَ مام جەلال و ئبرایم ئەحمەد........................................... ٦٠
جەلالی و مەلای سەرەتای شەڕی ناوخۆ............................................ ٧٠
کارەساتی هەکاری ................................................................ ٨٦
پشت ئاشان........................................................................ ٩٣
بەهادین نوری و پشت ئاشان ..................................................... ٩٧
یەکێتی و بەرەی جود.............................................................. ١١٣
شەڕی براکوژی پارتی و یەکێتی................................................... ١١٧
پارتی و یەکێتی لە شارباژێت...................................................... ١٢٤
شەڕی یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی ............................................. ١٢٧
شەڕی یەکێتی و پەکەکە........................................................... ١٤٠
شەڕی گەورەی بناری قەندیل..................................................... ١٤٣
هاتنی مام جەلال ................................................................ ١٤٨
کۆبونەوەی شەقلاوە............................................................... ١٥٤
هاتنی نەوشیروان مستەفا بۆ قەلادزێ............................................. ١٥٥
چەردەیەک لە تاوانی شاخ ........................................................ ١٦١
کوشتنی دیلەکان لە شاخ ......................................................... ١٨٤
خیانەت لە مامە ڕیشە............................................................. ١٩٠
ژن کوشتن لە شاخ................................................................ ١٩٣
نەوشیروان موستەفا و کوشتنی وریا............................................... ٢٠٢

نامەکوشندەکانی مەسعود بارزانی..................................................٢١٥
عەشیرەت گەری.......................................................................٢١٨
گەرانەقە بۆ عەشیرەت گەری ..........................................................٢٢٤
رزگار بوون لە خێڵ....................................................................٢٣٢
زاڵ بونی خێڵ بە سەر حیزبدا..........................................................٢٣٤
سەرۆک خێڵەکان دادگا ملکەچ دەکەن ................................................٢٣٧
حیزب و خێڵ ...........................................................................٢٤٠
هەیمەنەی بنەماڵە .......................................................................٢٤٨
سیستەمی خێل..........................................................................٢٥٣
مێژووی سەرۆک خێڵەژان .............................................................٢٦٩.
جاشەکانی ناو یەکێتی و پارتی.........................................................٢٩٧

# پێشەکی:

خوێنەری ئازیز ئەم کتێبەی بەردەستت هەو لّو ماندو بونی سالانێکی زۆرە هەرلە و کاتەوەی خوێند کاری زانکۆ بووم دەستم کرد بە کۆکردنەوەی بەڵگەو دەست نوس و کۆکردنەوە و ئەرشیف کردنیان تا ئەمرۆ کە کە بە دەیان شە و بێداری و چەندین هەوراز و نشێو هاتۆتە پێشم تا توانیومە ئەم کتێبە پێشکەش بکەم بە نێوەی کورد زمانم ، لە پێناوی ئەوەی راستیەکان وون نەبن و خوێنی بە ناهەق کوژراوی رۆلەکانی کەرد بە فیرۆ نە چێت ، چونکە من دڵنیام رۆژێک دێت هەوری رەشی ستەمکاری بەری خۆری ئازادی بەردەدات ، و ئەم ستەمکارە مل هورانە دەدرێنە دادگاو راپێچی .کونجی زیندان دەکرێن

ئازیزانم ئەم کتێبە مێژووی خوێناوی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان دەگێرێتەوە لە کاتی دامەزراندنیەوە تاکو ئێستە هەر لە شاخەوە بۆ شار ، هەر لە هەژاری و ئەداری بەرپرسەکانەوە بۆ دەوڵەمەندی بەرپرسەکان ، پلانی نوسینەوەی مێژووی تاوانکاری زنجیرەیەک کتێبە کە هەموو رێک خراو و پارتێکی تێدایە کە بەژدار بوون لە رژانی خوێنی خەڵکی بێتاوان ، بە چەند بەرگێک کۆتای دێت کە مێژووی تاوانکاری پارتی و مێژوی تاوان کاری یەکێتی لە ئێستەدا بەر دەست دەبێت و زنجیرەکانی تریش ئەگەر خودا تەمەنمان پێ ببەخشێ پێشکەشی نێوەی خوێنەری دەکەین، ئەم کتێبە هەوڵی تاکلایەنی بەندەیە بێ ئەوەی پاڵ پشتیەکی مادی و مەعنەویم هەبێت بۆیە لە کەمو کوری چاوپۆشی بکەن و بمان بوورن . ئامانجی من تەنها گەیاندنی راستیە لە پێناو راستکردنەوەی مێژوودا ،هیوا دارم لە دوای من نوسەرانی دیکەش بە ئەرک ی خۆیان هەستن و رووی راستی مێژووی خەباتی کوردوستان بخەنە روو ، لگەل مێژووی یەکێتی دا مێژووی سەرۆک خێڵە خۆفرۆش و بەدناوەکانیشم خستوەتە بەر باس ئەو سەرۆک خێلانەی کە . هەمیشە هۆکار بوون بۆ مانەوەی ئەم دەستەڵاتەو پاراستنی دەستەڵاتیان

# یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان

کورت دەکرێتەوە بۆ ی. ن. ک و لەنێو خەڵکدا بە یەکێتی ناو دەبرێت، پارتێکی سیاسییە لە باشووری کوردستان کە نیشینگەی سەرەکی دەکەوێتە شاری سلێمانییەوە. یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ئەندامە لە رێکخراوی سۆسیالیست .ئینتەرناسیۆنالی جیهانیی

مێژوو

ی. ن. ک هاوپەیمانێتییەک بوو لە نێوان پێنج قەوارەی سەربەخۆی سیاسی کە لەلایەن جەلال تاڵەبانی، کە کوردەکان بە مام جەلال ناوی دەبەن، و نەوشیروان مستەفا سەرکردایەتی دەکرا. بەشە سەرەکیەکان ئەمانە بوون: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و شۆڕشگێران. چینی خوێندەوار و رۆشنبیر پاڵپشتی سەرەکی یەکێتیی بوون لە کوردستانی عێراق، لە کۆی ١٥ ئەندامی دامەزرێنەر، ١٣ کەسیان کەسی ئەکادیمی و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا بوون. لە بنەڕەتدا، پارتەکە زیندووترین جوڵانەوەی سیاسی بوو کە وردەوردە بەرەو هاتە ناوەڕاستی مەیدانەکەوە و ئێستاش بوو بە پارتێکی سۆشیال دیموکرات و ئەندامە لە سۆشیالیست ئینتەرناشناڵ. لە سەرەتای ١٩٨٠کان، ی. ن. ک لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا بڵاوبووەوە بەتایبەتی چینی لادێ. هەڵبژاردنە هەرێمییەکەی کوردستان ئەوەی دەرخست کە زۆرینەی لایەنگرانی ی. ن. ک لە ناوچەکانی باشوری کوردستانی عێراقەوەن. لە جەنگی کەنداوی یەکەمەوە، ی. ن. ک لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان باکوری عێراق بەڕێوە دەبەن. هەرچەندە هاوکاری لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەڕێوەبردنی ناوچەکەدا هەمیشە بە هێمنی نەبووە و چەند جارێک لەنێوان چەکدارانی هەردوولادا توند وتیژیی گراوەتەوە بەر. لە ئەنجامدا ناوچەکە بووە بە دوو بەشەوە، بەش ژێر دەسەڵاتی پارتی و .بەشی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی- کە شاری سلێمانی ناوەندەکەیەتی

## دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتی

لە١-٥-١٩٧٥دا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزرێنرا نزیکەی دوو مانگ دوای هەرەسی یاخیبوونی کوردەکان لە ساڵانی ١٩٧٥-١٩٧٩. رێکخراوەکە لەکاتێکدا دامەزرا کە کوردی عێراق لەوپەڕی قەیراندا بوو و مەبەست لێی زیندووکردنەوەی بەرگری بوو و هەروەها دروستکردنەوە و ئاراستەکردی کۆمەڵگای کوردی بە ئاراستەی مۆدێرن و

دیموكراتییدا. ی. ن. ک بووە پارتێكی سەرەكی كوردی و جوڵانەوەیەكی سیاسی عێراقیی كە شوێنكەوتوویەكی زۆری هەبوو لەناو كوردەكاندا و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی یاریكەرێكی سەرەكی بوو لە دروستكردنی ڕووداوەكان و گەشەكردنیان لە ناوچەكەدا. جەلال تاڵەبانی، كە پێشتر سەركردەی قوتابیان، پارێزەر، ڕۆژنامەنووس و سەركردەی بەرگری بووە، سكرتێری گشتی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانە لە كاتی دامەزراندنییەوە لە ١٩٧٥. لە بنكەكانییەوە لەناو خاكی عێراقدا، سەركردایەتی بەرگری كوردی دەكرد لە كۆتاییەكانی دەیەی ١٩٧٠ و تەواوی ١٩٨٠. تاڵەبانی، بەنوێنەرایەتی یەكێتی بەرەی كوردستانی، سەركردایەتی چەند هەوڵێكی كردووە بۆ دەستختنی چارەسەرێكی سیاسی دیموكراتی بۆ دۆزی نەتەوەیی كورد لە عێراقدا.

پرۆگرام

یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان كاردەكات بۆ دەستخستنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ كوردەكان لە عێراقێكی دیموكراتی یەكپارچەدا و داوای چارەسەری سیاسی دەكات بۆ پرسی نەتەوەی كورد لەسەر بنەماكانی دیموكراسی، مافی مرۆڤ و هەروەها داننان بە شوناسی نەتەوەیی و كلتوری كورددا. ی. ن. ک كار بۆ پێشكەوتنی كۆمەڵگەیەكی مەدەنی دەكات بە ڕێكخراوە مەدەنییەكانەوە لە كوردستانی عێراق. هەڵبژاردنی ئازاد و كراوە، ڕێكخراوی كۆمەڵگەی مەدەنی، ئازادی ڕادەبرین و ڕۆژنامەوانی و مافە بنەڕەتییەكانی مرۆڤ بە یەكسانییشەوە لەو بابەتانەن كە ی. ن. ک كاری بۆ دەكات. لەبەرئەوەی خۆی لە ئاراستەی سۆشیال دیموكراتی جیهاندا دەبینێتەوە، ی. ن. ک باوەڕی وایە كە سیاسەتی حكومەت و هێزی بازاڕ دەبێ یەكبخرێت بۆ گەشەیەكی هاوتای ئابووری و كۆمەڵگا و خۆشگوزەرانی. ی. ن. ک باوەڕی وایە كوردەكان تاكە قوربانی دەستی ڕژێمی عێراق نەبوون و كار بۆ پاراستنی مافی كەمەنەتەو ایەتی و كەمایەتییە ئایینییەكانی تر دەكات لە عێراقدا. لەمبارەیەوە، ی. ن. ک كار لەگەڵ نوێنەری جڤاتی توركمان و ئاشوورییەكاندا دەكات، هەروەها نوێنەری ڕێكخراوەكانی ژنانیش. وەک بەشێک لە حكومەتی هەرێمی كوردستان، ی. ن. ک ڕێز لە هەموو جڤاتە سیاسی و كلتوری و قەومییە جیاوازەكان دەگرێت. ئەم دیدە وای كردووە توركمان و ئاشوورییەكان دامەزراوەی فێركردن و كلتوری خۆیان هەبێت، هەروەها كەنیسەش گەڕاوەتەوە سلێمانی و شارەكانی تر بۆ ئەوكەسانەی كە حیین. ی. ن. ک چالاكانە بەشێكە لە هێزە دیموكراتییەكان لە عێراقدا و كار بۆ هێنانەدی سیستمێكی حوكمڕانیی[مەسی دیموكراتی دەكات بۆ عێراق. ی. ن. ک داوای دەوڵەتێكی دیموكراتی فیدراڵی بۆ عێراق دەكات كە تێیدا كوردەكان و جڤاتە قەومی و كلتورییەكانی تر بتوانن ئابووری، كلتور و كۆمەڵگەی خۆیان بەرەوپێشبەرن.

ئەرک

یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بانگەشەی وایە كە كار بۆ مافی چارەی خۆنووسین، مافی مرۆڤ و دیموكراسی دەكات، سەرەڕای ئاشتی و ئارامی بۆ كوردەكانی عێراق.

## پێكهاتە

سەرکردایەتی یەکێتی لەلایەن جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتییەوەیە، کە پێشتر سەرۆک کۆماری عێراقبوو. سیاسەت و بڕیارەکانی ی. ن. ک لەلایەن دەستەیەکەوە دادەڕێژرێن کە مەکتەبی سیاسیە. ی. ن. ک پارتێکی سیاسی مۆدێرنی ڕێکخراوە. بڕیاردەران دەستەیەکن لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی کە ٣٢ کەسن. ئەنجومەنی سەرکردایەتی سکرتێری گشتی و ١١ ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێرن، کە بەرپرسن لە بەڕێوەبردنی ڕۆژ بە ڕۆژی ڕێکخراوەکە و جێبەجێکردنی بڕیار و فرمانەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. لە بنەڕەتدا ی. ن. ک دامەزرێنرا وەک چەترێک بۆ کۆکردنەوەی ئاراستە سیاسییە کوردییە جیاجیاکان لە عێراقدا. لە ساڵی ١٩٩٢ پێکهاتە جیاجیاکانی ناو ی. ن. ک یەکیانگرت و بوون بە جوڵانەوەیەکی یەکپارچەی سۆشیال دیموکراتی. ی. ن. ک لقی لە هەموو شار و شارۆچکە سەرەکییەکانی کوردستانی عێراق هەیە و لایەنگر و ئەندامی لەسەر ئاستێکی بەرفراوانی کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە. ژمارەی ئەندامەکانی ی. ن. ک بەپێی ئامارێکی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨- ١٤٨٢٨٠ کەسن. ی. ن. ک لە هەڵبژاردنەکەی ١٩٩٢ی کۆمەڵەی نەتەوەیی کوردستان بەشداری کرد و لیستەکەی توانی ٤٢٣٦٨٢ دەنگ بەدەست بهێنێت لە کۆی ٩٥٧٤٦٣ دەنگی دروست کە زۆرینەی لە سێ پارێزگا لە کۆی چوار پارێزگاکەی کوردستان .بەدەستهێنا

:ئۆرگانە ڕێکخراوەییەکانی ی. ن. ک

مەکتەبی ڕێکخستن

مەکتەبی ڕێکخستن (پێشی دەگووترێت مەکتەب ڕێکخستن) ڕێکخراوەکانی ی. ن. ک لە سەرتاسەری هەرێمەکەدا بەڕێوە دەبات و بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی بابەتی پەروەردەیی و زانیاری بەسەر ئەندامەکاندا لە ئەستۆی ئەم مەکتەبەیە. جگە لەمانە، سەرپەرشتی و چاودێری پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەکات لە ڕێکخراوەکەدا بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکان. مەکتەبی ڕێکخستن دەربارەی هەڵ و مەرجی ئەندامێتی لە ی. ن. ک و پێشنیارەکان بۆ هێشتنەوەی ی. ن. ک لەئاستێکدا کە زۆرترین ئەندامی هەبێت، ڕاپۆرت بۆ مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەرز دەکاتەوە. مەکتەبەکە سەنتەرەکانی ڕاهێنان بەڕێوەدەبات کە تێیدا کادرەکان یەکێتی هۆشیار دەکرێن و ڕادەهێنرێن لەڕووی یاسایی و فکری و مەیدانی سیاسی و ڕێکاری چالاکییەکان. ئەم ڕاهێنانە ئەندامەکانی پارتەکە ئامادەدەکات بۆئەوەی چالاکانە بەشداری بکەن لە چالاکییەکانی پارتەکەو پێگە ئیدارییەکان لە پارتەکەدا و یان پێگە .ئیدارییەکان لە ناوچەکەدا

مەکتەبی ڕاگەیاندن

مەکتەبی ڕاگەیاندن سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی ڕاگەیاندنەکانی ی. ن. ک ی لە ئەستۆیە. ئێستا ی. ن. ک چەند کەناڵێکی هەیە: تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان (لە سلێمانی)، کە کەناڵی سەرەکی تەلەفزیۆنە و چەند کەناڵێکی تری تەلەفزیۆنی ناوخۆیی لە شار و شارۆچکەکاندا لە ناوچەکە، دەنگی گەلی کوردستان، کە ڕادیۆیەکە پەخشی کوردی و

عەرەبیی هەیە. دەگاتە سەرتاسەری خۆرهەلاتی ناوەراست و ئەوروپا. کوردستانی نوێ، رۆژنامەیەکی رۆژانەیە، هەفتەنامەی ئەلئیتیحادی عەرەبی و (زی مۆنیتەر)، چاپکراوێکی رۆژانەی کوردی و عەرەبییە، کە چاودێری .ە جیهانییەکان دەکات دەربارەی ئەو بابەتانەی تایبەتن بە کورد و عێراقەوەuئاژانس

مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان

مەکتبەی رێکخراوە دیموکراتییەکان وەک هاوکارێکی رێکخراوە پیشەیی و کلتورییەکان کاردەکات نمونە وەک کۆمەڵەی .خوێندکارانی کوردستان، یەکێتیی ژنانی کوردستان و کۆمەڵەی نووسەران

مەکتەبی ئیدارەو دارایی

مەکتەبی ئیدارە و دارایی گشتی کاروباری دارایی و ستافی کارگێری رێکخراوەکە بەرێوەدەبەن. ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە رێگەی کۆمیسیۆنێکی وردبینییەوە چاودێری چالاکییەکانی ئەم مەکتەبە دەکات

مەکتەبی مافی مرۆڤ

مەکتەبی مافی مرۆڤ بەمەبەستی چاودێریی هەلومەرجی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی عێراقدا بنیاد نرا، بە تایبەت بۆ لەبەرچاوگرتنی هەڵسوکەوتی ئەندامانی ی. ن. ک و سەرکردایەتییەکەی. ئەم مەکتەبە وەکو هاوکارێکی رێکخراوە ناوخۆییەکانی مافی مرۆڤ کاردەکات و بە شێوەیەکی بەرفراوان هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە دەربارەی بنەماکانی مافی مرۆڤ، رۆڵی یاسا و دیموکراسی ئەنجامدەدات. هەروەها بۆ دڵنیابوون لە پابەندیی ی. ن. ک بۆ جارنامەی جیهانی .مافی مرۆڤ. ئەم مەکتەبە راستەوخۆ راپۆرتەکانی بۆ سکرتێری گشتی ی. ن. ک بەرز دەکاتەوە

مەکتەبی کۆمەلایەتی

مەکتەبی کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوچەکە، ئەم مەکتەبە کارئاسانی بۆ چارەسەری کێشە .کۆمەڵایەتییەکان دەکات، بەتایبەت لەو بابەتانەدا کە پەیوەستە بە زەوی و زار و کێشەی عەشایرییەوە

مەکتەبی شەهیدان

ئەرکی سەرپەرشتیکردنی کاروباری پەیوەند بە شەهیدان و دابینکردنی مافەکانی شەهیدانە، بەپێی ئەو یاسا و رێسایانەی کە لە داموو دەزگاکانی ی. ن. ک و حکومەتدا دیاری کراوە. هەروەها بەرنامە بۆ راگرتنی سەروەری و یادی شەهیدان و تۆمارکردنی مێژووی خەباتیان دا دەرێژێت و پلانی جێبەجێکردنیان دادەنێت. ئەم مەکتەبە بەشێکی تایبەت دەکاتەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروبار و پێداویستییەکانی نەوەکانی شەهیدان، کە لەلایەن نەوەکانی شەهیدان .خۆیانەوە سەرپەرشتی دەکرێت

دەزگای خزمەتی پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکان

دەزگای خزمەتی پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکان پێکدێت لە ٥-٧ ئەندام دەزگا. ئەرکی دەزگاکە بریتییە لە پێشکەشکردنی خزمەت و رێزلێنانی پێویست و شایستە بە پێشمەرگە و رێکخستنی دێرین و زیندانە سیاسییەکان. هاوکات کار بۆ بە دواداچوونی داخوازییەکانیان لە مەڕ دابینکردن و جێبەجێکردنی مافەکانیان بەپێی یاسا و رێنماییەکان

ورەچاوکردنی یەکسانی، دەکات. کاردەکات بۆ داکۆکیکردن لە سەروەری و بەرهەمی خەبات و تێکۆشانیان. پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکان، بە حوکمی خەباتیان لە هەر دەزگایەکدا بن، لە کاتی پێشێلکردنی مافە یاساییەکانیان، مافی .خۆیانە لە ڕێگەی ئەم دەزگایەوە بەرگری لە خۆیان بکەن

مەکتەبی پەیوەندییە گشتیەکان

مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکان پێکدێت لە (٩) ئەندام مەکتەب. مەکتەبی پەیوەندییەکان ئەرکی ڕێکخستن و پەرە پێدانی پەیوەندی ی. ن. ک ە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دەرەوە دەگرێتە ئەستۆ. .مەکتەبەکە لە چەند بەشێک پێک دێت و هەر بەشێک ئەندام مەکتەبێک سەرپەرشتی دەکات

دەزگای چاودێریی دارایی

دەزگای چاودێری دارایی پێکدێت لە ٧ ئەندام دەزگا بە لێپرسراوەکەیەوە کە خەڵکی پسپۆڕن لەو بوارەدا. چاودێری چۆنیەتی داهات و خەرج دەکات لە گشت ئۆرگان و مەکتەب و دەزگاکان ی. ن. ک. پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە .سکرتێری گشتی ی. ن. ک ەوە دەبێت. ڕاپۆرتی وەرزیی و ساڵانە پێشکەش بە سکرتێری گشتی دەکات

مەکتەبی چاودێریی و بەدواداچوون

مەکتەبی چاودێری و بەدواداچوون پێکدێت لە ٧ ئەندام مەکتەب. ئەرکی چاودێری کردنی ڕەوشی کاروباری ئۆرگانەکان و بە دواداچونی ئیشوکارەکانیان دەگرێتە ئەستۆ. لە کەمو کوڕی ئۆرگانەکان دەکۆڵێتەوە و ڕاپۆرت لەو بارەیەوە ئامادە .دەکات و بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی بەرز دەکاتەوە

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

پێکهاتە و ئەرکەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران: ئەم ئەکادیمیایە بە پێی پێویست پێکدێت لە چەند کادرێکی شارەزاو پسپۆڕ. کردنەوەی خول لە بواری جیا جیادا بۆ کادیرانی ی. ن. ک لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات. هەروەها ڕێکخستنی ئەرشیف و دۆکیومێنت کردنی مێژووی ی. ن. ک و دەرکردنی گۆڤارێکی فیکری. بایەخدان بە توێژینەوە و بیر و ڕۆشنبیریی هاوچەرخ و سازکردنی کۆڕ و کۆنفرانس. ئامادە کردنی لێکۆڵینەوەی ناو بە ناو دەربارەی ڕووداوەکانی ناوچەکە، جیهان و ئاراستەکانی ڕای گشتی خۆماڵی کە تایبەتە بە ئەندامانی کۆمیتەی .سەرکردایەتی و ئۆرگانەکان

دەزگای هەڵبژاردن

دەزگای هەڵبژاردن پێکدێت لە ٥-٧ ئەندام و ئامادەکاریی و سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان بە هەموو قۆناغەکانیەوە دەکات، کە بریتین لە ئامادەکردنی لیستی دەنگدەران و پاڵێوراوان، ڕاگەیاندنی پرەنسیب و ڕێساکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، ڕێکخستنی پرۆسەی دەنگدان، جیاکردنەوەی دەنگەکان، وردبوونەوەی لە تانە و سکاڵاکان و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن. دەزگای هەڵبژاردن، سەرپەرشتی هەموو ئەو هەڵبژاردنانە دەکات کە لە دەستووری عێراق و یاساکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستاندا ئاماژەیان بۆ کراوە، لەگەلا هەموو هەڵبژاردنەکانی ناو

خۆی ی. ن. ک و ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بە هەموو قۆناغەکانیەوە. دەزگای هەڵبژاردن، لە پەیرەوی کاری خۆیدا [ئەو بەش و ئەرکانە دیاری دەکات کە لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردندا لە کۆنگرەدا پەسەند کراوە.[۱

# هەلومەرجی باشوری کوردستان دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و دامەزراندنی یەکێتی

# نیشتیمانی کوردستان

شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆیی و ناوچەیی سەری هەڵدا،ئەمشۆڕشە کاردانەوەیەك بوو بەرامبەرسیاسەتی سەرکوتکاری حکومەتەکەی عبدولکەریم قاسم. ئەنجامی پاشگەزبوو ئەوەی حکومەتی عیراق بوو لە بەڵێنەکانی بۆ چارەسەکردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد لە عیراق. شۆرشی ئەیلول ماوەی ١٦ ساڵ درێژەی خایاند، ئەو ماوە مێژووییە چەندین قۆناغی شەڕو ئاشتی و ڕێکەوتنی کاتیی بە خۆیەوەدیت،تالەساڵی١٩٩٥ هەرەسیهێناو کۆتایی پێهات. گەلێ فاکتەر و هۆکاری ناو و دەرەکی بوونە مایەی هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلول. لەوانە

. هۆکارەناوخۆییەکان:هۆکاری سەربازی و کۆمەڵایەتی و هۆکارە حزبیەکانن

بەشێك لە مێژوو نووسان هۆکاري سەرەکی و راستە وخۆی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول دەگەڕێننەوە بۆ مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی جەزائیر. ئەم ڕێکەوتننامەیە لە ڕۆژی ٤ی ئازاری ساڵی١٩٧٥ لەنێوان (سەدام حسێن) ی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق و محەمەد ڕەزا شای ئێران. بە ئامادە بوونی( هواری بومیدیەن) سەرۆکی جەزائیر، لە پەراوێزی کۆبوونەوەی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی ئۆپیك واژۆکرا . دوای مۆرکردنی ڕێککە وتننامەکە شای ئیران بەە مستەفا بارزانی ڕاگەیاند کە سنورەکان دادەخات و یارمەتی لە شۆرشی کورد دەبڕێت . ئەم ڕێکەوتننامەیە بەنیسبەت سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە شتێکی کتوپڕ و چاوە ڕواننە کراو بوو، لەکاتیکدا هەندێ سەرچاوەی تر باس لەوەدەکەن لە کۆتایی مانگی شوبات و سەرەتای مانگی ئازاری١٩٧٥ بەهۆی کەناڵەکای ڕاگەیاندنەوە، چرپە چرپێك لە نێو هەنێك سیاسەتمەدار و کەسایەتیی هۆشیاری ناوچە ڕزگار کراوەکان پەیدابووە، بەوەی پیلانێک لە دژی شۆڕشی کوردستانی عێراق لە ئارادایە، بەلام کەناڵە فەرمیەکانی شۆرش بەهەند وەری نەگرتوون و جارجارەش باسیان لەتوانا و ئیرادەی سەرکردایەتی کورد بۆ ڕووبە ڕوو بوونەوەی هەر گۆڕانکاریەك دەکر ڕێکەوتننامەی جەزائیر لێدانێکی سەخت و تاڵ بوو لە خەونی کورد بۆۆ ئۆتۆنۆی و توانای

مستەفا بارزانی بۆ درێژەدان بە شەر کۆتای پێهێنا

دوای مۆرکردنی ڕێککەوتنەکە مستەفا بارزانی چووە ئێران بۆ دیتنی محمەد ڕەزاشا() ، شای ئێران سێ ڕێگەی خستە بەردەست: پێش کۆتایی مانگ ئازار خۆی

بەدەست هێزەکانی عێراقەوە بدات و بەر لێبووردنەکەی بەغدا بکەوێت یان وەك پەنابەر لە

ئێران بمێنێتەوە یاخود درێژە بەشەر بدات بەبێ هاوکاري ئێران . بۆیە لە ٤ی ئازاری١٩٧٥ تا ١٣ي ئازاري١٩٧٥ سەرکرادایەتی شۆرش بریاری هەرەسی پەسەند کرد، لە ماوەی ئەو دوو حەوتووەدا بەهۆی پروپاگەندەو پەرتەوازەیی سەرکردایەتی، ورەی هێزی پیشمەرگە دابەزی، حکومەت لێبووردنی گشی بۆ هەموو هێزی پیشمەرگە دەرکرد، سەرکردایەتی شۆرش بروسکەی بۆ هەموو هێزی پیشمەرگە لێدا کە خۆیان رادەستی

. حکومەت بکەنەوە و شۆرش کۆتایی پێ بهێنن

لەدوای واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی جەزائیر دوو بۆچون لە نێو سەرکردایەتی

سیاسی کورددا هە بوو: بۆچوونێ کیان پێیان وابوو کە مادام عێراق و ئێران ڕێککەوتون کورد بەتەنیا بەرگری پێناکرێت، بۆچوونی دووەمیان لای وابوو کە سەرەرای هەموو کەم و کورتی و ناتەواویەك پێویستە درێژە بە بەرگری بدرێ، ئەوشیروان مستەفا باس لەوە دەکات، کەمستەفا بارزاني بۆچوونی خۆی دەربارەی هەرەس بە ئاشکرا دەرنەدەبری تا ئەو کاتەی سامان و بەڵگەنامەکانی بینی گیروگرفت گواستەوە دیوی ئێران ، ئینجا بە ئاشکرا ڕایگەیاند کەپیلانێکی نێودەوڵەتی لە ئارادایە بۆ لە ناوبردنی کورد، بۆیە ئەبێت کورد بەرگري ئەکات

بۆ ئەوەی بەتەواوی لەناو ئەچێت، ئەبێت بکشێتەوە ئێران و چاوەڕوانی هەلومەرجێکی

. نێو دەوڵە تی باشتربکات

کریس کۆچێرا باس لەوە دەکات دەست کێشانەوەی بارزانی لەشەڕ هێشتا یەکێکەلە نهێنیە گەورەکانی دوا ساتەکانی بزافی ڕزگاریخوازی کورد، کۆچێرا پێی وایر گەورەیی تەمەن و ماندوو بوون پاساوی هەموو شتێك نین، هەروەها دەست بەردار بوونی ئێراني

وەلامی هەموو لایەنێکی ئەو نهێنیە نیە . ڕێکەوتننامەی جەزائیر و بریارهەرەسهێنانی

شۆڕش لە سەر خەڵکی کوردستان زۆۆر گەورە و کاریگەر و لێدانێکی کوشندە بوو، بەجۆرێ

پێشبینی نەدەکرا . دۆخێکی ئائومێدی و خەفەت و توو ڕەیی و ئاڵۆزی باڵیبەسەر

کوردستاندا کێشابوو . کاریگەری هەرەس ڕۆچووە ناو ڕۆحی هەموو کوردێك، تروسکە

هیوایەکیش ئەما بە ئاستەم بەرچاوی خەڵك ڕووناك بکاتەوە

کاریگەری هەرەسی شۆرش لەسەر هێزی پێشمەرگە، کەمتر نەبوو لەو کاریگەریەی

لەسەر خەڵك دروستبوو بوو،. بۆیە لە ڕۆژی ١٦ی ئازاری ١٩٧٥ ڕادیۆی کوردستان کە لە نزیك ئاوپردان بوو لە کار وەستێنرا. لەلایەکی تر‌ەوە مەفرەزەکانی تۆپخانە کەوتنە لە

کارخستنی ئەو چەند تۆپە کەمەی بە دەستیانەوە مابوو، گوێنتەر دیشنەر نوسیوویەتی
زۆر پێشمەرگەم بینی لە داخ و هەژمەتاندا تفەنگەکانیان بە تاوێراندا دەکێشا و
. "دەیانشکاندن،نائومێدیە کی زۆر بڵاو ببووەوە لە ناو هێزی پێشمەرگەدا
،کریس کۆچێرا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، دانیشتوانی گەڵاڵە و چۆمان و دەربەند
بەنزینیان بە ماڵ و دوکانە کانیاندا دەکرد و ئاگریان پێوەنان، لە کاتێکدا لە بێ دەسەڵاتی و نائومێدیدا دەگریان، دنگی دەست ڕێژی تفەنگ و ڕەشاش سەرانسەری دۆڵەکەی پڕ کردبوو، پێشمەرگە ئەم تەقانەیان دەکرد دەیانویست بەر لەوەی تفەنگەکانیان بشکێنن و ناودیوی ئێران بن، تەقەمەنیەکانیان تەواو بکەن، لە هەندێك جێگا کۆگاکانی تەقەمەنی و خواردەمەنی و کەلوپەلەکانی تری شۆڕش، لەلایەن پێشمەرگەوە دەسووتێنران و ئاگر و دووکەڵ
. بەرزە بووەوە
هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول جگە لەوەی کاریگەری خراپی کردە سەر خەلکی
کوردستان و هێزی پێشمەرگە، هاوکات بوو بەهۆی هاندان و سووربوونی حکومەتی بەعس لە پیادەکردنی سیاسەت و جەنگی ڤڕکردنی کورد و هەروەها سیاسەتی بە عەرەبکردن و بەبەعسي کردنو ڕاگواستنی کورد بەشێوەیەکي بەرنامەبۆداڕێژراو، لە ڕووي سیاسەتی ڕاگواستنەوە بە بەرنامەیەکی چڕوپڕ کەوتنە ڕاگواستنی ناوچە ستراتیژی، سنوری و نەوتیەکان، وەکو گوندەکانی قەزای خانەقین و مەندەلي و قەزاکانی شێخان و تەلکێف و تەلەعفەر و شەنگار لە پارێزگای موسڵ، هەروەها چەند ناوچەیەکی دهۆك و کەرکوك. ڕاگواستنی ناوچە نەوتاویەکان وەکو قەزای کەرکوك و قەزای دوبز لە پارێزگای کەرکوك و قەزای کۆیە لە پارێزگای هەولێر. ڕاگواستنی ناوچە سنوریەکانی (عێراق-ئێران، عێراق- تورکیا، عێراق- سوریا) و نیشتە جێکردنیان لە ئۆردوگا زۆرە ملێیەکاندا، ئەوانەی بەعس
. (ناوینابوون(مجمعات
لە بارەی پیادەکردنی سیاستی ڕاگوستنەوە لە بەیاننامەیەکدا (ی.ن.ك) ،کە لە
سوریا بە زمانی عەرەبیی بڵاوی کردەوە، تیادا هاتووە" گەلی کورد دووچاری سیاسەتی
ڕاگواستن هاتووە، یەکوم قۆناغ لەم ڕاگواستنە یەك ملیۆن کوردی گرتۆتەوە، حکومەتی
عێراق فشار دەخاتە سەر دەیان هەزار هاوڵاتی عەرەب و جوتیاران کە لەشوێنی جوتیارانی
. کورد نیشتەجێ بن
لە ڕووی سیاسەتی بە عەرەبکردنیشەوە لەو ماوەیەدا حکومەتی بەعس سیاسەتێکی
چڕوپڕی بەعەرەبکردنی بەرامبەر شاری کەرکوك گرتبووە بەر، تا سەرەتای ساڵی١٩٨٠ لەم
()شارە (٨٠-١٠٠) هەزار عەرەبی نیشتەجێ کرد، سیاسەتی بە عەرەبکردن بوارەکانی
خوێندن و ڕۆشنبیریشی گرتەوە . بەعس بەرەبەرە دەستیکرد بە بەعەرەبکردنی خوێندن و
گەلێك وانەی بەعسییانەیان بەزۆر لە مێشکی منداڵاندا قایمکرد . خوێندن لە زۆربەی

قوتابخانەکان و تەنیا زانکۆکەی کوردستان بە زمانی عەرەبی کرا (٦)، تەنها لە ساڵە ١٩٧٨-١٩٧٩ بەرنامەی خوێندنی کوردي نيوة لة نيوة طوراني بةسةردا هات، هةروةها
. ناوي زۆر بەی دام ودەزگا کارگێڕیەکانیش لە کوردستان بە عەرەبی کران
پیادەکردنی سیاسەتی بە بەعسیکردنیش لایەن حکومەتی بەعسەوە هیچی کەمتر نەبوو لە پیادەکردنی سیاسەتی ڕاگواستن و بە عەرەبکردن. لەم نێوەندەشدا بەبەعسیکردنی
خەڵك تەواوی دامەزراوەکانی دەوڵەتی گرتبووەوە. بە بەعسیکردن خەسڵەتێکی تۆتالیتاریانەی گشتیی هەبوو، بەجۆرێ هەموو ئەو کەسانەی دەگرتەوە، کە کاربەدەست و فەرمانبەری دەوڵەت بوون، ئەوەی پابەندی مەرجەکانی حکومەت نەبووایە، ناچاری دەرکردن حکومەتی بەعس لەم سیاسەتەیدا، لەلایەك هەڕەشەی ترساندنی بەکار دەهێناو لەلایەکیتریش خەڵەتاندن. جگەلە وەش هەوڵیدەدا چەکدارە گەڕاوەکانی دوای هەرەس ڕەازی بکات بۆ ئەوەی ببنە بەعسی و بچنە ڕیزی حزبەکەیەوە . بۆیە دەبینین هەرەسی شۆڕشی .ئەیلول حکومەتی بەعسی بەتەواوی دەست کراوە کرد بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی لە کوردستان
لەساڵی ١٩٧٠ هەتا ئازاری ١٩٧٥ جگە لە چەند لایەنێکی سیاسی بچوکی وەکو (کاژیك) و (حشع- قيادة المركزية)و (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان)
پ.د.ك) بێ ڕکابەر جڵەوی سەرکردایەتی خەباتی بزافی سیاسیی و چەکداری لە دەست) دابوو، بەڵام دوای هەرەسی شۆڕش و ڕاوەستاندنی خەباتی چەکداری لەلایەن مستەفا بارزانییەوە، ناڕەزایی لە نێوان کادیران و کەسانی هۆشیاری ئەوسای (پ.د.ك) لەهەموو ئاستێکدا درووست ببوو بوو، هەندێ لە کادیرانی پێشکە وتوو هەوڵی ڕازیکردنی جوڵانەوەی کوردیان لەم نسکۆیە دەدا، لە نێو ئەو کادیرە پێشکە وتووانەی بروایان بە درێژەدانی شۆڕش هەبوو ( ساڵح یوسفی، عەلي عەسکەری، خالید سەعید، ئیبراهیم ئەحمەد، عەلي

،هەژار)هەبوون . بۆ ئەو مەبەستە عەلی عەسکەری لەو کاتەدا لەگەڵ بارزانی قسەی کردبوو کەدرێژە بە خەباتی چەکداری بدەن ، بەڵام بارزانی لەو بارەیەوە ڕەزامەندی نیشان . نەدابوو
لەلایەکی تریشەوە سیاسەتی شۆفینیزمی بەعس لە ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و بە بەعسیکردن هۆکار و پاڵنەری گەورە بوو، تاوەکو هەندێ لە سەرکردەو پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول بیر لە درێژە پێدانی خەبات و بەرەنگاریە بکەنەوە و بکەونە بیری مۆدیلی تاك پارتی کۆتای هات و بارودۆخێکی ئاوەڵا بۆ دەرکەوتنی بیرو بۆچوونی جیاواز و

،بۆیە دەبینین دوای هەرەسی شۆڕش .
دامەزراندنی ڕێکخراو و پارتی سیاسی نوێ
درركەوتن و دامەزراندنی چەندین گروپ و ڕێکخراو و پارتی نوێ هاتە کایەوە
هەر سەبارەت بە دامەزراندنی چەندین گروپ و پارتی سیاسی دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، توێژەری بیانی( گەراس ئار. ڤی. ستانسفێلد) نووسیویەتی " دەتوانرێت ماوەی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول وەك خاڵێکی وەرچەرخان لێی بروانرێت.بە ئەمانی هە
نفوزێکی مستەفا بارزانی لەناوچەکە و ڕۆیشتنی سەرکردایەتیی (پ.د.ك) بۆ ئێران، شانۆکە
یەکێك لەو ڕێکخراوانەی دوای هەرەس دامەزرا، بزووتنەوەی سۆسیالیستی
کوردستان بوو ، بیرۆکەی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کوردستان لەئەنجامی
زنجیرەیەك کۆبوونەوەی بەشێك لە کادیر و سەرکردەکانی شۆڕشی ئەەیلول سەری هەڵدا، کە
لە دوای هەرەسی شۆڕش پەنایان بردبووە بەر ئێران، یەکەم کۆبوونەوەی ئەو کادیرانە لە
مانگی نیسانی ۱۹۷٥ لە شاری ورمێ لە ماڵی (عومەر دەبابە) بەسترا، بەشداربووانی پێك
(هاتبوون لە( عەلی عەسکەری، د. خالد سعد، علی هەژار،ابراهیم ئەحمەد، کاردۆ گەلآڵی
چەند کەسێکی تر، کۆبوونەوە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە لەچوارچێوەی خەباتی سیاسی
دژ بە حکومەتی عێراق کار بکەن، هەروەها دامەزراندنی پارتێك لە کوردستان بە زووترین
کات، دواجار لە هاوینی ۱۹۷٦ پاش ئەوەی هەندێ پەیوەندیان لەگەڵ یەك بەست و
لێکدانەوەی هەلومەرجی ئەوکاتی کوردستانیان خستە بەرباس، بزووتنەوەی سۆسیالیستی
دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند و یەکەم بەیانی لە ئابی ۱۹۷٦ ڕاگەیاند . لە ۱۱ی ئەیلولی ۱۹۷٥ لە شاری کەرکوك( پارتی سۆسیالیستی کورد"پاسۆك") بە
. ڕبەرایەتی ئازاد مستەفا دامەزرا . پاسۆك بە درێژەپێدەری بیروباوەری کاژێك دادەنرێ
پارتێکی نەتەوەیی ڕادیکاڵی بوو، باوەڕی بە خەبات هەبووە لە پێناوی ئازادی و
یەکگر تنووەو سەربەخۆییی کوردستان و بەدیهاتنی مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە
،دەوڵەتێکی سەربەخۆدا . ئەندامانی پاسۆك زۆربەیان خەڵکی شار و خوێندەوار بوون
هەستی نەتەوایەتیان بەرز بوو، ژمارەیان کەم بوو، بەڵام بە دیسپلین و گوێڕایەڵبوون لەبەر سنوورداریی توانای سەربازی و سیاسی و ماددی و جەماوەرییان لە بزافی چەکداری شۆڕشی کوردستاندا وەك هێزێکی بچووك مانەوە، داواکاری پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانیان خستە بەردەە لایەنە سیاسیەکان و بە گرەنتی سەرکەوتنیان دەزانی. پاسۆك لە سەرەتاوە هەوڵیدا بچ دابینکردنی تەبایی و ئاشتەوایی لە نیو پارت و لایەنەکانی کوردستان و لەوبارەیەوە دەیویست خۆی بێلایەن رابگرێت، بەڵام تا سەر نەیتوانی ئەو بێ

. لایەنیەبپارێزێت

د. مەحمود عوسمانیش کە کەسایەتیەکەی ناسراوی نێو (پ.د.ك) بوو، بەهاوکاری لەگەڵ هاورێکانی ، رێکخراوێکی بەناوی ( لیژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکراتی کوردستان)دوەدامەزراند ، بەو هیوایەی کادر و ئەندامەکانی (پ.د.ك) لە خۆیان کۆبکەنەوە و سەر لەنوێ پارتی رێکبخەنەوە، ئەمانە گەرچی لە ناوەراستی ساڵی ١٩٧٧ لەپاڵ سەرکردایەتی (ی.ن.ك) گەرانەوە کوردستان و بارەگایان دانا، بەڵام جەماوەر و

. پێشمەرگەیان لەدەور کۆنەبۆوە

دیارترین پارتی سیاسی کە دوای شکستی شۆرشی ئەیلول دامەزرا( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو)، (ی.ن.ك) لە ئاکامی ئەو بۆشاییە سیاسیەی ساڵی ١٩٧٥ هاتبووە ئاراوە، دامەزرا. دامەزراندنی (ی.ن.ك) ، کارێکی سەرپێی نەبووە، بەڵکو پرۆسەیەکی درێژخایەنی پێکەوە گرێدانی بیروباوەرە شۆرشگێری و واقعبینەکانە سەبارەت بە سروشتی جوڵانەوەی ئازادی خوازی کە چەندین تەیاری دیموکراتی و پێشکەو تووخوازانە

و چەپی گرتبووە خۆ کە ناتوانرێت لە چوارچێیوەی تاکە پارتێکدا کۆبکرێنەوە. دامەزراندنی

ی.ن.ك) ئاکامی بە ئاگاهاتنەوەیەکی هۆشیارانە بوو بە پێویستی جوڵانەوەیەکی)

. ئازادي خوازانە بۆگەلێکي سەرکوتکراو

دامەزراندنی (ی.ن.ك) ، بۆ پرکردنەوی ئەو بۆشاییە سیاسیە بوو کە لە کوردستاندا

دروستبوو بوو، بۆ ئەم مەبەستەش زنجیرە کۆبوونەوەیەك لە ناوەوەی وڵات وچەند ناوچەیەکی جیاجیای خۆر هەڵاتی ناوەراست و ئەوروپا بەسترا، کە ئامانجیان پێکهێنانی ئەلتەرناتیفێکی سیاسی بوو بۆ بەرێوبردنی ئەو بارودۆخەی کە رووبەروویان دەبووە، بۆ یەکەم جاریش جەلال تاڵەبانی سکرتێر( کۆمەڵە مارکسی لینینی کوردستان ) بیرۆکەی دامەزراندنی (ی.ن.ك) خستە بەرباس و راوێژی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەلە کرد ، لە ئەوروپاش پەیوەندی بەهەندێ لە کورد پەروەرانەوە کرد، لێرەوە بیری دامەزراندنی یەکێتیەکی نیشتیمانی وەکو رێکخراوێکی نیمچە بەرەی تەیار و چینە پێشکەوتنخوازەکانی

. کۆمەڵي کوردستان گەڵاڵەبوو

دەستەی دامەزرینەرانی (ی.ن.ك)، (جەلال تاڵەبانی، د.فوئاد مەعسوم، عبدالرزاق فەیلی، عادل موراد) ئەم چوارەلە ١١ی ئایاری ١٩٧٥ لە دیمەشق لە کافتریای ( طلیطلە) کۆبوونەوە و گفتوگۆیان لە سەر پرۆژەی بەیانێك کرد کە جەلال تاڵەبانی نوسیبووی، دوای دەستکاریکردنێکی کەم، بەیانەکە چاپ کرا. بەم چەشنە یەکەم بەیانی دامەزرا ندنی (ی.ن.ك)راگەیەندرا، دەزگاکانی راگەیاندنی عەرەبیش لە سوریا و لوبنان و میسر وگەلێ شوێنی تر ئەم بەیانەیان بڵاوکردوە، لە ئەوروپاش بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ و کۆشش بەردەوام بوو . لە رۆژی ١٩ی ئایاری ١٩٧٥ کۆ بوونە وەیەك لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا بەە سەرپەرشتی جەلال تاڵەبانی بەسترا، کە نزیکەی١٣ کەسایەتی تیایدا

بەشداربوون، دوای ئەوەی جەلال تاڵەبانی پەیوەندی کرد بە هەریەك لە نەوشیروان مستەفا لە (ڤییەننا)، هەمەر شێخ موس لە

ستۆکهۆڵم)، د. کەمال فوئاد کە هەر لە(بەرلین) بوو، دوای دە ستکاریکردنێکی کەمی ئە و)

بەیانەی کە لە سوریا ئامادەیان کردبوو، لە رۆژی ١ی حوزەیرانی١٩٧٥ بەیانەکە لە ئەوروپا

. (بڵاو کرایەوە ودواتر هە رئەم مێژووەش بووبە رۆژی ڕاگەیاندنی رەسمي(ی.ن.ك

)لە رووی پێکهاتەوە(ی.ن.ك) لە نیمچە بەرەیەکی فروان پێك هاتبوو لە هەریەك لە

کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) کە دواتر ناوەکەی گۆرا بۆ (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی

کوردستان)، لە ساڵی ١٩٧٠ دامەزرابوو، لە دیارترین سەرکردەکانیان: ( شیهابی شێخ

.نوری، فەرەیدون عەبدول قادر، جەعفەر عبدالواحید، شاسوار جەلال) چەند کەسێکی تر

، کۆمەڵە بەو پێیەی لە سالی ١٩٧٠ دامەزرابوو و خاوەنی چەندین ڕێکخستنی نهێنی بوو

. رۆڵێکی دیاری لە ریزەکانی (ی.ن.ك) هەبوو

بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستانیش یەکێك بوو لە باڵەکانی

، (ی.ن.ك) ، لە ئابی ١٩٧٦ دامەزرابوو، رۆڵێکی دیاریان هەبوو لەناو ریزەکانی(ی.ن.ك)

شایەنی باسە بزووتنەوە لە ١٣ئازاری ١٩٧٩ لە بەرەی (ی.ن.ك) هاتە دەرەوە و بووە

پارتێکی سەربەخۆ . باڵەکەی تری یەکێتی هێڵی گشتی یاخود هێلی پان بوو ، لەو کەسانە پێك هاتبوو کە سەر بە دوو ڕێکخراوەکەی پێشتر نەبوون، لەبەیانی یەکگرتنی بزووتنەوە و هێڵی گشتیدا هاتووە: کە هێڵی گشتی ئەو کەسانە بوون کە تەنها بیروباوەڕی یەکێتی یان هەڵگرتبوو، بەرنامە و پەیرەوی یەکێتی یان قبووڵ کردبوو، ئەمانە ئەندامی

ڕاستەو خۆی (ی.ن.ك) بوون

پێکهاتەی (ی.ن.ك) ڕێی پێدا هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە پشتگیریەکی زۆری بۆ

پەیدا ببێت، ئەو لایەنانەی (ی.ن.ك) پێك هێنابوو، نوێنەرایەتی سێ گروپ سەرەکیان لە کوردستاندا دەکرد، کە بریتیبوون لە خەتی گشتی کە پنتێکی سەرەکیی ڕۆشنبیرە دیارەکان بوو، کەمەلە ئەو ئەتەوەییانە بوون کە بە هۆی فێربوونی ڕێنماییەکانی ماوسیتۆ ئگەوە خولیای خۆیان هەبوو، هەروەها بزووتنەوە کە پەرەی بە چین و توێژە جۆراو جۆرەکانی

کۆمەڵگا دەدا

ئایدۆلۆژیای (ی.ن.ك) ، مۆرکێکی ماویانەی پێوە دیارە و دروشمیشیان هەر ماویان

"بوو

ئەی کرێکارانو گەلانی چەوساوەی جیهان یەکبگرن" .لە بەیاننامەیدامەزراندنی(ی.ن.ك) لە ئاستی جۆشدانی جەماوەر و کاریگەری بیری چەپ و رەخنەگرتن لە سەرکرادایەتی( پ.د.ک) کە بە سەرکردایەتیەکی خێڵەکی و بۆرژوازی وەسف کردبوو بە ڕوونی دەردە کەوێت، هەروەها خۆی بە دۆستی وڵاتانی سۆسیالیستی دەزانی و دژایەتی وڵاتانی ئیمپریالیزمی دەکرد . (ی.ن.ك) هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ( خودموختاری بۆ . کوردستان و دیموکراسي بۆعێراق)دەکاتە دروشمي سیاسي خۆی

لەسەر ئاستی دەرەوە پەیوەندیەکانی (ی.ن.ك) لەگەڵ سوریا و لیبیا بووە، پەیوەندی لەگەڵ ئەو دەو ڵەتە عەرەبي و ناعەرەبیانە نەبووە کە بەشداربوون لە رێکەوتننامەی جەزائیر لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتیش لە ڕاستیدا تا ڕووخانی ڕژێمی شا لە ئێران و تێکچوونی هاوکێشەکان، هیچ پەیوەندیەکیان لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتدا نەبوو

سەبارەت بە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ و لەسەر ئەوەی کێ لە سەرەتاوە بۆ دەستپێکردنی خەباتی چەکداری دەستپێشخەری کردووە بۆچوونی جیاواز هەیە و ساڵانێك دواتر هەریەك لە (ی.ن.ك) و (پ.د.ك)، ئەو مەسەلەیان دەکردە هی خۆیان . هەندێ لە (سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە جەلال تاڵەبانی پەیوەندی لەگەڵ ( شاسوار جەلل- ئارام لە کۆمەلە و ( عومەر مستەفا و د. خالید سەعید و عەلي عەسکەری) لە بزووتنەوە و چەند کەسێکی تر کرد و ئاڵوگۆڕی بیروڕای لە گەڵدا کردن سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، دواجار لە زنجیرەیەك کۆبوونەوەدا لە دیمەشق کە عەلي سنجاری و (مونزیر نەقشبەندە) ئامادەبوون، بریاری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری بەشێوەی پارتیزانی دەدرێت و لە ١ی حوزەیرای ١٩٧٦ یەکەم مەفرەزەی پێشمەرگە بە سەرکردایەتی . ئیبراهیم عەزۆ لە سنوری سوریاوە هاتنە کوردستان بۆهەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ

بۆچوونێکي تر پێی وایە کە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕش لەلایەلەن (پ.د.ك سەرکردایەتی کاتی یەوە بووە و یە کەم ئەو مەفرەزانەی چوونە شاخ، پێشمەرگەی

پ.د.ک) بوون و لەلایەن (پ.د.ك) چەك و تەقەمەنیان بۆ دابینکراوە، ئەو ڕۆژەش بە ١٤ی) گولانی ١٩٧٦ دیاریدەکەن و ناوی شۆڕشی گوڵانی لێدەنێن، بۆیە بەلای پارتیەوە یوکەم .مەفرەزەی پێشمەرگە کە چوونە شاخ لە سنوری ئێرانەوە و لە حاجی ئۆمەرانەوە چوون، نەک لە سنوری سوریاوە

# بارودۆخی دوای شۆڕشی ئەیلول

بارودۆخی ئەو کاتەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تیایدا دامەزرا بە نسبەت بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان بارودۆخێکی ناوهەموارو ئاڵۆزو خراپ بوو.

من نامەوێت بڕۆمە ناو بابەتی هەڵسەنگاندنی مەسەلەی کۆتایی هاتنی شۆڕش و هەڵوێستی سەرکردایەتی شۆڕش، ئەمە بابەتێکەو خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت، کە هەروا بە ئاسانی ناتوانین باسی لێوە بکەین، بەڵام من شتێک دەڵێم وەک ڕووداوێکی مێژوویی کە لە ٦ی مارتی ساڵی ١٩٧٥ ڕوویدا ئێران هەموو سنوورێکی لە یەکێتی داخست و مژارێکی بۆ بەجێ هێشت، ئەویش بریتیی بوو لە دوو ڕێگە یان ئەوەی چەکەکانیان دابنێین و بڕۆنەوە ناو حکومەت یان ئەوەتا بڕۆنە ئێران و لە کەمپەکانی ئەوێدا کۆیا بکەنەوە. لەوە زیاتر مژارێکی تریان بۆ نەهێشتنەوە. بۆ ئەمەش ئەوانەی کە ڕوویان لە ئێران دەکرد زیاتربوون لەوانەی کە دەڕۆشتنەوە ناو حکومەت. بەتایبەت ئەوانەی سەرکردەو بەرپرس بوون لە ناو شۆڕش ئەوان نەیان دەتوانی بڕۆنەوە ناو حکومەت و تەسلیم ببنەوە.

لەو کەین و بەینەدا کۆمەڵێک یان گرووپێک شۆڕشگێری ئەو سەردەمە بەرهەڵستی خۆیان نیشاندا و وتیان ئێمە بەرگری دەکەین، لەوانە دەستەیەک لە کادرو سەرکردەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کە بە ئاشکرا کاریان نەدەکرد، بەڵام وەک کەسایەتی ناسراو بوون، لەوانە شەهید شەهابی شێخ نووری، دارۆی شێخ نووری، شەهید ئارام، سالار عەزیز، پێم وابێت فەرەیدون عەبدولقادریشیان لەگەڵ بووبێت کە من نەدی.. و کۆمەڵێک لە برادەرانی تر کە ئەوکات بەیەکەوە لە ناو کۆمەڵەدا کاریان دەکرد.

لە دوای ئەمانە دەبێت باس لە هەندێک کادری ئەوکاتی پارتی بکەین، کە دەتوانین ناویان بنێین کادری پارتی شۆڕشگێر، وەک کاک عەلی عەسکەری و شەهید دکتۆر خالید سەعید، کاک عادل موراد، حەمە رەزاو ژمارەیەک لە ئەندامانی سکرتارێتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و بیرم نەچێت فاروقی مەلا مستەفاشیان لەگەڵ بوو، ئامادەبوون

برۆن لە ناوچەی پێنجوێن جارێکی تر بە بیرکردنەوەو میتۆدێکی نوێ-وە کاری شۆڕشگێڕی و چەکداری دەست پێ .بکەنەوە

ئەمانە ئامادەبوون و رۆشتنە پێنجوێن و بەڕاستی تا ئەو شوێنەی ئاگادار بن ئەوان دەیانویست بەگری بکەن و چەک دانەنێن، بەڵام لەو ئان و ساتەدا مەلا مستەفا لە تاران گەڕایەوە و پەیامێکی پێ بوو، ئەویش ئەوە بوو کە وتی نابێت هیچ کەسێک بەرگری بکات. ئەنانەت وتی ئەوانەی کە رۆشتوونەتە پێنجوێن ئاگاداریان بکەنەوە کە بێنەوە، ئەگەریش قبوڵیان نەکرد خۆم دەڕۆم و دەستبەسەریان دەکەم و دەیانهێنمەوە. ئەمە تەورێک بوو بۆ ئەوەی هەموو رێگەیەک .ببڕن لە مەسەلەی بەرگریکردن. ئەوەبوو برادەران هاتنەوە

کە هاتنەوە کۆبوونەوەیەکی تر کە هاوتەریب بوو لەگەڵ ئەم بابەتە بە سەرکردایەتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو کەمال محێدین و کاردۆ گەلالی و رەسول مامەند بوون لەگەڵ ژمارەیەک لە باڵی مەلامستەفا. بیرم ئەچێت رەحمەتی کاک عومەر دەبابەشیان لەگەڵدابوون. ئەوان گفتوگۆیان کرد لەوەی کە دەبێت چی بکەن. ئەوان بڕیاریان دا کە بڕۆنەوە بۆ بەغداد بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەک دروست بکەن، هیچ نەبێت دەست بەو بارودۆخە خراپەوە بگرن و کارئاسانی بۆ خەڵک بکەن. چونکە ئەوە روون بوو کە رژێمی بەعس لە باری سەرکەوتندابوو. کە زۆر درندانە کەوتبووە گیانی هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە پێشووتر پێی دابوون لێ وەردەگرتنەوە، بۆ نموونە قەدەغەکردنی هەڵواسینی تابلۆ بە .زمانی کوردی لە شەقام و دووکان و شوێنی کارو خوێندگاکان و ...تاد

وتیان بڕۆ بۆ لای مام جەلال

هەندێ لەو برادەرانە چوونە بەغداو ئەوانی تریش چوون بۆ نەغەدە یان راستر بڵێین روویان لە ئێران کرد، لە وێ لە نەغدە هەندێ لە برادەران کەوتنە لای هەندێکی تریشیان کەوتنە لای برادەرێکی تر، کاک شەهاب و ئارام لای عەبدولرەزاق فەیلی مانەوە، بەڵام ئەوان زوو بڕیاریان دا بگەڕێنەوە و بەڵام کاک شەهاب بە عەبدولرەزاقی وت ئەگەر .هەر دەڕۆیت بڕۆ بۆ سوریا بۆ لای مام جەلال، ئەوان لەگەڵ سالح یوسفی گەڕانەوە

ئەو کاتە عەبدولرەزاق و عادل موراد بەیەکەوە بوون، یەکێکیان دانابوو بچێتە سوریاو ببێتە نوێنەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە بەرەی نیشتمانی قوتابیانی عیراق، کە سەر بە عەرەبی ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی عیراقی بوو لە سوریا. کە ئەو کاتە یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئەندام بوو تیایدا. ئەو کوڕەیان دانابوو کە بچێت ببێتە نوێنەر لەوێ، بەڵام دواتر .ئەو برادەرە رۆشتەوە بۆ عیراق

ئەوەبوو کاک عادل پێیبوت پاسپۆرتت هەیە، عەبدولرەزاق وتی بڵێ بۆچی؟ وتی پێت چۆنە بتکەمە نوێنەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە شام، وتی خۆشم دەمویست بڕۆمە دەرەوە

. لێرەوە لەزاری عەبدولرەزاقەوە ئەم دیمانە یە باس دەکەین کە بۆ رۆژ نامەکی کوردوستان دواوە

دوای ئەوە هەر لە نەغدە دکتۆر خالید وتی عەبدولرەزاق چی دەکەیت و بەرنامەت چییە؟. منیش وتم دەمەوێت بڕۆمە .دەرەوە پاسپۆرتم هەیە و دەمەوێت بخوێنم، ئەویش وتی برۆ بۆ سوریا بۆ لای مام جەلال

ئەوەی من دەیڵێم بانگەشە نییە بۆ ئەوەی کە ئەوان دەیانزانی مام جەلال چی دەکات یان دەوێت چی بکات، بەڵام مەنتقی بارودۆخەکە وابوو کە ئەوان دەیانزانی مام جەلال هەروا بەئاسانی دانانیشێت و سەیری بارودۆخەکە بکات. دوای ئەوە لەگەڵ یەک دوو برادەر رۆشتینە لای کاک عەلی عەسکەری لە سابڵاغ، کاک عەلی وتی(شێتە) دەتەوێت چی بکەیت؟ منیش وتم وەڵا کاک عەلی دەمەوێت بڕۆمە دەرەوە بخوێنم. ئەویش کە ئەم قسەیەی منی بیست جەختی کردەوە وتی برۆ بۆ لای مام جەلال لە شام. ئەمە سێیەم کەس کە ئەم قسەیە بکەن. منیش وتم هەوڵ دەدەم کە وا بکەم. ئەمە جگە لەوەی کە خۆشیان بڕیاریاندابوو هەندێک کادری باوەڕ پێکراو بنێرنە ئینگلتەرا بۆ ئەوەی بزانن چی دەکەن لەوێ بۆ ئەوەی ئەوانیش ئامادەبن. یەکێک لەوانە کاک عادل موراد بوو، ئەوەی تریشیان کاک نوری شاوێس بوو، نوری شاوێس هەر لەو فەرتەرەیەی ئێمە دەرچووین بۆ سوریا ئەویش هاتە ئەوێ، بەڵام دواتر چووە بەیرووت. لە شام وتیان چاوەڕێ بکەم مام جەلال فیکرەیەکی هەیە

ئێمە کە هاتینە شام، ئەگەر زۆر باش بیرم بێت ١٤/٤/١٩٧٥ بوو، یەکەمین کەس کەبینیمان ئەندامێکی حزبی بەعسی سەر بە سوریا بوو، واتە ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی بوون لەوانەی سوریا، کە ئێستاش پەیوەندی ئەو برادەرە لەگەڵ یەکێتی بەردەوامە و زۆریش باشە. ئەگەر هەڵە نەبم ناوی (مەحمود شێخ رازی)بوو. ئەو کاتە ئێمە هێشتا مام جەلال-مان نەبینی بوو، زۆر بە رەخنەگرانە باسی شۆرش و شکستی شۆرشمان دەکرد، بەتایبەت کاک عادل زۆر پڕ بوو کە رۆشتبوون بۆ پێنجوێن و مەلا مستەفا نەیهێشتبوون.

مەحمود وتی چاوەڕێ بکەن مام جەلال دێتەوەو فکرەیەکی پێیە، دوای ئەو ئیبراهیم عەلاویمان بینی (ابو لیلا) کە سکرتێری حزبی شیوعی عێراقی قیادە مەرکەزی بوو، قسەمان کرد و بارودۆخەکەمان بۆ روون کردەوە کە چۆنە و چۆن نییەو چی روویداوە، وتی چاوەڕێ بکەن مام جەلال لە جەولەیەکدایەو هەندێک خەڵک دەبینێت و فکرەیەکی پێیە. دوای ئەو (عەبدولئیلا ئەسراوی) ئەمینداری گشتی بزووتنەوەی اشتراکی عەرەبیمان بینی. ئەویش دوای ئەوەی کە قسەمان کردو بارودۆخەکەمان هەڵسەنگاند، وتی بۆچاوەڕێی مام جەلال ناکەن، ئەو بە نیازی شتێکەو فکرەیەکی زۆر باشی پێیە.

ئەمە چی دەگەیەنێت، ئەوە دەگەیەنێت کە هەر سێ ئەو کەسەی کە لەگەڵ کاک عادل بینیمانن و قسەمان لەگەڵ کردن، ئەوان پێشووتر لەگەڵ مام جەلال قسەیان کردووە و گوێیان لە فکرەکەی مام جەلال بووە.

مام جەلال لەگەڵ مەلا مستەفا زۆر هەوڵیدا

مام جەلال لە سەرەتاوە هەوڵێکی زۆریدا بۆ ئەوەی مەلا مستەفا کۆتایی بە شۆرش نەهێنێت، بەڵکو میتۆدەکانی شۆڕش بگۆڕێت و شێوازەکەی بگۆڕێت، ئەویش سۆزی لە سوریا و لیبیا وەرگرتبوو بۆ ئەوەی شۆڕش بەردەوامی پێ بدەن، ئەوەشی بە مەلا مستەفا گەیاندبوو، کە ئەوەندەی من بیرم بێت جارێکیان فازلی مەلا مەحمود و جارێکی تریش نازاد خۆشناو نامەکەی مام جەلال-یان بۆ مەلا مستەفا هێنا. بەڵام فایدەی نەبوو، ئەوەندەی من ئاگادار بم مام جەلال

زۆر داوای لە مەلا مستەفا کردووە کۆتایی بە شۆڕش نەهێنێت و بەردەوام بێت، ئەویش هەوڵی زیاتر بدات بۆ .بەدەستهێنانی پشتیوانی لە مانەوەی شۆڕشەکە، بەڵام ئەنجام بوو

بۆیە لە دوای ئەوە مام جەلال، بیری لەوە کردبۆوە کە دەبێت چی بکەین؟

مام جەلال لە میسر گەڕایەوە شام

پاشماوەیەک مام جەلال لە میسرەوە گەڕایەوە سوریا، ئێمە چووین بۆلای لە چایخانەیەک کە ئێستا ئەو چایخانەیە نەماوە، کە ناوی چاخانەی ئەل کەمال بوو، لەوێ بۆ یەکەم جار من و عادل موراد لەگەڵ مام جەلال دانیشتین، مام جەلال زۆری پێخۆش بوو کە چووبووینە لای، من وەک سکرتێری لاوان و نوێنەری قوتابیان بووم لە سوریا و کاک عادلیش وەک سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ئەوە بوو مام جەلال بە خێرایی فیکرە و نییەتی خۆی لە دروستکردنی بزووتنەوەیەکی نوێ بۆ خستینەڕوو، ئێمەش حەماس گرتنی، تەنانەت حەماسی عادل موراد لە من زیاتر بوو. یانی ئەوە نەبێت کە من کۆنە جەلالی ببوێتم و عادل موراد کۆنە مەلایی بێت، لەو بەرنامەیەی کە لەلایەن مام .جەلالەوە پێشنیارکرا، عادل موراد ئامادەیی زیاتری تێدا بوو

مام جەلال ئەوەی بۆ باس کردین کە چۆتە قاهیرە و لوبنان وکۆمەڵێک خەڵکی بینیوە و بەڵێنی ئەوەیان پێداوە کارمان .لەگەڵ بکەن و هەندێکیش پرۆژەکەیان پەسەند نەکردووین

وتی من من باسی ئەوانە دەکەم کە ئامادەیی ئەوەیان پیشاندابوو کارمان لەگەڵ بکەن، لەوانە دکتۆر فوئاد مەعسوم کە نوێنەری مەلا مستەفایە لە وڵاتی میسر قسەکانی قبوڵ کردووم و دەستی خستۆتە ناو دەستم بۆ ئیشکردن لەگەڵم، بۆیە چاوەڕێی دەکەم کە لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانی بێنە شام و لێرە دەست بەکارەکانمان بکەین. کەواتە بووینە چوار کەس(مام .(جەلال، عادل موراد، فوئاد مەعسوم، عەبدولڕەزاق فەیلی

مام جەلال گەیشتە بەرلین و ئێمەش گیراین

لەو ماوەیەدا کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دەبەسترا واتە لە بەرلینی خۆرئاوا، مام جەلال رۆشت بۆ ئەوەی. ئینجا لێرە شتێک هەیە کە ئێمەش ویستمان بڕۆین بۆ ئەوێ، ئێمە گیراین ئەوەندەی نەمابوو تەسلیمی حکومەتی عیراقمان بکەنەوە. چونکە لە بەرلینی خۆرهەڵاتەوە لە جیاتی میترۆ بە پاس رۆشتین و ڤیزامان نەبوو. بۆیە گەڕاینەوە، کە گەڕاینەوە بەرلینی خۆرهەڵاتی ئێمەیان دەستگیر کرد. باشییەکە لەوەدا بوو کە چەند عەرەبێکی سوریمان لەگەڵ دابوو، ئەوان پاسپۆرتی سوری و ئێمە پاسپۆرتی عیراقیمان پێ بوو. لە بەرلینی خۆرهەڵات وتیان هەر کەسەو دەبێت بڕواتەوە بۆ وڵاتی خۆی، برادەرانی سوری لە سەر ئێمە هەڵیانداپەو وتیان راستە ئەوانە عیراقین، بەڵام .ئەگەر بیانگەڕێننەوە ئەوە دەگیرێن و لە سێدارە دەدرێن

لە کافیتریای توڵەیتەڵەوە بۆ بەرلین

دواتر لە ٢٢/٥/١٩٥٦ لە کافیتریای توڵەیتەڵە، کافیترایەکی بە ناوبانگ بوو لە ناوچە دەوڵەمەندەکان بوو لە شام، ئێستاش هەر بەو ناوە ماوە، لەوێ دانیشتین و مام جەلال-یش هەموو شتێکی ئامادە کردبوو، وەک بەیاننامەی

دامەزراندن، ئینجا بیروباوەڕو سیاسەت و نەهج و ستراتیژیەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی خستە سەر مێز. هەموو شتێکی بە ئامادەکراوی بۆ هێنابووین، ئێمەش خوێندمانەوە، هەندێک گفتوگۆمان لە سەری کرد و هەندێکش دەستکاریمان کرد، بەڵام دەستکارییەکە لە رووی زمانەوانی عەرەبییەوە بوو کە هەڤاڵ دکتۆر فوئاد مەعسوم .دەستکاری کرد

ئینجا مام جەلال وتی باشە، با بزانن کە هەندێک برادەری دیکە هەیە و دەیانەوێت لەگەڵمان بن و یارمەتیمان بدەن، بەڵام ناتوانن بێنە ئێرە. کە ئەوکاتەی چووبووە بۆ کۆنگرەی خوێندکاران لەوێ ئەو برادەرانەی هەڵبژاردبوو. کە ئەوانیش خوا لێخۆشبوو(دکتۆر کەمال فوئادو کاک ئەوشیروان مستەفا) لەگەڵ کاک عومەر شێخ موس بوون. ئێمەش پێمانخۆش بوو، چونکە ئەوانە کەسایەتی و ناوی دیاربوون، بەتایبەتی دکتۆر کەمال فوئادو کاک ئەوشێروان دوو کەسایەتی دیارو تێکۆشەربوون لەناو بزووتنەوەی کوردایەتی. من خۆم کاک ناوی کاک عومەرم بیستبوو، بەڵام نەمدیبوو، بەڵام دۆستی کاک ئەوشێروان بووم لە ساڵی ١٩٦٢وە دۆست بووین، کاک دکتۆر کەمالیشم لە فەترەی پێش ١١ی ئازار لە زانکۆی سلێمانی کە سەرۆک بەشی کوردی بوو، جگە لەوەش هاتووچۆی بەغدای دەکرد بۆ رۆژنامەی .نور، ناسیبوو. بەڵام ئەوەی کاک عومەر بەس بە ناو بیستبووم کە پیاوێکی چالاک و زیرەک و تێکۆشەرە

مام جەلال وتی من ئەم بەیاننامەیە دەبەمە ئەورووپاو لەگەڵ ئەوان دادەنیشم، ئەوەبوو رۆشتەوە بۆ بەرلین و لەگەڵ ئەو سێ برادەرەش کۆبۆوە. ئەوەبوو لەوێ یەک خاڵی تێدا دارێژرایەوە(تعدیل). لەوێدا ئایدۆلۆژیای یەکێتی کە ئەمە یەکێکە لە خاڵە گرنگەکان بەباشی دەرکەوت کە ئێمە لەگەڵ دۆست و دوژمنی جیهانی بزووتنەوەی کوردی باسی ئەوەمان کردبوو، کە رڤیژنیزمی جیهانی ناتوانێت لەگەڵ ئێمە بێت. ئەوان ئەمەیان لابردبوو، وتبوویان ئەمە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرنامەیەکی رزگاری نەتەوەییەو حزبێکی ئایدۆلۆژی نییە. کە دۆست و دوژمنی خۆی بەم شێوازە دیاریبکات. ئێمە دەبێت دۆستایەتی هەموو کەس و لایەنێک بۆ خۆمان رابکێشین، مام جەلال بە ئامرازی خۆی ئەمەی .دەزانی، بەڵام شتی دیکەی لە خەیاڵدا بوو

قسەی ئەمان زۆر لە جێ بوو، چونکە ئێمە بەرنامەیەکی رزگاری نەتەوەیی بوین و حزبی چینایەتی نەبووین، ئێمە دەبوو لە سروشتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان هەموو جۆرە رێکخراو و حزب و کەسێک ببێتە ئەندام لە ناو یەکێتیدا. بەو مانایەی مادام یەکێتی رێکخراوێکی نیمچە بەرەیی بوو، بۆیە هەر رێکخراو و لایەنێک کە دەهاتە ناو یەکێتی دەیتوانی مومارەسەی فیکر و ئایدۆلۆژیای خۆی بکات. بەهەمان شێوە لەناو یەکێتیدا لە رووی فیکرییەوە خۆیان بەهێز بکەن. بۆ ئەوەی دواتر ئەم یەکێتییە وردە وردە ببێتە بە بەرەیەکی فراوانی نیشتمانی. لەناو ئەو بەرە نیشتمانییە .فراوانەشدا بێگومان حزبێک، لایەنێک لە هەموویان بەهێزترە و ئەبێتە پێشڕەو لە ناو بەرەکەدا

ئەوکات مام جەلال سکرتێری کۆمەڵە بوو

لەو نێوەندەدا مام جەلال خەیاڵی بۆ کۆمەڵەی رەنجدەران دەچوو ببێتە ئەو حزبە لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چونکە ئەو سەردەمە مام جەلال سکرتێری کۆمەڵەی رەنجدرانی کوردستان بوو. بۆیە ئەم مەسەلەیەی خستبۆوە ناو بەرنامەی یەکێتی، بەڵام برادەرانی دەرەوە ئەوەیان قبوڵ نەکردو تەعدیلیان کرد. وتیان ئێمە حزب نین.!
مام جەلال کە هاتەوە کۆیکردینەوەو وتی برادەران ئەم خاڵەیان داڕێشتۆتەوە، قسەکەش بەلای ئێمە مەنتقی تێدابوو

.

بڵاوبوونەوەی یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی

دواتر بەیاننامەکە لە ٢٩ ی ٥ ئەگەر تەواو لە بیرم بێت، مام جەلال وتی لەگەڵ فازلی مەلا مەحمود برۆن بۆ بەیروت بەیاننامەکە چاپ بکەین و بڵاویبکەینەوە. کە چووینە ئەوێ دوو خوێندکار کە فازڵ دەیناسین هاتنە پێشوازیمان و چونکە ئەوان وڵاتەکە و شارەکە باش شارەزا بوون و توانیمان بەیاننامەکە چاپ بکەین.
دواتر گەڕاینەوە بۆ شام و لە ١ ی ٦ ساڵی ١٩٧٥دا بەیاننامەکەمان بڵاوکردەوە.
کەواتە کۆبوونەوەی یەکەمی یەکێتی لە ٢٢ ی ٥ بوو، بەڵام بە رەسمی کە بەیاننامەی دامەزراندن بڵاکرایەوە لە رۆژی ١ ی ٦ بوو، بۆیە ئەو رۆژە بووە رۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. چونکە لەو رۆژەدا بەگشتی هەموو کەسێک زانی کە رێکخراوێکی وا تازە هاتۆتە مەیدانەوە

# قوتابخانەی "خۆفرۆشتن و جاشایەتی"ی جەلال تاڵەبانی

تاڵەبانی بە درێژایی ژیانی سیاسی، تەنیا بۆ بەرژەوەندیی و پارە و پۆست هەوڵەکانی چڕ کردبوو. بۆ پێکانی ئەو ئامانجە گڵاوانەی، ئەو لە هەر قۆناغێکدا بەجۆرێک یاری بە هەستی میللەت دەکرد و پەتپەتێنی بوو لە نێوان دەزگا هەواڵگرییەکانی دنیا وەک دەزگای هەواڵگریی سوری، عیراقی، ئیرانی و بەریتانی و دەیانی تر. ئەم کابرایە سەرنزم و دەست ماچکەری ئەوانە بوو، کە لەسەروو خۆیەوە بوون و لێیان دەترسا و کاری پێیان بوو، هەر لەنموونەی گەورە تا دەگات بە بنەماڵەی بارزانی و سەرکردەی پارتە تورکمانەکان و شیعەکان، کە چەندین جار دەستی ماچ کردوون و کڕنووشی بۆ بردوون!
دوای ئەوەی کە تاڵەبانی بە ئاوات گەیشت و بوو بە سەرۆک کۆماری عێراق، ئیتر شەقێکی لە ئاڵای کوردستان هەڵدا و ئەوەی لە شاخ پڕۆپاگەندەی بۆ دەکرد، دواتر بە خەونی شاعیرانەی ناودەبرد. دووژمنەکانی سەردەمی شاخی تاڵەبانی کە قیادەموەقەتە بوو، دوای کۆڕەوی بەهاری ١٩٩١کردنی بە دۆستی سەرەکیی خۆی و بە دوو قۆڵی کەوتنە ئەنجامدانی خیانەت و دزیی و تاڵانی. ئەو لە شەڕی ناوخۆدا بە هەزاران کەسی بە کوشتن دا، دواتر بۆ پۆستی

سەرۆکی هەرێم، خۆی بانگەشەی هەڵبژاردنی بۆ مەسعود بارزانی ئەنجامدا و داوای لە میللەتیش کرد کە دەنگ بە مەسعود بارزانی بدەن!

هەموو ئەمانە ئامانج و ڕێبازی تاڵەبانی بوون کە دواتر بوو بە قوتابخانەی تاڵەبانی بۆ پەروەردە کردنی تاکەکان بە بیرۆکەی خیانەت و وڵاتفرۆشی. کەم نیین ئەوانەی کە دوای مردنی تاڵەبانی، شانازیی بە دوو ڕوویی و بە ناپیاویی و بە خیانەتەکانی تاڵەبانیوە دەکەن، هەموو ئەوانەیان کردۆتە ڕێبازی خۆیان، شەرم لە دزیی و تاڵانی و داوێنپیسیی ناکەن. ئەو مێژووە پیسەی تاڵەبانیی بوو بە قوتابخانەیەک و پڕبوو لە قوتابی بەوەفای جەلالیزم و بیرۆکەی خیانەت و جاشایەتی کە دواتر کاردانەوەی بەرفرەوانتریش بوو و باڵی کێشا بە سەر میدیا و میدیاکاران و ڕۆناکبیرە بێ شەرم و خۆفرۆشەکان.

میدیا حزبیەکان و نووسەرە خۆفرۆشەکان، جەلال تاڵەبانییان وەک کەسێکی خاوەن کاریزما بە میللەتی کورد ناساندوە، بەڵام ئەوەی لە نزیکەوە تاڵەبانی ناسیبێت، زانیاریی تەواوی دەربارەی کەسایەتیی هەبێت، ئەوا بێگومان دەرکی بەوە کردوە کە تاڵەبانی، بەرامبەر بە دوژمنەکانی کورد، هەمیشە کەسایەتییەکی لاواز و لەرزۆکی هەبوو، هەر کاتێک کە دەچوو بۆ لای سەرانی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، یەکەم شت کە پەیڕەوی دەکرد چۆک دادان و ملکەچ کردن و کڕنۆش بردن و سازش کردن بوو لە پرسی کورد و ئامانجە نیشتمانیی و نەتەوەییەکان بە مەبەستی دەستکەوتی تایبەتی بۆ خۆی و ماڵ و منداڵ و ماڵە خەزورانی.

ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە و پەیڕەوکردنە لە سیاسەتدا بریتیبوو لە ڕێبازی تاڵەبانی، کە ئەمڕۆ سەرانی ینک ناویان ناوە "ڕێبازی مام"! جا ئەو قوتابخانەیەی کە ڕێبازی تاڵەبانی تێدا وەک وانە وتراوەتەوە و بە هەزاران کەس پەروەردە و دەرچووی ئەو قوتابخانەیەن وەک بەرهەم ساڵح و فوئاد مەعسوم و هێرۆ و شاناز و بافڵ و قوباد و لاهور و ئاراس و ئاڵا تاڵەبانی و دەیانی تر، کە ئەمڕۆ بوون بە میکرۆب و دەردێکی کوشندە تووشی میللەتەکەمان هاتوە، بگرە ئەم جۆرە میراتەی تاڵەبانی بۆ ئەوەکانی دوای ئەوانەش جێهێشتووە، نموونەیەکی تر وەک ئەوەی لەو ڤیدیۆیەدا دەبینرێت کە "شێخ عەبدولقادر تالەبانی"یە جلالییە و بەبێ شەرمی دانیشتووە باسی گرنگی حەشدی شەعەبی و لکاندنی کوردستان بە عیراق دەکات و هەر وەک تاڵەبانی گوتویەتی "سەربەخۆی کوردستان خەونی شاعیرانەیە" ئەمیش لەسەر هەمان ڕێباز و بەهەمان عەقڵیەت و نەفەس کەوتۆتە دوان دژ بە سەربەخۆیی

# یەکێتیە کەی مام جەلال

هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە، هەر لەو دەمەی خۆی تێکەڵی ڕووداوە سیاسیەکانی عیراق وکوردستان کردوە. مام جالال تووشی گرێ کوێرە- ی خۆی واتەنی جەنەڕاڵ بارزانی- بووە، دوایش گرێ کوێرە-ی سەدام-ی هاتە سەر، ..بەڵام من جارێ تەنها باسی گرێی مەلا مستەفای بەرزان ئەکەم ...مام لە مێژە بە دەستی ئەم گرێ کوێرە دەرونیەوە- ئەیناڵاند!، ..سەرەتا لە -خۆشەویستی- دوە دەستی پێکرد، مام.. گەنجێکی وریاو جەربەزەونازا بوو...بەئاواتەوە بو، جێگە پێیەکی لەجووڵانەوەی چەکداری کوردی-دا، بکاتەوە...هەر لەسەرەتاوە.. مەلا مستەفاشی کرد بە-ئایدیالی-خۆی.... مام.. باسی ئەوە دەکات ،کەچۆن بە شەوق وتاسەوە..لە هەوڵی ئەوەدابوە..چاوی بە -پاڵەوانە ئادیالیەکەی- خۆی بکەوێت..تادوای هەوڵ وتەقەلایەکی بێشومار، بەخت یاری ئەبێت ولە -مۆسکۆ- ئەیبەنە خزمەت بارزانی- ..مام ئەڵێت : لەخۆشی وشادیاندا بورامەوە !!.. لەو چاوپێکەوتنەدا..لەو ویساڵەدا..کەساڵەهای ساڵە چاوەڕێیەتی..چی ڕوویدا؟؟.. چۆن وبۆچی.. نائومێد بوو ؟؟ ..مام خۆشەویستیەکەی زیاتر بوو یانژی دوای گوێبیست بوونی بارزانی..دوای شەن وکەو کردنی.. ووتەکانی..ئامۆژگاریەکانی..هەڵگەڕایەوە بۆ دیوەکەی دی.. دیوی رق لیبونەوە..دیوی پەشیمان بوونەوەو !! لەدڵی خۆدا ووتن :کاشکی هەر نەمدیبا

بەسەیرکردن وبۆدواچونی ڕوداوەکانی دواتر.. ، بەجیا بونەوەی لە بارزانی، بۆمان ڕوون ئەبێتەوە بەڵی دیوی دراوەکە، بۆ ڕق وکینە هەڵگەڕایەوە.. تەواوی توانای خۆی خستە گەڕ بۆ دوژمنایەتی کردنی.. بەرهەمی ئەو هەمو .ململانێ وشەڕو پیلانگێرانەی دژی یەکدی..کوژران و سەقەت بوون ومالۆێرانی..هەزارەها هەژاری کورد بوو مام.دوای ئەوهەموو ساڵانە، دوای خۆحەشاردان وچەواشەکردنی خەڵکە لە ژێر پەردەی: شۆڕشگێری، چەپ وپێشکەوتن خواز.. ماویو کەرەسەی تری باوی ئەوسەردەمانە.. ئەیتوانی مەلاو هەوادارانی لاواز بکات..ئەو کاتە گەڕایەوە بۆ پەندە کوردیە نابوت وکۆنە پەرستانەکە :(ئەو دەستەی ئەتوانم بیبڕم، ماچی دەکەم !!) ، بەڵام دوای گوزەرانی تەمەنێکی درێژی مایە پوچی سیاسی ! ..بەو ئاواتەش نەگەیشت.. بەڵکو چوە سەر قەبرەکەی- مەلا مستەفای بارزان و بەماچکردنی مەزارەکەی (تۆبەی ئەسووحی) کرد !. ئەو وێنەی تۆبە کردنە، بەبەر چاوی میدیاکان ولە شاشەی تێلەفیزوێنەکانەوە خۆی کرد بە زۆربەی ماڵەکانی کوردستان وهەندەراندا، هەر ئەوکاتە ئەبوایە ئەوە ئاگاداری وتەزویەکی کارەبا ئامێز بوایە بۆ ئەو ئەندامانەی- یەکێتی-، کە تا ئەو کاتەش چاوەڕێی خێریان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لێ دەکرد . ئەبوایە بیانزانیبا کە ئەم تۆبە-کردنە.. سەرەتای پووک بوونەوەو چروک بوونی . -یەکێتی-ە، کۆتایشی تەسلیم بون وبەرز کردنەوەی ئاڵای زەردەبۆ پارتی بارزانی

لەسەرو بەرو مقۆ مقۆی ئەوەدا، کە-پارتی- ئەدووساڵەی حوکمڕانی کردنە لە -ی.ن.ک

وەر ئەگرێتەوە..ئەو کاتەی دەنگۆکە بڵندتر ئەبوو...بەدەر لە نوزە نوزو لەژێر لێوە بزرکاندنی د:بەرهەم ساڵح کە . -ووتی : گەر پارتی داوای ئەو دووساڵە بکەن منیش قسەی خۆم ئەبێت

زۆر بەئاشکراو بەڕاشکاوانە، بە چەند باڵا دەستێکی یەکێتی-م ووت : برادەران...پارتی حکومەت وەردەگرێتەوەو
ئاڵوگۆڕ لە پۆستەکایشدا دەکات.. بەڵام لە ئێستاوە مەسەلەیەکتان لە گەڵ باس ئەکەم ، ئەویش ئەوەیە : گەر پارتی بۆ
دووساڵی حوکمڕانی خۆی قبوڵی ئەوەی کرد، -دووکەستان- پلەو پایەی بەرزی لە نێو کابینەکەی ئەواندا هەبێت، گەر
ڕازی بوو بەوەی حاکم قادر حەمەجان- بەتایبەتی ،-کۆسرەت ڕەسول یش..بە ئەندازەیەکی کەمتر، دوو بەرپرسیاری
گەورەی کابینە-کەی پارتی-بن. ئەوە هێشتا هیواتان هەبێت، کە -یەکێتی-..تۆزقاڵیک..نوزەی تیاماوە، وەگەر بەم
. ! دووانە ڕازی نەبوو..توبی وخواتان..ئیتر خۆتان هەڵمەخەڵەتێنن
،پارتی بارزانی..کەسانی ووریاوجەربەزەو خاوەن بیری جودای ناوێت..کەسانی ئەشهەدوبیلا کێشی گەرەکە
کۆتایی هەشتاکان لە -زێوە-ی ئیران بووین..دڵسۆزترین..شیلگیرترین..خەباتگێرترین..بە هەڵوێسترین..نازاترین
کەسانی پێشمەرگەی یەکێتی-..لە نیو ڕیزەکانی ئاڵای شۆڕش-دا کۆببووەوە. ئەمەش مانای ئەوە نەبوو کە کەسانی
بەرژەوند پەرستی تێ ئاخن نەبووبوو. بەڵی هەرکۆبونەوەیەکی گرنگ بکرایە..بۆ بەیانی تەواوی باسەکە ئەگەیشتە
لای دەسڵاتدارانی ئیران-و مام جالال- . ڕاپۆرت نوسەکەی ئیران- ئیستاشی لەسەر بێت، کەمێک لێڵ وتەم ومژاویە.
-بەڵام ئەوە - عیماد ئەحمەد سەیفور- بوو ، کە هەواڵەکانی گەرماوگەرم ئەگەیاندە -مام جەلال
لە ساڵانی ئەوەدەکان بەدواوە.. پاداشتی خۆی بەزیادەوە وەرگرت وبوو بە -م.س ی-یەکێتی- ، دوایش پەیتا..پەیتا
!! پۆستی حکومی وحیزبی وەرگرت، وەکو ئەوەی یەکێتی- کەسێکی لە -عیماد- شارەزاترو بەتواناتری تیا نەبێت
چاوبڕکێی عیماد- لە گەڵ پارتی ، ئەگەڕێتەوە بۆ سەردانەکانی بۆ ڕاژان- بۆ لای برادەرانی پارتی !. بە تایبەت ئیدریس
.بارزانی-.. دواتریش ئامەدەیی بەر چاوی لە -تەعزیە-کەی دا
هەر لەو ڕۆژانەوە- عیماد سەیفور- ،لە نزیکەوە جێگەی متمانەی پارتیەو پاراستن بە (کوڕێکی باش وبێوەی)
،ناوزەدی ئەکەن
ئەویشەکاری پاراستن-ە.. چەندەها ساڵە توانیویەتی تۆوی- کوڕی باش وبێوەی- لە ناو سەرکردایەتی و لێپرسراوانی
باڵای یەکێتی- دا بچێنێت ،بۆ ئەوەی بۆ ئایندەیەکی نزیک ..تەواوی-یەکێتی- ڕادەستی پارتی- بکەنەو. چونکە -یەکێتی-
.-درێژە پێدەری شۆڕشگێرانی شەستوشەش بوو ، ئەمە دووەم جارە بگەڕێتەوە- ماڵەگەورەکە

# کەیسی کیمیابارانی هەڵەبجە لە نێوان (تاریق ڕەمەزان)-(شانازی برایم ئەحمەد)-(جەلال تاڵەبانی)دا

لە سەرو بەری بەردانی تاریق ڕە مەزاندا دەزگای ئەمنیەکانی سلێمانی، وایان بڵاوکردەوە کە ڕای کردوە!، ئیتر بێ سێ و دوو بوو بە بنێشتە خۆشەی دەمی (ڕۆژنامە ئەهلی و ئازادەکان) بێ ئەوەی .. سور بن لە سەر ئەوەی، کە ئاکرێ و ناشێت..کەسێکی بەندکراوی تاوانباری.. تاوانی کۆمەڵ کوژی هەڵەبجە..بەڵکو تەنها تاوانبار، لە زیندانی تۆکمەی، سیکوریتی بەهێزی ئاسایش دا.. وا بەئاسانی هەڵبێت!. بێ ئەوەی بە ئاشکرا ئەم بەناو هەڵهاتنە- بیکەنە سکاندەڵێکی گەلێک گەلێک.مەزن ، کە ئەبوایە بە هۆیەوە نەک لێپرساوی ئاسایش، نەک وەزیری ناوخۆ، بەڵکو حکومەتیش دەست لەکار بکێشتەوە.. بەڵام دیارە لێپرسراوانی دەقەری سلێمانی.. کەڵە پیاوانی ی.ن.ک، چاک سایکۆلۆجی خەڵک ئەناسن!، ئەزانن ماوەیەکی کورتە و لەبیر ئەچێت !..خەڵک بە مەسەلەکانی تری وەک، ئەبونی ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاریەکانی ترەوە.. خەریک ئەکەن، بەڵام خۆشبەختانە هێشتا خەڵکانی دڵسۆز و لە خۆ بوردو پرۆفیشنەڵ، هەرماوە، ڕوو لە زیاد بوونە ، هێشتا خەڵکانێک هەن.. مەسەلە ئەتەوایەتی و ویستەکانی هەژارانی ئەم گەلەی لەلا .موعتەبەرە.. هەموو کات بەرژەوەندییەکانی چەوساوەکان لە پێش بەرژەوەندیە تایبەتیەکانەوەیەتی

یەکێک لەو دڵسۆزانە هاوڕێ و هاوکارمان، زێدە ئازیز کاکە قادر نادر- ە ، ئەم ئازیزە خۆی ماندوو کردوە و کوڵی -! ئەداوە بۆ گەیشتن بە بنج و بنەوانی- شانۆگەری هەڵهاتنی فڕۆکەوانەکە
دوای خوێندنەوەی ووتارە- زۆر بە نرخەکەی، سەردانی ئەو لینکانەم کرد ، کە دۆزیبوینەوە، بەڕاستتی لە زیادە بەدەر .گرنگ بوون، چونکە بە بێ تەم و مژ ، تەواوی ڕووداوەکە..ڕوون ئەبێتەوە

ئێمە بە کورتی، ئەو جێگانەی باسی کرۆکی مەسەلەکە ئەکەن، ئەخەینە بەردەست ئێوەی ئازیز، دیارە هەر ئازیزێک بیەویت تەواوی پەیجەکە ببینێت ئەتوانێت سەیری ئەو لینکانە بکات کە بەڕێز نووسەر و لێکۆڵەوەر- قادرنادر- لە - :ووتار-ەکەی دا دیناوان...دیارە پەیجەکە بەزمانی ئینگلیزیە بەم جۆرەیە

-ئازادی بۆ تاریق ڕەمەزان

پێناسە: تاریق کەسێکی عیراقیەو بێگوناە لە -سلێمانی عیراق- بۆ ماوەی سێ ساڵە، گیراوە، داواکارم لە هەمووتان لە ڕێگەی ئەندام پەرلەمانەکانتانەوە- هەوڵی ئەوە بدەن، کە ئەم ناعەدالەتیە بەزووترین کات کۆتایی پێ بێت. تکایە

کەمێک لەکاتی خۆت تەرخان بکە بۆ تەماشا کردنی وێب سایتەکەمان-. گەر بە هەر جۆرێک ئەتوانیت یارمەتی دەرمان . بیت، تکایە پەیوەندی بکە بە - گاری ترۆتەر-دوە

ئەمجا چەندێرێک بەناوی تاریق ڕەمەزان-دوە نوسراوەوخۆی کردۆتە کۆتری ئاشتی و ئە و- گاری ترۆتەر-دی کردوە) .(بە پاڵەوانی ڕزگارکەری

زیاد- کوڕی- تاریق ڕومەزان-ە ،هەر لە دوای گرتنی باوکی ،کەمپینێک پێکەوە ئەنێت، بۆ داکۆکی و ئازاد کردنی،لەو- کەمپینەدا کەسێکی ئینگلیز بەناوی گاری ترۆتەر- دەوری سەرەکی ئەبینێت. لەرێگەی ئەو کەمپینەوە پەیوەندی توندو تۆڵ لەگەڵ ئان کلۆیید-گرێ ئەدەن (ئاوبراوئەندام پەرلەمانی بەریتانیایەو لە هەمان کاتیشدا نوێنەری تایبەتی سەرۆک (.وەزیرانی بەریتانایەبۆ مافی مرۆڤ لە عێراق

لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا کە -تاریق ڕەمەزان- ،بەندی ی.ن.ک بوە. چەند جارێک مانی لەخواردن گرتوە-، ئەم مانگرتنەشی لە لایەن-گروپی داکۆکی-کارەوە کراوەبە هەڵا، چەندەها نامەیان بۆ ئاگاداری و مەترسی ژیانی تاریق- بۆ ئان کلۆیید- نووسیوە..لە بەرامبەردا کەسێک ئەبوە ڕاستی ودروستی وڕەوایی کارەساتی هەڵەبجە-، بخاتە بەردەم ئان کلۆیید- کە بە قەولی مام جالال ،یەکێکە لە دۆستانی دڵسۆزی کورد!!. دوای کۆمەڵێک نامەوئیمێل ی بەردەوامی گاری .-ترۆتەر- ، -ئان کلۆیید- پەیمانی جیدی ئەدات ، کە تەواوی توانای بخاتە گەر بۆ ئازاد کردنی تاریق ڕەمەزان

لەو ماوەیەدا ئان کلۆیید-، بەو جۆرەی کە پەیوەندیەکی- زۆر تایبەت-ی بە -جەلال تاڵەبانی و خەزورانیەوە- هەیە، چاوی بە - شاناز ئیبراهیم ئەحمەد- ئەکەوێت، لەو چاوپێکەوتنە دا پەیمان ئەدات هەوڵی خۆی لای مام جەلال- بخاتە :گەڕ. بەڵام دیارە -گاری ترۆتەر- زۆر پەلەیەتی و بەم جۆرە لە - وێب سایتەکەیاندا، بۆ گروپەکە ئەنوسێت من داوای لیبوردنتان لێ ئەکەم ، کە پێتان ئەڵێم تاریق- لە بەندیخانەئازاد ئەکراوە، مانگی ئۆگەست شاناز ڕەشید) هەروەها ئاسراوبە: شازئیبراهیم ئەحمەد- کە نوێنەری جەلال تاڵەبانیە لە -بەریتانیا-و هەروەها خۆشکی خێزانەکەیەتی، جەلال سەرۆک کۆماری عێراقەو لێپرسراوی ی.ن.ک ە. بە -ئان کلۆیید-ی ووتوە: -تاریق بەم زوانە ئازاد ئەکرێت، بەڵام وادیارە ئەمە تەنها درۆ بوو، بەمەش زۆر دڵی تاریق-وخێزانەکەی نیگەران کرد. من بەردەوام ئەبم ،لە پەیوەندی لە گەڵ ئان کلۆیید-و ستافەکەی. ئان کلۆیید دیسانەوە لە هەفتەی داهاتوودا، چاوی بە -شاناز (.ڕەشید-ئەکەوێتەوە

ئەمجا گاری ترۆتەر- لە گەڵ ئەم ڕونکردنەوەیەدا، چەند پوختەیەک لە ڕاپۆرتی چاودێری مافی مرۆڤی جیهانی- .بڵاوئەکاتەوە، کە هەمووی پێشێلکاری و زۆڵمی دەزگای ئاسایشە- لە خەڵکی زۆڵملێکراوی کوردس

زیاد- چەندەها جار چۆتە سلێمانی، لە بەندیخانە لەگەڵ مامیدا چاوی بە باوکی کەوتوە، زۆر جاران قاناعەتیان پیکردوە-
.تا دەست لە مانگرتن هەڵگرێت، دیارە باوکی وەکو خۆیان باسی ئەکەن زوو..زوو مانی گرتوە
لیرەدا پێوستە بۆ مێژوو ئەوە لە یاد نەکەین، کە - زیاد- ئەڵێت زۆرم هەوڵداوە لە - سلێمانی- پارێزەر بۆ باوکم بگرم
(بەڵام کەس ئامادە نەبوە داکۆکی لە باوکم بکات). ئەوە جێگەی دەست خۆشی وپێزانین وریز لێگرتنی- شێرە کچان و
-کورانی پارێزەرانی سلێمانییە
: زیاد لە وێب سایتەکەیاندا لە -سلێمانی-ەوە بەم جۆرە بۆ گاری ئەنوسێت
-های مستەر گاری)
ئیمڕۆ سەرم لە باوکم دا،بینیم بۆ جاری دووەم دەستی بە مانگرتن کردۆتەوە، وەک ئاگاداریت یەکەم جار- هەشتی
ئۆکتۆبەر بوو. مامم ومن زۆر هەوڵماندا پە شیمانی بکەینەوە، بەڵام بێ کەڵک بوو. ئەوان هەوڵ ئەدەن لە ڕووی
سایکۆلۆجیەوە ئازاری بدەن. کە سێک نییە بۆمان ڕونبکاتەوە.. کە حاڵەتی بەندکردنی باوکم چۆنە؟. ئەوە ماوەی سێ
ساڵە تەنها دەمیان ئەجوڵێنن..هە ندێ جار بۆ هەراسانکردن وجار جاریش بۆ هێورکردنەوەمان. بەڵام هەرگیز دەستیان
.نەجووڵاندوە، تاکو نوسراوێکی فەرمیمان بدەنێ
باوکم ئەڵێت :من کۆڵنادەم وناترسم، وەکو خۆتان ئەزانن من ئازام، بۆیە من خۆم برسی ئەکەم، هاوشان لە گەڵ هەوڵی
ئێوەدا بۆئازاد کردنم. گەر مردیشم داوام ئەوەیە لە -بەریتانیا بمنێژن. تابوتەکەم بە ئاڵای بریتانیا- داپۆشن. زۆر دور
.لەم دۆزەخە.. لەو شوێنەی کەخەڵکەکەیان زۆر باشن وبروایان بە دیموکراسی وئازادی مرۆڤ هەیە
هەوڵ ئەدەم پەیوەندی بکەم بە - ئای سی.ئارسی-و ئێچ .ئار.دەبلیوو.-بەڵکو بەخێرایی چاوم بە (پاتریک ونیکۆلەس)
.هەردو دۆستانی باوکم بکەوێت. تاکو ئەوان ڕازی بکەن ،بۆ ئەوەی واز لە مانگرتن بهێنێت
پێشتر لە ناو ئاسایش-دا، بردەرانی باوکم هەبوون، پشتگیریان ئەکردو ئاگایان لێی بوو. لە غیابی ئێمەدا باوکمیان ڕازی
ئەکرد تاکو مانگرتن-ەکە بشکێنێت. بەڵام گواستوویانەتەوە بۆ جێگایەکی تر،بۆیە ئێمە زۆر غەممانە، کە ئێستا بێ
هاوڕێ وهاوەڵە. باوکم گەرم ترین ڕێزو لە ئامێزگرتنت بۆ ئەنێریت، هەروەها ئەڵێت : تۆ پیاوێکی زۆر مەزنی ئەی
-برام-گاری
ئەوپەری ڕیزو هیوام
(.زیاد

:دیسانەوە بە گەرماو گەرم- گاری ترۆتەر- ئەنوسێت
هەر ئێستا قسەم لە گەڵ زیاد-کرد..پێی ووتم: کە تێلەفونی بۆ سەیفەدین- لێپرساوی ئاسایشی سلێمانی- کردوە،)
سەیفەدیین ئەوەی پشتراست کردۆتەوە کە بەڵی سەرۆک تاڵەبانی- فەرمانی ئازادکردنی- تاریق ڕەمەزان-ی داوە
-هەروەها- زیاد-ووتی: من ئێستا وای دائەنێم کە باوکم-ئازادە

بەیانی سەعات 10 لە ئۆفیسی خۆی چاوم بە - سەیفەدین- ئەکەوێت، بەڵام نازانم باوکم حازر ئەبێت یان نا. بەڵام بڕوا ناکەم ئەم پیاوە بتوانێت زیاتر زیان بەباوکم بگەیەنێت. بەدەنگیدا لە تیلەفۆنەکەوە وادەر ئەکەوت ئێستا زۆرمان لێ (..ئەترسێت

-دوای ئەوەی زیاد- بۆ وەرگرتنەوەی باوکی ئەچێتە لای سەیفەدین

: بەمجۆرە بۆ گاری ترۆتەر ئەنوسێت

-های مستەر گاری)

باوکم زۆر هیلاک ونەخۆشە. لە ڕێگەی قۆڵیەوە خواردنیان داوە پێی، دکتۆریان بۆ هێناوە، گەر پێویست بکات ئەیبەن بۆ خەستەخانە. دوێنێ کە پێیان ووتوە بەرەڵا ئەکرێیت.. دەستی بەخواردن کردوە، ئێستا لەو بینایەدا ئازادە، دووسبەی لە گەڵ خۆم ئەیهێنمەوە. ئەوەبۆچی هەوڵ ئادەیت بەیانی بێیت بۆ سلێمانی-، ئای چەندە شکۆمەند ئەبێت، کە هەردوکمان پێکەوە باوکم بهێنینەوە. داوای لێبوردن ئەکەم کە ئەوکاتانەی لەناو خەڵک دابووم، نەمتوانیوە وەڵامی تیلەفونەکانت بدەمەوە، چونکە زۆر ترسناکە گەر لەسەر شەقامەکان بە- ئینگلیزی- قسە بکەیت

## مام جەلا خۆی دەکات بە قارەمان

جەلال تاڵە بنی لە گێرانەوەی بیرەوەریەکانیدا وا خۆی نیشان دەدات

خۆی کردۆتە فریشتە، کە گوایە ئەو ئەیویستووە، پۆست هەبێت،و ببێتە بەرپرس، بۆیە ئەڵێم کە هەموو کەسێک دەیزانێت و شاهیدە، کە هەروەکوو چۆن لە سەرەتای ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانەوە خومەینی لەهیچ کوونێکەوە دیار .نەبوو، بەهەمان شێوە مەسعودی مەلا مستەفاش لە هیچ کوون و کوژبنێکەوە دیار نەبوو

هەموو دەزانینن کە ڕاپەڕین کۆتایی هات و گەیشتە ئامانجی خۆی، کەچی هێشتا مەسعود کوڕی مستەفای ئەشبەتاڵچی، .لە کەرج دانیشتبوو

من باس لە کۆمەڵێک ڕوداو ناکەم، کە لە نزیکەوە ئاگاداریانم کە چۆن خەڵکیان ناردووە بۆ کەرەج تا مەسعود بگەڕێتەوە و بیهێنەوە، بەڵکو من باسی ئەوە دەکەم کە هەموو کارەکان کۆتایی هات، کەچی هێشتا مەسعود لە کەرج بوو. هەرچەند ڕاپەڕینیش ئەگەر گەمژەیی سەدام و لێدانی ئەمەریکا ئەبوایە، هەرگیز بەو شێوەی کە ئاومانابوو .شۆڕش هەرگیزکەس ئەیدەوێرا تەنانەت لە سنوورەکانیشەوە سەرەتاتێکی لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا بکات

چونکە ئەوەی لە باشور ڕوویدا، شەڕی ناوخۆ یان شەڕی براکوژی ئەبوو، بەڵکوو شەڕی سەفەوی و عوسمانی بوو، (کەلەلایەن وولاتانی سەرمایەدارییەوە زیندووکرایەوە، بە مەبەستی دادۆشینی توخمە سروشتیەکانی ناوچەکە.

ئیمپریالیزم بیرکردنەوەی گەلانی ناوچەکەی باش خوێندبویەوە، بۆیە توانی ٨ ساڵ تەواوی چەکە ئەنبارکراوەکانی کە

ژەنگیان هەڵهێنابوو بە عێراق و ئێران بفرۆشیت، خۆشیان بە شێنەی ناوچەکە تاڵان بکەن). هەر هیچ نەبێت، هەروەکوو بۆتە وێردی سەر زمانی هەموو، پاسۆکێک، کە مەنجەنێلک یاپراخ بەشی دەکردن، ئەی لەوانیش درا؟ مەگەر ئەو هەموو شەڕ و پەلامارەی نێوان حیزبەکان بۆچی بوو؟ کام حزب ما، کە نەکەوێتە بەر پەلاماری هێزەکانی یەکێتی؟ ئاخر ناکرێت هەر هەموو حیزەکان هەڵەبن، تەنها حیزبەکەی جەلال تاڵەبانی ڕاست بێت. هەر هەمووومان ئەو ڕاستیە دەزانین کە یەکێتی پەلاماری هەر هەموو حیزەبەکانی دا، جگە لە "بەعسی یەساری" کە سەربە حافز ئەسەد .بوون

پێشمەرگەیەکی یەکێتی تەقە لە ئاسمان دەکات، کە لێیان پرسیوە، بۆ وادەکەیت، ئەویش ووتوویەتی: تەنها خودا ماوە، .شەڕی لەگەڵدا نەکەین بۆیە سەلیەیەکیشم بە ئەویشەوە نا

ئەو هەموو کوشتارە تۆ بڵێی بۆچی بووبێت، جگە لە دەسەڵات چی دیکە هەیە؟! یان ڕاستییەکی دیکە هەیە، کە دەڵێ: یەکێتی نیشتیمانی بە داخوازی موساد، سی ئای ئەی، ئێم پیـ5، دامەرزرێندرا، چونکە موساد و سی ئای ئێم5 پێیان وابووە کە چەپ و شیوعیەت لە کوردستان ئێران و عێراق، و تورکیا لە پەرەسەندندایە، بۆیە جەلال پێویستە بگەڕێتەوە کوردستان، چونکە بلەی ئەحەڕەش نەخۆشە و خەریکە دەمرێت. جەلالیش پێوسیتە بۆ ئانەوەی پشێوی و ئاشووب لە کوردستان و ناوچەکە، نامەکە لەلایەن "سی، ئای، ئەی"ەوە گەیەندرایە دەستی مەزهەری خالقی و خالقیش نامەکەی گەیاندە دەستی جەلال تاڵانی. سەرچاوە لە گرتنی سەفارەتی ئەمەریکا لەتاران، لە بڵاوکراوەی .چریکەهای فدای خلق، حزب الله ی ئێران، بەسیج. ئەوە دەقی نامەکەی سیا بوو

لە کرداریشدا، زۆربەمان ئەو ڕاستیەمان بینی، کە لە پڕ هەر هەموومیان بەکژ یەکتریدا داو کار گەیشتە ئاستێک کە .ئیتر دوژمنی سەرەکی لە بیرکرا، شۆڕش مانایەکی بۆ نەمایەوە، وورده وورده شۆڕش بوو بە چەتەگەریی

کاکە حەمە سۆشیالیست بارەگایەکی گەورەی لە مەیدانی "مەلا جامی، نزیک چوارچرا"ی لە مەهاباد کردەوە، حمە لە بیرەوەریەکاندا نووسیوەیە، پێنج عەزیز پێنج خێزانیان سەرگەردان کرد و کردیانە دوژمنی شۆڕش، هێندەی دیکە شۆڕشیان قێزەوونتر کرد (تێبینی: ناوی ئەو کەسەم بیرنەماوە، کە نوسیمە عەزیز لێی دڵنیا نیم، بەڵام دڵنیام کە حەمە .(نووسیویە پێنج کەسمان کوشت، بەلام هیچیان خۆی نەبوو

--------------------

مەسعود هەر لە کەرج مایەوە. کە ۱۵۰۰ کیلۆمەتر دوور بوو لەو سنوورە دەستکردەکەی نێوان ئێران و عێراق، قیدەی مەرکەز و بارزانییەکان پێش پاسداران دەکەووتن بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی حزبی دیموکرات و کۆمەڵە. یەکێتیش وەکوو زیکزاگ تاوێک لەم بەر و تاوێکی دیەک لەوبەر، لە پڕیش خۆیان کرد بە بەغدادا. تەنانەت خوودی یەکێتیەکان دەیان گووت هێندە شەڕی ناوخۆمان کردوە، ب وێشوو دانوساندنیکمان لەگەڵ

حکومەت کردووە. کار گەیشت ئاستێک، کە دەبوو کە لە ناوچە بەناو ئازادکراوەکانیش پێشمەرگە وورپای خۆی بێت، .وریاتر لە ناوچەرگەی دەسەڵاتی دوژمن، چونکە جەلالیەکان لەنزیکەوە بوون لەگەڵماندا بوون

ئەو روو رەشە وایکرد کە وورەی پێشمەرگە بروخێت و باوەڕیان بە شۆڕش نەمێنێت، جاش هێندە زۆر بوو بوو، ئیتر نیشتیمان سەراپا بوو بوو بە جاش و ژمارەی جاش گەیشتە ۷۰۰ هەزار کەس. من بیرم دێت نامەم بۆ برادەرێکم نووسی، کە سەرباز بوو، نوسیم جاش و سەرباز هەردوکیان دەسەڵات دەپارێزن و دژ بە ئاواتی خەڵک و خاکن. دڵنیابە ئەگەر ئەو ئالەباریی ناوچەکە نەبوایە ئەو ژمارە زۆر و زەبەندەی جاش دروست نەدەبوو، زۆربەی هەرە زۆری جاشەکانیش وەکوو ئێوەی سەرباز ناچارن. هاوڕێکەم لە وەڵامی نامەکە نووسی، ئەگەر کوژرام هیچ نەبێت کەسوکارم بژێوی ژیانیان دابین دەکرێت، بەڵام ئەگەر تۆ بەگوولەی جەلالی کوژرایت چی؟

وەک لەسەرەتاوە ئاماژەم پێدا، ئەوانەی دەبوونە سەرباز، یان جاش، سەرتاپایان تاوانی حیزبەکان بوون، بەتایبەت جەلالی، خواستی دەسەڵاتپەرستی جەلال بوو، هەروەها کە خەڵکیش دەبوو بە جاش زۆرینەی هەرە زۆریان کەسانی باش بوون، خراپەکار نەبوون، بۆ نموونە پێش ئەوەی هاوڕێی خۆشەویستم "بایزی سەید باقی" بەدەستی ئامر کەرتێکی یەکێتیشەهید بکرێت، شەوێک لە چالاکیەکدا لەناو شاری دەربەندیخان لە پڕ لە هاوڕێکانی دادەبڕێت، رێگای بزر دەکات، چونکە شارەزای شارەکە نەبوو، شەهید بایز سەید باقی سەردەرناکات کە بۆ کوێ بڕوات، ناچار خۆی دەکات بەماڵێکدا، ماڵەکەش مەردانە دەیشارنەوە و پاشان دەپرسن کە کێ لەم شارە دەناسێت، شەهید بایز یەکسەر ئەڵێ: ئیبراهیم مام ئەحمەد" بلەی ئەجیبە" ئەوکاتە کاک ئیبراهیم جاش بوو، خاوەن ماڵەکە دەستبەجێ کاک ئیبراهیم ئاگادار دەکەن، ئیتر کاک ئیبراهیم شەهید بایز دەباتە لای خۆی پاش خزمەتێکی باش، دوای چەند ڕۆژێک ڕێگای بۆ دەدۆزێتەوە و ڕەوانەی شاخی دەکاتەوە، هەمووومان دەزانین ئەگەر ئەم کارەی کاک ئیبراهیم ئاشکرا ببوایە، بێگومان ئیبراهیمیان دەکرد بە هەزران پارچەوە. مەبەستمە بڵێن زۆرینەی هەرە زۆری ئەوانەی کە بوونە جاش، بە ناچاری بوون و دەروازیەکی دیکەیان شک نەدەبرد. هەر خۆم ئاگادارم، ئەوکاتەی کە بەرپرسی ئیداری لق بووم، شەهید جەوهەر"ڕەئووف حاجی کاکە ئەوڵا" ناردمی تا بچم گوولله بهێنم کە ساڵحی خەیات ناردوویەتی. "ساڵحی خەیات سەرۆک جاش بوو لە دەربەندیخان" کە چووم فەردە گوللەکانم هێنا، یەکەمجار"هاوڕێ ئەنوەر قادر فارس بانیخێڵانیم" لە دێی هۆمەرقەڵا دیت، مام ئەولقادری فارس تەماشای کرد ووتی خۆی هەمووی هی کلاشینکۆفە، مام ئەولقادر ووتی بەو باوە حیزەمان ووت کە فیشەکەی بیکەیسیمان پێویستە زیاتر تا کلاشینکۆف، بیرم دێت وتم هاوڕێ بیگەڕێنمەوە بۆی، بە چەند لێتان کڕیوە؟ مام ئەولقادر ووتی" خوا چاری ئێوە دەکات، دەم ڕووت؟ ئەو مەبەستی بوو کە بە پارە .ئەوانەمان بۆ ئانێرێت

دڵنیام و باوەڕ ناکەم کە هیچ کەسێک و هیچ لایەنێک ، تەنانەت موساد و سی، ئای. ئەی و کە، گە، بێ و ساواکیش هێندی جەلال تالەبانی بنەماڵەی مەسعود و دەست و پێوەندەکەی بناسێت، جەلال ئاگادار بوو، کە ئەو کۆمەکەی کە هونەرمەندە چەپەکانی جیهان کۆیان کردەوە بۆ کۆچە مەزنەکەی کوردی باشووری ساڵی ۱۹۹۱ نزیکەی ۱۲۰ ملێۆن

دۆلاربوو، ئەو پارە زەبەلاحە لەو سەردەمە چارەنوسزادەدا، لە نێوان "جێفری ئارچەر" ئەندام پەرلەلامانی بەریتانیای سەربە لابوور، وەکوو دەنکە زەنگیانە گووم بوو. تکا دەکەم ئەو لینکەی خوارەوە بشێلە بە چاپ ڕاستدا، ئەوسا بەڵگەکانی دادگای بەریتانیا دەبینیت، بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، کە چۆن جێفری ئارچەر لەسەر دزینی قووتی ئەو ڕەش و ڕووتەی کە لە ژێر بەفرو باراندا، لە چاوەڕی بەزەیی سروشت بوون، درایە دادگا و سزادرا. ئیتر کەسێک هێندەی مەسعود مستەفا چاو چنۆک و بێویژدان بێئەخلاق بێت، چۆن دەکرێت بکرێتە سەرپەرشتی ووڵاتێک کە لەهەموو جیهانەوە دڕندە و جانەوەرەکان چاویان تێ بڕیوەتە خێر بێری وڵاتەکەی، ئەمە چ جای ئەو دوژمنە خوێن خۆرانەی دەورووبەری، ججای ئەخوێندەواری هەژاری گەلەکەمان.

جەلال تاڵەبانی ئاگادار بوو، کە مەسعود هێندە نەفس نزم و چاوچنۆکە کە ڕاپۆرتی سیخوڕی لەسەر هاوسەنگەرەکەی خۆی ناردووە بۆ موساد بە 50 دۆلار، واتا بە 50 دۆلار جاسوسی کردوە، بڕوانە ئەرشیڤی "میترۆخین" وەرگێرانی کەمال سەید قادر(ئەو بەڵگەنامەیە کەمالی سەید قادر کاتی خۆی لە کوردستانپۆستادا بڵاوی کردەوە). کەسێک ئەوە ئاستی ویژدان و ئەخلاقی بێت، ئەگەر بۆ حەزە بۆگەنەکانی خودی جەلال تالەبانی نەبێت، ئەدی چۆن لەپڕ مەسعود مستەفا بوویە پێشمەرگەی قارەمان و دێرین؟

جەلال تاڵەبانی بەد دووروو بە درێژاییی ٤٠ ساڵ هاوارێی بنەماڵەی بارزانی خێڵەکین، دەستکردی دوژمنن، کەچی دەچێتە سەرگۆڕەکەی و داوای لێبودن لە مستەفا بارزانی و دەست و پێوەندەکەی دەکات و دوایش ئەڵێ دەنگ بدەن بە مەسعود بارزانی پێشمەرگەی دێرین، مەگەر ئەو هەموو ماستاوە بۆ ئەوە نەبوو کە خۆی ببێتە سەرۆک کۆمار، کوردستان بداتە دەستی مەسعود؟ ئەی ئێستا قوباد چ کاریە، مەگەر شاناز بەبێ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان تارپیچییەکی تەقاندبێت، چۆن بوو بە عەقید؟ ئەدی خێڵ مانای چی؟

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ بەعس کەوتە ڕاونانی شیوعیەکان، ژمارەیەکی زۆری دەستگیرکرد، زۆرێکیش بەناو ووڵاتانی عەرەبیدا بڵاوەیان کرد، زۆرێکیشیان توانیان کە خۆیان بگەیەننە کوردستان. لە دەروبەری گوندی عەیزی قادر و تووکن، کۆشک ، قەواڵی، ڕەمەن، قەواڵێ، ئەوکاتە کە شەهید بابەعەلی سەرلق مانبوومان بوو، هاوڕێ عەرەبەکانمان لە ناوچەکە کۆکردەوە و لەگەڵ خۆمان گەیاندمانە قەرەداخ و پاشانیش بۆ خڕەی ناوزەنگ، بەدەم ڕێگاوە لەگەڵ هەموویاندا بووینە ئاشنا، لەگەڵ هاوڕێیەک بەناوی "مشعل" بەتەواویی بوین بە دۆستێکی نزیک، بەڕاستی بە لێهاتووی و توانا بێسنووری ڕۆشنبیری مشعل سەرسام بووم، بەو تەمەنە کەمەیەوە بەباشی لە جولانەوە و بزوتنەوەی مارکسی ئاگادار بوو، باوەڕێکی پۆڵاینی بە شۆڕش و سەرکەوتن هەبوو، سەرەڕای ووشیاریەکەی، کەسێکی قسە خۆش و دەم بە پێکەنین بوو، هەرکە گەیشتینە گوندی "چرچەقەڵا" پێویست بوو ئەو بگەیەنینە قەرەداخ دەبوو کە بە شاخەکەی پشتی چەرچەقەڵا سەربکەوین، شاخەکەی پشتی چرچە قەڵاش خوار نەبوو، بەڵکوو ڕێک وەک گۆشەی 90 پلەی ڕاست وەستاوە، زیاتر لە دەوار دەچێت، بۆیە کە نزیک یەکەم پلەی سەرکەتن بوینەوە، هاوڕی مشعل پرسیاری کرد، بۆ کوێ، ووتمان دەبێت سەرکەوین، ووتی (صدگ چذب) من لەماڵەوە دەستیان دەگرتم بۆ

ئەوەی سەرکەوم بۆ قاتی دوەم، وەڵا بابە من نایەم بوتڵەکە باشترە تا بەم شاخەدا سەربکەوم. هەتا شارەزوور پێکەوە بووین و دوای هەرهەکەس ڕووی کرد ئەو جێگایەی کە بۆی دیاری کرابوو. مشعلەم دوای دووسێ ساڵ لە خڕی ناوزەن بینیەوە ئەوەیش تازە لە مقەڕەکانی "باتوفە"ی بادینانەوە هاتبوو، پاش چاک و چۆنی و هەواڵ پرسینی هاورێانی دیکە و چا خوارنەوە جگەرەکێشان، هاورێ مشعل ووتی: باش نین و ئایندەش باش نابینم، پرسیم بۆ؟ هاورێکەم ووتی: بە دوو سێ مانگ ڕەنج ئازار و ماندووی چەند خانوویەکمان دروستکرد، هاوڕی ئاخر من لەژیانمدا خاکەنازم هەڵنەگرتووە، زۆر زۆر زەحمەت بوو، کەچی هێشتا نەچووبوینە ناو خانوەکەمان کە وەک بارەگا "مقەڕ" دروستمان کردبوو، وتی کەچی لە پڕ ئەدهەم بارزانی هات بە ئاڵایەکی سپی کە لەسەری نوسرابوو لا الله الا الله، یەکسەر لەبەردەم هەموونادا ووتی: جاء حق و زهق باطل، ووتی چۆڵی بکەن، ووتمان بابە ئەمە خاکی عێراقە حزب و اللەی ئێرانی کاری بە ئێرەوە نییە، ئەخێر کەڵکی نەبوو بەکورتی لە سەر خاکی عێراق لەناو بارەگاکانی خۆمان .دەریان کردین

پاش گفتووگۆی دووروو درێژ، داواتر هاورێکەم مشعەل لەناو باخەکانی هەڵەدن ووتی: باوەڕم بەم شۆڕشە نیە، یەکێتی و پارتی وحسکیش داردەستی ئێرانن ئیترشۆڕشی چی؟ ئێمە هیچمان پێناکرێت، ئەستەمە بە شێوە بتوانین درێژە بە شۆڕش بدەین، سەر دەهێنم و سەردەبەم تێناگەم بۆ ئەم حزبە کوردیانە، لەم کاتە ئاسکەدا وا دەکەن، تێگەیشتن لەم زروفە زۆر گران نیە کە کورد لەبەردەم مەترسیدایە، بۆ دژ بە ئەتەوە چەوساوەی خۆیان بوونەتە دار دەستی ئەم !دوژمنە سەرسەختانە؟

جگە لەوانەش هەرهەمووی دەبینن لەناو ڕیزەکانی یەکێتیدا، ئەوانەی کە بۆنی مرۆڤایەتیان لێدەکات هەرلە سەرەتاوە وورده وورده پەرتەوازەبوون، لە جێگایاندا کەسانی سەرسەری و شەلاتی وەک مەلا بەختیار، شێخ جەعفەر، بە خواستی خوودی جەلال تاڵەبانی بوونەتە باڵا دەست و شەقامیان بۆ تەخت کراوە گەلیش لە هەڵدێرەوە بەرەو هەڵدێری دیکە دەبەن، ئاخر هەموومان ئاگادارین کە شێخ جەعفەر لە ١٧ شوباتدا بە قوتابیانی زانکۆی گووت هەمووتان دەگێم، ئەم ئەقڵە کراوە بە وەزیری پێشمەرگە. جەلال تاڵەبانی کەسێکی گەمژە و ساویلکە نییە، ئەو لە پلنێۆمی ١٥ی یەکێتی بەبەشداری سەدان کەسەوە بەهەموویان ئەڵێت پیاوتان تیدا نییە، جەلال دەیزانی کە بۆ شێخ جەعفەر دەکاتە وەزیری .پێشمەرگە

فەرەحی هاو سەری شای گۆڕبەگۆڕ لەبیرەوەریەکانیدا نووسیوەیە، کە سەرکۆنەی شام کرد، سواری ژن و کچەکانی وەزیر و و جەنەڕاڵەکان دەبوو، فەرح ئەڵێ: شا لە وەڵمدا گووتوویە، کە سواری کچ ژنەکانی وەزیر و جەنەڕالەکان دەبم ئەوە بۆ شکاندنداینە، تە لە بڕیارەکانی خۆی دەرنەچێت و خۆیان بە جەنەڕاڵێکی راستیی نەبینن. بەڵام شا ئەقڵی بەوە نەدەشکا کە جەنەڕاڵێک ئامادەبێت کە شای وڵات بەبەرچاویەوە سواری ژن و کچەکانیان ببێت، ئیتر ئەو !جەنەڕاله چۆن چاوەڕیی ئەوەی لێبکرێت، ڕۆژێک لە ڕۆژان پارێزگاری لەگەلەکەی بکات

زۆر بەکورتی جەلال تاڵەبانی لە "دیداری تەمەن"دا ڕاستگۆ نییە، چونکە ئەگەر پەلەقاژەی جەلال نەبوایە بۆ سەرۆک کۆماری، هەرگیز مەسعود و بنەماڵەکەی نەدەبوونە ئەو کەڵەگایەی ئەمڕۆ، ئاخر سەرۆکێک ئەوەندە بیرکردنەوەی بێت بە نارەزاییەکانی خەڵک بڵی بڕۆن هەڵپەڕن، کەی دەتوانێت بگاتە ئەو پلە و پایەیە؟ ئەگەر ساختەچێتی جەلال تاڵەبانی نەبوایە بۆ مەرامی تایبەتی خۆی، ئەم مەسعودەی ئەمڕۆی لێدەرنەدەچوو.

سەراپای کارەساتەکان ئەوە دەردەخەن، کە جەلال ڕاسپێدراوە بزووتنەوەی نەتەوەکەمان لە جێگای خۆی ڕابگرێت و ڕێگەی لە بەرەو پێشچوونی بگرێت، وەکو گووتمان بە تیۆری ئەو بەڵگانەن کە لە سەفارەتی ئەمەریکای تاراندا دەستی بەسەرداگیرا، بە کردەوەش هەربە گەیشتنەوەی جەلال تاڵەبانی، سەرجەم حزبەکان دوژمنیان لە بیر چووینەوە و سەرگەرمی خۆکوژی بوون، ئەنجامەکەشی دەریایەک جاش و سەرباز بۆ خزمەتی بەعس دروست بوون، چونکە باوەڕی خەڵک گەیشتە ئاستێک کە سەربازی و جاشایەتی هێشتا باشترە، تاکوو بەدەستی براکەی خۆی بکوژرێت.

خۆ فرۆشی

وەکو ئاشکرایە ساڵی ١٩٦٤ شۆرشی رزگاریخوازیوازی گەلی کوردستان و خەباتی ٢٠ ساڵەی پارتی گەیشتبوە قۆناغێکی دڵخۆشکەر هەم لە روی رێکخستن و دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر بنەماکانی شەری پارتیزانی لەگوندەکانەوە بەئاراستەی گەمارۆدانی شارەکان لە و ناوچە رزگارکراوانەوە کە بە خوێنێکی زۆری شەهیدان بەدەست هاتبو، وە هەم لەروی بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی و رێکخستنی حیزبی سەربە پارتی لە شارەکان و لە روی راگەیاندنەوە کە رایۆی شۆرش سەرتۆپی کارەکانی بو، هەم لەروی بنیاتنانی تۆرێکی پەیوەندی دیپلۆماسی و سیاسی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت کە لە بارو دۆخی جیاجیادا هاوکاری شۆرشە چەکداریەکەی کوردستانیان دەکرد، بەڵام رێك لەو قۆناغە هەستیارەداو بە بێ هیچ پاساوێك جگە لە دەم چەورکردن و بەرژەوەندی شەخسی، بەناوی هیلاك بون و وەتەنیەتی عەبدولسەلام عارف و ترۆهاتی لەو بابەتە بەبێ هیچ گوێ گرتنێك لە هاواری نارەزایەتی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەوکاتە، مەلا مستەفا ئاشبەتاڵی یەکەمی بە شۆرشی کوردستان کرد و لە راگەیەیەندراوێکدا بە پێشمەرگە حیزبیەکانی راگەیاند هەرکەس بچێتەوە سەر ماڵ و کاسپی خۆی!! کەباڵی مەکتەبی سیاسیش بە رابەرایەتی ئیبراهیم ئەحمەد بەم جۆرە سەیرو سەمەرەیە لە سیاسەت کردنی کۆلکە مەلایەك رازی نەبون ئینشیقاقە بەناوبانگەکەی ١٩٦٤ لەنێوان مەلاو مەکتەبی سیاسیدا رویدا،بەڵام باڵی مەکتەبی سیاسی کە بە خەبات و رەنجی خۆیان پارتیان گەیاندبوە ئەو قۆناغە و زۆربەیان رۆشنبیر و پارێزەر و سیاسەتمەداری پلە یەکی ئەو رۆژگارەی کوردستان بون ، وەکو باجی ئەو هەڵە گەورەیەی کە سەرۆکی نیمچە خێڵێکی نیمچە خوێندەواری ١١ ساڵ لە گوێی گادا نوستوی ئاوارەی روسیایان کردبو بە سەرۆکێکی ئەفسانەیی بۆ حیزبەکەیان، لەژێر فشاری چەکدارە خێڵەکیەکانی مەلامستەفاو بەیارمەتی سەرۆك عەشیرەتە هەلپەرستەکانی تری کوردستان کە حیزبێکی پێشکەوتنخوازی وەك پارتیان بەهەرەشە بۆسەر بەرژەوەندیەکانی خۆیان دادەنا، ناچار کران لە پارتی و لەکوردستانیش بچنە دەرەوە.

ئەوەبو مەلا مستەفا بەیارمەتی هێزە سەربازیەکانی حکومەتی عێراق و بە یاوەری هێزە خێڵەکیەکانی خۆی هەڵی کوتایە سەر هەمو ئەو ناوچە رزگارکراوانەی بە دەست پێشمەرگەی حیزبەوە بون و هێزەکانی حیزب کە سەرکردەکانی و بەشێکی زۆری پێشمەرگەکانی رایان کردبوە هەمەدانی ئێران، لە بەرامبەر باڵە شومەکەی پارتیدا تێك شکا، هەندێکیان شەهید بون و هەندێکیان لە رەشبینیدا وازیان لەپێشمەرگایەتی هێنا یان گەرانەوە ناو هێزە خێڵەکیەکەی مەلا .مستەفا

واتە ساڵی ١٩٦٤ هەم ساڵی ناشبەتاڵی راستەقینەی مەلامستەفایە هەم ساڵی جاشایەتی ئەو کابرایەیە و دوو ساڵ دواتر(١٩٦٦) کەسەرکردەو هێزەکانی حیزب گەرانەوە کوردستان و هاتنە شارەکانەوە بە کردەوە هەردوکیان لەرێکەوتنی مەیدانیدا بون لەگەڵ حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی شەستەکانی عێراق هەردوکیشیان وەکو یەك وردە مفاوەزاتیان لەگەڵ حکومەتی بەغدا دا دەکرد، بەڵام لەناو خۆیاندا شەرو شۆرێکی زۆریان بە چەکدارەکانی یەکتری کرد هەتا ئازاری ١٩٧٠ کە لە گۆڵێکی حکومەتی بەعسدا باڵی مەکتەبی سیاسی توێنرایەوە تا بە سود وەرگرتن لە ٤ ساڵ مفاوەزاتی گەوجانە بە ئاسانی باڵەکەی مەلا مستەفاش لە ناوبەرێت، واتە ئەو مفاوەزات و "دەستکەوتانەی" ١٩٧٠-١٩٧٦ شتێك نەبو جگە لە درێژەپێدانی ئاشبەتاڵەکەی ١٩٦٤ ی مەلا مستەفا تا لە ئازاری ١٩٧٥ دا ئاشبەتاڵی .دوەمیشی راگەیاند

ئەوەی مەبەستە لەم پێشەکیە ئەوەیە کەباڵی ئیبراهیم ئەحمەد بە ئامانجی درێژەپێدانی پێشمەرگایەتی و خەبات بەگوێرەی پرەنسیپە حیزبیەکان لە مەلا مستەفای دژ بە پرەنسیپی حیزبی و سەرکردایەتی بەکۆمەڵ و دیموکراسی ناوخۆیی حیزبی هەر لە ناوچەکانی شۆرشدا جیابونەوە بەڵام کە دوای دو ساڵ لە ژێر فشاری هێزە خێڵەکیەکاندا هاتنە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتەوە وردەوردە لەناو ئەوانیشدا شتێك ئەما بە ناوی پرەنسیپی حیزبی و خەباتی دڵسۆزانە بۆ کوردایەتی، ئەو کۆنە سەرکردانەی پارتی کە بە چاوی رەشبین و دڵی شکاوو پرلەقین بەرامبەر ئەندامان وکادرانی بێ هەڵوێستی پێشوی خۆیانەوە هاتنە شارەکانەوە بەشێکی کەم لەو پێشمەرگانەیان لەگەڵ بو کە هاو بیری حیزبایەتیان بون و بە حوکمی موچەو چەکی حکومەت کەوتنە ((تەجنید)) بەکرێ گرتنی لاوانی بێ ئیش و کاری شارو لادێکان، ئەمانە بە سەرکردەو بنکردەوە چەکداری بو بە پیشەی دابینکەری بژێوی و بەرژەوەندیان و هێندەی ئەبرد خۆبەخۆ کەوتنە سود وەرگرتن لە ئیمتیازاتی واقیعی چەکداربونیان بەرامبەر دانیشتولنی مەدەنی شارەکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر، هەر لە سەپاندنی واستە و واستەکاری بەسەر فەرمانبەرانی دائیرەکانەوە وەکو یەکەمین تۆوی گەندەڵی ئیداری هەتا دەستدرێژی کردنە سەر لاوانی مەدەنی خەڵکی شارەکان کە بە چاوی پر لە سوکایەتی دەیانروانیە جاشەکان، هەر لە بەکارهێنانی چەکی جاشێتی بۆ یەکلایی کردنەوەی کۆنە نیزاعی ئەو چەکدارانەی پێشینەی شەلاتێتیان هەبو تا سود وەرگرتن لە هێزی چەکەکانیان لەیەکلایی کردنەوەی کێشەی کچ و ژن و ژنخوازی و سەرانەی جۆراوجۆر...، سەیر یان بێ بەختی کورد لەوەدابو ئەوەبو لەکاتێکدا رابەری ئینشیقاقەکە سیاسیەکە ئیبراهیم ئەحمەد بو چونکە هەتا دوا چرکە مام جەلال لەناو مەکتەبی سیاسیدا لە میانرەوەکانی دژ بە بارزانی بو، کەچی سەرۆکی ئەم رەوتە

تازەیەی ناو پاشماوەی پارتی درەوشاوەترین پێشمەرگەو رۆشنبیری ئەوسەردەمەی پارتی و کوردستان خودی مام جەلال بو کە هەر لە ناسینی رەوتەکە بەناوی ((جەلالی)) نەك برایمی ئاشکرابو کە ئیشەکەی باڵی مەکتەبی سیاسی بە لارێیەکی زۆر کارەساتباردا رۆیشتوە، ئیتر مام جەلال هیچ جیاوازیەکی نەبو لەگەڵ هەر سەرۆك جاشێکی نەفس نزمی ئەو سەردەمەی کوردستان کە یەکێکیان شێخ جەنگی برای بو لە کۆیە و رەنگە هەر ئەوەش بێت هۆی ئەوەی کە بە پێچەوانەی تکریتیەکان کە ئێستاش تاسەر ئێسقان یەدامین، خەڵکی کۆیە وەکو لە هەڵبژاردنەکانی پارو پێرار و .خۆپیشاندانەکانی ئەمساڵدا دەرکەوت، بە رێژەیەکی زۆر گەورە دژی سەرۆکێکن کە کوری شارەکەی خۆیانە

کارەساتەکە هەر لەوێدا نەبو کە لە جەولەی یەکەمی جاشێتیەکەدا (١٩٦٦-١٩٧٠) بە پێچەوانەی هۆکار و ئامانجی ئینشیقاقەکەوە، کردەوەکانی مام جەلال رەنگدانەوەی ئەم بیرکردنەوەیە بون: ((مالی مەلا مستەفا بە میراتی بۆیان ماوەتەوە هەمیشە کۆمەڵێك چەکداری ساویلکەیان بەدەورەوە دەبێت بۆیە مەمنونی هیچ کادرو پێشمەرگەیەکی خۆیان نین، بەڵام تۆ کە عەشیرەتت نیە بۆئەوەی چەکدارت لە دەور بمێنێت و لە پیشەکەدا بمێنیتەوە، باشتر وایە زۆر پێداگیری لەسەر لێپرسینەوەو سزادانی ئەو لێپرسراوو کادرو ئەندامانە نەکرێت کە تفەنگ و فیشەك دەفرۆشن یان بە هێزی چەکەکانیان دەستدرێژی دەکەنە سەر هاوڵاتیانی مەدەنی وە بۆ ئەوەی ئەم باڵا دەستیەی هێزە چەکدارەکەت بپارێزیت نابێت سڵ لە سەرکوتکردن و گرتن و کوشتنی نەیارەکانت بکەیتەوە، چەکدارەکانت دەم چەورکە بە موچە و غەیری موچە، گرنگ ئەوەیە زەعامەتی تۆیان قبوڵ بێت دڵی سەرۆك خێڵەکانیش راگرە با جارێکی کە هاوکیشەکە بەلای مەلامستەفادا خوار نەبێتەوە))، بەڵکو ئەمە بو بەو ئەخۆشیەی ناخی مام جەلال کە هەرگیز بۆی چارەسەر نەکراو بە ئاشکرا گواستیەوە بۆ ناو شێوازی بەرێوەبردنی شۆرشی نوێ بەرابەرایەتی یەکێتی و دەسەڵاتی دوای .راپەرینیش

زۆر زو دەنگی نارەزایەتی دژ بە پاشەڵپیسی هەندێك لێپرسراوی پێشمەرگە سەرەتاییەکان بەرز بوەوە و هیچ بەرامبەریان نەکرا، عەلی بچکۆل کۆنە فەرماندەیەکی یەکێتی لەو نوسینە بەناوبانگەی کەلە سەقز بڵاوی کردەوە و عیماد ئەحمەدیش لە نامیلکەی ((الاعوام الملتهبه)) دا چەندین نمونەی گەندەڵی و دەستدرێژیەکانی فەرماندە مامناوەندیەکانی یەکێتی بە چاو پۆشی هەمیشەیی مام جەلال تۆمار کردوە، لە دوای راپەرینیشەوە هەمو بەسەرسورمانەوە شاهیدی بەرزکردنەوەی پلەو پایەی ئەوانە بوین کە بۆگەنی گەندەڵییان هەمو شاری پر دەکرد کەچی .بەرز دەکرانەوە و دەکران بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وەزیر و زلتریش

ئێستا کە ئەو کابرایە لە ١٩ی نیسانی ٢٠١١ وە بەیەکجاری بوە بە جاشی مەسعود و ژمارەیەکی زۆر لە چەکداری موچەخۆری بەرداوەتە خەڵکی شاری سلێمانی چقڵی چاوی و شارەکانی تری کوردستان بە مەبەستی سەرکوتکردنی خۆپیشاندانی ئازادیخوازان، با باش بزانێت زۆری نەماوە وەکو ساڵی حەفتا خەڵکی شار برژێنە وە سەر جادەکان و هەمو بەیەك دەنگ هاوار کەن ((دووشەش تۆپی دووشەش تۆپی))، ئێستا کە لە لێواری مەرگدایە مەودای ئەوەی نەماوە دوای چەند ساڵێکی تر بە دامەزراندنی یەکێتیەکی تر روی رەشی ئەم جاشایەتیە تازەیەی سپی بکاتەوە، با باش

بزانێت بە مەرگی سروشتی بێت یان مەرگی سیاسی بەم زوانە رۆژی ترۆ بونی دێت و ئەو رۆژە مانشێتی هەمو رۆژنامەو گۆڤارەکان و تایتڵی تی ڤییە کان و دروشمی ناو خۆپیشاندانەکان دەنوسن ((دووشەش تۆپی))، ئەوکە ئەوەندە سوك بوە بە بەرچاوی دنیاو دو ئەندامی جەبانی مەکتەب سیاسیەکەیەوە شەلاتیەك شەست و شەشی بیر دەخاتەوە و کاردانەوەیەکی نیە، با باش بزانێت نەك هەر رابوردوی خۆی، ئاییندەی سیاسی بنەماڵەکەشی دۆراندوە و سەرۆکی ئاییندەی کوردستانی دیموکرات ئاسك و یادە و ئیسماعیل و هاورێکانیان نەك پیرێژنە سەرئاسنینەکەی وکورە ئازارەکانی خۆی و ئیدریس و مەسعودی ئاغای ..

.ئاشبەتاڵی جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد لە ١١ی ئازاری ساڵی١٩٧٠ دا

لە ساڵی ١٩٦٦وە جەلال تاڵەبانی، ئیبراهیم ئەحمەد، دارودەستەکانیان ببوون بە جاشی حکومەت. بارەگەیان لە نێو شارەکانی باشوری کوردستاندا هەبوو. پارە و ئیماکاناتی ماددیی و سەربازییان لە حکومەتی عیراق وەردەگرت. مەفرەزەی چەکداریان هەبوو و شەڕی پێشمەرگەیان دەکرد. کۆمەڵێک لە نووسەری جەلالیی ڕۆژنامە و گۆڤاریان دەردەکرد یەکێک لە ڕۆژنامەکان بە ناونیشانی (نور) بوو، کە لەلایەن ڕژێمی بەغداد ئەو کات پشتیوانی لێدەکرا و بودجەی بۆ تەرخان کرابوو. لە ماوەی چوار ساڵی تەمەنی جاشایەتی جەلال تاڵەبانی، ئیبراهیم ئەحمەد، کەسە نزیکەکانیان و خێزانەکانیان لە شارەکانی باکوری عیراق لەژێر سایەی ڕژێمی عیراقیی ئەو کات بە تێروتەسەلی دەژیان. دوای ڕێککەوتنی مەلا مستەفا لەگەڵ سەدام دۆخی ئەوانیش شلەژا و ژیانیان کەوتە مەترسی، بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی ڕژێمی رابردووی هاورێ و دۆستی ئەوان کۆتایی هات، ڕژێمی تازە مەلا مستەفایی هەڵبژارد بۆ ڕێککەوتن و یەکێک لە برگەی ڕێککەوتنەکەی نێوان سەدام و مەلا مستەفا ئەوە بوو کە جەلالییەکان چەک بکرێن، " ئەیوب بارزانی لە پەرتوکی الحرکە التحرریە الکردییەی ١٩٥٨-١٩٧٥دا لە لاپەڕە ٣٢٢دا دەنوسێت، سەدام لە نامەیەکدا کە بۆ مەلا مستەفا دەنێرێت دەنووسێت، ڕێککەوتین کە جەماعەتی فرسانەکان و جەلال تاڵەبانیی چەک بکرێن، کردومانە. هەروەها هەر بەدەم پەیمانمان دا کە لە ماوەی سێ مانگدا ڕۆژنامەی "النور"ی جەلالییەکان دابخەین ئێمە مانگێ تێنەپەڕی بەسەر ڕێککەوتنی ١١ی ئازار ئەو ڕۆژنامەیەمان داخست".

جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد کە لە ساڵی ١٩٦٦ دا بوون بە جاش، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان کە ئاماژەیان پێدا، گوتیان: گوایە لە ترسی ئەوەی مەلا مستەفا ئەیانکوژێت بوون بە جاش و حزبێکی دیان دامەزراند لەژێر ناونیشانی "الحزب الثوری الکردستانی". لە ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠دا هەمان دۆخ دروست بوو و ژیانیان کەوتە مەترسی. دووبارە بۆ خۆ دەربازکردن هەمان هەڵوێستی ساڵی ١٩٦٦یان دووبارە کردەوە، بەیانێکیان دەرکرد و "الحزب الثوری الکردستانی" یان تواندوە، لەو بەیانەدا گەلێک بە شانوباڵی بارزانی و گرنگی ڕێککەوتنی ١١ی ئازاریان هەڵگوت و بۆ نەتەوەی کورد بە مزگێنیەکی مەزنیان لە قەڵەم دا، ڕایانگەیاند کە ئەو ڕێککەوتنە دەستکەوتی

نیشتمانی نەتەوەییە، بە دۆست و لایەنگری خۆیان ڕاگەیاند کە بچنەوە نێو پارتی و ژێر باڵی بارزانی خەباتگێر، بەوجۆرە ئاشبەتاڵیان کرد. مەلا مستەفا "لێبوردنی دەرکرد" ئیبراهیم ئەحمەد تەسلیم بوو بە مەلا مستەفا و داوای لێبوردنی لێکرد، لە ناوپردان نزیک بە گوندیی گەلاڵە لەگەڵ خێزانەکەی نیشتەجێبوو، تا چوونیان بۆ بریتانیا خۆشترین ژیانیان بەسەر برد. تاڵەبانی و گەلێک لە نووسەرانی و دەوروبەری لە ڕێگەی فەرمی لە بەغداد بە فڕۆکە بە شێوەیەکی ئاسایی چوونە دەرەوەی وڵات. لە ئاست خوارەوە، لایەنگر و دۆستی تاڵەبانی تووشی نەهامەتی هاتن، لە .لایەن ڕێکخستنەکانی پارتی موحارەبە دەکران لە لایەکی تریش لەژێر مەترسی ڕژێمی سەدام گوزەرانیان دەکرد

دەقی بەیانی فەرمیی تواندنەوەی "حزبی شۆڕشگێری کوردستان" بە سەرکردایەتی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی ١٩٧٠ و کروزانەوە و پاڕانەوەیان لە مەلا مستەفای بارزانی پێش ٤٩ ساڵ لەوە پێش

گەلێک لەو نووسەرانەی کە مێژووی ئەو کاتەیان نووسیەوەتەوە، ئاماژەیان بەوە کردوە کە مەلا مستەفا هەڵەی ئەنجامدا کاتێک کە لەگەڵ سەدام ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری واژۆ کرد، هۆیەکەی دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە مەلا مستەفا کابرایەکی نەخوێندەوار، عەشایر بووە و سەرودەری لە سیاسەت دەرنەکردەوە، پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان و بەرژەوەندیی زلهێزەکان لە ناوچەکە دا شی نەکردۆتەوە، بەڵام ئاماژەیان بەوە نەداوە کە جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەدییش لە بەیانێکی فەرمیی پارتەکەیان ڕێککەوتنی ١١ی ئازار و هەڵوێستی مەلا مستەفایان بەرز نرخاند، بە .هەنگاوێکی گرنگیان لە قەڵەم دا لە مێژووی خەباتی گەلەکەمان دواتر ئاشبەتاڵیان کرد

# شەڕی ناوخۆ

لە هاوینی ساڵی ١٩٧٨ یەکێتی دەیەوێت هێزەکانی بباتە ناوچەی برادۆست، بۆ ئەوەی ڕێگریی لە هێرشێکی ڕژێمی بەعس بکات بۆ ئەو ناوچەیە، هەروەها دەیەوێت، سود لە سنورەکانی ئێران و تورکیا وەربگرێت، دەشیەوێت، کە ڕێگا لە فراوانبوونی دەسەڵاتی سەرکردایەتی کاتی بگرێت، بەڵام بە پیلانی سەرکردایەتی کاتی پارتی و بە هاوکاری میتی تورک و دەزگای سیخوڕی عێراق، هێزەکانی یەکێتی کە ژمارەیان زیاتر لە ٧٠٠ پێشمەرگە دەبێت، ئاراستە دەکرێت بۆ باکوریی کوردستان، بە هاندانی میتی تورک، لەلایەن هێزەی عەشایەرە کوردییەکانی باکوری کوردستانەوە لێیان دەدرێت و هێزەکانی یەکێتی پەرتەوازە دەبن، پاشان لەلایەن هێزی سەرکردایەتی کاتی پارتییەوە پەلامار دەدرێن و .هەموو هێزەکەی یەکێتی دەکوژن

## شەڕەکانی دوای ١٩٨٠

لەدوای شەڕی (هەکاریی) چەندین شەڕی بچوک لەنێوان ( یەکێتی و پارتی و سۆسیالست و پاسۆک و شیوعی) .ڕویداوە، چەندین جار هێرشیان کردووەتە سەر بارەگاکانی یەکتر و ئەندامانی یەکتریان کوشتووە
لە ساڵی ١٩٨٠، دوو بەرە لە نێوان لایەنەکانی هەرێمی کوردستاندا دروست دەبێت، بەرەی نیشتیمانی و نەتەوەیی دیموکراسی عێراق – جوقد، کەپێک هاتبوون لەهەریەکە لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حیزبی سۆسیالستی کوردستان- حیسك و هەرێمی سەرکردایەتی حیزبی بەعس و بزوتنەوەی سۆسیالستی عەرەبی و حیزبی شیوعی .عێراقی ، لە بەرەی جوقد-دا، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان باڵادەست بوو
بەرەی دووەم ناوی بەرەی نیشتیمانی دیموکراسی عێراق- جود بوو، کە پێک هاتبوو لە (پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق، حزبی سۆسیالستی کوردستان، حزبی شیوعی، پارتی سۆسیالستی کورد-پاسۆك)، لەم بەرەیەشدا پارتی .باڵادەست بوو
حزبی شیوعی کوردستان، بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە هەردوو بەرەکەدا ببوە ئەندام، دواتر سۆسیالستیش لەهەردوو .بەرەکەدا بووە ئەندام، بەڵام ئەمە نەیپاراستن لە زیانەکانی شەڕی ناوخۆ
لە ساڵانی ١٩٨٢ و بۆ ١٩٨٤، چەندین شەڕ لەنێوان بەرەی جوقد و جود ڕوودەدەن، کە بەناوبانگترینیان شەڕی پشتئاشانە، ئەویش لەدوای چەندی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی دێت لە نێوان هەردوو بەرەکەدا، لەمانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٣، بەرەی جود، پەلاماری مەڵبەندی یەکێتی دەدەن لە بالیسان و دەستی بەسەردا دەگرن، بۆیە یەکێتیش لە

بەرەبەیانی ١ ــ ٥ ــ ١٩٨٣ لە گوندی پشتئاشانی قەندیل هێرش دەکاتە سەر بەرەی جود و ٦٨ پێشمەرگە لە حزبی شیوعی و ١٢ پێشمەرگەی حسك دەکوژرێن.

# شەڕی ناوخۆ لە دوای ڕاپەڕین

لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، بەرەی کوردستانی کە لەهەموو لایەنەکانی هەرێمی کوردستان دروست بوو، ناوچە ئازادکراوەکانیان بەڕێوە دەبرد، لەساڵی ١٩٩٢ هەڵبژاردن ئەنجامدرا و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دروستکرا و حکومەت دامەزرا، بەڵا هێشتا زامی شەڕی ناوخۆ سارێژ نەکرابوو، بۆیە تا ساڵی ١٩٩٤ چەندین وردە شەڕ لەنێوان لایەنە گەورەو بچوکەکاندا ڕوویدا، بەڵام شەڕی گەورەی ناوخۆ لەنێوان یەکێتی و پارتیدا ڕوویدا لە ساڵی ١٩٩٤ دا و تا ساڵی ١٩٩٧ بەردەوام بوو، هەتا ئێستاش کە ٢٢ ساڵ بەسەر کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆدا تێپەڕییوە هێشتا کاریگەرییەکانی ماوە، لە شەڕی ناوخۆدا زیاتر لە ١٠ هەزار ئەندامی لایەنەکانی هەرێمی کوردستان و هاوڵاتیان کوژراون، هەروەها زیاتر لە ٣٠ هەزار هاوڵاتی کۆچبەر بوون.

ئاکامەکانی شەڕی ناوخۆ

بەهۆی شەڕی ناوخۆی نێوان لایەنە سیاسییەکانی باشوری کوردستانەوە، چەندین سەرکردە و پێشمەرگەی ئازا شەهیدبوون، لە هەموو لایەنەکان، کە لەئەنجامدا زیانی گەورەی لە بزوتنەوەی ڕزگاریی خوازی گەلی کورد داوە.

## لەشکر کێشی ئێران و تورکیا

بەهۆی شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتی و پارتییەوە، دەرفەت بۆ دەوڵەتانی ئێران و تورکیا درووست بووە، کە لەشکرکێشی بکەن بۆناو خاکی باشوری کوردستان و هێرش بکەنە سەر لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانیان، دەوڵەتی ئێران هەم لەشاخ و هەم لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لەسنووری دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هێرشی کردووەتە سەر حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەرێگای دەزگا سیخورییەکانیەوە سەدان ئەندامی لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە باشوری کوردستان تیرۆر کردووە.

ئەو هێرشانەی دەوڵەتی تورک بە سودوەرگرتن لە شەڕی ناوخۆ کردوویەتی

دەوڵەتی تورک لە ٢٧ی ٥ی ١٩٨٤ دا هێرش دەکاتە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە دەڤەری بارزان، * بەئامانجی دورخستنەوەیان لە سنوورەکانی باکوری کوردستان.

* لە ١٥- ٨ -١٩٨٦ هێرش دەکاتە سەر هێزەکانی پەکەکە لەناو خاکی عێراقدا.

.٤-٣-١٩٨٧ دیسان هێرش ئەنجامدا *

لە ٥- ١٣ی مانگی ٨ی ساڵی ١٩٩١ بەسود وەرگرتن لە بارودۆخی نائاسایی هەرێمی کوردستان ئۆپراسیۆنی * .گسک، ئەنجامدەدات

لە ٥ی ٩ تا ١٥ی ١٠ی ساڵی ١٩٩٢ بە هاوکاری هێزی یەکێتی و پارتی ئۆپراسیۆن لەناو خاکی باشوری * .کوردستان ئەنجامدەدات دژی پەکەکە

.لە مانگی ١٠ی ١٩٩٢ ئۆپراسیۆنی خواکورک دەستپێدەکات *

١٢ی مانگی ٣ تا ٢ی مانگی ٥ی ١٩٩٥ ئۆپراسۆنی پۆڵا ی ئەنجامدا بەهاوکاری هێزەکانی پارتی دیموکراتی * .کوردستان- عێراق

.مانگی ٤ی ١٩٩٦ ئۆپراسیۆنی باز-ی ئەنجامدا *

.١٤ی مانگی ٦ ی ١٩٩٦ ئۆپراسیۆنی (زلـلە)ی ئەنجامدا کەتا ساڵی ١٩٩٧ بەردەوام بوو *

١٢ی مانگی ٥ بۆ ٧ی مانگی ٧ ی ساڵی ١٩٩٧ ئۆپراسیۆنی (چەکوش)ی ئەنجامدەدات، هەر هەمان ساڵ پارتی * هێرشی کردە سەر نەخۆشخانەیەکی گەریلا و دەزگایەکی ڕاگەیاندن لە شاری هەولێر و زیاتر لە ٦٠ کەسی کوشت کە .هەموویان بێچەک بوون

.٢٥ی مانگی ٩ تا ١٥ی ،مانگی ١٠ ی ساڵی ١٩٩٧ ئۆپراسیپۆنی (شەبەق)ی ئەنجامدا *

.مانگی ٤ تا مانگی ٥ی ١٩٩٨ ئۆپراسیۆنی (موراد)ی ئەنجامدا *

دەوڵەتی تورک، لە زۆربەی ئەو ئۆپراسیۆنانەی ئەنجامی داوە، هاوکاری لە هێزی پارتی یان یەکێتی یان هەردوکیان وەرگرتووە، یاخود سودی لە بارودۆخی خراپی باشوری کوردستان و ناکۆکی نێوان لایەنەکان وەرگرتووە، هەرچەند لە ئۆپراسیۆنەکاندا، سەدان هەزار سەرباز و کەرەستەی جەنگی پێشکەوتووی بەکار هێناوە بەڵام نەتواندراوە ئەنجام .بەدەست بهێنێت

## هێزەکانی عێراق

هەرچەن هێزەکانی ڕژێمی بەعس، بە شەرێکی گەورە و ڕاپەڕینی هاوڵاتیانی باشوری کوردستان لەساڵی ١٩٩١ لە باشوری کوردستان دەرکرا، بەڵام بەهۆی شەڕی ناوخۆوە، پارتی دیموکراتی کوردستان، لەساڵی ١٩٩٦ ڕێککەوتنی لەگەڵ حکومەتی بەعس ئەنجامدا و بەهاوکاریی ٣٠ هەزار سەربازی عێراق و ٥٠٠ زرێپۆش، لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ شاری هەولێری لەدەستی هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەرهێنا و دەبابەی عێراقی بردە ناو پەرلەمانی .هەرێمی کوردستانەوە

د. سەلام عەبدولکەریم، مامۆستای بەشی مێژوو لە زانکۆی هەڵەبجە، لەبارەی کارەساتی هەکاریی و شەڕەکانی ساڵی ١٩٨٢ بەدواوە دەڵێت: ئەو برینەی کارەساتی هەکاریی کردییە جەستەی پەیوەندی لایەنە کوردییەکانەوە هەتا ئێستاش چارەسەر نەکراوە، لە ساڵی ١٩٧٨ کارەساتی هەکاریی ڕوودەدات، ساڵێک دواتر، لە ئەنجامی جیابوونەوەی سۆسیالست لە یەکێتی هەندێک شەڕ لەنێوانیاندا ڕوودەدات، ساڵی ١٩٨٠ لەبری ئەوەی برینەکانی سارێژ بێت، سود لەو ئەزمونە تاڵە وەربگیرێت کە ڕوویداوە، دوو بەرەی جیاوازی (جود و جوقد) دروستدەکرێت، کە دوو خولی شەڕی ناوخۆ ڕوودەدات لە نێوانیاندا، دەبێتە هۆی ئەوەی سەدان پێشمەرگەی ئازا و جوامێر بکوژرێن.

د. سەلام، ئاماژەی بە ڕۆڵی داگیرکەرانی کوردستانکرد لە دروستکردنی شەڕی ناوخۆدا و وتی: کاریگەریی وڵاتانی دراوسێ و میتی تورکی هەبووە لە ڕوودانی کارەساتی هەکارییدا، هەروەها لەماوەی ساڵانی ١٩٨٠ ــ ١٩٨٨ ئێران ڕۆڵی هەبووە لە هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆدا، لە سەردەمی دانووستانی یەکێتی و حکومەتی عێراقدا، لە ساڵی ١٩٨٤، نزیک دەبنەوە لە ڕێککەوتن، بەڵام تورکیا فشار لە حکومەتی عێراق دەکات بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتنە ئەنجامنەدات، بەگشتی وڵاتانی دراوسێ دەستیان لە دروستکردنی شەڕی ناوخۆدا هەبووە، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیان لەو شەڕەدا هەبووە، چونکە ئەوانیش هەر یەکەیان پارچەیەکی کوردستانیان داگیرکردووە هەم لە باکوری کوردستان هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەتا ئێستاشی لەگەڵدابێت پێکنەهێنانی کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی ئەو وڵاتانەی تێدایە، لەبەر ئەوەی هەریەکەیان دەیانەوێت حکومەتێک بە گوێرەی ئەوان دروستبێت.

ئەو شارەزایەی مێژوو، ئاماژەی بە ئەو سودانەکرد، کە دەوڵەتانی تورکیا و ئێران لە شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتی و پارتی بینیویانە، لە ساڵی ١٩٩٤دا و وتی: لە ساڵی ١٩٩٤ کە شەڕی ناوخۆ دەستپێدەکات ئیتر هێزەکوردییەکانی دەبن بە ئامرازێک بەدەست وڵاتانی دراوسێوە، هەتا ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ دابەشبوونێکی هەرێمی دروستدەبێت، هەم هێزی ئێران دێتە ئەم ناوچەیە، هەم هێزی تورکی، کە هەتا ئێستاش ئەو هێزانەیان نەکشاندووەتەوە، بۆنمونە ئەو هێزانەی تورکیا کە لە چوارچێوەی ئۆپەراسیونەکاندا هاتوونەتە هەرێم هێشتا لە بادینان و نەکشاونەتەوە.

هەوڵەکانی دروستکردنی شەڕی ناوخۆ لە ئێستادا

لەدەڤەری برادۆست و ناوچەی بادینان، دەوڵەتی تورک هێزێکی زۆری کۆ کردووەتەوە و بەردەوام ناوچەی زیاتر داگیردەکات، هەروەها ڕۆژانە لە ڕێگەی فڕۆکە جەنگییەکانەوە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بۆردوومان دەکات و هاوڵاتیانی مەدەنی دەکاتە قوربانی، هێزی زیاتریش دەهێنێتە هەرێمی کوردستان، لە چەند ڕۆژی ڕابردووا ڤیدیۆیەک بڵاوکرایەوە کە هێزێکی زۆری سوپای تورک بەشێوەیەکی ئاشکرا بەناو شاری دهۆک-دا تێپەڕ دەبن، بەڵام لەبەرئەوەی شەڕی ناوخۆ نییە لەهەرێمی کوردستان، ژینگەی لەبار لە هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا نییە بۆ ئەوەی هێرشی فراوان ئەنجامبدات، بۆیە لە هەوڵی دروستکردنی شەڕی ناوخۆدایە لە هەرێمی کوردستان.

بەپێی هەندێک هەواڵ، سەربازانی دەوڵەتی تورک بە بەرگی پێشمەرگەوە هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی گەریلا، ئەوەش بۆ ئەوەی ئاگری شەڕی ناوخۆ هەڵبگیرسێنێت، هەروەها هێزەکانی پارتی ناچارکردووە پاسەوانی لە بارەگاکانی سوپای تورک بکەن لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەگەر گەریلا چالاکی ئەنجامدا، شەڕ لەنێوان پێشمەرگەکانی پارتی و گەریلادا ڕوودات و ببێتە هەوێنی شەڕی ناوخۆ.

دکتۆر سەلام عەبدولکەریم، لەبارەی پێویستییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پیلانەی دەوڵەتان دایانناوە بۆ دروستکردنەوەی شەڕی ناوخۆ دەڵێت: پێویستە یەکگرتووبین، دەبێت ئەو درز و کەلێنانە نەهێڵینەوە کە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بتوانن سودی لێوەربگرن، ئێمە میللەتێکین کێشەیەکی ڕەوامان هەیە، پێویستە قەوارەیەکی تایبەتمان هەبێت، پێویستە وتارێکی ئاشتی خوازانەی پێکەوی لەنێوا ماڵی کوردا دروستبێت.

دەشڵێت: ڕاستە شەڕی ناوخۆ نابینین، بەڵام ئاماژەکانی شەڕی ناوخۆ دەبینین، ئەوە پێویستە لانەکانی شەڕ ڕەت بکەنەوە، سازشکردن بۆ یەکتری گەورەییە، هیوادارین بتوانین یەکگرتوو بین، کۆنگرەی نەتەوەیی پێویستییەکی گرنگە، بۆئەوەی ئاشتەوایی بێنێتە کایەوە و ئەو گرژییەی کە هەیە بیرەوێنێتەوە.

# جەلالی و مەلای و سەرەتای شەڕی ناو خۆ

ئەوە دێرینەکانی سیاسەت لە کوردستان باش لە دیاردەی جەلالی و مەلایی تێدەگەن، هەرچەندە ئەم روداوە لە ئەرزی واقیعدا لە ناوەراستەکانی شەستەکانی سەدەی پێشو بە بەرگی سیاسی و ئایدۆلۆژی و سەربازیەوە سەریهەڵدا بەڵام .رەگ و ریشەی دەگەرێتەوە بۆ زەمەنێکی درێژی پێش ئەو کاتە

جیاوازی وململانێی سیاسی نێوان پێکهاتەکانی بەرەی میللەت دیاردەیەکی ئاسایی و سروشتیە، لە ژیانی زۆر لە میللەتان رویان داوە، کاتێک بە شەر و وێرانکردن و پاشکۆبون بۆ هێزی دەرەکی بۆ سرینەوەی یەکتر یاخود .بەرێکەوتنی کاتی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان بەرێوە بچێت ئەوکات نە ئاساییە و نە رەوایە

ئەوەی یەکەمی جەلالی و مەلایی چەند کاراکتەری مێژویی و خەسڵەت و تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەبوە کە تیشک دەخەنە سەر ئەو روداوە، لەم سەردەمەشدا بە ئامراز و کاراکتەری نوێ و لە دۆخێکی سیاسی و ئابوری و .کۆمەڵایەتی زۆر جیاواز لە زیاتر لە نیو سەدە لەمەوپێش بەرێوە دەچێت

بۆ تێگەیشتن لە رەگ و ریشەی ئەم دیاردەیە لە قۆناغی ئێستادا پێویستە تیشکێک بخەینە سەر چۆنیەتی دامەزراندنی پارتی و رۆڵی کەسایەتیەکان لەو روداوەدا و سەرهەڵدانی روداوی جەلالی و مەلایی، هەروەها چۆنیش ئەم روداوە بۆتە دیاردیەکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەربازی و حوکمرانی وێرانکەر. دیاردەیەک سنورەکانی جوگرافیای دو لایەنەکەی بەزاندوە و کاریگەری ئەرێنی لە سەر بەشەکانی تری کوردستان کردوە، هاوکاتیش داگیرکەر .و ئەیارانی کورد بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکاریان هێناوە

رونکردنەوەیەک: هەمو ئەو سەرکردە و کەسایەتیە تێکۆشەرانەی لەم بابەتەدا ناویان هاتوە و لە ژیاندا نەماون .خوالێخۆشبون، بۆیە لەگەڵ ناوبردنیان ئەو دەستەواژەیەم بۆ کەسیان بەکار نەهێناوە

## دامەزراندنی پارتی

بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر ئەم تەوەرە زۆر پشتئەستور بوم بە کتێبێکی لێکۆڵەوەری سوری صلاح الخرسان، .رەنگبێ لێرە و لەوێدا بە هەڵەی بێ مەبست بەشێکی روداوەکانم وەک خۆیان نەخستبێتە رو، بە داوای لێبوردنەوە

التيارات السياسيه فی كردستان العراق

قراوه فی ملفات الحركات و الاحزاب الكرديه فی العراق ١٩٤٦-٢٠٠١

دوای راگەیاندنی کۆماری مەهاباد لە دیسەمبەری ١٩٤٦ نیەتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراق گەڵاڵەبو، پاش پەیوەندیکردن لە گەڵ مەلا مستەفا کە لە مەهاباد بو دەستەی دامەزرێنەری پارتی دروستکرا کە

پێکهاتبو لە مەلا مستەفا، هەمزە عبداللە، میر حاج احمد و نوری احمد تەها لە گەڵ چوار ئەفسەرەکەی لیژنەی ئازادیخوازان. پاش پەیوەندیکردن بە بەرپرسانی سۆڤیەت لە شاری تەبریز، کە لە ژێر کۆنترۆڵی سۆڤیەتدا بو، پشتگیری بەرنامەکەیان کرد. مەلا مستەفا لە مەهابادەوە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردی لە عێراق راگەیاند. پاش گەرانەوەی هەمزە عبداللە بۆ باشوری کوردستان لیژنەی ئامادەکاری دروستکرا کە پێکهاتبو لە پارتەکانی .شۆرش، رزگاری، هیوا و لقی سلێمانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە ابراهیم احمد سکرتێری بو

کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی لە ١٦ی ئاب لە بەغدا بە بەشداری ٣٢ نوێنەر بەرێوەچو، ئەندامانی پارتی شۆرش و رزگاری ٩٠% ی کۆنگرەکە بون. هەمزە عبداللە نوێنەری بارزانی بو، چەند کەسایەتی تریش بەشدار بون. ابراهیم احمد وەک سکرتێری لقی سلێمانی حزبی دیموکراسی کوردستانی ئێران ئامادەبو، بەڵام رەتیکرد بێتە ناو پارتیەوە، .پاشان شوێنی کۆنگرەکەی جێهێشت

مەلا مستەفا بە سەرۆکی پارتی و هەمزە عبداللە بە سکرتێری پارتی هەڵبژێدران، کۆنگرە کارنامەی سیاسی پەسند کرد، کارکردن بۆ ئامانجە نەتەوەیی و دیموکراسیەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتمانی عێراق و خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەب دژ بە کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستی و رژێمی عەمیلی عێراق، ، کۆنگرە دروشمە :بەناوبانگەکەی پەسند کرد

لەسەر بەردی پتەو و بەهێزی برایەتی عەرەب و کورد کۆلۆنیالیزم و پرۆژەکانی و بەکرێگیراوەکانی تێکدەشکێین". "

.لە حوزەیرانی ١٩٤٧ ابراهیم احمد هاتە ناو پارتیەوە و بو بە بەرپرسی لقی سلێمانی

:لە سەرەتاوە سێ ئاراستە لە ناو پارتیدا دەرکەوتن

،١- موحافزکار و کەسایەتیە تەقلیدیەکان مەلا مستەفا سەرکردایەتی دەکرد

،٢- مارکسیەکان. زۆربەیان ئەندامانی پێشوی پارتی شۆرش بون

.٣- رۆشنبیرە نەتەوەییەکان کە دیارترینیان ابراهیم احمد بو

پارتی کۆنگرەی دوەمی لە ئازاری ١٩٥١ لە بەغدا بەست. لەم کۆنگرەیەدا ناوەکە کرا بە پارتی دیموکراتی کوردستا، هاوکاتیش دو باڵی ئاشکرا ململانێیەکی خەستیان کرد، یەکەمیان بە سەرکردایەتی هەمزە عبداللە و دوەمیش بەسەرکردایەتی ابراهیم احمد، ململانێکە بە قازانجی ابراهیم احمد شکایەوە و بە سکرتێری حزب هەڵبژێردرا، هەمزە .عبداللە بەرەیەکی ئارازی دروستکرد کە لە سلێمانی و چەند دەڤەرێکی بادینان چالاک بو

لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی کە لە کۆتایی١٩٥٣ لە کەرکوک بەسترا ابراهیم احمد و گروپەکەی توانیان مارکسیزم و لینینزم وەک بنەمای فکری حزب بۆ کار و خەباتی سیاسی بچەسپێنن، هەروەها بریارەکانی چاکسازی کشتوکاڵ و دژایەتی دەرەبەگ و بەرگریکردن لە جوتیاران و دروستکردنی رێکخراوە پیشەییە تایبەتەکان دەرکران. لەم کۆنگرەیەدا جارێکی تر مەلا مستەفا بە سەرۆکی حزب و ابراهیم احمد بە سکرتێر هەڵبژێردرانەوە، مام جلال یش بۆ سەرکردایەتی

پارتی هەڵبژێردرا و لە ١٩٥٤ بو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. مام جلال لە ١٩٥٥ سەرۆکی شاندی ڕێکخراوی لاوانی .پارتی بو و بەشداری لە کۆنگرەی پێنجەمی لاوانی جیهان لە پۆڵۆنیا کرد

پاش کۆنگرەی سێیەم هەوڵەکان بەردەوامبون بۆ پاراستنی یەکریزی پارتی و کۆکردنەوەی ناراستە مارکسیەکان، بە واتایەکی تر پارتی ببێتە حزبێکی مارکسی دیموکراسی نەتەوەیی بە ناوەرۆکێکی سۆشیالیستیەوە. لە ئاکامی ئەم هەوڵانەدا بەشێکی زۆری بەرپرسانی باڵای لقی پارتی کۆمینیست لە کوردستان هاتنە ناو پارتیەوە، لە بەرامبەردا :پارتی کۆمینیست بە توندی وەڵامی پارتی دایەوە و بە

خزمەتکاری کۆلۆنیالیزم و کۆمپانیاکانی نەوت و دەربەگایەتی " وەسفی کرد. پارتی لەسایەی ئەو گەشەکردنەدا خۆی " .ڕێکخستەوە و بەشێکی کۆمینستەکانی پێشوی خستە نێو دامەزراوەکانی سەرکردایەتیەوە

مام جلال لە ساڵی ١٩٥٧ سەردانی مۆسکۆی کرد، وەک نوێنەری پارتی بەشداری لە مەهرەجانی یەکێتی لاوانی جیهان لە مۆسکۆ کرد و چاوی بە مەلا مستەفا کەوت، ئەمە یەکەم دیداری هەر دوکیان بو، مام جلال بەمشێوەیە وەسفی کردوە: " لە دیداری دەرویش لە گەڵ شێخ و سەرۆکی تەریقەتەکەی دەچو"، لە درێژەی باسکردنەکەیدا دەڵێت: " مەلا مستەفا لە گەڵ یەکگرتنی هەوڵەکان بو، هانیشی داین پەیوەندیەکانی پارتی لە گەڵ عەشائیر بەهێز بکەین، زیادە بۆ پەیوەندیەکان لە گەڵ روس داواشی کرد بە ڕێگەی بابا علی شێخ محمود پەیوەندی لە گەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا، تایبەت ."ئەمریکا، دروست بکەین

دوای ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ کێشە نێوان سەرکردەکانی کودەتاکە توند بوەوە، تایبەت دەرباری شێوازی یەکگرتن لە گەڵ کۆماری یەکگرتوی عەرەبی، عبدالسلام عارف لایەنگری یەکگرتنی ڕاستەوخۆ و عبدالکریم قاسم لایەنگری .شێوازی فیدراڵی بو

ئەم ململانێیە ڕەنگدانەوەی لە سەر هێزە سیاسیەکانی عێراق هەبو، پارتی کۆمینستی عێراق وهاوپەیمانی هێزە چەپەکان لە گەڵ قاسم بون، حزبی استقلال و و بەعس و بزافی نەتەوەیی عەرەب و ناصریەکان لە گەڵ عارفدا بون. :ئەم ڕوداوە کاردانەوەی لە سەر ئاستی سەرکردایەتی پارتی هەبو، کە بون بە دو بەشەوە

،یەکەم بە سەرکردایەتی هەمزە عبداللە و مارکسیەکانی ناو سەرکردایەتی -

دوەم بە سەرکردایەتی مام جلال بە پشتگیری چەند ئەندامێکی لیژنەی ناوەندی پارتی، بۆچونی ئەم گروپە نزیکبو لە - .هەڵوێستی نەتەوەییە عەرەبەکان

سکرتێری حزب، ابراهیم احمد، کە پێشتر لە کاتی گەڕانەوەی مەلا مستەفا بۆ عێراق یاوەری بو لە سەردانی جمال .عبدالناصر، لە سەرەتادا هەڵوێستی ئاشکرا نەبو، بەڵام زو پشتگیری لە گروپەکەی مام جلال کرد

وێرای ئەم جیاوازیانە لە ناو پارتیدا بەڵام توانرا یەکریزی ناوخۆی بپارێزێت، کۆمینستەکانی عێراق هەڵمەتێکی توندیان دژ بە مام جلال ڕێکخست و هەوادارانی بە بەعسیە کوردەکان ناوزەد کرد. باڵی هەمزە عبداللە پشتگیری ئەم هەڵمەتەی کۆمینستەکانی کرد، لێرەدا مەلا مستەفا بێدەنگی شکاند، هەڵوێستی بە سودی پارتی کۆمینیستی عێراق بو و

لەوەش تێگەیشتبو کە عبدالکریم قاسم زۆر لە ابراهیم احمد نارازیە. مەلا مستەفا ترسێکی واقیعی هەبو ئەگەر عێراق لە گەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتو ئیندماج بکات هیچ گەرەنتیەک نیە بۆ دابینکردنی مافە رەواکانی کورد، بۆیە بە بۆچونی بارزانی چارە لەوەدابو ابراهیم احمد دەست لە پێگەی حزبی بکشێنێتەوە. ابراهیم احمد دەستی لە سکرتێری حزب کشانەوە و لە کۆتایی ١٩٥٨ هەمزە عبداللە کرا بە سکرتێری حزب، یەکێک لە بریارە سەرەتاییەکانی مەکتەبی سیاسی نوێ پەسندکردنی بریاری مەلا مستەفا بو بە واژۆی خۆی بۆ سرکردنی مام جلال. پارتی لە سایەی سەرکردایەتیە نوێکەیدا بەهەمو هێزێکی پشتگیری پارتی کۆمینیستی کرد، لە گەڵ کۆمینستەکان بەشداریان لە دامرکاندنەوەی هەوڵی کودەتای شەواف لە ئازاری ١٩٥٩ لە موسڵ و لە روداوەکانی کەرکوک لە تەموزی ١٩٥٩ دا کرد. هەمزە عبداللە لە پشتگیریکردنی کۆمینستەکان بەردەوام بو تا گەیشتە ئاستی ئەوەی پێشنیازێک بۆ لیژنەی ناوەندی پارتی بکات کە سەرجەم رێکخراوە جەماوەریەکانی سەر بە پارتی لە گەڵ ئەوانی پارتی کۆمینیست یەکبگرن. ئەم پێشنیازە تورەیی و نارەزاییەکی بەرفراوانی لە ناو سەرکردایەتی و بنکەی جەماوەری پارتیدا دروستکرد، بەرەی نارازی پێی وابو هەمزە عبداللە خەریکی توانەوەی پارتیە و داوای هەڵوێستیان لە بارزانی کرد، ئەویش داوای کۆبونەوەی لیژنەی سەرکردایەتی کرد، هەمزە عبداللە و گروپەکەی رەتیان کردەوە بەشداری کۆبونەوەکە بکەن. لە کۆبونەوی لیژنەکەدا بریاری سرکردنی هەمزە عبداللە و هاورێکانی درا و بریاری سرکردنی مام جلال هەڵوەشێنرایەوە، .ئەو ساتانە ابراهیم احمد لە دەرەوەی عێراق بو و پشتگیری خۆی بۆ بریارەکان بەیان کرد

مەکتەبی سیاسی ترسیان لێنیشتبو کە مەلا مستەفا رێکەوتنەکە بەکاربهێنێت بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە کەڵەکەبوەکان لە گەڵیاندا. لە سەرەتای ئازاری ١٩٦٤ مەکتەبی سیاسی لە سەنگەسەر چاویان بە مەلا مستەفا کەوت، کاتێک مەلا مستەفا پێداگری لە رێکەوتنەکە کرد و نەرمی بەرامبەر مەکتەبی سیاسی پیشان نەدا، ئەمام بە دەوری خۆیان یاداشتێکیان بۆ دەسەڵاتی بەغدا لە ٢ی ئازاری ١٩٦٤ بەرزکردەوە، بارزانی حوکمرانی عێراقی ئاگادار کردەوە کە :یاداشتەکە بێ رەزامەندی ئەو بوە. لێرەوە سەرکردایەت پارتی بو بە دو لەتەوە

## یەکەم: مەلا مستەفا

.دوەم: باڵی مەکتەبی سیاسی و ژمارەیەک ئەندامانی لیژنەی ناوەندی پارتی

لە لایەکی ترەوە ئێران هەڵەکەی قۆستەوە و کەوتە فشارکردن لەسەر باڵی مەکتەبی سیاسی بۆ وەستانەوە دژ بە ( .رێکەوتنی مشیر – بارزانی )، هەروەها ئێران رێگاکانی بۆ گەیشتنی یارمەتی دەرەوە بۆ شۆرش داخست

بە پێی چەند سەرچاوەیەک سەرەتای پەیوەندیەکانی مەکتەبی سیاسی لە گەڵ ئێران سیاسی دەگەرێتەوە بۆ پێش بەرپابونی شۆرشی ئەیلول، ئەویش بە رێگەی خوالێخۆشبو سالح الیوسفی، ئەندامی لیژنەی ناوەند و بەرپرسی لقی .پێنجی پارتی لە بەغدا، لە گەڵ باڵیۆزخانەی ئێران لە بەغدا

کاتێک یوسفی لە نۆڤەمبەری ١٩٦٠ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستگیرکرا، پەیوەندیەکان بە رێگەی کادرێکی پێشکەوتوی پارتی سەر بەباڵی مەکتەبی سیاسی لە قەسری شیرین بەردەوامی پێدرا، کۆبەنەوەی لیژنەی ناوەندی پارتی لە ساڵی ١٩٦٢ پەسندی ئەو پەیوەندیانەی لە گەڵ ئێران کرد، تەنها یەک ئەندام دژی وەستایەوە. ئێران دەستی .کرد بەناردنی چەک بۆ باڵی مەکتەبی سیاسی، فرۆکەخانەی تەهرانیش بەروی ئەندامانی ئەو باڵەدا کراوەبو
مەلا مستەفاش لەلای خۆیەوە هەوڵی پەیوەندیکردنی بە ئێرانەوە دا و بە نهێنی شاندێکی بۆ ئێران نارد، بەڵام .هەوڵەکان بێسود بون

ململانێ نێوان دو باڵەکە تا دەهات خەستتر دەبو، ابراهیم احمد داوای کۆبونەوەی مەکتەبی سەربازی پارتی کرد بەڵام زۆربەیان نەهاتن بە دەنگیەوە بۆیە دەست لە کارکێشانەوەی خۆی لە پۆستی سکرتێری پارتی پێشکەش کرد، سەرکردایەتی پارتی داواکەی رەتکردەوە، لەو کەین و بەینەدا مەلا مستەفا مام جلالی بۆ پۆستی سکرتێر کاندید کرد چونکە کەسایەتیەک بۆ کە نزیکەکانی مەلا مستەفا لێی رازیبون، بەڵام مام جلال پێشنیازی لیژنەیەکی سێ کەسی کرد کە شوێنی سکرتێر بگرنەوە، هەوڵێکی زۆر درا بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەک بەڵام هیچیان ناکامی مەبەستیان نەپێکا. لە هەنگاوێکی وروژێنەردا مەلا مستەفا هەمو عەشائیر و ئەو ئەفسەرانەی هاتبونە ریزی شۆرشەوە لە دەوری خۆی کۆکردەوە و کۆنگرەیەکی سەربازیان ئەنجامدا، کۆنگرەکە بریاری مانەوەی مام جلالی وەک فەرماندەی .هێزیکی پێشمەرگە د

لە لای خۆیەوە ابراهیم احمد پەنای بۆ شەرعیەتی حزبی برد، لە ناکامدا کۆنفرانسێکی حزبی لە سەرەتای مانگی :نیسانی ١٩٦٤ لە ماوەت سازکرا و ٧٠ نوێنەر بەشدار بون. لەو کۆنفرانسەدا دو ئاراستەی بەهێز هەبون
یەکەم: داوای وەرگرتنی هەڵوێستێکی توندی بەرامبەر سەرۆکی حزب دەکرد، کە ابراهیم احمد و نوری شاوەیس و مەلا ،ماتۆر بەرێوەیان دەبرد

### .دوەم: داوای نێوەندگیری لە گەڵ بارزانی دەکرد تا بگەن بە چارەیەک

ئاراستەی دوەم لەلایەن زۆرینەی کۆنفرانسەوە پشتگیری لێکرا، شاندێکی سێ کەسیان پێکهێنا کە سەردانی مەلا مستەفایان کرد، بارزانی جەختی لە مەرجەکەی پێشوی کردەوە کە ابراهیم احمد وازبهێنێ و مام جلال بچێتە شوێنەکەی کە بەشداری کۆنفرانسەکەی ماوەت نەبو. ئاراستەی یەکەم هەڵوێستی بارزانی قۆستەوە و کۆنفرانسەکە ئیدانەی مەلا مستەفای کرد و سەرجەم فەرمان و رێنماییەکانی بارزانی بۆ پارتی و هێزەکانی پێشمەرگە هەڵوەشاندەوە، ماوەی یەک هەفتەیان بە بارزانی دا کە پێرەوی بریارەکانی کۆنفرانسەکە بکات. هەر زۆر زو بریارەکانی کۆنفرانسی ماوەت ئاژاوە .و دڵەراوکێ و لێکترازان و دابەشبونی لە نێو حزب و هێزەکانی پێشمەرگە دروستکرد
لیژنەی باڵای چاودێری پارتی کەوتەوە هەوڵەکانی بۆ چارەی کێشەکە، پێشنیازی بەستنی کۆنگرەی شەشەمی پارتی کرد، بارزانی پێشنیازەکەی پەسند کرد، مەکتەبی سیاسی دو دڵ بو و ترسی هەبو بارزانی کۆنگرەکە بەکاربهێنێت بۆ دورخستنەوەی تەواویان لە پارتی، بۆیە لە ١٩ ی نیسانی ١٩٦٤ مەکتەبی سیاسی بەیانە بەناوبانگەکەی بە

ناونیشانی: " ڕێکەوتنی موشیر – بارزانی سوڵح یا تەسلیمبون" دەرکرد، تێیدا بارزانی یان بە تەسلیمبون و کۆتایی هێنان بە شۆڕش تۆمەتبار کرد. بەیانەکە پشتگیری هەمو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەدەست نەهێنا، یەکێک لەوانە :مام جلال بو، کە لەو بارەوە گوتویەتی

من لەو گروپەدا نەبوم کە ئەو بەیانەیان نوسیبو، لە گەڵیدا نەبو چۆن لە گەڵ لێدوانەکانی بارزانیشدا نەبوم، " ."هەڵوێستم ئەوەبو ناکۆکیەکان ئاشکرا نەکەین

بەڵام ئەوەندەی پێنەچو لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵ مام جلال چوە بەرەی باڵی مەکتەبی سیاسی. بە وتنی خۆی .هۆکارەکەی ئەوەبو کە ژیانی حزبایەتی و بریاری زۆرینە باڵادەست بون بۆیە چومە نێو باڵی مەکتەبی سیاسیەوە مەلا مستەفا دوای ئەم کارەی مام جلال نامەیەکی بە دەستوخەتی خۆی بۆ نارد، نامەکەی بە ئایەتێکی قورئان دەست پێکردبو: " یا بنی ارکب معنا و لا تکن مع قوم الکافرین"، دەربارەی ئەمە مام جلال دەڵێت: " زۆر بە ڕێزەوە وەڵامم دایەوە، پێم گوت: من حزبیم و ناتوانم لە گەڵ پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی حزب هاوڕابم، بە داخێکی زۆرەوە لێت جیابومەتەوە پاش ئەو تەمەنە لە خەباتکردن لە سایەی سەرکردایەتیداندا". بارزانی بە پەلە بە مەبەستی یەکلاییکردنەوەی دۆخەکە بروسکەیەکی بۆ سەرجەم بنکەکانی پێشمەرگە نارد، ئەمە دەقی بروسکەکەیە: وەک سەرۆکی حزب و فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگە و بە ناوی گەلەوە بریارم دا: هەریەک لە عومەر مستەفا فەرماندەی هێزی کاوە، عەلی عەسکەری فەرماندەی هێزی خەبات، کمال مفتی فەرماندەی هێزی قەرەداغ، جلال تالەبانی فەرماندەی هێزی رزگاری لە پۆستەکانیان لابرێن و لە شوێنیان ..... دابنرێن. ئەم فەرمانەی سەرۆکی حزب یەکسەر جێبەجێکرا و بەم شێوەیە بارزانی توانی پەرە لە ژێر پێی باڵی مەکتەبی سیاسی دەربهێنێت. هاوکات مەلا مستەفا دەرگای بەرووی هەوڵەکانی نێوەندگێری دانەخست، بۆیە رازی بو بەشدار بن لە دانوستانەکان لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٦٤ لە گەڵ تاهیر یەحیا سەرۆک وەزیرانی عێراق، شاندەکەی باڵی مەکتەبی سیاس پێکهاتبون لە ابراهیم احمد، مام جلال، علی عبدالله و سالح یوسفی بەشداربون لە شاندەکەی شۆڕەش بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا. .لە دانیشتنەکاندا بارزانی بواری بە باڵی مەکتەبی سیاسی دا راشکاوانە و ئازادانە را و بۆچونی خۆیان باس بکەن مەلا مستەفا داوای بەستنی کۆنگرەی شەشی پارتی کرد و بە ڕێگەی عباس مامند ئاغا هەوڵیدا قەناعەت بە ابراهیم احمد بکات بەشداری کۆنگرە بکات. لە ناوەراستی حوزەیرانی ١٩٦٤ ابراهیم احمد لە قەڵادزێ بو و لە گەڵ مەلا مستەفا کۆبوەوە، هەر دو ڕێککەوتن لە سەر دروستکردنی لیژنەیەکی ئامادەکاری بێلایەن بۆ ئامادەسازیکردن بۆ .کۆنگرە، بەڵام بارزانی لەلای خۆیەوە لیژنەیەکی دروستکرد و بەو هۆیەوە ابراهیم احمد قەڵادزێی بەجێهێشت

# کۆنگرەی شەشەم

لە ١-٩ تەموزی ١٩٦٤ و بە ئامادەبونی ٤٠٠ نوێنەر کۆنگرە دەستی بەکارەکانی کرد، پێشتر داوا لە مەکتەبی سیاسی کرابو بەشدار بن و بۆچون و رای خۆیان بۆ کۆنگرە باس بکەن، بەڵام ئەمەیان رەتکردەوە.

لە کۆنگرە بریاردرا ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ سەرکردایەتی شۆرش دروست بکرێت و سەرجەم بریارەکانی کۆنفرانسی ماوەت هەڵوەشێنرانەوە، ١٤ ئەندام لە کۆی گشتی ١٨ ئەندامی لیژنەی ناوەند لە پارتی دەرکران بە ابراهیم احمد و مام جەلالەوە و حبیب محمد کریم بە سکرتێری حزب هەڵبژێردرا.

دوای ئەم کۆنگرەیە روداوی جەلالی و مەلایی بوە دیاردەیەکی سیاسی لە بونیادی بزافی کوردایەتی. راستەوخۆ دوای کۆنگرە باڵی مەکتەبی سیاسی هەڵمەتێکی راگەیاندنی خەستی دژ بە سەرکردایەی مەلا مستەفا لە رێگەی رادیۆی حزب لە ماوەت بەرپاکرد و داوای یاخیبونیان لە رێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگە دەکرد. لەو سات و ئانانەدا هێزێکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی ادریس بارزانی لە ناوەراستی تەموزی ١٩٦٤ پەلاماری بارەگاکانی باڵی مەکتەبی سیاسی لە ماوەت دا. ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و هەوادارانی کە ژمارەیان نزیکە ٤٠٠ کەس بو ناچار بون بەرەو سنور لە گەڵ ئێران برۆن، هەندێک لە بەرپرسەکان، تێیاندا مام جلال دژی ئەوە بون بەرەو ئێران برۆن و داوایان کرد بچنە ناوچەی بارزان و لای شێخ احمدی بارزان خۆیان بپارێزن.

بەهۆی ئەوەی ئێران یارمەتی باڵی مەکتەبی سیاسی دەدا پەیوەندیەکانی بارزانی لە گەڵ ئێران تا دەهات خراپتر دەبو، لە سایەی رۆڵی ئیسرائیل پەیوەندیەکان هێدی هێدی بەرەو باشبون دەچون.

لە دیداری شای ئێران لە گەڵ ابراهیم احمد شا پێی وتوە: ئێوە نوێنەرایەتی ناراستەیەکی حزبی دەکەن و سەرکرادیەتیان هەیە، من چیت داوا لێبکەم دەبێت لە مەکتەبی سیاس باسی بکەی تا بریارێک وەربگرن، ئەمە لە گەڵ پێداویستیەکانی ئێران ناگونجێت، لە کاتێکدا بارزنی لە سەر بنەمای تاکی کەسی و عەشائیری مامەڵەمان لە گەڵ دەکات و ئەوە جێبەجێ دەکات کە دەیڵێین بێنەوەی پێویست بکات بگەرێتەوە بۆ مەکتەبی سیاسی.

مەلا مستەفا لە قەڵادزێ لە کۆتایی دیسەمبەری ١٩٦٤ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی لە کوردستانی عێراق دروستکرد کە لە ٤٠ کەسایەتی حزب و پێشمەرگە و نیشتمانپەروەر و ئاینیی پێکهاتبو، بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنەکە بو. پاش ئەوەی بارزانی کۆنترۆڵی کاروباری حزب و شۆرشی کرد داواکاریەکانی لە حکومەتی عێراق بەرفراوانتر و خەستتر کرد، لەوانە هەموارکردنەوەی دەستور کە تێیدا مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بچەسپێت، کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوک و خانەقین سەر بە کوردستان بن و دیاریکردنی بەشێک لە داهاتی نەوت بۆ کوردستان و مانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و دانانی کوردێک بۆ جێگری سەرۆک کۆمار و بەشداربونێکی گەورەتری کورد لە حوکمرانی عێراقدا.

حکومەتەکەی عبدلسلام عارف داواکاری ئۆتۆنۆمی رەتکردەوە جەختی لە هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە کرد. بارزانیش بەم هەڵوێستەی عارف رازی نەبو. لە نیسانی ١٩٦٥ شەر دەستی پێکردەوە.

هێرشەکانی سوپای عێراق توند و بەرفراوان بون و سوپا توانی لە چەند شوێنێک پێشکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەمە پێشەکی بو بۆ پەلاماردانی بنکەی بەهێزی بارزانی لە ناوچەی باڵەک. بارزانی داوای هاریکاری خوالێخۆشبو ئیمام موحسن حەکیمی کرد، ئەمیش هۆشداری بە حکومەتی عێراق دا.

لە گەڵ دەستپێکردنەوەی شەر ئێران پارمەتیەکان بۆ بارزانی چروپر کرد، ئامادەیەشی پیشاندا نێوەندگیری نێوان بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسی بکات تا بگەرێنەوە ناو پارتی و شەری حکومەتی عێراق بکەن، بارزانی ئەم عەرزەی پەسندکرد، هەمویان، بێجگە ابراهیم احمد کە رێگەی پێنەدرا بگەرێتەوە، لە مەرزی حاجی ئۆمەرانەوە گەرانەوە بۆ کوردستان. بارزانی پێشنیازی گەراوەکانی بۆ بەستنی کۆنگرە رەتکردەوە، تەنها چەند کەسایەتیەکی سەربازی باڵەکەی کردە فەرماندەی هێز. بارزانی داوای لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی باڵەکە کرد بێن لە دۆڵە رەقە دابنیشن، پێشتر مام جلال لە گوندی خوشکان جێگیر بوبو. بارزانی پاش چوار مانگ هێزێکی حمایەی شەخسی خۆی بە فەرماندەی لوقمانی کوری نارد بۆ گواستنەوەی مام جلال و حلمی علی شەریف بۆ شوێنێکی تر، ئەم هەنگاوە گومانی لای باڵی مەکتەبی سیاسی دروستکرد، بەشێک لە باڵی مەکتەبی سیاسی بە مام جلال یشەوە بروسکەیەکیان بۆ بارزانی نارد داوای بینینیان کردبو، بارزانی رەتیکردەوە بۆیە ناچاربون داوا لە عباس مامند ئاغا بکەن بکەوێتە بەینەوە، ئەویش نامەیەکی بۆ بارزانی نارد و داوای لێکردبو کە رێگە بدات باڵی مەکتەبی سیاسی لە ناوچەی ئەو بمێننەوە، بارزانی ئەمەشی رەتکردەوە. دوای ئەمە زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و بە گوێگرتنیش لە ئامۆژگاری مامند ئاغا بریاریان دا خۆیان رادەستی حکومەتی عێراق بکەن، علی عبدالله و نوری شاوەیس بریاریان دا ئەوە نەکەن و لە شوێنەکانی خۆیان بمێننەوە.

لە رۆژی ٢٨ جانواری ١٩٦٦ زۆربەی باڵی مەکتەبی سیاسی خۆیان رادەستی کامپێکی سەربازی سوپای عێراق کرد. لە بەرامبەر پێشکەوتنی سوپای عێراق و مەترسی پەلاماردانی بارەگاکانی سەرکردایەتی شۆرش هێزەکانی پێشمەرگە دەستپێشخەریەکی بێ وێنەیان کرد،

نزیکەی ١٧٠٠ پێشمەرگە لە رۆژی ١٤ ی مایسی ١٩٦٦ هێرشێکی ژیرانە و خەستیان کردە سەر بنکەکانی لیوای چواری سەر بە فرقەی دوەمی سوپای عێراق لە شاخی هەندرێن، لە ئاکامدا زیاتر لە ٢٠٠ کوژراو لە سوپای عێراق و ژمارەیەکی زۆر بەدیل گیران. دەرباری ئەم روداوە گرنگە دکتۆر محمود عوسمان دەڵێت: ئەفسەرەکانی ئیسرائیل چەک و چەند ئامۆژگاریەکیان پێداین بەڵام فەرماندکردنی شەرەکە بەدەستی کوردەوە بو.

سەرکەوتن لە هەندرێن حکومەتی عێراق ناچار کرد دانوستان لە گەڵ شۆرشی ئەیلول بکات، لە ئاکامدا لە ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦ گەیشتنە رێکەوتن. ئێرانەکان لەم رێکەوتنە بێزار بون، بەڵام بارزانی رونیکردەوە کە دۆخی زۆر خراپی ئابوری ئێجاری کردوە ئەو هەنگاوە بنێت. بەزاز ناچارکرا پۆستەکەی جێبهێڵێت و لە شوێنی ناجی تالب بو بە سەرۆک وەزیران، عەرەبێکی شیعەی هەواداری عبدالناصر. دەرباری ئەم قۆناغە مام جەلال رایگەیاندوە کە:

هەڵەیەکی گەورەمان کرد، دەبوا کاری سەربازی بۆ بارزانی جێبهێڵین و تەرکیزمان لە سەر کاری سیاسی بکردایە.

لێرە بە دواوە و تا بەیانی ئازاری ١٩٧٠ شەڕی جەلالی و مەلایی یەکێکە لە رەشترین لاپەرەکانی ئەو سەردەمەی .مێژوی کورد لە باشور

لە گەڵ ئەوەشدا پاش بەیانی ئازار باڵی مەکتەبی سیاسی خۆیان هەڵوەشاندەوە و زۆربەیان هاتنەوە ناو پارتی. مەلا مستەفا هیچ رێگریەکی نەکرد و بە پێچەوانەوە زۆربەی کادرە باڵاکانی ئەو باڵەی لە لق و دامەزراوەکانی پارتی و .رێکخراوە جەماوەریەکان سەر بە پارتی دانا

کەرەستەکانی شەخسی، ئایدۆلۆژی، کۆمەڵایەتی و سیاسی هۆکار و کەرەستەکانی ئەم ململانێ و شەرە بون. سێ گەمەکەری سەرەکی دەرەکیش رۆڵی بەرچاویان لە هەڵگیرسان و ئاراستەکردن و روداوەکانی ئەو شەرە هەبوە، .عێراق، ئێران و چەند وڵات و کەسایەتی عەرەبی

ئەو شەرە لە سەر پێگە و دەسەڵات بوە لەناو بزافی کوردایەتی لە باشور، هیچ پەیوەندیەکی ئەوتۆی بە پارە و دەسکەوت و ئەوت و پۆست و ئیمتیازاتی بەغداوە نەبوە. هەر چۆنێک بێت ئەو شەرە شەری نێوان هاوخەباتان و دۆستەکان بوە کە سێ ڵانێکی درێژ لە یەک سەنگەردا بون و بە ئەقڵیەتی جیواز تێرامانیان بۆ پرسی کورد و کوردایەتی .هەبوە

ئەوەی یەکەم لە سێ کاراکتەری سەرەکیدا رەنگی دەدایەوە

یەکەم: مەلا مستەفا، سەرکردەیەکی ناودار و کاریزمای کورد، لە روانگای مێژویی و کۆمەڵایەتیشەوە خاوەن پێگەیەکی بەهێز بو، لە سەر ئاستی عێراق و ناوچەکە حسابی وردی بۆ دەکرا، پەیوەندیەکی سنورداری لە گەڵ چەند ناوەندێکی .سیاسی لە ئەمریکا و وڵاتانی دراوسێ و عەرەبی و ئیسرائیل هەبو

مەلا مستەفا تاکە سەرکردەی بێ رکابەری شۆرشی ئەیلول بو، باوەری توندی بە حزبایەتی نەبو، زیاتر کاری لەسەر کۆکردنەوەی هەوادارانی بە جۆرەها شێواز و لاوازکردن و پەراوێزکردنی نەیارەکانی دەکرد. وێرای ئەوەی سەرکردەو و سیاسەتمەدارێکی پراگماتیکی سەردەمی گەرمەی شەری سارد بو بەڵام زیاتر ئومێدی لەسەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەڵچنی بو. لە سەردەمی ئەودا یەکێک لە دەسکەوتە گەورەکانی کورد بەدەست هێنرا کە لە رێکەوتنی ئازاری ١٩٧٠ دا چەسپێنرا. هەڵچنینی ئومێدی زۆر لە سەر ئەمریکا و ئێران و پلانێکی فرەلایەنی ناوچەکە وبە ئاگایی ئەمریکاوە لە هۆکارە بنەرەتیەکانی شکستی شۆرشی ئەیلول بون، لێرە بەدواوە سەرکردایەتی پارتی کەوتە دەست .کورەکانی

دوەم: ابراهیم ئەحمەد، سیاسەتمەدار و نوسەر و رۆشنبیر و ئەدیبێکی ناوداری سەردەمی شەری سارد، هەڵگری چەند هزرێکی پێشکەوتنخوازی ئەو سەردەمە. سیاسەتمەدارێکی موحافزکار و بە تموح، پراگماتیک و واقیعبین بە شێوازە کلاسیکیەکەی.. لە ئاکامی ناکۆکیەکانی مەلا مستەفا لە گەڵ گروپی خوالێخۆشبو هەمزە عەبدوڵلا لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی پێشو ئەستێرەی سیاسی روی لە گەشەکردن کرد. پێگەی جەماوەری لە نێو نوسەر و رۆشنبیر و کادری حزبی

دەقەرەكانی سلێمانی و كەركوک و رۆژهەڵاتی كوردستان بەهێزبو. سەركردەیەكی سەربازی نەبو، بۆیە كاریگەریەكانی .سنوردار بون

یەكێكە لە بەرپرسە دەگمەنەكانی كورد كە لە ناوەراستی پەنجا و شەستەكانی سەدەی رابوردو پەیوەندی لە گەڵ چەند وڵاتێكی ئەقلیمی و ئیسرائیل دروست كردوە. ئیبراهیم احمد، بێجگە تێرامانە گشتگیرەكانی پێشكەوتنخوازی، وەک بەرەی ئیشتمانی عێراقی و برایەتی كورد و عەرەب و مافە دەستوریەكان و دژایەتی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم، هەڵگری هزرێكی تایبەتی دیاریكراوی كوردایەتی نەبوە، ئەمەش زەمینەیەک بوە بۆ پێكدادان و جیاوازیەكانی لە گەڵ مەلا .مستەفا

سێیەم: مام جلال، وەسفكردنی مام جلال بە چەند رستە و بابەت كۆتایی نایەت، مێژوی سیاسی دەریایەكی گەورەیە كە .تا ئەم چركەیش چەند بەشێكی گرنگی ژێر ئاوكەوتوەكان سەرئاو نەكەوتون و نەبینراون

هەرچۆنێک بێت كە باسی سەردەمی ئەوەی یەكەمی جەلالی و مەلایی دەكەین مام جلال شان بەشانی مەلا مستەفا لە .ریزی یەكەمدا دێت

مام جلال لە سەرەتای ژیانی سیاسیدا گەنجێكی یاخی و بزێو و وریا بوە، زو هزری نەتەوەیی گرێداوە بە سۆشیالیزم و .چەپرەوی و چەمكە پێشكەوتنخوازەكانەوە

.لە تەمەنی گەنجیدا سەركەوتو بو لە وڵاتانی ئیشتراكی بلۆكی سوڤیەت و لە چین پرسی كوردیان پێبناسێنێت

بەتەنیشت ئەمەوە پەیوەندی باشیشی لە گەڵ سەركردە ناودارەكانی بزافی نەتەوەیی عەرەب هەبوە، لە سەرویانەوە جمال عبدالناصر، جۆرج حەبەش و احمد الخگیب، ئەمان كاریگەریان لە سەر هزری نەتەوەیی مام جلال كردوە، بە رادەیەک كە لە دانیشتنەكانی لە گەڵ جمال عبدالناصر وەک نوێنەری شۆرشی ئەیلول زۆر گوێرایەڵی ناصر بوە و زۆربەی داواكاریەكانی ئەویشی جێبەجێكردوە. ناصر بەردەوام جەختی كردۆتەوە لەوەی سەركردایەتی شۆرشی ئەیلول لە ئێران و

ئیمپریالیزمی" ئەمریكا دور كەوێتەوە، زیاتر كار لەسەر پاراستنی یەكپارچەیی و سەروەری عێراق و برایەتی كورد " .و عەرەب و دژایەتیكردنی زایۆنیزم بكەن، چونكە ئەم وڵات و هێزانە دوژمنی سەرەكی بزافی كوردایەتین

.(لە وەڵامی ئەوەی كە بە ( عروبی ) وەسفی دەكەن مام جلال دەڵێت: ( إتهام لا أنفیه وشرف لا أدعیه

# کارەساتی هەکاری
# یەکەم شەڕی براکوژیی .

کارەساتی هەکاری، ئەو ڕووداوەی کە بە دەستێوەردانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بووە دەستپێکی مێژوویەکی نوێ لە شەڕی براکوژیی لە نێوان لایەنەکانی باشوری کوردستان، بەپڕوای شارەزایانی مێژووش، دەبێت ئەو کارەساتە .ببێتە وانەیەک بۆ لایەنە کوردییەکان تا زەمینەی یەکگرتوویی کوردی پێ خۆش بکەن

٧ی تەممووزی ساڵی ١٩٧٨ لە کۆتا وێستگەی ڕووداوەکانی کارەساتی هەکاریدا، هەریەکە لە عەلی عەسکەری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، خالید سەعید، ئەندامی مەکتەبی عەسکەریی یەکێتی، حسێن بابەشێخ، فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی لە پێنجوێن، لەلایەن سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە (قیادە موەقەتە) دوای ئەوەی مانگێک لە بەدیلگرتن، بەچەکی نار پی جی شەهیدکران، ئەمڕۆش ٤١ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا .تێپەڕدەبێت

کارەساتی هەکاری چییە؟

لەدوای ئەوەی ئێران و عێراق پەیماننامەنی جەزائیر مۆردەکەن، لە ساڵی ١٩٧٥دا، مەلا مستەفای بارزانی کۆتایی بە شۆڕشەکەی دەهێنێت، هەمان ساڵ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دادەمەزرێت و دەست بە تێکۆشانی سەربازی و سیاسی دەکەن لە چیا و گوندەکانی کوردستان، لەدوای دامەزراندنی یەکێتی، ئیدریس بارزانی کوڕی مەلا مستەفای بارزانی، دەست بە ڕێکخستنەوە و کۆکردنەوەی پێشمەرگەکانی پارتی دەکاتەو و سەرکردایەتییەک بۆ پارتی بەناوی سەرکردایەتی کاتی (قیادە مۆقت) دادەمەزرێنێت، لەدوای ئەوەی کە هێز پەیدا دەکەن ناکۆکییان لەگەڵ یەکێتی زیاد .دەکات

کارەساتی هەکاری چۆن بوو؟

لە هاوینی ساڵی ١٩٧٨دا، کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاردەدات هێزەکانی لە ناوچەکانی ناوزەنگ و بناری قەندیلەوە، بگوازێتەوە بۆ ناوچەی برادۆست و بەدیارییکراویی بۆ سێ کۆچکەی سنووریی ئێران-تورکیا-عێراق، ئەم بڕیارە بە چەند مەبەستێک درا، کە بریتیبوو لە سوود وەرگرتن لە سنوورەکان بۆ هێنانی پێداویستیی و چەک، ڕێگرییکردن لە شاڵاوێکی حکومەتی عێراق بۆ ڕاگواستنی گوندنشینانی ئەو سنوورانە، لە هەمان کاتیشدا

گەڕاندنەوەی ئەو بارەگایانەیان کە لە شەڕەکانی ساڵانی ١٩٧٦-١٩٧٧-یاندا لەگەڵ سەرکردایەتیی کاتی پارتی .کەوتبوونە دەست هێزەکانی سەرکردایەتیی کاتیی و لاوازکردنی سەرکردایەتیی کاتی، کە بە قیادە موەقەتە ناسرابوو

کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاریدابوو هێزێکی چەکدار و بێ چەک بنێرێتە برادۆست، بڕیاردرا هێزەکە بکرێت بە سێ بەشەوە، بەشی یەکەمی هێزەکە کە ژمارەیان ٢٢٠ پێشمەرگە بوو لە کاتی دیاریکراودا بەڕێکەوتن و گەیشتنە شوێنی مەبەست، بەڵام بەهۆی دواکەوتی بەشی دووەمی هێزەکەوە کە ژمارەیان ٥٠٠ پێشمەرگە بووە، بەشی دووەم و سێیەم پێکەوە بەڕێکەوتبوون، بەشی سێیەمی هێزەکەش ١٥٠ پێشمەرگە بوون، ئەم دواکەوتنەش ببووە هۆی .ئاشکرابوونی پلانەکەی یەکێتی لای ئێران

نەوشیروان مستەفا، یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکێتی کە ئەوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی بووە، لە بەرگی چوارەم-ی کتێبی کارەساتی هەکاری-دا، لەبارەی چوونی بەشی یەکەمی هێزەکە و ئاشکرابوونی پلانی یەکێتی بۆ گواستنەوەی هێزەکانی لەلای دوژمن، دەڵێت: لەبەر ئەوەی هێشتا هێزەکانی دوژمن نەکەوتبوونە خۆ، بەشی یەکەمی هێزەکە تووشی گیروگرفت و برسێتیی و سەرما نەبوون، بەڵام هێزەکانی دوژمن هۆشیاربوونەوە کە هەرچی زووتر .بکەونە خۆ، بۆ ڕێگرتن لە هێزەکەی یەکێتی

ڕێککەوتنی دوژمنان

بەڕێکەوتنی ئەم هێزەی یەکێتی لەکاتێکدابوو، کە تەمەنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر تەنها سێ ساڵ بوو، کە لە نێوان شای ئێران و ڕژێمی بەعس-دا واژۆکرابوو بۆ پاراستنی سنوورەکانی یەکتر، ساڵی ١٩٧٧یش ڕژێمی عێراق لەگەڵ .دەوڵەتی تورکدا ڕێککەوتنێکی دیکەی هاوشێوەیان بۆ پاراستنی هەردوو دیوی سنووریی یەکتر واژۆکردبوو

نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕە ٥٧ی کتێبی 'کارەساتی هەکاری'دا، باس لە هەماهەنگییەکانی ئێران، تورکیا و عێراق دەکات لە دژی کورد لەو کاتەدا و دەڵێت: لە کاتی بەڕێکەوتنی هێزەکانی یەکێتیدا، هاوکاریی ئەم سێ دەوڵەتە بە ئاشکرا دیاربوو، حکومەتی عێراق چەندین ئەفسەری سوپا و پسپۆڕیی هەواڵگریی ناردبووە تورکیا و ئێران بۆ یەکخستنی زانیارییەکان و دانانی پیلانی هاوبەش، هێزەکانی ئێران لە دیوی ئێرانە کەوتنە لێدانی هێزەکانی یەکێتی، کە چوونە دیوی عێراقیش هێزەکانی عێراق کەوتنە پەلاماردانیان، لە دیوی تورکیاش عەشیرەتە کۆنەپەرستەکان کەوتنە خۆ .ئامادەکردن و میت و دەزگا هەواڵگرییەکان کەوتنە پەیجوریان

پەڕینەوەی هێزی یەکێتی بۆ باکوری کوردستان

دوای یەکگرتنەوەی بەشی دووەم و سێیەمی هێزەکەی یەکێتی، بەهۆی هەبوونی هێزی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی لەو سنوورە و خۆدوورگرتن لە شەڕ و پێکدادان لەگەڵیاندا، هێزەکەی یەکێتی بۆ پشوودان و حەوانەوە دەپەڕنەوە باکوری کوردستان بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ دەمێننەوە، دواتر هێزەکەی یەکێتی بڕیاردەدەن بۆ نزیکبوونەوە لە شوێنی وەرگرتنی چەک و چەکدارکردنی ئەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵیاندایە، بەرەو قوڵایی خاکی باکوری کوردستان و سەر سنوورەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بڕۆن.

وەک ئەوشیروان مستەفا دەیگێڕێتەوە: سەرکردایەتیی کاتی پارتی بەشی هەرە زۆری عەشیرەتەکانی باکوری کوردستانیان لە یەکێتی هاندابوو، کە گوایە هێزەکانی یەکێتی گوندەکان تاڵان دەکەن و پیاوەکان دەکوژن و ژنەکان بەدیل دەگرن و هاتوون بۆ بڵاوکردنەوەی کافریی و بێ دینیی، ئەمەش وایکردبوو عەشیرەتەکانی ناوچەکانی شەمزینان، چەلێ و ئولودەرە لە دژی هێزەکەی یەکێتی بکەونە خۆ و چەکدار کۆبکەنەوە و ناوچە ستراتیژییەکان کۆنترۆڵ بکەن.
ڕۆژی ١ی ٦ی ١٩٧٨ لە ناوچەی بازێ لە باکوری کوردستان، شەڕ لە نێوان هێزەکانی یەکێتیی و هێزەکانی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی-دا دروست دەبێت، ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندار لە هەردوولا دەکەوێتەوە، هەروەها ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی یەکێتیش لە هێزەکە دادبڕێن، ئەمەش وادەکات کە کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتی بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکەی بدات لە باکورەوە بۆ باشوری کوردستان.
شەوی ٢لەسەر٣ی مانگی شەش، هێزەکەی یەکێتی بەرەو باشوری کوردستان بەڕێدەکەونەوە، بەهۆی شارەزانەبوونی ناوچەکە هێزەکەی یەکێتیی لەیەک جیابوونەوە، لەو کاتەدا هێزەکانی پارتی بۆسەیان بۆ هێزەکە داناوە و دوای ئەوەی بە جموجوڵی هێزەکەی یەکێتی دەزانن، تەقەیان بەسەردا دەکەن، ئەم چەند تەقەیەش دەبێتە هۆی تێکچوونی تەواوەتیی شیرازەی ڕێکخستنیی هێزەکەی یەکێتی، بەڵام بەهۆی ناشارەزایی و ماندووبوونەوە هێزەکە نەیانتوانیوە کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەن و لەتوپەت بوون.

ڕۆژی دواتر هێزەکە دەبێتە سێ گروپ، گروپی یەکەم بە ڕێرەوی دیارییکراوی کشانەوەکەدا ڕۆشتبوون، گروپی دووەمیان بە پێچەوانەی ڕێرەوی دیاریکراوی کشانەوە ڕۆشتبوون، گروپی سێیەمیش بۆ پاراستنی داپۆشینی کشانەوەکە لە شوێنی شەڕگەی پێشووتر مابوونەوە، گروپی یەکەمی هێزەکە خۆیان یەکدەخەنەوە و بە هیوای گەیشتنی گروپی دووەم دادەمەزرێن، گروپی دووەمیش کە ژمارەیان ١٧٦ کەس بووە، بڕیاریانداوە بەرەو نزیکترین خاڵی عێراق بگەڕێنەوە و خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق بکەنەوە، گروپی سێیەمیش هەر ئەو ڕۆژە لەلایەن هێزەکانی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی و عەشیرەتەکانی ئەو ناوچانەوە دەدرێت بەسەریاندا و چەک دەکرێن.
لەناو ئەوانەدا کە لە گروپی سێیەم بەدیلگیرابوون، هەریەکە لە عەلی عەسکەری، فەرماندەی هێزەکە و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، تایەری عەلی والی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و عەسکەریی یەکێتی، سەید کاکە، ئەندامی

مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بەدیلگیرابوون، کە دواتر لە ٧ی تەمموزی هەمان ساڵدا، هەریەکە لە عەلی عەسکەری، خالید سەعید و حسێن بابەشێخ لەلایەن سەرکردایەتیی کاتیی پارتییەوە بە چەکی نارِ پی جی شەهیدکران.
گرووپی یەکەمی هێزەکەی یەکێتی، پاش بێ ئومێدبوونیان لە گەیشتنی هێزەکانی دیکە، بە ناچاری دەچن بەرەو گوندی کەهی لە نزیک جولەمێرگ، دوای مانەوەیان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک و خۆ ڕێکخستنەوەیان، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان (DDKD) دە.دە.کە.دە وە چەواشە دەکرێن و لەبری ئەوەی بەرەو سنووری باشووری کوردستان بهێندرێنەوە، دیسانەوە بەرەو قوڵایی خاکی باکور دەیانبەن، دواتر بە ڕێکەوت دەکەونە ناو ئەو عەشیرەتانەی کە لێیان هاندرابوو و سەرەنجام پاش شەڕێکی چەند کاتژمێریی لە نێوان هێزەکەی یەکێتی و ژمارەیەک لە عەشیرەتەکانی باکوری کوردستان، ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکەی یەکێتی شەهید و برینداردەبن و ژمارەیەکیشیان بە دیل دەگیرێن و دواتر ڕادەستی سەرکردایەتیی پارتی دەکرێنەوە، بەمجۆرەش دوا بەشی هێزەکەی یەکێتی لەناوچووە.
ئەم ڕووداوانەش بووە هۆی جێبەجێکردنی بریاری ڕژێمی عێراق بۆ ڕاگواستنی گوندنشینانی دێهاتە سنوورییەکان، و بەهێزبوونی قەڵەمڕەویی ڕژێمی عێراق لە ناوچەی بادینان.
ئێستا کە ٤١ ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوانەدا تێپەڕدەبێت، گەلی کورد هێشتا بە قۆناغێکی هاوشێوەی قۆناغی کارەساتی هەکاریدا تێپەڕدەبێت و هێرش و پیلانگێڕیی داگیرکەرانی کوردستان و بەتایبەت دەوڵەتی تورک بۆ سەر باشووری کوردستان و هەوڵەکانی بۆ پەرتەوازەکردنی ناوماڵی کورد بەردەوامە، پسپۆڕانی مێژووش لە ڕوانگەی ڕووداوەکانی هاوشێوەی کارەساتی هەکارییەوە، جەخت لە گرنگیی یەکگرتوویی بۆ گەلی کورد دەکەنەوە.

لە ئێستاشدا دەوڵەتی تورک ئۆپەراسیۆنێکی لە دژی باشووری کوردستان و بەدیاریکراوی ناوچەی خواکورک دەستپێکردووە و ڕۆژانە و هێرش و داگیرکارییەکانی بۆ سەر باشووری کوردستان چڕدەکاتەوە، بەڵام تا ئێستا نە حکومەتی عێراق و نە هەرێمی کوردستان هیچ هەڵوێستێکیی جدییان دژی ئەو داگیرکارییانە پیشان نەداوە، بە پێچەوانەشەوە لە ناوچەی کانی ماسی-ی سنووری زاخۆ، هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق، ناوچەکانی خۆیان بۆ سوپای تورک چۆڵکردووە.
د.ئارام عەلی، مامۆستای بەشی مێژوو لە زانکۆی سلێمانی، بۆ ڕۆژنیوز ئاماژە بە دژایەتییەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و سوود وەرگرتن لە پەرتەوازەیی کورد دەکات و دەڵێت: داگیرکەرانی کوردستان مێژووی ئێمە زۆر باش دەناسن، کورد ناسراوە بەوەی کە هەمیشە پەرتەوازە و خۆخۆر بووە، دوژمنانیش چاودێریی خاڵە لاوازەکانی کورد دەکەن بۆ ئەوەی بزانن چۆن کاری لەسەر بکەن لە پێناو بەکارهێنانیان لەدژی یەکتر، بەداخەوە زۆر جاریش حزبە کوردییەکان لە پێناو دەستکەوتەکانی خۆیان، پشتیان بە دوژمن بەستووە بۆ لێدان لە هێزی بەرامبەریان کە هەر کوردە.

ئەو ئاماژە بە داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک دەکات لەدژی باشوری کوردستان و دەڵێت: هەرچوار وڵاتی داگیرکەری کوردستان، هەمیشە لە دژی کورد هەماهەنگیی لە نێوانیاندا هەیە، ئێستا کە دەوڵەتی تورک تۆپەراسیۆنی لە دژی باشوری کوردستان دەستپێکردووە، نەک بە گڵۆپی سەوزی ئێران و عێراقە، بەڵکو بە هەماهەنگییە لەگەڵ هەردوو لادا.

ئەو مامۆستایەی بەشی مێژوو لە زانکۆی سلێمانی، جەختیش لە گرنگیی یەکڕیزیی کورد دەکاتەوە و دەڵێت: ئێمە دەبێت وانە لە مێژوو و هەڵەکانی هەکاری و کەرکوک وەربگرین، پێویست دەکات لایەنە کوردییەکان بەخۆیاندا بچنەوە و بەرژەوەندیی نیشتمان بخەنە پێش بەرژەوەندییەکانی خۆیان، پێویست دەکات یەکبگرین و ناکۆکییەکانمان بخەینە لاوە

## شەڕی پشتئاشان چۆن ڕوویداو بۆ ڕوویدا؟

مێژووی هێزە سیاسییەکانی کورد لە باشوور، لەسەردەمی خەباتی شاخدا، پڕ پڕە لە ململانێو شەڕو لەیەك کوشتن، ئەگەرچی ئەوان دژ بە ڕژێمی بەعس چوو بوونە شاخ، بەڵام وزەو هێزێکی زۆریان لە شەڕی نێوان یەکدیدا بەکار دەهێناو ڕاوی یەکدییان دەکرد.

شەڕی برا کوژی نێوان حیزبە کوردییەکان لە سەردەمی شاخدا، گەڕو قۆناغی جیاوازی بەخۆوە دیوەو پڕ پڕە لە چیرۆکو ڕووداوی تراژیدیو لە سەروەختی دروستبوونی هەردوو بەرەی ( جوقد) و ( جود) دا، زیاتر توندبووەتەوەو هەڵکشاوە.

شەڕی پشتئاشان، یەکێك لە وێستگەو ڕووداوە خوێناوییەکانی شەڕی براکوژییە لە شاخو لە ئەدەبیاتی حیزبی شیوعی کوردستاندا بە قەتڵو عامی شیوعیەکان لە لایەن یەکێتییەوە ناوزەد کراوە.

پشتئاشان گوندێکە کەوتووەتە ناو کۆمەڵە چیایەکی بەرزەوە بە زنجیرە چیا سەختەکانی قەندیلەوە لکاوەو بارەگای سەرەکی مەکتەبی سیاسیو مەکتەبی عەسکەری حیزبی شیوعی لەوێبوو.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩دا بناغەی دروستکردنی بەرەی جوقد دانرابوو، لە ١٢ –١١- ١٩٨٠، ڕادیۆی دیمەشق هەواڵی دامەزراندنی جوقد، ( بەرەی نیشتیمانیو نەتەوەیی دیموکراسی عێراق) ( الجبهە الوگنیە القومیە الدیموقراگیە لعراقیە)ی ڕاگەیاند.

بەرەی جوقد، لە هەریەکە لە یەکێتی نیشتیمانیو حسكو هەرێمی سەرکردایەتی حیزبی بەعسو بزوتنەوەی سۆسیالستی عەرەبیو حیزبی شیوعی عێراقی پێکهاتبوو.،،

لە کاردانەوە بەرانبەر بەرەی جوقد دا، پارتی لەگەڵ هەریەکە لە حسكو حزبی شیوعیدا بەرەی ( جود) ( بەرەی نیشتیمانی دیموکراسی عێراق) ( الجبهە الوگنیە الدیموقراگیە العراقیە) ی دروستکرد.

یەکێتی لەناو بەرەکەدا باڵا دەستبوو، دکتۆر مەحمود عوسمان بەناوی حسکەوە ئیمزای چوونە ناو بەرەکەی کردبوو، .بەڵام ڕەسووڵ مامەندی سکرتێرو زۆرینەی سەرکردایەتی حسك بە بەشداریکردن لە بەرەی جوقد دا ڕازینەبوون
لە کاردانەوە بەرانبەر بەرەی جوقد دا، پارتی لەگەڵ هەریەکە لە حسك‌و حزبی شیوعیدا بەرەی ( جود) ( بەرەی .نیشتیمانی دیموکراسی عێراق) ( الجبهه الوگنیه الدیموقراگیه العراقیه) ی دروستکرد
بەمەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگی، حیزبی شیوعی بەشداری لە هەردوو بەرەکەدا کردبوو، بەرەی" جوقد و جود"، بەڵام بوونی حسك لە هەردوو بەرەکەدا، پەیوەندی بەناکۆکییەکانی نێوان دکتۆر مەحمود عوسمان‌و ڕسووڵ مامەندی سکرتێرەوە هەبوو، هەرچەندە دکتۆر مەحمود بەناوی حسکەوە ئیمزای چوونە بەرەی "جوقد"ی کردبوو، بەڵام سکرتێرو زۆرینەی سەرکردایەتی حسك لەو بەشداریکردنە ناڕازیبوون‌و حسك تەنها بەناو لەبەرەکەدا بوو، .لەبەرامبەریشدا بە بەهێزیو بەکرداری لە بەرەی " جود" دا بوون
پیتی ( ق) کە ئاماژەیە بۆ گوزارەی نەتەوەیی، جیاوازی نێوان ناوی هەردوو بەرەکە بوو، بەڵام زۆر لەوە واوەتر .جیاوازییەکە تا ئاستی بەرهەمهێنانی کارەسات‌و ڕژانی خوێنی یەکدی دەچوو

## پشتئاشان بە گێڕانەوەی کەریم ئەحمەد

لە ٢٤ ــ ٤ـ ١٩٨٣ هێزەکانی بەرەی جود، دەستیان گرت بەسەر بارەگای مەڵبەندی هەولێری یەکێتی لە گوندی .بالیسان‌و بەپێی گێڕانەوەکانیش ئەوە دەبێتە هۆکاری هێرشکردن‌و پەلاماردانی پشتئاشان لە لایەن یەکێتییەوە
کەریم ئەحمەد، سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعی کوردستان، کە ئەو دەمە جێگری سکرتێری حیزبی شیوعی بووە، باسلە لە هۆکاری سەرەتای دروستبوونی بارگرژییەکە دەکات‌و دەڵێت:" پارتی‌و حسك نەیاندەویست بنکەی یەکێتی لە ."بالیسان هەبێت‌و چەندانجۆر شێوازی زەبریان پەیرەو کرد تا یەکێتی ناچار بکەن لە ناوچەکە دەربچێت
کەریم ئەحمەد لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا " ڕێڕەوی تێکۆشان" باسلەوە کە چەند ڕۆژێك بەر لە ڕووداوی پشتئاشان، بەهۆی کەش‌و هەوای ئاڵۆزی نێوان یەکێتی لە لایەك‌و پارتی‌و حسك لە لایەکیترەوە کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ مام جەلال‌و سەرکردایەتی یەکێتی ڕێکخستووەو بڕیاریان داوە، پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی‌و شیوعی بەهێز بکەین‌و لەگەڵ ئەوەشدا کار بۆ ڕەواندنەوەی بارگرژییەکان نێوان یەکێتی لەگەڵ پارتی‌و حسکدا بکەن، " کە گەڕاینەوە بۆ پشتئاشان، لەگەڵ ڕەسووڵ مامەندو ژمارەیەك ئەندامی سەرکردایەتی حسك یەکترمان بینی، لەبارەی دیدارەکەی مام جەلال‌و سەرکردایەتی یەکێتی ئاگادارمان کردن ئەوان خۆشحاڵ نەبوون، دواتر هەوڵی دیداری سێ قۆڵی نێوان پارتی‌و یەکێتی‌و شیوعیمان دا، لەگەڵ پارتی‌و حسك لە گوندی " ڕۆست" کۆبووینەوە، لە حسك ڕەسووڵ مامەندو لە پارتی عەلی ،،."عەبدوڵا بەشداربوون، هەوڵماندا بۆ کۆتاییهێنان بە ناکۆکییەکان

کەریم ئەحمەد لە بیرەوەرییەکانی تایبەت بەرووداوی پشتاشاندا دەڵێت:" لە نامەکەدا دەیووت پارتیو حسك دەیانەوێت چالاکییەکی سەربازی ئەنجام بدەن بۆ دەرکردنی یەکێتی لەناوچەکە، لەسەر ئێمەش پێداگری دەکەن کە بەشداری بین، چونکە ئێمە لەناو بەرەی " جود" هاوپەیمانینو ڕاستیش نییە دەستبەرداری هاوپەیمانەکانمان بین".ش

کەریم ئەحمەد باسی دەکات کە پاش کۆبوونەوە سێقۆڵییەکەی پارتیو شیوعیو حسك لە گوندی ڕۆستێو گەڕانەوەیان بۆبارەگاکانیان لە پشتئاشان، چەند ڕۆژ دوای ئەوە نامەیەکیان لە " ئەبوحیکمەت"ەوە بۆ هاتووە کە ئەوکات بەپرسی بنکەکانی شیوعی بووە لە بالیسان.

کەریم ئەحمەد لە بیرەوەرییەکانی تایبەت بەرووداوی پشتاشاندا دەڵێت:" لە نامەکەدا دەیووت پارتیو حسك دەیانەوێت چالاکییەکی سەربازی ئەنجام بدەن بۆ دەرکردنی یەکێتی لەناوچەکە، لەسەر ئێمەش پێداگری دەکەن کە بەشداری بین، چونکە ئێمە لەناو بەرەی " جود" هاوپەیمانینو ڕاستیش نییە دەستبەرداری هاوپەیمانەکانمان بین".

وەکو کەریم ئەحمەد باسیکردووە، سەرکردایەتی حیزبی شیوعی لە وەڵامدا بە ئەبوحیکمەتیان وتووە،" ڕاست نییە کارێکی وابکرێت، ئێمە لەگەڵ یەکێتی ڕێکەوتنمان هەیە".

کەریم ئەحمەد لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بەوە داوە، کە ئەبو حیکمەت بەنامەیەکیتر وەڵامی داونەتەوەو وتوویەتی پارتیو حسك سوورن لەسەر بەشداریمان لەم پرۆسەیەداو ئەگەر نا بوونمان لەناو بەرەی " جوود"دا نابێتو پەیوەندییەکانیشمان ئاسایی نابن.

کەریم ئەحمەد ئەیشاردووەتەوە کە لە وەڵامی دوومیاندا بۆ ئەبو حیکمەت کەتوونەتە هەڵەوە،" لە وەڵامی دووەممماندا بۆ ئەبو حیکمەت هەڵوێستمان هەڵە بوو، دوو دڵی تێدا بوو، مەسەلەکەمان بۆ خۆیان دانا کە چۆنیان بەباشزانی وابکەن، ئەوانیش لە پرۆسەکەدا بەشدارییان کرد".

شەوی ٢٨ / ٢٩ی نیسانی ١٩٨٣ هێزەکانی بەرەی " جود" پارتیو حسكو شیوعی، پەلاماری بارەگای یەکێتیان لە بالیسان داو دەستیان بەسەر مەڵبەندی یەکێتی دا گرت، سەرکردایەتی یەکێتی لە بەرانبەردا بڕیاریدا هێرش بکاتە سەر هێزەکانی پارتیو حسكو شیوعی لە ئاشقوڵکەو پشتئاشان.

بەرەبەیانی ١ ــ ٥ـ ١٩٨٣ هێزێکی زۆری یەکێتی دەگەنە پشتئاشانو شەڕ دەست پێدەکات، بۆ ئێوارەکەی یەکێتی پشتئاشان دەگرێتو لە لایەن یەکێتییەوە ٦٨ کەس لە حیزبی شیوعیو ١٢ پێشمەرگەی حسك دەکوژرێن.

کەریم ئەحمەد دەڵێت:" هێرشەکە دەستیپێکردو ئەوشیروان مستەفا سەرکردایەتی دەکرد، ئێمەو حسك بڕیارماندا بەرگری بکەین، بەڵام بەرگری لە پێش پەلامارێکی بەهێزو دڕی وەك هێزەکانی یەکێتی خۆی ڕانەگرت، حسك پاشەکشەی کردو لە پاشەکشەکردنیشیان ئاگاداریان نەکردینەوە، ئێمەش بڕیاری پاشەکشەمان داو هێزەکەی ئێمە لەکاتی پاشەکشەدا پەرشو بڵاو بوونەوە".

چەند ڕۆژ دوای گرتنی پشتئاشان، کەریم ئەحمەدی جێگری سکرتێری حیزبی شیوعیو ئەحمەد بانیخێڵانی کە ئەو کاتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووە، لەگەڵ چەند کەسێتر لە شیوعییەکان لەلایەن یەکێتییەوە دەگیرێنو دەبرێنە خڕی

ناوزەنگ بۆ سەرکردایەتی یەکێتی، کەریم ئەحمە دەیگێڕێتەوەو دەڵێت:" ئەوشیروان هاتە سەردانمانو بە توندی لەسەر ئەم هێرشە ڕەخنەمان لێگرت، ئیتر کەوتە باسی بێبەختیو ڕەخنە لەخۆگرتن، چونکە ئەو کەسێك نییە بۆ کوشتار، بەڵکو بۆ سیاسەتو رۆشنبیرییە، بەڵام بارودۆخەکە خستویەتییە ئەم شوێنە، ئەوشیروان وتی هێرشەکە لە دژی ئێوە نەبووە، بەڵکو لە دژی حسك بووە، بەڵام کاتێك تەماشامان کرد ئێوەش لەگەڵیاندا لە شەڕی ئێمە بەشداربوون، هێرشەکە نیوەشی گرتەوە، مام جەلالیش ئەمەی دووپات کردەوە، کۆبوونەوەشمان لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی کرد بە ئامادەبوونی مام جەلالو ڕەخنەمان لێگرتن بۆ ئەو هێرشەیان بۆ سەرمان، ئەوانیش دووپاتیان کردەوە کەمەبەستیان حیزبی شیوعی نەبووە، بەڵام ئێوە تێوە گلاون لە هێرش کردنە سەر بارەگاکانمان لە بالیسان.

## بەهادین نوری دەربارەی پشتئاشان چی دەڵێت؟

سەرکەوتنی پارتی بەئاسانی لە شەڕی هەکاری دا، سەرکردایەتی پارتی گومڕاکردو پاڵی پێوەنا بیر لەوەشاندنی " گورزێکیتر لە یەکێتی بکاتەوە،

لە چوار چێوەی ئەم پرۆژەیەدا، پارتی کەوتە جموجوڵو پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی ( جود)، بەهیوای ڕاکێشانیان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەکەدا". بەهادین نوری وا دەڵێت.

بەهادین نوری لەسەر وەختی ڕووداو و شەڕی پشتئاشاندا، بەرپرسی هەردوو مەڵبەندی سلێمانیو کەرکووکی حیزبی شیوعی بووە، ئەو لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت:" حسك بێزاربوون لە دەستدرێژییەکانی یەکێتی بۆ سەریان، لەبەر ئەوە ئەو گەلە کۆمەیەی پارتییان لا پەسەند بوو، سەبارەت بەحیزبی شیوعیش، لەوکاتەدا چەند هاوڕێیەکی عەرەب لە پشئاشان بوون، سەریان لە هیچ دەرنەدەکرد، وەکو ئەبوو وابوون، سێ هاوڕێی کوردی لێبوو ( کەریم ئەحمەد جێگری سکرتێر، عومەر عەلی شێخ ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئەحمەد بانیخێڵانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی)، بڕیار بەدەستی ڕاستەقینە ئەم سیانە بوون، لەگەڵ سکرتێری حیزب عەزیز محەمەد کە ئەوکاتە لە مۆسکۆ بوو، ئەمانە شیوعییان ڕاپێچی شەڕی براکوژی پشتئاشان کرد".

بەوتەی بەهادین نوری، هێرشی یەکێتی بۆ سەر پشتئاشان، هۆکاری گرتنی مەڵبەندی یەکێتی بووە لە بالیسان لە لایەن بەرەی " جود"ەوە، ئەو لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت:" کە ئەشیروان مستەفا هێرشی بەرەی " جود" و گرتنی مەڵبەندی یەکێتی بیست لە بالیسان، بڕیاری تۆڵەکردنەوەی دا، پێشمەرگەی کۆ کردەوەو بەرەو پشت ئاشان کەوتە ڕێ کە بارەگای سەرکردایەتی حسكو شیوعیو پاسۆکی تێدا بوو".

لەکاتی شەڕی پشتئاشاندا، بارەگای مەڵبەندی سلێمانیو کەرکوکی حیزبی شیوعیو مەڵبەندی یەکێتی لە گوندی حاجی مامەندبوونو مەلا بەختیار بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی بووە، بەڵام وەکو بەهادین نوری باسیدەکات، ئەمان هیچلایەکیان بەشداری شەڕیان نەکردووەو پەلاماری یەکیان نەداوە:" پەیتا پەیتا لەسەرکردایەتی هەردوو لامانەوە

بروسکەمان بۆ دەهات هێرش بکەینە سەر یەکتر، منو مەلا بەختیار، ڕێکەوتین کە شەڕ نەکەین، ئەمان کردو دوایی هەردوولامان سزا دراینو دەرکراین لە پۆستەکانمان."

بەهادین نوری، ڕەخنە لە هەردوو کەریم ئەحمەدو ئەحمەد بانیخێڵانی دەگرێت کە ئەوان هۆکاربوون بۆ ئەوەی حیزبی شیوعی لەشەڕی براکوژییەوە بگلێتو دەشڵێت دوای دەستگیرکردنیشیان لە چەند ڕۆژ دوای شەڕی پشتئاشاندا لە لایەن یەکێتییەوە لە بۆچوونەکانیان پاشگەزبوونەتەوە.

ئەو دوانەی کە لەهەموو کەس بە حەماستربوون بۆ شەڕو هەموو ڕۆژێ بروسکەیان دەنار بۆ مەڵبەندی ئێمەو " داوایان لێدەکردین لەگەڵ پارتیو حسك هاریکاری بکەین بۆ لێدانی یەکێتی، ( کەریم ئەحمەدو ئەحمەد بانیخێڵانی) ئەچوونە ئێرانو هاتنەوە بۆ دەوروبەری قەسرێ، لەوێ پێشمەرگەی یەکێتی گرتنیو بەدیلی ناردنی بۆ بارەگای تاڵەبانی بۆ ناوزەنگ، لەگەڵ ا

## ئەحمەد بانیخێڵانی چۆن باسی پشتئاشان دەکات؟ •

ئەحمەد بانیخێڵانی باسیلەوە کردووە کە لایەنەکانی بەرەی " جود" ڕێکەوتوون کە ناوچەی باڵەکایەتیو دەرگەڵەو گەلاڵە بکەنە ناوچەیەکی کۆنترۆڵکراوی بەرەی جودو هەوڵ بدەن یەکێتی واز لە پاوانکردنی گۆڕەپانەکە بێنێ.

ئەحمەد بانیخێڵانی لەسەر وەختی ڕووداوی پشتئاشاندا، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی بووە، لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا بەناوی " یادەوەرییەکانم" باس لە ئامادەکارییەکانی بەرەی جود لە پاش گرتنی مەڵبەندی یەکێتی لە بالیسان بۆ وەڵامدانەوەی یەکێتی لەکاتێگ هێرشی بۆ سەر پشتئاشاندا دەکاتو دەڵێت:" بەوە گەشتین کە برادەرانی پارتی ٦٠٠ چەکدار بنێرنە پشتئاشان بۆ لای هاوڕێیانی ئێمە، برادەرانی سۆسیالست هەواڵ بۆ هێزی دەشتی هەولێر بنێرن کە ٣٠٠ پێشمەرگە بنێرن، برادەرانی " پاسۆك" یش وتیان ئامانەوێ درۆ بکەین هەر ئەو ٢٥ کەسەمان هەیە لە پشتئاشان."

ئەحمەد بانیخێڵانی ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەوان ترساون لەوەی شەڕەکە بەسەر حیزبی شیوعیدا بشکێتەوەو ئەوان زەرەرمەندی یەکەم بن.

دەترسام لە ئاکامدا شەڕەکە بەسەر ئێمەدا بشکێتەوە، ئەنجامیش هەروا بوو، پارتی ئەك هەر ٥٠٠ کەسیان ئەنارد، " بەڵکو خەرجی ئەو ١٠٠ کەسەشیان کە لە پشتئاشان بوون کەوتە سەر ئێمە، پارتیو سۆسیالست جگە لەو هێزانەی کە هەیان بوو لە پشتئاشان هێزەکانیتریان کە دەبوو بگەن نەهاتن."

بەوتەی ئەحمەد بانیخێڵانی، بەر لەشەڕی پشتئاشان، ملازم عومەر کە ئەوات بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری یەکێتی بووە، بەوی وتووە کە بەهیچ شێوەیەك ئامانەوێت شەڕی ئێوە بکەین، بەڵام هاتنی پارتی زەمینەی تێکچوونی پەیوەندی نێوانمان ساز دەکات.

بەوتەی ئەحمەد بانیخێڵانی، بەر لەشەڕی پشتئاشان، ملازم عومەر کە ئەوات بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری یەکێتی بووە، بەوی وتووە کە بەهیچ شێوەیەك نامانەوێت شەڕی ئێوە بکەین، بەڵام هاتنی پارتی زەمینەی تێکچوونی پەیوەندی نێوانمان ساز دەکات.

بانیخێڵانی دەشڵێت:" بەر لە ڕووداوی پشتئاشان چەند نامەیەکمان لەگەڵ مام جەلال گۆڕییەوە، مام جەلال داوای کۆبوونەوەی دەکرد، بەڵام لە ڕاستیدا چاوەڕوانی گەشتنی هێزەکانی گەرمیانیان بوون تا بگەن‌و هێرش دەست پێ بکەن".

ئەحمەد بانیخێڵانی بە پێچەوانەی کەریم ئەحمەدو بەهادین نورییەوە، ئاماژەی بەوە داوە کە پەلاماردانی پشتئاشان لە لایەن یەکێتییەوە پەیوەندی بە گرتنی مەڵبەندی یەکێتییەوە نەبووە لە بالیسان‌و ئەگەر بارەگاکەی ئەوێشیان لە لایەن بەرەی " جود"ەوە نەگیرایە هەر پەلاماری پشتئاشانیان دەدا، ئەو لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت:" یەکێتی نەیانتوانی فریای بالیسان بکەوێت، نەخشەکەیان گۆڕی‌و کەوتنە جێبەجێکردنی نەخشەکەیان بۆ پەلاماردانی بنکەکانی شیوعی‌و سۆسیالست‌و پاسۆك لە پشتئاشان، ئەگەر بارەگاکەی بالیسانیشیان نەگیرایە یەکێتی هێرشی دەکردە سەر پشتئاشان".

جیا لەزۆری هێزی یەکێتی لە پەلاماردانی پشتئاشاندا، ئەحمەد بانیخێڵانی هۆکاری گرتنی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی‌و کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەو کادیرەکانیان لە پشتئاشاندا بەمجۆرە باسدەکات‌و دەڵێت:" پشتئاشان ناوچەیەکی سەخت‌و فراوانە، کۆنترۆڵکردنی دەروازەکانی ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی دەویست، ئەو ٣٠٠ پێشمەرگەیەی لە پشت ئاشان هەمان بوون، پێشمەرگەی شەڕکەرو بە ئەزموون نەبوون".

## وردەکاری مەرگەساتی پشتئاشان و قەتڵوعامی شیوعییەکان

## سەید کاکە: نەوشیروان 75 کەسی لێ کوشتن

ڕووداوی پشتئاشان کە لەساڵی ١٩٨٣ ئەنجامدراو تێیدا نزیکەی "٧٠" کەس لە دوژمنانی ڕژێمی ئەوسای عێراقی کە سەر بەحزبی شیوعی عێراقی بوون لەناوچوون، ڕووداوەکە لە ئەنجامی ناکۆکییەکانی نێوان دوو بەرەی ئەوەدەمە ڕوویدا بەناوەکانی (بەرەی جود و جەوقەد) ، (بەرەی جەوقەد) لە "١٢" تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨١ لەشام لەنێوان هەریەکە لە (حزبی شیوعی عێراق) و (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و (حزبی سۆسیالیست) و (حزبی بەعس) مۆرکرا، بەرەی جود لە "٢٨"ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ لە (ڕاژان) لەنێوان (حزبی شیوعی عێراق) و (حزبی سۆسیالیست) و (پارتی دیموکراتی کوردستان) و (پاسۆك) مۆرکرا، (پارتی) بەهۆی ناکۆکییەکانی لەگەڵ (یەکێتی) لەبەرەی جەوقەدا بوونی نەبوو، بۆیە حزبی شیوعی بەهاوکاری حزبی سۆسیالیست بەمەبەستی لەیەك نزیککردنەوەی

پارتی و یەکێتی و کۆتایی هاتنی ناکۆکییەکانیان بەرەیەکی نوێیان لەگەڵ (پارتی) پێکهێنا، هەرچەندە لەبنەڕەتدا مەبەستی حزبی شیوعی لەپێکهێنانی بەرەکە ئەوەی سەرەوە نەبوو، هەروەك محەمەدی حاجی مەحمود لەیاداشتەکەیدا (رۆژمێری پێشمەرگەیەك) ئاماژەی پێدەدات (ئیمزاکردنی جود لەلایەن حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە لەژێر تەئسیری حزبی شیوعی عێراقدا بووە، پێیانوابوو کە ئەگەر لەهەردوو بەرەکەدا بەشداربن دەتوانن یەکێتی و پارتی کە دوو لایەنی ناکۆك بوون لەیەکتری نزیك بکەنەوە، بەڵام لەراستیدا وانەبوو, بەڵکو حزبی شیوعی عێراقی بەو نیازەی تەرازووی هێزەکان لەکوردستاندا بەقازانجی خۆی رابگرێت بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبوو، هەوڵی ئەوەشیان دەدا .پارتی بهێننەوە کوردستان

شوێن و پێگەی جوگرافی پشتئاشان

پشتئاشان یەکێکە لەگوندە دێرینەکانی کوردستان و دەکەوێتە دامێنی چیا سەختەکەی قەندیلەوە، بەهۆی ئەوەی ناوچەیەکی سنوورییەو دواهەمین گوندە کە بەسنووری ئێرانەوە لکاوە، بۆیە بەپێی ئەو سیاسەتەی کە رژێمی سەدام بەرامبەر گوند و ناوچە سنوورییەکان ئەنجامی دەدا، ئەم گوندە لەساڵی **"1975"** وێرانکراو دانیشتوانەکەی کەوتنە بەر شاڵاوی راگواستن و بەرەو ئۆردوگا زۆرەملێکانی (ژاراوە)و دەوروبەری راگوێزران، ئەمە جگە لەوەی ماڵ و خانوو تەواوی زەوییە کشتوکاڵیەکانیان لەگەڵ زەویدا وێرانکراو گەرانەوەو زیندووکردنەوەی ئەو زەوییە .کشتوکاڵیانەشیان لێ قەدەغەکرا

تا کۆتاییەکانیساڵانی حەفتاو سەرەتاکانی ساڵی هەشتا پشتئاشان وەك١٩٧٥ ناوچەیەکی چۆڵ مایەوەو هیچ کەس و لایەنێك لێی نیشتەجێ نەبوون، تا ئەوەی لەساڵی ١٩٨٢ حزبی شیوعی لە نۆکانەوە بەرەو پشتئاشان بە رێکەوتن و بەبڕیارێکی هەڵە ناوچەکەیان کردە بارەگای سەرەکی خۆیان، قادر رەشید کە ئەوەدەمە بەرپرسێکی باڵای ئەو حزبە بووە، لەبارەی هەڵبژاردنی پشتئاشان وەك ناوچەی سەرکردایەتی حزبی شیوعی دەڵێت: تا ساڵی ١٩٨٢ هیچ حزب و لایەنێك خۆی نەدابوو لە قەرەی ئەم ناوچەیە و بیکەن بەبارەگاو بنکەی دەزگا سیاسی و سەربازی و راگەیاندنەکانی .خۆیان

:گواستنەوەی بارەگاکانی حزبی شیوعی لەنۆکانەوە بۆ پشتئاشان بەچەند هۆکارێك بوو پەیوەست بوو، لەوانە

.سوپای پاسدارانی ئێران هێزێکی گەورەی هێنابووە دەوڵەت و بۆ لێدانی ئەو حزبە کوردییانەی لەناوچەکەدان -

.لەلایەکی تر دوە پەیوەندی نێوان حزبی شیوعی و یەکێتی گرژی و ئاڵۆزی تێکەوتبوو -

دانپیانانەکانی نەوشیروان مستەفا

گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان شیوعی و یەکێتی لەوکاتەدا بۆ ئەو پەلامارە دەگەڕێتەوە کە بەرەی جود لەناوچەی بالیسان دژی مەڵبەندی هەولێری یەکێتی ئەنجامیدا، تا ئەوکاتە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا ئاسایی بوو، بەڵام بەشداریکردنی حزبی شیوعی شانبەشانی پارتی و سۆسیالیست وەك بەرەی جود، یەکێتی لەحزبی شیوعی هار کرد و .پەیوەندییەکانیان لەناوچەی سلێمانی بەرەو ئاڵۆزی رۆیشت

هەر بۆیە یەکێتی لەهەل دەگەڕا بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی بکاتەوەو زەرەر و زیانەکانی بالیسان قەرەبوو بکاتەوە، نەوشیروان مستەفا لەکتێبی (پەنجەکانی دەستی یەکتری دەشکێنن) ئاماژە بەوە دەکات کە پەلاماری بالیسانیان دا و گرتیان ئێمەش بریارماندا پەلاماری سەرکردەکانیان بدەین لە قەندیل، ئیتر خۆم سەرکردایەتی شەڕەکانم گرتەئەستۆ، هەروەها دەڵێت: تۆڵە بەسەبرە ئەمما بەزەبرە، ئەوە رەمزی دەستپێکردنی پەلامارەکەمان بوو، دەبوو لە رادیۆ .بڵاوبکرایەتەوە

یەکێتی پاش چەند رۆژێك لە رووداوەکەی بالیسان هێزێکی زۆری کۆکردەوە بۆ لێدانی ئەو لایەنانەی بەرەی جود کە بەشداری پەلامارەکەبوون، لەوانە (حسك و پاسۆك و حشع) بارەگای سەرجەمی ئەو لایەنانەش لەناوچەکانی قەندیل گیرسابوونەوە، ئەمەش بۆ یەکێتی کارێکی ئاسان بوو کە بەهێرشێك دەستی خۆی بوەشێنێت، هێرشەکەی یەکێتی بەسەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا کرایە سەر بناری قەندیل و بارەگای سەرکردایەتی هەر سێ حزبەکەی سەرەوە. بۆ ئەمەش قادر رەشید دەڵێت: نەوشیروان مستەفا لەپەلامارەکەیدا بۆ سەر قەرناقا و ئاشقوڵکەو رەزگە و پشتئاشان -:سەرکردایەتی ئەم هێزانەی دەکرد

١- تیپی ئاسۆس. ٢- تیپی مامەند. ٣ هێزەکانی مەڵبەندی سێ بەسەرکردایەتی ئازاد هەورامی لەقوڵی کومتانەوە. ٤- .هێزی گەرمیان لەقوڵی مۆلێوە. ٥- هێزی پارێزگاری لەناوزەنگ. ٦- هێزە تایبەتەکەی نەوشیروان

کۆکردنەوەی هێزێکی زۆری لەو چەشنە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی، بۆ لێدان و شەڕکردن دژی هەر سێ لایەن لەلایەك و تۆڵەکردنەوەی پەلامارەکەی بالیسان لەلایەکی ترەوە ئامانجی سەرەکی بوو، ئەوەتا نەوشیروان موستەفا دەڵێت: بریارماندا پەلاماری سەرکردەکانیان بدەین لەقەندیل لەتۆڵەی هێرشەکەی بالیسان، یەکێتی هێرشەکەی ئەنجامداو بەماوەیەکی کەم و بەزەرەر و زیانێکی ئێجگار کەمەوە پەلاماری ناوچەکانیدا، قادر رەشید لەکتێبەکەیدا دەڵێت: لەماوەیەکی کەمدا توانیان دەستبگرن بەسەر ناوچەکەداو ئیتر بارەگاکانی هەرسێ حزبەکەی بەرەی جود (حشع و حسك .و پاسۆك) کەوتە ژێر رەحمەتیان و شەلم کوێرم ناپارێزم و ئەوەی توانیان لەکوشتن و برین و تاڵانی کردیان سووکایەتیکردن بە ئافرەتە شیوعییەکان

ئەنجامی شەڕەکە شکانی هەر سێ لایەن و سەرکەوتنی یەکێتی لێکەوتەوە، لەو شەڕەدا زیاد لە "٦٨" ئەندامی حزبی شیوعی لەناوچوون و ژمارەیەکی زۆریش بەدیل گیران، ئەوەی توانییان لەکوشتن و تاڵان و برین کردیان، خێزانەکان بەدیل گیران، خوشکە فریشتە و خوشکە فەیروزی خێزانی فاتیح رەسوڵیان بەدیلی برد بۆ بارەگاکانی خۆیان و .سووکایەتییان پێکردبوون

حزبی شیوعی و ئەو کەسانەی کە لەشەڕەکەدا بەشداربوون و لای یەکێتی دیل بوون باسی چەندین سزا و .سووکایەتییان کردووە

سڕینەوەی بەڵگەکان

زۆرێك لەشۆڕشگێرانی ئەوسا و سیاسەتمەداران باس لەوە دەکەن پەلامارەکەی یەکێتی نیشتمانی بەهاوکاری رژێمی بەعسی پێشوو ئەنجامدراوە، لەوانە دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف کە سیاسەتمەدارێکی کورد بووە، پێش چەند مانگێك بەهۆی ئەو لێدوانە رۆژنامەوانیانەوە لەرووداوێکی پر لە تەم و مژاویدا لەشاری کەرکوك تیرۆرکرا، لە لێدوانێکیدا لەبارەی رووداوی پشتئاشان بۆ یەکێك لەگۆڤارەکان، دەڵێت: شەڕەکەی پشتئاشان بەفەرمان و هاوکاری رژێمی پێشووی سەدام بەرپاکراوە. هەروەها قادر رەشید لەبارەی ئەمەوە دەڵێت: ناوزەنگ پربوو لەپێشمەرگەیەکی زۆر کە لەگەرمیان و شارەزوور و جێگەکانی ترەوە هاتبوون، ئەو هێزانە هەموو پۆشتەو پەرداخ بوون لەجل و بەرگی وەك قەمسەڵەی گەرم و پێلاوی باش و کۆڵەپشتی پر لە موعەلەبات، هەروەها چەکی نوێی وەك بیکەیسی و ئاربیجی و دۆشکە و قەناسەو کلاشینکۆف و دەزگای بێسیمی راکاڵ و وَلکی تۆلکی و دووربین، هەواڵمان پێگەشت کە ئەو کەلوپەلە سەربازییە خەستوخۆڵەی یەکێتی لەناوچەکەدا بۆ خۆئامادەکردنە، لەرژێمی بەعسەوە نێراوە و لەرێگای حزبی .(دیموکراتی ئێرانەوە (حدکا

بەهەر حاڵ هەرچیەك بێت رووداوەکە بۆ گەلی کورد جەرگبڕەو جێی ئازارە، کە گومانی تێدانیە تائێستاش پاشماوەکەی بەجەستەی گەلی کوردەوەیە، خۆ ئەگەر ئەو بەڵگانەی باس لە هاوکاریکردنی رژێمی بەعس لەهەڵگیرسانی رووداوەکە .دەکەن، بسەلمێنرێت ئەوە هێندەی تر زامەکە قوڵتر دەکاتەوە

دۆسێی پشتئاشان

پاش تێپەربوونی نزیکەی چارەکە سەدەیەك بەسەر تێپەڕینی ئەم کارەساتە، قوربانیانی پشتئاشان لەیاداشتنامەیەکدا کە ئاراستەی لایەنە قەزاییەکانی عێراق و نوری مالیکی سەرۆك وەزیران و سەرۆکی دادگای جینایەتی بەغدا کراوە، داوای کردنەوەی دۆسیەیەك دەکەن بۆ کوشتنی قوربانیانی شەڕەکە، لەیاداشتەکەدا هاتووە: بۆ ئەوەی عەدالەت لەعێراقی نوێدا سەروەربێت داوا کەین دۆسیەیەك بۆ تاوانی پشتئاشان بکرێتەوە کە لەساڵی ١٩٨٣ لەسەر دەستی گرووپێك .پێشمەرگە ئەنجامدراو زیاد لە ٧٠ کەس بوونە قوربانی کەزۆربەیان کەسانی خاوەن پسپۆری و بروانامەی بەرزبوون

برینی قەتڵوعامەکەی پشتئاشان

کارەساتی پشتئاشان زۆری لەسەر گوتراو زۆریشی لەسەر نووسرا، بەڵام تا هەنوکە خەڵکانێك وەك بیرەوەری و کارەساتێکی تاڵ قسەی لەسەر دەکەن بەدەر لەمە هەنگاوی عەمەلی ئەنراوە بۆ پەلکێشکردنی ئەوانەی کە پشتئاشانیان خەڵتانی خوێن کرد بۆ دادگاو هتد....بەبروای زۆرێك کارەساتی پشتئاشان جگەلە شیوعیەکان تا ئەم ساتەوەختە برینێکی قوڵە لە هەناوی هەر تاکێکی خاوەن ویژدانی کۆمەڵگەی کوردیدا چۆن شیوعییەکان نەك هەر قڕ و قیبان .لێکردووە، بەڵکو بەبروای چاودێران هەر پێشیان خۆش نیە بە رستەیەکیش پشتئاشان بەرچاویان بکەوێت

یەکێکی تر لەو تۆمەتبارانەی قەتڵوعامەکەی پشتئاشان بەناوی (مستەفای حەسەنە گەورە) کە هەر خۆی لە راپۆرتێکی شیکاریدا و وەك بەشداربویەکی تاوانی پشتئاشان خۆی لە راستییەکان دەبوێرێ و نوکی پێنووسەکەی بەلای پیاو باشی و سۆزو هەستێکی قوڵ دەچەرخێنێت و بەلاریدا خۆی بەرێنو بێتاوان نیشان دەدات، خۆ ئەگەر ئەوشیروان مستەفاش

بێتە گۆو قسە لەسەر پشتئاشان بکات ئەوە خۆیمان لێ دەکا بەیوسفی میسر بەمەرجێ ئەوەی لەیادبچێ کە لەنووسینێکیدا دانی بەوەدا ناوە کە مام جەلال هەرگیز لەگەڵ شەڕدا نەبووە.

مەسەلەی ئافرەتە دیلەکان لەلای ئاوانبارانی پشتئاشان هەروەك لە دێڕێکی راپۆرتەکەی مستەفادا هاتووە نووسیویەتی: کاتێك ئافرەتە دیلەکانم دەبرد بۆ وەرتێ بینیم سەر و قژ و گیانیان پەڵەی خوێنی برا و دەزگیرانەکەیانی پێوە بوو.

نەوشیروان مستەفا و پشتئاشان

یەکێك لەو پێشمەرگانەی لە کارەساتی پشتئاشان رزگاری بووە هاوڕێ سەربازە، لەو سەنگەرە بووە، کە لە٢٥ پێشمەرگە تەنیا ٥ پێشمەرگە رزگاریان بووە، ئەوانی تر کوژراون، بەم شێوەیە رووداوەکە دەگێڕێتەوە: رۆژی 1ی ئایاری ١٩٨٣ نەوشیروان مستەفا نامەیەکی بۆ بارەگای ئێمە نارد، هاوڕێ قادر نامەکەی بۆ خوێندینەوە، کە ناوەرۆکی نامەکەی دەڵێت: هاوڕێیانی حزبی شیوعی مەترسیتان نەبێ، ئێمە پابەندی رێکەوتننامەی نێوانمانین، ئەو هێزەشمان بۆ سەرکردایەتی سۆسیالیست کۆکردۆتەوە، بەلای ئێوەدا رەت دەبین، تکایە رێگامان لێ مەگرن، بۆ گرتنی سەرکردایەتی سۆسیالیست. لەگەڵ خوێندنەوەی نامەکە هاوڕێ مام رەسول گومانی هەبوو ئەو نامەیە بۆ خافڵاندنی ئێمەیە. گوتی: دەرۆم بۆ مەکتەبی سیاسی ئاگاداریان دەکەم، من لەگەڵیدا رۆیشتم کە گەیشتینە مەکتەبی سیاسی ئەبو عامل بەرپرسی مەکتەبی سەربازی حزب لەوێبوو، مام رەسول هەموو ئەو مەترسیانە و نامەکەی نەوشیروان و ئەو هێزە زۆرەی یەکێتی کە دەوروبەری ئێمەیان گرتووە و قەناعەتی خۆشی بۆ ئەبو عامل روون کردەوە. گوتی: یەکێتی لێماندەدات بائاگاداربین، بەڵام ئەبو عامل بەرپرسی سەربازی حزبی شیوعی بەدووریزانی شەڕ لەنێوان ئێمە و یەکێتی رووبدات، گوتی "ئێمە رێکەوتنمان ٢٦/٤/١٩٨٣ واژۆ کردووە، ئەو هێزانەش بەعس و جاشەکان بۆ سەر هێزی پێشمەرگە هاتون مەترسییەکە بۆ هەموو حزبەکانە، بێگومان مام رەسول زۆر هەوڵیدا قەناعەت بە حزب بکات، بەڵام بێ سود بوو، مام رەسول بەدڵگرانیەوە بە پەلە گەرایەوە بۆ ساوێن کە گەیشتینەوە کاتژمێر ١٠ بوو، هاوڕێیانی کۆکردەوە کە ٢٥ هاوڕێ بووین، دانیشتین مام رەسول بەپێوە وەستابوو قەناسێکی لەشان دابوو قسەی بۆ دەکردین لەسەر ئاڵۆزی ناوچەکە و رووبەڕووبوونەوە لەکاتی شەڕدا لەم قسانەدابووین گوللەیەکی قەناس لەسەری مام رەسولی دا بەخێرایی هاوڕێ هەندرێن پەلاماری دا ئەکەوێتە خوارەوە، ئیتر لەهەر چوارلاوە ئاربێجی و بیکێسی دەستپێکرد، شەڕێکی دەستەویەخە روویدا، تا توانیمان شەڕمان کرد و دواتر بەجیاجیا بەهۆی شارەزاییمان لەناوچەکەدا خۆمان گەیاندە ئاشقوڵکە، بەڵام جگە لەهاوڕێ قادر بەبرینداری بەدیل گیرا و دواتر شەهیدیان کرد، بەداخەوە لەو سەنگەرەی ئێمە ٢٠ هاوڕێمان لێ شەهیدبوو، کە دوویان برابوون شەهید قادر و شەهید عەبدوڵڵا. هەروەها دەڵێت نازانم ئەو هەموو توورەییەی یەکێتی بەرامبەر بەحزبی شیوعی چی بوو! چونکە لەم شەڕەدا کەسیان نەدەپاراست، تەنانەت دیلەکانیشیان کوشتن.

نەوشیروان ٧٥ کەسی لێ کوشتن

((شیوعییەکان هێندە خۆیان پێ موهیم بوو، خۆیان پێ قورتار نەکرا، نەوشیروان ٧٥ کەسی لێ کوشتن))

سەید کاکە، لەدیمانەیەکدا باس لە شەڕی پشتئاشان دەکات، ئەو شەڕەی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا ئەنجامیدا و هێرشی کردە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی حزبی شیوعی و سۆسیالیست و پاسۆک، کە چەندین کادیری شیوعی و حزبەکانی دیکە کۆمەڵکوژ کران. سەید کاکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەو شەڕەدا بەعس .هاوکاری یەکێتی کردووە

سەید کاکە بە شێوەیەک شەڕی پشتئاشان و قەتڵوعامەکەی نەوشیروان مستەفا دەگێڕێتەوەو دەڵێت: یەکێتی لەگەڵ حکومەت ڕێککەوتبوو، ڕۆژی پێشتر حکومەت ٥٠٠ تۆپی لێدابن، کە یەکێتی هجومیان کرد شکان، ئێوارە بوو و من لەبەردەمیان بووم، فیشەکمان نەما، ناردم فیشەک بێت، گوتیان فیشەک نییە، کە فیشەک نەبێت سبەی هجوم بکات چی دەکەی؟ گوتم سەحب بکەن، بەشیوعییەکانیشم گوت لێرە ئاوا دەبین دەچینە قەندیل، هەمووتان سەحب بکەن. بەوانەی خۆشمان گوت، کە فیشەکتان نییە بۆ دەخەون، بڕۆنە قەندیل. لەوێ بەڕێمکردن، کەمێک غافڵام، سبەی لەگەڵ ڕۆژهەڵات هجومیان کرد و تەقەمان لێکردن، نەیانتوانی سەربکەون، تا ئێوارە سەبر سەبرە ڕۆیشتن، شکانەکەمان بەو جۆرە نەبوو. بەڵام شیوعییەکان بۆ قەندیل نەهاتن، هێندە خۆیان پێ موهیم بوو خۆیان پێ قورتار نەکرا، تەسلیم بەوان بوونەوە، نەوشیروانیش هەمووی کوشتن کە ٧٥ کەس بوون، شەڕی باشیشیان نەکرد، نەوشیروان پێی دەگوتن ئێمە هاتووینە سەر (حسك) ئێوە شەڕ مەکەن، فێڵیان لێکردن و شەڕیان بەجدی نەکرد، خۆ گەر شەڕی جدییان بکردبایەو فیشەکیان بدابایە ئێمە، قەت بە ٧٥ئێمە نەدەوەستان، بەو جۆرە ئەنجامەکەیان بەو جۆرە بوو، ئێمەش ٤-٥ کەسمان .شەهید بوون

خۆبەدەستەوەدانی نەوشیروان مستەفا

سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی زیاتری لەگەڵ نەوشیروان مستەفا بەرەکانی شەڕدا کە دژیان وەستابێت، سەید کاکە دەڵێت: بەڵێ سێ چوار ساڵ بوو هەر شەڕ بوو. جارێک کاکەحەمە و تاهیری عەلی والی و قادر جەباری چوون لەشەڕێک کاک نەوشیروان بەدیل گیرا، پاشان حزبی شیوعی بەریاندا، موبارەکیان بێت ٧٥ کەسی لێ کوشتن، لای .ئەوانیان دانابوو، ئەوانیش بەریاندا

هەروەك سەید کاکە لەگێڕانەوەکانیدا ئاماژەی پێدەکات: یەکێتی ئەوەی دەکرد، خەڵکی دیکە ئەوەی نەدەکرد، یەکێتی بڕیاری ئەوەی دابوو، ئەو خەڵکە بکوژێت و خۆی بە تەنیا لەمەیدان بمێنێتەوە، هەموو شتێکیان بەکارهێنا، دوایی .حکومەت پێیگوتن ئێوە هەر هیچ نین، جاشەکان زۆر لەئێوە بەقیمەتترن

پاداشتی نەوشیروان لەشەڕی پشتئاشان

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەیسی پشت ئاشان ڕوونتر دەبێت و وا خەریکە کۆتایی بەهەموو نهێنییەکان بێت، سەرەتا لە زاری (ئەبو شوان)ەوە سەرەتاترین نهێنی ئاشکرا بوو کە کۆمەڵەی ئێران بۆ ئەو هێرشە ناوبەرگانەیان وەرگرتوە بە بڕی **2** ملیۆن دیناری چاپی سویسری و تێوەگلانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە هاوکاری و هەماهەنگی هێرشبەرانی یەکێتی و هەروەها شەهیدکردنی چەند پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی لەهەمانکات و ساتدا بەدەستی هێزەکانی (حدکا)

بەسەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا ئەمین، کە ئەوە دەسەلمێنێت هەموو ئەو هێزانە لەو مزاییدە شارەوەیەدا هاوبەش و پشکدار بوون، کەوابوو تائێستا ئەو قۆنتەراتە لە ملیۆنێکەوە بو بە سێ ملیوێن دینار، دەمێ ساڵە ئەوە روون بووەتەوە کە نەوشیروان ئەو قەسابخانەی بە 1 ملیوێن دیناری سویسری لە موزایەدەکەدا کردووە، بەڵام جێگای هەڵوەستەکردن و پرسیارە ئایا چۆن کۆمەڵەی ئێران بە تەنیا 2 ملیوێن دیناری بەرکەوتووە و یەکێتی و نەوشیروان بەتەنیا 1 ملیۆن، بۆیە لێرەدا گەر ئەو ڕێگەیەی (نەبوشوان) باسی دەکات لە زاری یەکێك لە دیلەکانەوە دروست بێت، دەبێ پشکی یەکێتی و نەوشیروان زۆر لەوە زیاتر بێت، کەواتە کارەساتی پشتئاشان لە دژایەتیکردنی دوو حزب چووەتە دەرەوەو کەوتووەتە قاڵبی گەلەکۆمەکێ و سك لەوەراندنی پارتەکانی باشوورو ڕۆژهەڵات و بۆ بەعسیشیان سەلماند کە باشترین (بازن) بۆ ڕاوکردن.

نووسینەوەی یادەوەری بۆ چەواشەکردنی خەڵك

کە کتێبەکەی نەوشیروان مستەفا (پەنجەکان یەکتر دەشکێنن) دەخوێنیتەوە و دەگەیتە ئەو جێیەی تێیدا باسی شیوعی کوژەکانی کۆمەڵەی کانیی ماسی دەکات، بە باشی هەست بە داخ و حەسرەت و هەناسەی ساردی دەکەیت، کە چۆن ئەو کاتە ئەمەن یارمەتیی ئەداوە بەشداری تێیدا بکات. هەستیش دەکەیت چۆن خۆی بە قەرزدار دەزانێت و لای بۆتە گرێیەکی دەروونی، گرێ دەروونییەکەی نەوشیروان موستەفا هەر ئەکراوەتەوە و ئەم کارو کردەوانە بوون بە بارێکی قورس بەسەر ویژدانیەوە و هیچ سەیر نییە ئەگەر لە داهاتوودا دووبارە بکاتەوە.

خواردنی فاسۆلیای خوێناوی شیوعییەکان

نەوشیروان مستەفا، سکرتێری پێشووی کۆمەڵە کە سەرکردایەتی یەکەم شەڕی پشتئاشانی کرد لەچاوپێکەوتنەکەی گۆڤاری (گوڵان)دا دەڵێت: میدیای حزبی شیوعی عێراق ڕۆڵی زۆر گەورەیان هەبوو لەوەی کە ناوی من بە شەڕی ناوخۆوە بنووسێنن بەتایبەتی دوای شەڕی پشتئاشان.

ئەوە ڕاستیەکانی شەڕی خوێناوی ئەو ڕۆژە بوو کە لە ڕادیۆی یەکێتی رومالّ دەکرا، بەتایبەتیش ڕادیۆی گەلی کوردستان، ناوی (نەوشیروان)یان لکاند بە شەڕی خوێناوی قرناقا و پشتئاشانەوە.

ئەو ڕاستیانە لە یادەوەری زۆربەی ئەو کەسانەدا نەسراوەتەوە. کاتێك جێگرەکەی تاڵەبانی لە ناو بارەگای ڕاگەیاندنی حزبی شیوعی و لەسەر تەرمی قوربانییەکان لە ڕادیۆی ناوەندی شۆڕشی نوێوە مژدەی سەرکەوتنی هێزەکەیانی بە ڕای گشتی گەیاند کە هێزەکانیان فاسولیای قوربانییەکان نۆش دەکەن و وردیان بەرزەو ئێستا سەرقاڵی باڵەکانی ئەوانن پاش ئەوەی سەریان پان کرایەوە.

فازیل کەریم ئەحمەد (جەعفەر) لە چیرۆکی ئەمرۆ زەماوەند دەگێرین دەڵێت: (شێرۆ- واتە نەوشیروان مستەفا) بە دەستی خۆی دیلەکانی دەکوشت. هەروەها دەڵێت: دیلە شیوعییەکان دەیانگوت ئێمە تازە گەیشتووین و چەکمان پێنەدراوەو لە شەڕیشدا بە دیل نەگیراوین، ئیتر بۆ بەناهەق دەمانکوژن؟. (شێرۆ) بە وەڵامیان قایل نەبوو پێیدەوتن لەبەر ئەوە دەتانکوژم، چونکە ئێوە هاتونەتە خاکی ئێمەوە، لەگەڵ هاژەی دەستڕێژی گوللەدا دیوار و عاردی ژوورەکە

سوور هەڵگەڕان بەخوێنیان. قسەکردنیش لەسەر ئارەزووی خواردن بەسەر تەرمی قوربانییەکانی ئەو کارەساتە، وێرانەیەکمان پیشان دەدا، تیایدا چەکدارەکان بەخوێنێکی ساردەوە، بەسەر لاشەی

## شەڕی براکوژی یەکێتی نیشتمانی و بەرەی جود

شەڕی براکوژی یەکێتی نیشتمانی و بەرەی جود١٩٨٣ هێرشیان کردبووە سەر مەڵبەندی ٤ ی یەکێتی، کە خوالێخۆشبوو دکتۆر کەمال خۆشناو لێپرسراوی مەڵبەند بوو، دەریان پەڕاندبوون و چووبوونە سەر شاخ، پیلانیان دانابوو کە دەست بەسەر مەڵبەندی سێ و دووشدا بگرن و دواتر پەلاماری سەرکردایەتی یەکێتی بدەن، پاشانیش بەرە و مەڵبەندی یەک ی یەکێتی بێن، نە و مەڵبەندەش خۆی تەسلیم نەبێت و شەڕ ناکات، نە و کۆنوسە کە لەلایەن بەرەی جودەوە نووسرابوو واژۆی پارتی و شیوعی و حسکی لەسەربوو، بۆیە یەکێتی نیشتمانی زوو هەستی کرد و کەوتە خۆی و هێزی کۆکردەوە، ئێمەش لە قەرەداغ بانگکراین بۆ مەڵبەند و پێیان وتین کە وەک کەرتی ڕێکخستنی قەرەداغ خۆمان ئامادە بکەین، سەرجەم کادرەکان و زۆربەی پێشمەرگە کۆکرانەوە و بە سەرپەرشتی کاک سامان گەرمیانی بەڕێکەوتین، و چەند شە و ڕۆژ بەڕێوەبووین، بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا بگەینە سەرکردایەتی، زۆر بە کەمی ،پشوومان دەدا. ڕۆژی ٢٨-٤-١٩٨٣ گەیشتینە سەرکردایەتی کە لە قاسمەڕەش بوو

مام جەلال کۆبونەوەیەکی پێ کردین و زۆر قسەی بۆ کردین، نزیکەی ١٠٠٠٠ پێشمەرگە کۆبوینەوە و کاک عباسی ڤیدۆ تەصویری دەکرد. مام جەلال لە کۆتایی قسەکانی دا وتی پشت بە خوا ئێوە سەرکەوتوو دەبن و بەڕێ بکەون، منیش بەرەی تەحریفیەتیان هەڵدەدەمەوە، بەڕێ کەوتین تا گەیشتینە ڕەزگە و مارە دوو بە سەرپەرشتی کاک نەوشیروان، کە مام جەلال و مەکتەبی سیاسی ئەویان دیاری کردبوو. دیاربوو حکومەتی عێراقی ئاگاداری ئە و جموجۆڵە بوو بۆیە کە لامانەدا پشوو بدەین ڕژێمی بەعس لە قەڵادزێوە کەوتە تۆپباران کردنی ئە و شوێنەی کە هێزەکانمان پشوویان تێدا دەدا، بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سەعات بە تۆپی قورس تۆپبارانی کردین، لە و تۆپبارانەدا ٧ .شەهید و نزیکەی ١٥ بریندارمان هەبوو

ئەوەی بیرم بێت ج ت کە ناوی بێستوون بوو لەناو شەهیدەکاندا بوو، شەهیدێکی تر کە تۆپەکە ڕاستەوخۆ لێی دابوو تەنها سەر و سنگی مابوو، ناوی سەدرەدین بوو. شەهیدێکی ترکەناوی کامیل بوو وابزانم گەرمیانی بوو، داوای لێ بووردن ئەکەم ماوەیەکی زۆر دوور و درێژە چونکی پێشتر ئەم نووسیووە تەنها ئەمانە لە زهنی خۆمدا ماون. پێش بۆردومانەکە بە چەند دەقیقەیەک برادەرێک کاک نەوشیروانی بانگ کرد و کەمێک لە شوێنەکەی خۆی دورکەوتەوە، کە نزیک بوو لە من و خوالێخۆشبوو کاک شێخ ئەحمەدی ڕەحمەتی کە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی قەرەداغ بوو. یەک تۆپ بە ڕێکەوت دای لە شوێنەکەی کاک نەوشیروان کە بەتانییەکی عەسکەری خەت خەتی سەوز و سپی تیابوو، جهازەکەشی دانابوو لە و شوێنەی دا و جهازەکەی شکاند و پێم وابێ ئەسپەکەشی کوشت. لە و کاتەدا کە هێشتا تۆپباران بوو پێشمەرگەیەک کە خەڵکی هەنارەی سەنگاو بوو ناوی خالید بوو بریندار بوو و هاواری ئەکرد، پارچە

تۆپێک دابووی لە پشتی، منیش چووم دام بە کۆڵمدا و بردمە شوێنێک کە تۆپ نەیدەگرتەوە، دووبارە گەڕامەوە کە برینداریکی تر ڕزگار بکەم، کاک شێخ جەعفەر لێم توڕەبوو و وتی مردوت بمرێت هێشتا تۆپباران تەواو نەبوە، خۆت بشارەوە تا تەواو نەبێت، من ڕۆیشتم کاتێک چوومە خوارتر شەهیدی هەرگیز نەمر مامە ڕیشە لەگەڵ کۆمەڵێک قارەمانی تر چەند شەهید و برینداریکیان بردبوە بن بەردێکی گەورە، کە تۆپ نەینەگرتەوە، دوای تۆپبارانەکە وڵاخ پەیداکرا لە و دێهاتانە و شەهید و بریندارەکانیان بردەوە بەرە و سەرکردایەتی، بەڕاستی ڕۆژێکی زۆر ناخۆش و .سەخت بوو، کۆمەڵێک پێشمەرگەی قارەمانی تیا شەهیدبوون

دووبارە کەوتینەڕێ بەرە و قەرناقا و پشت ئاشان، لە ڕێگەی جیهازەوە کاک نەوشیروان ئاگاداری حیزبی شیوعی کرد کە ئێمە شەڕی ئەوان ناکەین، خۆیان بەدور بگرن، بەڵام ئەوان سوربون لەسەر شەڕکردن و قسەی بێ سەروبەر.پێی ڕاگەیاندن کە ئێمە هاتوین تەنها بارەگاکانی خۆمان ڕزگار ئەکەین بەڵام دیاربوو ئەوان بڕیاری شەڕی ئێمەیان دابوو و پاشگەز نەبوونەوە. ئە و نوێنەرەی حیزبی شیوعی کە ئیمزای لەسەر ڕێکەوتنی شەڕ لەگەڵ یەکێتی کردبوو،

خوالێخۆشبوو ئەحمەد بانی خێلانی بوو کە دواتر بە دیل گیرا. گەیشتینە یەکەم بارەگای حیزبی شیوعی کە لە و کاتەشدا لێمان ئەدا و تێپەڕبووین، بەڵام ئەوان زۆر نامەردانە لە کۆتایی هێزەکەیان دا و پێشمەرگە و کادرێک کە ناوی وریا بوو شەهید بوو، خوالێخۆشبوو غەریب عەسکەری و چەند پێشمەرگەیەک برینداربوون کە ڕومانەیەک فڕێ درابوە ،ناویان، بۆیە ئیتر بڕیاری شەڕ و ئازادکردنی بارەگاکانی خۆمان و شکستهێنان بە پیلانەکەی بەرەی جودامان دا

ڕۆژی ٢٩-٤-١٩٨٣ لە سەعات دووی پاش نیوەڕۆ تا سەعات ٣ ی ئێوارە زۆربەی ئە و بارەگایانە چواردەوردران کە بۆ پارێزگاری لە بارەگاکانی سەرکردایەتی بەرەی جودی دانرابوون دەستیان بەسەردا گیرا ئە و شەوە پشوومان دا و بەیانی زوو شەڕ دەستی پێ کرد، تا ئێوارە تەواوی بنکە و بارەگاکانی بەرەی جود کۆنترۆڵ کرا و مەقەرەکانی خۆمان دانایەوە. شاخەکانی قەندیل و دەوروپشتی بەفرێکی زۆری لێ بوو. باقی هێزە شکاوەکەی بەرەی جود لە قەندیلەوە بەرە و خانەی ئێران کەوتبوونە ڕێ، پێشتر برادەرێک کە ناوی سەید ئیبراهیم بوو حسک گرتبووی کە ف.ک بوو بە ڕێکەوتن ئازادکرا و هاتەوە، پاش ماوەیەکی کەم چەکی کردەوە شان و لە هەمان ڕۆژدا دەستی کردەوە بە بەرگری لە ناوچەکانی خۆی کە شارەزابوو. لە و شەڕانەدا دیلێکی زۆر هەبوو کە کەریم محمد و ئەحمەد بانی خێلانی کە سکرتێر و لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری، خوشکە فریشتە لێپرسراوی یەکێتی ژنانی حیزبی شیوعی و چەندین کادر و پێشمەرگەی لایەنەکان. کۆمەڵێک خێزان و ژن و منداڵیشی لێ بوو داوایان لێ کرا کە بۆ کوێ ئەچن ئازادن و هاوکاری ئەکرێن بۆ ناردنەوەیان. ئەوەی یادم بێت هەر خێزانێک ١٥ دیناری پێ درا. دوای ڕزگارکردنی شوێنەکانی خۆمان و دانانی بارەگاکان و باقی هێزەکانمان گەڕاینەوە ناوچەی خۆشناوەتی و دەستمان کرد بە جەولە کردن، و بارەگامان لە .دێ ی زیارەت دانا

# شەڕی برا کوژی و شەڕی پارتی و یەکێتی

لە سەدەی ١٩دا و لە ئیمارەتی بابان براکان لەسەر دەسەڵات چەندین جار لەشکەری ئێران
و لەشکەری عوسمانیان هێنایە سەر یەکتر، لە ئیمارەتی بۆتانیش بە هەمان شێوە براکان و ئامۆزاکان لە دژی یەکتر
دەکەوتنە پێش سوپای عوسمانی

لە سەدەی بیستەمیشدا مێژووی کورد سەرڕێژە لە شەڕی براکوژی، لەو سەدەیەدا لە کاتێکدا چەندین گەل و نەتەوەی
بچوک کە لەمێژوودا ناویان نەبوو دەوڵەتی خۆیان دروست کرد، بەڵام کورد لەبەر شەڕی ناوخۆیی فریای هیچ
.نەکەوت، هیچ هێزێکی چەکداری کورد نییە لە سەدەی بیستەمدا شەڕی هێزێکی دیکەی کوردی نەکردبێت

لە شەستەکاندا پارتی و حیزبی شیوعی شەڕی یەکتریان کرد، لە ساڵی ١٩٦٤ بۆ ١٩٧٠ باڵی مەکتەب سیاسی پارتی و
باڵی مەلا مستەفا بارزانی شەڕی خوێناویان لە دژی یەکتر کرد، هەر دوو باڵیش لە دژی یەکتر پەنایان بردەبەر
.دەوڵەتەکانی دیکە

لە کۆتایی شەستەکاندا پارتی بە دەیان ئەندام و سەرکردەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان کوشت، یان بە
.دیلکراوی رادەستی ئێرانیان کردنەوە

دوای دامەزرانی یەکێتی لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥ەوە تا کۆتاییەکانی ١٩٧٨ لە ناوچەکانی بادینان و هەکاری باکوری
کوردستان چەندین شەڕ و پێکدادانی قورس لەنێوان یەکێتی و سەرکردایەتی کاتی پارتیدا روویدا، تەنیا لە شەڕی
.هەکاریدا بە سەدان پێشمەرگە و کادیری یەکێتی کوژران

لە هەشتاکاندا هەرچی هێزی چەکداری کوردبوو لە شەڕدابوون دژی هێزە کوردییەکانی دیکە، لە رۆژهەڵاتی کوردستان
هێزەکانی سەرکردایەتی کاتی پارتی بە یارمەتی سوپای پاسدارانی ئێران شەڕێکی قورسیان لە دژی حیزبی دیموکرات
.کرد و بەسەدان کەس لە دوولایەن کوژران

هەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ماوەی سێ ساڵ شەڕێکی قورس لەنێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات روویدا و
.سەدان کەس لە دوو لایەن کوژران

لە باشوری کوردستانیش هەموو هێزە کوردییەکان لەشەڕدابوون دژی یەکتر، لەناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و
.عێراقدا یەکێتی و پارتی تا ساڵی ١٩٨٦ لە شەڕێکی قورسدا بوون

شەڕی نێوان یەکێتی و حیزبی سۆسیالیستیش لە ئابی ١٩٨١ دەستی پێکرد و تا مانگی نیسانی ١٩٨٦ بەردەوام بوو،
شەڕی یەکێتی و حیزبی شیوعیش لە مانگی ئەیلولی ١٩٨١ دەستی پێکرد و تا مانگی حوزەیرانی ١٩٨٦ بەردەوام
.بوو، شەڕی نێوان یەکێتی و پاسۆکیش هەر لە ساڵی ١٩٨١وە دەستی پێکرد و تا ئایاری ١٩٨٦ بەردەوام بوو

**لە نەوەدەکانیشدا لە ساڵی ١٩٩٣ یەکێتی و پارتی بە ناوی هەرێمی کوردستانەوە شەڕی پەکەکەیان کرد و سەدان کەس لە هەر دوو لایەن کوژران، هەر بە درێژایی نەوەدەکان جارێک پارتی و جارێکیش یەکێتی بە جیا شەڕی پەکەکەیان دەکرد.**

**لە کۆتاییەکانی ١٩٩٣ و سەرەتای ١٩٩٤ شەڕی یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی دەستی پێکرد و تا ساڵی ١٩٩٧ بەردەوام بوو.**

**لە مانگی ئایاری ١٩٩٤ خوێناویترین شەڕی ناوخۆیی لە مێژووی کورددا لەنێوان پارتی و یەکێتی دەستی پێکرد، لەم شەڕەدا حیزبی سۆسیالیست و حیزبی زەحمەتکێشان لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتییەکەدا یارمەتی یەکێتیاندا، حیزبوڵای کوردستانیش یارمەتی پارتی دەدا، لە شەڕەکەدا ئێران یارمەتی یەکێتی دەدا و تورکیا و عێراقیش یارمەتی پارتیان دا، ئەو شەڕە دوای چوار ساڵ و کوژرانی هەزاران کەس لە هەردوولا ڕۆژی ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٨ بە ناوبژیوانی ئەمریکا کۆتایی هات.**

**کورد سەدەی ٢١یشی بە شەڕی براکوژی دەست پێکرد، یەکێتی و پەکەکە لە ساڵی ٢٠٠٠دا شەڕێکی خوێناویان لە دژی یەکتر ئەنجامدا و بەسەدان کەس لە دوو لای کوژران.**

**لە دوای شەڕەکەی یەکێتی و پەکەکە و هەروەها لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ سەرکرد و حیزبە کوردییەکان بە بەردەوامی دەیانوت دەرسیان لە مێژوو وەرگرتووە و ڕێگە نادەن جارێکی دیکە خوێنی کورد بە دەستی کوردێکی دیکە بڕژێت، بەڵام ئێستا و لە ساڵی ٢٠١٧دا خەریکە شەڕێکی خوێناوی دیکە دەست پێدەکات و چەخماخەی شەڕەکەش لە ناوچەی سنونێ لێدرا، ئەم ڕووداوەش ئەو بۆچوونەی لای هەندێک لە شارەزایانی سیاسی کورد دروست کردووە کە قسە و هەڵوێستەکانی ١٥ ساڵی ڕابردووی سەرکردە و حیزبە کوردییەکان سەبارەت بە حەرامکردنی شەڕی ناوخۆ هەمووی دروشم بووە.**

**سەیر ئەوەیە لە هیچکام لەو شەڕانەدا لایەنێکی کوردی نەیتوانیوە لایەنەکەی دیکە شکست بدا بەڵام بەو حاڵەشەوە برا کوردەکان هێشتا دەرسیان لە ڕابردووی خوێناوی خۆیان وەرنەگرتووە و لە ساڵی ٢٠١٧دا بە هەمان عەقڵییەتی سەدەکانی ڕابردوو بەردەوامن لە شکاندنی پەنجەکانی یەکتری.**

# شەڕی براکوژی

لە ئیمارەتی بابان براکان چەندین جار لەشکەری ئێرانی و لەشکەری عوسمانیان هێنایە سەر یەکتر _
لە ئیمارەتی بۆتان براکان و ئامۆزاکان لە دژی یەکتر کەوتنە پێش سوپای عوسمانی _
شەڕی براکوژی
لە شەستەکاندا پارتی و حیزبی شیوعی شەڕی یەکتریان کرد _
١٩٦٤ بۆ ١٩٧٠ _
باڵی مەکتەب سیاسی پارتی و باڵی مەلا مستەفا بارزانی شەڕی یەکتریان کرد
لە شەستەکاندا پارتی بە دەیان ئەندام و سەرکردەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان کوشت _
١٩٧٦ بۆ ١٩٧٨ _
شەڕی یەکێتی و پارتی لە ناوچەکانی بادینان و حەکاری باکوری کوردستان
رۆژهەڵاتی کوردستان
١٩٨٠_
هێزەکانی پارتی بە یارمەتی سوپای پاسدارانی ئێران شەڕێکی قورسیان لە دژی حیزبی دیموکرات کرد
لە شەڕی کۆمەڵە و حیزبی دیموکراتدا سەدان کەس لە دوو لایەن کوژران _
باشوری کوردستان لە هەشتاکاندا
یەکێتی و پارتی لە ساڵی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٦ لە شەڕدابوون _
یەکێتی و حیزبی سۆسیالیست لە ١٩٨١ بۆ ١٩٨٦ لە شەڕدابوون _
یەکێتی و حیزبی شیوعی لە ١٩٨١ بۆ ١٩٨٦ لە شەڕدابوون _
یەکێتی و پاسۆک لە ١٩٨١ بۆ ١٩٨٦ لە شەڕدابوون _
شەڕی ناوخۆ لە نەوەدەکاندا
ساڵی ١٩٩٣ یەکێتی و پارتی شەڕی پەکەکەیان کرد _
١٩٩٣ بۆ ١٩٩٧ یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی _
لە مانگی ئایاری ١٩٩٤ شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی دەستی پێکرد _
شەڕی پارتی و یەکێتی ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٨ بە ناوبژیوانی ئەمریکا کۆتایی هات _
شەڕی ناوخۆ لە سەدەی ٢١

یەکێتی و پەکەکە لە ساڵی ٢٠٠٠دا شەڕێکی خوێناویان لە دژی یەکتر ئەنجامدا _

# شەڕی یەکێتی و پارتی بۆ چی

شەڕ ئەو کارەساتەیە کە دو سەرۆک هەڵی ئەگرسێنن، و میللەتیش جێبەجی ئەکات. هەر وەک ئەو دو فیلەن کە زۆران ئەگرن و میللەتیش وەک ئەو چیمەنەیە کە لەسەری تەپاوتلی ئەکەن. لە کۆتاییدا دوو فیلەکە هەڵئەسنەوە، بەڵام چیمەنەکە وێران و ژێرپێ و لەقە ئەکەوێت.

یەکێتی و پارتی دو هێزی سیاسی و سەربازی، ئیداری، ڕێکخراوەیین کە قەڵەمڕەوەی دەسەڵاتیان دیاریکراوە لە پانتاییەکی دیاریکراوی زەویدا.

ئەم دوو هێزە لە جەلالی و مەلاییەوە تا ئێستا بە دەیان کێرڤی بەرز و نزم، شەڕ و ئاشتی، ململانێ و دەست لە ملاندا تێپەڕیون.

مێژوییەک و ئەزمونێکی مارانگەستەیان لە پێکەوەیی و پێکدادان هەیە.

لە ماوەی ئەم شەش مانگەی سەروبەندی سازدانی حکومەتی نوێی هەرێمدا، کۆمەڵێک گەمە و گێژاو، کۆبوونەوە و تاکبوونە و نزیک و دوربونەوەیان سازدا، هەرچەند لە پێش جەژندا کار گەیشتە ناپاکاندن و کەو ئاسا لەدژ یەکتر خوێندن، بەڵام باش بوو بە بروسکەیەک شەڕی فەرمی وەستێنرا.

بە داخەوە میدیای نافەرمی و سۆسیالمیدیای سێبەر و هەندێ بالۆرەنووس، لە دنە و دانڕۆ کردن بەردەوامن، تەنانەت سیناریۆ و نواندنێکی بێتامانەشی تێکەوتووە.

ئەمانە ئانیان لە تەنووری شەڕ و براکوژیدایە، جگە لە شەڕانگێزی و دەردە دەرونی، هیچی دیکە لە کوڵ و کەماڵیاندا نییە.

ئەم پەتاییەی کە ئاسمانێک لە سوکایەتی و بنمیچێک لە بێ ڕێزی، کە هەموو سەرزەوی کوردستانی تەنیوە، هاوڵاتی کوردی بێ میزاج و مروەت کردووە. بازاڕ بووەتە بازاڕی دەمشڕ و دەمەوەران، کاڵای بێ بەهای تەنگ ئەندیشەیان و کوڵ ئاوەزان، خراوتە سەر شۆستەکان و بواری بە پیادە ئەهێشتووە هەنگاوێک هەڵنێت.

دو بڕیاری چارەساز هەیە لەم کاتەدا ڕەوایە بدرێت؛

یەکەم: هاوڵاتی و ئەندامانی هێزە سیاسییەکان فریوی شڵپوهۆڕی میدیا و سۆسیالمیدیای نابەرپرس و دەم هەراش نەخۆن. ئەمانە بڕیار و بڕەوەتی سیاسی نادەن.

دوەم: سەرکردە و سیاسییە بەرپرسەکان و ژیرمەندان، بە ڕێگای دیالۆگ و ئاشتی و تەبایی، بە شێنەیی چارە و دەرمانی ئەم دۆخە بیمارە بکەن، دور لە کۆڵنج و کەج و کوڕی میدیاکان.

ئەم هەموو بێژەر و میوانە ڕەزا قورسانەی کە دەیان ساڵە دوبارە ئەیانبینین و ئەیڵێنەوە و ئەیجوێننەوە، جگە لە
.فشاری دەرونی و بێ ئومێدی، یەک شتیان بۆ هاوڵاتی و هێزەکان زیاد نەکردوە
کەواتە گەرکە بەر لە بازاڕی ئەوان بگیرێت و لێپرسراوانیش دڵنیایی بدەنە خەڵک کە ئەوان لە ململانێ و کۆنکرێنسی
.سیاسیدان، نەک دوژمنایەتی و شەڕە هێز و خێڵ و دەسەڵات
لە ١٠/٦/٢٠١٩ لە هەولێر بۆنەسازی دەست بەکاربوونی سەرۆکی هەرێمی نوێی کوردستانە، و بانگهێشتی فەرمی سەرۆک کۆماری عێراق، هەنگاوێکی سەرەتایی تیمارسازە، بەشداری کاک بەرهەم و پێشوازی ئەو لە لایەن کاک مەسعودەوە، پیرۆزکردنی ئەرکە نوێیەکەی کاک نێچیروان، بمانەوێت و نەمانەوێت چوونە ناو قۆناغێکی تازە و دەست
.خستنە ناو دەستی ئاشتی پێکەوەییە
ئەگەر سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی نوێی هەرێم، کە کۆمەڵێک ئەرک و ماف و لێپرسراوێیەتی گرنگ و مێژوویيان لەسەرە، بتوانن ئەم بێچارەییە تێپەڕێنن و دەسپێشخەری کۆتایی هێنان بن بەم قۆناغە، ئەوا ئازایەتییەکە بۆ ئەوەیان
.ئەگەڕێتەوە زیاتر لێبوردە و لێپرسراوانە ساردییەکەی نێوان یەکێتی و پارتی گەرم بکاتەوە
ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئەو میللەتە لەوە زیاتر نەکەوێتە ژێرپێوە، لەم دۆخە تەمومژاوییەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، با ئەو
.،،،هەرێمە خۆی توشی هیچ شەڕیکیماڵسوتاندن نەکات
هەر کەس و لایەنێک میللەتەکەمان بگەیەنێتە کەناری ئارام و ئاشتی و ئاسودەیی، شەڕ و پێکدادان و ڕق و کینە لە کۆڵ هەرێم بکاتەوە، شایانی دەستخۆشییە لەم کاتەدا، بابەتی نادادپەروەری و گەندەڵیش هیچی کەمتر لە شەڕی
.وێرانکاری، ئەویش ئەبێت قەلاچۆ بکرێت، ئیتر بە خۆشی بێت یا بە ترشی
٢٠١٩/٦/٤ لاهای

## شەڕی یەکێتی و پارتی لە سنوری شارباژێر
## لەیادە وەریەکانی (مستەفا چاوڕەش)ەوە

مەڵبەندی یەکی سلێمانی تووشی کێشە هاتبوون لەگەڵ هێزەکانی پارتی لەلای دێی گۆڕەدیم کە لەولای چوارتاوەیە. لە بەندی موبرە چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان لە گۆڕەدیم شەهید کردبوو، دکتۆر سیروان و هەشت پێشمەرگەی تر. ئیتر ماوەی دانیشتن پێکەوە نەماوە، ژمارەی شەهیدەکانیش زۆر بوون. هەرچی هێزی پارتی و سۆسیالیست و ئەوانەی لەگەڵیان بوون، بەری ئەوبەری تەنکەبواریان گرتبوو، تاکو دەچۆوە ئێران و بەشێکی سیوەیل
.و سورکێو

یەکێتی کەمینی بۆ کەسێکی تر دانابوو. ئەو کاتە هەڤاڵ ئاوات قارەمانی سەرتیپی 33ی سلێمانی دەبێ. جەزای عەلی کاتب کە کەسێکی دیاری ناو پارتی بوو و لێپرسراویان بوو، شەهید دەبێ. ئەوانیش چەند پێشمەرگەیەک شەهید دەکەن. ئەوان هەشت کەسی یەکێتییان شەهید کردووە، لێرەش جەزای عەلی کاتب شەهید بووە، کارلەکار دەترازێ. زۆرم پێناخۆش بوو بۆ شەهید جەزا. لە و جێگەیانەی بەدەستیانەوە بوو، بە هاوەن سەنگەرەکانی یەکێتییان تۆپباران دەکرد.

لە مەڵبەندی یەکەوە داوایان لە مەڵبەندی دوو کرد هاوکارییان بکەن و هێزیان بۆ بنێرن بچن بە هانای مەڵبەندی یەکەوە. منیش لێپرسراوی سەربازی بووم. لەگەڵ هێزێک ڕێک کەوتین نازم حەمەی سلێمان. تازە هاتبووە دەرەوە، لەگەڵ یەکێتی بوو، لە شۆڕشی ئەیلوولدا لە ناوچەی شوان ئامربەتالیۆن بوو. بەڵام کە هاتە دەرەوە، هاتە لای یەکێتی نیشتمانی. من و نازم حەمەی سلێمان سەد پێشمەرگەمان ئامادە کرد، ڕۆیشتین بۆ شارباژێر. لە جادە پەڕیینەوە. من شارەزای شارباژێر بووم. لە تولەڕێ چووینە دێی دۆڵەتوو، لەوێشەوە سۆیرەڵە و هەرمێلە و هەولو، لە و چەند دێیە هێزەکەمان دابەش کرد. جارێ هەر لەمبەر ناوی تەنکەبوارین.
هەڤاڵ مەلا بەختیار لە مەڵبەندی یەک جوابی بۆ ناردین لە گفتوگۆدان لەگەڵ پارتی و خەڵکمان ناردووە بۆ لایان، جارێ نابێت هیچ بکرێ، لە جێگەی خۆتان بن. ڕۆژێک دوو ڕۆژ لە و دێهاتانە ماینەوە. ئەتیجەکەی هەر خراپتر دەبوو، بەڵام لە جێگەی خۆمان نەجوڵاین. بیرم کردەوە ئەگەر هێزەکانی پارتی و سۆشیالیست بێنە ئەوبەری ئاو و بەرزاییەکان بگرن، ئیتر کاری ئێمەش زۆر زەحمەت دەبێ بۆ پەڕینەوە، پاش ئەوە ئائومێد بووین.

بەرنامەی پەڕینەوە بۆ بەری دێی وڵیاوە

شەوی یەکەم پەڕیمەوە بۆ ئەوبەری ناوی تەنکەبوار و چوومە دێی وڵیاوە. هەر کە گەیشتینە ئەوێ، هێزێکم سەر خست بۆ سەر شاخەکەی پشتی وڵیاوە و کاک نازم حەمەی سلێمان لەگەڵیان بوو. شەوێ لەسەر شاخ هێزەکانی جود هاتبوونە سەریان و دزەیان کردبوو، بەڵام هێزەکەی ئێمە لێیان دابوون و هاتبوونە دەست، ڕایان کردبوو. هەندێک پێویستیی شەڕیشیان لێ بەجێمابوو. هەر تەقە دەستی پێکرد، منیش سەرکەوتمەوە بۆ لایان، هەندێکی تریش تەقوتوقمان کرد. ئەوان هەڵاتن، ئێمەش سەنگەرەکانی خۆمان قایم کرد. کە ڕۆژ بۆوە، جێگەکانمان لەیەکەوە دیاربوو. بە تۆیۆتایەکی پشتبەتاڵی شین هاوەنەکانیان هێنا و بەرامبەرمان دایان بەست، دەستیان کرد بە تۆپبارانکردنمان. ئەوەی ڕاستی بێت، هەر زۆر لێمان نزیک بوون، ڕۆژی دوایش بەهەمان شێوە هاتنەوە و تۆپبارانیان کردین.

بەرنامەیەکی باشم دانا، هێزێکی گەرمیانیش هات بۆ لام، عادل شوکریان لەگەڵدا بوو و لێپرسراویان بوو، هەروەها شەهید حەمەڕەشیشیان لەگەڵ بوو. هەر کە تاریکی کرد، بە کەسمان نەوت. لە خوار موبرەوە چوومە قۆخی شێخی و

چوومە دێی گورەدێم و بەندی موبرەم گرت. جارێ کەس نەیزانیووە. هێزەکانیشم دابەش کرد. پشتی ماڵەکانی موبرەم :گرت تاکو گوڕەدیم بە درێژایی جادەکە

بەیانی ڕۆژ بۆوە و بە سەیارە هاتن بۆ موبرە، کەوتنە کەمینی پێشمەرگەکانی گەرمیانەوە و شەڕ دەستی پێکرد. ئەنجا زانییان ڕێگەی چوارتایان لێگیراوە، هەر ئە و بەیانییە دەیان سەیارە لە چوارتاوە پێویستی و خواردن و نامەیان بۆ دەهێنان. ڕێگەمان گرت و نەمانهێشت کەس بچێت بۆ لایان، بە گرتنی بەندی موبرە و مامەخەلان و گوڕەدیم بەرنامەیان خراپ تێک چوو. لە دەوری عەسردا پێشمەرگەکان هێرشیان بۆ کردن. بەرزاییەک هەبوو، قایم بوو کونەڕەبایەی سەربازیی عێراقی بوو، کۆپانان لەوێ بوون و پاش شەڕێک گیرا. ئەوان شکان و هەڵاتن، کوژراویان بەجێ هێشتبوو. ئیتر هەر ئە و ڕۆژە هەموو ناوچەکە بەدرێژایی جادەکە گیرا، ڕۆژی دوایی تر لە قەڵاتێ و قۆڵی ئەولاوە هێزەکانی مەڵبەندی یەک کە هەڤاڵ حەمە فەرەج لێپرسراوی سەربازیی بوو، هێرشیان کردنە سەر.

حەمەڕەش، عزەت شەمساوایی، جەمال حەمەی خواکەرەم، شۆڕش ئیسماعیل، فەرەیدون حەمە ساڵح، سەلاح چاوشین کە ئە و کاتە سەرتیپ بوو، ئاوات قارەمانی، هەموو تیپەکان بەشدار بوون. لە هەردوولاوە هێرشیان بۆ کردن بۆ شاخی لەرێ. تاکو ناو ئێران ڕۆیشتن و ناوچەکە پاک کرایەوە. هێزەکانی جود کشانەوە بۆ ئێران، چەند ئەسیرێکیان هەبوو و دوایی ئازادمان کردن، چووینە حاجی مامەند و بارەگای مەڵبەندی یەک. چەند ڕۆژێ لە و سنوورە ماینەوە،

.کۆبوونەوەیەکمان لە حاجی مامەند بە پێشمەرگەکان کرد و قسەمان لەسەر ئەنجامی شەڕەکە و سەرکەوتنمان کرد

هەر ئە و شەوە لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار لە حاجی مامەند بووین. بارەگای شیوعی لەوێ بوو، دیار بوو شیوعییەکان لە هەموو بەرەی شەڕەکان لەگەڵ جود شەڕی یەکێتییان کردووە، بەتایبەت لە بالیسان کە بارەگای مەڵبەندیان گرتبوو. هەروەها کەمینی جود کە بووە هۆی شەهیدبوونی سەرباز و شەماڵ، ئێمەش بروسکەمان بۆ هاتبوو لە سەرکردایەتی کە لە شیوعییەکانیش بدەین مادام لە هەموو جەبهەکان شەڕیان کردووین. ئەوەی ڕاستی بێت، لامان باش نەبوو، لەبەر ئەوەی شیوعییەکان کە مامۆستا بەهادین نووری و مەلا عەلی لێپرسراویان بوون لە حاجی مامەند، شەڕی .یەکێتییان نەکرد و بەشدار نەبوون لەگەڵیان

لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار لامان باش بوو پێیان بڵێین لەم ناوە نەمێنن لەبەر ئەوەی ناکرێ ئەوان لە جێگەکانی تر شەڕمان لەگەڵ بکەن. وتم کاک مەلا بەختیار من دەچم پێیان دەڵێم و برادەرمن، من خۆشم دەمناسین. کۆنەشیوعی بووم. وتی زۆر باشە، هەتا بۆ دڵنیایی دەمانچەکەی خۆشم دانا و لەگەڵ خۆم نەمبرد، بێگومان لەبەر دڵی ئەوان. کە چووم، عەبدوڵڵا مەلا فەرەج مەلا عەلی لێپرسراوی سەربازییان بوو و لەوێ بوو، هەر ئە و شەوە مامۆستا بەهادین نووری لەگەڵ هێزێکیان پەڕیبۆوە بۆ قەرەداغ، لەگەڵ کاک مەلا عەلی قسەمان کرد. وتم من بۆیە هاتووم، تا ئاگادارتان بکەم کە ئێوە لە جێگەکانی تر شەڕی ئێمەتان کردووە، ناکرێ ئێوە لێرە بن. لەسەر ئەوە قسەمان زۆر کرد. بۆ مێژوو دەیڵێم (مەلا عەلی) وتی برام حەز دەکەم بزانن ئێمە لە و سیاسەتەی حیزبی خۆمان ناڕازین. دەمێکە ئێمە لێرەین،

کێشەمان هەیە لەگەڵ قیادەی حیزب لەسەر بەشداریکردن لەم شەڕەدا. وا خەریکە پەڕوباڵ دەردەکەین، ئیتر نامانەوێ شەڕی ئێوە بکەین. ئێمەش زۆرمان لا باش بوو، وتم ئێمەش نامانەوێ شەڕی ئێوە بکەین. وتیان ئێمەش دەڕۆین بۆ قەرەداغ. کاک مەلا عەلی لە یادداشتەکانی خۆیدا کتێبکی نووسیووە و ئەوەی من نووسیومە، باسی دەکات و ناوی منیشی هێناوە. کاک محەمەد فەرەج لەگەڵ هێزێک چووبوو بۆ قەرەداغ و لەگەڵیان ڕێک کەوتبوو بۆ ئەوەی شەڕ نەبێ. وەزع لە هەرێمی یەک بەم شێوەیە بوو، شەڕی ئێمە ١٩/٥/١٩٨٣ بوو. ئیتر قیادەی حیزبی شیوعی لێی قبوڵ نەکردوون، دوای ئەمەش کێشەیان سەری هەڵدا، هێشتا لە دێهاتەکانی شارباژێر بووم، لە دێی چنگیان چوومە سەر شاخ و بە جیهاز قسەم لەگەڵ کاک ئەوشیروان کرد. وا ڕێکەوت لە قەندیل بوون، جیهاز وەرگیرا، چونکی هەم شاخی پشتی چنگیان بەرزە، قەندیلیش بەرزترین شاخە. باسی وەزعی سنووری شارباژێرم بۆ کرد، ئەمە دوای شەڕی ١/٥/١٩٨٣ قەندیل بوو، وتی لە تۆڵەی شەهید شەماڵ و سەربازدا، چونکی لە هەموو جێگەکان پەلاماریان داوین، .بۆیە ئێمەش ئەمەمان کردووە. من وردەکاریی قەندیل نازانم

## شەڕی یەکێتی و پارتی لە قەڵادزێ

بۆ مێژوو دەیگێڕمەوە، زیادوکەمی لێناکەم، ڕۆژی ١-٥-١٩٩٤ جومعە بوو، لە دوو سەرەوە دەوامماں نەبوو، هەم یەکی ئایار کە جەژنی کرێکاران بوو، هەم جومعەش بوو. وتمان دەچین بۆ دارەشمانە سەردانی جەمال کاک ئەحمەد دەکەین، ئەوەندەی لەبیرم بێ، خۆم بووم، مستەفای سەید قادر، محەمەد وەتمان، هەندێک کەسێکی دیکەش بووین. لە ڕانیەوە ڕۆیشتین. لە ڕێگە لەناو سەیارەکەدا وتیان کوێخا عەلی قەلاوە تەعزێیان هەیە لە ژاراوە. وتم فرسەتە و دەچینە تەعزیەکەش. چووینە ئەوێ، فاتحامان خوێند و دوایی هەڵساین بەرە و قەڵادزێ ڕۆیشتین. کە گەیشتینە قەڵادزە، وتیان مام جوتیار و ئەوانیش تەعزێیان هەیە، خزمێکی مین پێیدا تەقیوتەوە و شەهید بووە. چووینە مزگەوتی هێرۆییەکان. لەوێش مام جوتیار وەک خاوەن تەعزێ بە پێوە وەستابوو. پاش فاتحە بەرە و دارەشمانە کەوتینە ڕێ. گەیشتینە ئەوێ و چووینە ماڵی کاک جەمال. وتیان لێرە نییە، چووینە ماڵی خزمیان، چایەکمان خواردەوە و هەڵساین بگەڕێینەوە بۆ قەڵادزە. گەیشتینە قەڵادزە لە گەڕەکی سەرەوە داخڵی ناو قەڵادزە بووین. هەندێک پێشمەرگەمان بینی لەبەردەم لیژنەی ناوچەی پارتیدا و جامانەی سووریان لەسەردا بوو، وتیان ئەمانە چین؟ وتم دیارە میوانی خۆیانە، هاتوون بۆ لایان و ئیشی خۆیان هەیە. چووینە ناو قەڵادزە، وتم با سەردانێکی کۆمیتەی خۆمان بکەین، ناکرێ لێپرسراوی مەڵبەند بێت، بچیتە قەڵادزە و سەردانێکی کۆمیتەکەی خۆت نەکەیت. منیش تازە چوومەتە ئەوێ. چووینە کۆمیتە و تۆزێک دانیشتین. کۆمەڵێک لە دوکاندارەکان هاتن. وتیان عەلی حەسۆ میرخان هاتووە و شۆڤڵی هێناوە.

دەڵێت ئەگەر چۆڵی نەکەن، دوکانەکان دەرووخێنم. منیش وتم بروا مەکەن، چۆن دوکان تێک دەدەن؟ من ئەو کاتە زانیم .عەلی حەسۆ میرخان هاتووە بۆ قەڵادزە

ئەوانەی هاتبوون ڕۆیشتن. کە لە کۆمیتە هەڵسابن بڕۆینەوە بۆ ڕانیە، لەسەر سوچەکەی دەچێتەوە سەر شەقامی گشتیی قەڵادزە و نزیک دوکانەکان بوو، جارێکی تر پێشیان پێ گرتمەوە و وتیان مامەی ناسایش هاتووە، دەڵێت بە ڕاستمانە و دەیڕووخێنین. نیتر ناکرێ هەروا لێی بگەڕێیت. منیش وتم خۆ هەمووومان دەڵێین قەڵادزە دووجار شەهید کراوە، بەڕاستی بڕوام نەکرد. وتم کاک محەمەد تۆ لێرە بمێنەرەوە و مەهێڵە هیچ ڕوو بدات. من ڕۆیشتمەوە بۆ ڕانیە و چوومە ماڵی دڵشادی مام قادر. وتی دەبێ نیوەڕۆ لای من بێ بۆ نانخواردن. نانمان خوارد، نزیکەی سەعات دوو دەبوو. کاتێکم زانی چەند کەسێک لە قەڵادزەوە هاتن بۆلام بۆ ماڵی کاک دڵشاد. ئەوانەی هاتبوون، ئەم کەسانە بوون:

1 بابەکری فەقێ ئەحمەد کارگێڕی لقی ١١ بوو ٢ ئاغای غەفور ٣ خاڵە هەمزە، خەزوری کاک عومەر قەڵادزەیی، وتیان وەزعەکە خراپ بووە، خەڵکی هەڵستاوە و خەریکە شەڕ دروست دەبێ. منیش وتم برایانی بەڕێز بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لام باشە عەلی حەسۆ میرخان بڕواتەوە. بەیانی من و کاک ئازاد قەرەداغی لێپرسراوی لقی یانزە دادەنیشین و بڕیارێکی لێدەدەین. قائمقامیش کاک نادری حەمە قادرە، کە پارتییە. یاسا چ بڕیارێک بدات، ئەوە جێبەجێ دەکەین. گلەیم لە کاک بابەکر کرد و پێم وت دوو ڕۆژ پێش ئێستا باوکت کێشەی زەویی هەبوو لە سەروچاوە. ئەحمەدی حاجی قادرم لەگەڵ برادەرانی ئێوە نارد. لەبەرخاتری ئێوە و تەبایی پاراستن غەدرمان لە جوتیارەکان کرد. وتم دەبوایە ئەوەشم نەکردایە، چونکی جوتیارەکان گلەییان لێکردم. وتیشم کاک بابەکر ئەم کێشەیەش لەسەر مێزەکەی من و کاک ئازاد قەرەداغی چارەسەر دەکرا، نەک هێز بهێنن و زۆربەی لقی ١١ دوای عەلی حەسۆ میرخان بکەون. هەر لێرە لە ڕانیە چارەسەرمان دەکرد. پێم وتن خۆ ئەم کێشەیە هی ئێمە نییە وەک یەکێتی، هی دوکاندار و عەلی حەسۆ میرخانە. من بۆچی بێم؟ خۆتان بڕۆن بڵاوە بە هێزەکە بکەن، بەیانی هەمووی چارەسەر دەکەین. گلەییشم لە ئاغای غەفور کرد و وتم تۆ پەیوەندیت بەم مەسەلەیەوە چییە؟ بابەکری فەقێ ئەحمەد وتی بروسکە دەکەم بۆ کاک مەسعود بارزانی، وتم کەیفی خۆتە چی دەکەی. ئیتر ئەوان ڕۆیشتن، منیش دوای ئەوان چوومەوە بۆ مەڵبەند لە ڕانیە. بەڵام دیار بوو خەڵکەکە ڕێگەیان گرتووە لەسەر ئە و هێزەی هێنابووی، منیش .بروسکەم دەکرد بۆ هێورکردنەوەی

لە دەوری سەعات ٦ مامۆستا مەلا محەمەدی دەڵگەیی وەکیل وەزیری ئەوقاف بوو و لە قەڵادزە بوو. بروسکەیەکی کرد بۆمان و نووسیبووی عەلی حەسۆ میرخان لە شەقامی کەمەر بەندیوە دەگەڕێتەوە و واپێک هاتووین. منیش .بروسکەم بۆ کرد و وتم دەستتان خۆش بێت، کارێکی باشتان کردووە ئەم کێشەیەمان لە کوڵ بۆتەوە

لەپڕێکدا سەعات حەوتی ئێوارە بروسکەیەکی تر لە کۆمیتەوە هات. دەڵێت جەماعەتی عەلی حەسۆ میرخان (مام .جوتیار)یان شەهید کرد. لام سەیر بوو، بەڕاستی باری کارەکەی قورس کرد

بەم شێوەیە بووە دەنگە دەنگ و دەڕۆین و ناڕۆین. لە کوێوە بڕۆین؟ هەندێک لەوانەی پارتی دەڵێن چۆن دەبێ کاک عەلی لە دەرەوەی شارەوە بڕوات؟ کەسەکانیش دیار بوون، مام جوتیار دەچێت بەبێ چەک قەناعەتیان پێبکات بڕۆن. لەوێ مام جوتیار شەهید دەکەن، وەزعەکە ئاڵۆزتر دەبێ. مام جوتیار لای ئێمە کەم نەبوو، لێپرسراوی پێشمەرگەکانی ناوشار بوو، منیش تازە چووەمەتە نە و مەڵبەندە. هێشتا دیوارەکانمان بۆیاخ نەکردووە، شەڕ بەردەگای پێگرتین. شەوی ١/٥/١٩٩٤\١ منیش دەبێ ئیحتیاتی خۆم بکەم، چونکی هێزم نەبوو، ئەم شەڕەش بەردەرگای گرتووە. ناردم بەدوای عەلی نەبی و ئیسماعیل وەرتێی تۆفیق کانی وەتمانیدا. پێم وتن لە قەڵادزە شەڕ دروست بووە، ئێوەش بچن و ئاگادار بن کۆمیتە نەگیرێ. پارتی دەوریان داوە، گردی حوسنیشیان گرتووە، کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی قەڵادزە-ڕانیە. ئەوانم بەڕێ کرد. کە چووبوونە ئەوێ، پارتی دامەزرابوون کوچە و جێگە باشەکانیان گرتبوو. ئەمانیش بە و شەوە گەیشتونەتە ئەوێ و ئەشارەزان، لە دەوری کۆمیتە دەبن. کە ڕۆژبۆوە، سەربان و بنبانیان گرتووە، تەقە لەمانیش دەکەن و شەڕەکە گەرمتر دەبێ. هەر لەوێدا عەلی نەبی شەهید دەبێ. عەلی نەبی نە و پێشمەرگەیەی یەکێتی بوو، کە لە ڕابوردوودا زۆری تەمەنی خۆی لەگەڵ یەکێتی سەرف کردووە، لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە شاری ڕانیە یەکەم فیشەکی ڕاپەڕینی تەقاند، ئەو ئیستخباراتەکانی کوشت و ڕاپەڕین دەستی پێکرد. وەک عەشیرەتیش لە خزمانی شاورییە. بە هەرحاڵ، تەمەنی عەلی نەبی دیارە، هەروەها ئیسماعیل وەرتێیش هەر کۆنە یەکێتی بوو و لە شۆڕشدا دەوری هەبوو. لێپرسراوێتیی هەبوو. تەرمی عەلی نەبییان هێنایەوە بۆم بۆ ڕانیە. ئیسماعیل وەرتێ و تۆفیق کانی وەتمانی بریندار بوون. ئەویش وەک ئەوان لە (پ.م) کۆنەکان و بەرپرسەکانی یەکێتییە.

ڕۆژی ٢/٥/١٩٩٢ شەڕ دەستی پێکردووە، ئەمبەرونەوبەرمان لەیەک گرتووە. عەلی حەسۆ میرخان و ئەوانەی لەگەڵیان، لە گردی حوسنییەوە کە دەروازەی شاری قەڵادزەیە و بەرزترین گردە گرتویانە، هاتوون نزیک ژاراوە بوونەتەوە. شۆفێرەکەی محەمەد وەتمانیان هەر لەسەر پردەکەی قەڵادزە لەناو سەیارەکەیدا شەهید کرد. من هەر لە ڕانیەم، هەرچی لە خزمەکانی عەلی نەبی و ئەوانەی تریش کە دێن دەڵێم، شەڕ لە قەڵادزەیە. محەمەدی کوڕی عەلی نەبی هاتە ژوورەکەم، ئەیزانیبوو باوکی شەهید بووە. منیش من پێم نەوت. لە و کاتەدا یەکێک هات و وتی عەلی نەبی شەهید بووە. محەمەدی کوڕی تفەنگەکەی دا بە زەویدا و ڕۆیشت. لە ژوورەکەی من لە مەڵبەند چەندی یەکێتیی لێیە، ئەوەندەش برادەرانی پارتی لامن ١ محەمەد عەلی، خەڵکی مەلا سەفی ئەندام لقی ١١ بوو. ٢ نادر قائمقام قەڵادزە بوو و خزمایەتیشمان هەیە، جەعفەر لێپرسراوی ئاسایشی پارتییە، ئیتر لە و کاتەشدا ئازاد قەرەداغی لە سلێمانی بۆ ڕانیە .گەڕایەوە، خەڵکی ڕێگەیان گرتبوو، لە چوارقوڕنە سەیارەکەی خۆم بۆ نارد. هات بۆ مەڵبەند

لەسەر شەڕەکان و ڕووداوەکان بروسکە لەسەر بروسکە دەهات. هەموویم نیشانی برادەرانی پارتیش دەدا، زۆریشم پێناخۆش بوو. بروسکەیەک هات باسی کوشتنی (بارزان)ی برازای نادری کرد، یەکسەر نیشانم دا. خۆی ماوە و .شاهیدە

## هاتنی لیژنەیەک لە هەولێرەوە

لیژنەکە هات و لە ژوورەکەی خۆم بەخێرهاتنم کردن. لیژنەکە لە بەڕێزان یونس ڕۆژبەیانی وەزیری ناوخۆ و دارۆی شێخ نووری وەزیری دارایی پێک هاتبوو. بۆ مێژوو دەیڵێم هەر لە و بەینەدا بروسکەیەکی کاک مەسعود بارزانیم بۆ هات و دەڵێت هەوڵ بدەن هەردوولا چارەسەری وەزعەکە بکەن، من ئاگادار نیم عەلی حەسۆ هاتووە بۆ قەڵادزە و گرتنی بارەگاش قبوڵ ناکەین. منیش بە باشی وەڵامی بروسکەکەم دایەوە. بە هاتنی لیژنەکەش وەزعی ڕانیە شڵەژاویی پێوە دیار بوو. من لیژنەیەکم پێک هێنا لە حاجی دیلۆیی ئەو کاتە لای ئێمە ئەندام مەڵبەند بوو و لە کۆمەڵایەتی بەرپرس بوو، دوایی چووە لای پارتی، محەمەد عەلی کە پارتی. پێم وتن بچن شەڕەکە ڕاگرن و نەهێڵن زیاتر بێ. هەروەها مامۆستا سەعیدیش لەگەڵیان چوو. بەداخەوە وەفاتی کرد. ئەوانمان ڕەوانە کرد بە و هیوایەی کۆتایی بەم .شەڕە بهێنن

کەسێکی وەک عەلی نەبی شەهید بووە. من لە ژووری مەڵبەندم، تەرمەکەیان بە بەردەممدا هێنا بیبەنەوە بۆ دۆڵی شاوڕێ بۆ دێکەی خۆیان بە خاکی بسپێرن. منیش مۆڵەتم لە کاک یونس ڕۆژبەیانی و کاک دارۆ وەرگرت و وتم ئێوە جەنابتان لێرەبن. من دەچم بەشداری لە ناشتنی شەهید عەلی نەبیدا دەکەم. ئیسماعیل وەرتێیش وەزعی باش نەبوو، ناردم بۆ هەولێر. سواری سەیارە بووم و چووم بۆ لای بەشداربووانی ناشتنی لە دێکەی خۆیان، کە گەیشتمە سەرقەبران، ئە و بەڕێزانەی لەوێ بوون و ناسیمن ١- جەلیل گادانی ٢- ئاکۆی عەباس ئاغا و دەیان کەس لە خەڵکی ناوچەکە. هێشتا قەبرەکە تەواو نەبوو، دانیشتبووین قسەمان دەکرد لەسەر ئەم شەڕەی دەستی پێکردووە. تەقە دامەزرایەوە. ئیتر ناچار بووم مەراسیمی ناشتنەکەم بەجێ هێشت و گەڕامەوە بۆ ڕانیە. کە گەیشتمە مەڵبەند، خەڵکی ڕانیە و خزمانی شەهید عەلی نەبی هێرشیان کردبووە سەر لقی پانزە و گرتبوویان. ئەمەش بارەکەی قورستر کرد. لە مەڵبەندیش یەکێک دەهات و یەکێک دەچوو، بۆ خۆشم زۆرم لا ناخۆش بوو بۆ ئە و برادەرانەی هاتبوون. کاک نادر شاهیدە، لە و کاتەی بروسکەیان دەهێنا، لە کەسیانم نەدەشاردەوە. من خۆم کەسێکی سیاسی بووم. کە بووم بە لێپرسراوی مەڵبەند، لە وتارەکەی سەربانی کۆمیتەکەدا کە بە دەنگ و ڕەنگیش لام هەیە وتبووم دەبێت بە هەمووومان .ئەم ئەزمونە بپارێزین. بەداخەوە ئەوەی چاوەڕوانمان نەدەکرد، ڕووی دا

زەمینەی شەڕ لە ئارادا بوو. ئەگەر لە ڕانیە نەبووایە، لە گەرمیان یان لە هەولێر یاخو لە دهۆک شەڕ هەڵدەگیرسا. عەقڵیەتی وەزعەکە و حاکمیەت وای کردبوو، ئەم شەڕەش لە ملی ئێمەوە ئاڵا. لە شەڕیشدا لەسەر حەق بیت یان ناحەق، کەس خۆی بەکوشت نادات، منیش ئامەوێ بارەگاکەم بگیرێت. لە دڵدا لە هەموو کەسێکی تری پارتیم پێ ناخۆشتر بوو، بەڵام ئیتر شەڕ شەڕە. جارێکی تر بەداخەوە بۆ هەموو شەهیدەکانی هەردوولا، شەڕەکە بە هۆی هەڵەی .چەند کەسێکەوە ڕووی دا

هێزم لەگەڵ کاک یونس و کاک دارۆ نارد تاکو شاخی هەیبەت سوڵتان. وتم نەک ڕێگەیان پێبگرن، چونکی وەزعەکە خراپ تێک چووبوو، هەموو کەسێک خۆی بە شت دەزانی، بەداخەوە شەڕی قەڵادزە بووە هۆی شەهیدکردنی عەلی نەبی و ئیسماعیل وەرتێ و عەلی حەسۆ میرخان و هەروەها مام جوتیار و دەیان شەهیدی تر، نە خواستمان بوو و نە بیرمان لێکردبۆوە. هەموو یەکێکیان بۆ هەمووان وەک یەک بوو، جارێکی تر جێگەی داخە. بۆ ڕۆژی دوایی تەرمی .شەهیدەکان و عەلی حەسۆ میرخانمان ناردەوە بۆ لای برادەرانی پارتی، ئەوانەی ئێمەش نێژران

بەداخەوە ئەم شەڕە هەموو لایەکی گرتەوە. هەروەک وتم، ئەگەر کەم تەجروبەیی لای ئێمە بوو، لە شوێنەکانی تر بۆچی، یان ساڵەکانی دوایی بۆچی؟ زەرەر و خەسارەتێکی گەورە لە هەردوولا کەوت. هەر هەمووشمان بەرپرسیارین بە یەکێتی و پارتییەوە. هەر بەمەش تەواو نەبوو. لەباتی ئەوەی ئە و چەند ساڵە خەریکی خزمەت و ئاوەدانی و بیناکردنی وڵات بین، بە شەڕی یەکترەوە خەریک بووین تاکو هەموومان عاقڵ بووین و بە ڕێککەوتنی واشینتۆن لەسەر دەستی مادلین ئولبرایت کۆتایی هات. ماڵی ئاوا بێت، ئەگینا دەیان ڕۆڵەی تری ئەم میللەتە لە هەموو لایەک دەبوونە قوربانیی ئەم شەڕە نەگریسە. بۆ ئەوەی لەبیرمان نەچێتەوە و تووشی ئە و ڕۆژگارە نەبینەوە، هەموومان دەبێ بەرپرسیار بین لە ڕابووردوو و داهاتووش. دوای ئەمەش چەندین لیژنە دروست کران، چەندین جار ژووری عەمەلیات دورست کرا، ئەحمەد چەلەبی هات و چوو، لیژنە دەهات بۆلامان بۆ ڕانیە و قەڵادزە، بۆ چارەسەری ئەم .شەڕە

ئەوەی ڕووی دا لە دڵما بارێکی قورس و گرانە بۆ هەموو ژیانم. چونکی ئاخی خۆم دەناسم، بەڵام تەسلیمی کەسیش .نابم. زۆر کەسی تر هەبوون، نابێ کەس خۆی لێ دەرباز بکات و دوایی قسەی گەورە بکات

دوای ئەوەی ڕۆژانی یەکەم و دووەمی شەڕەکە کۆتایی هات، حاجی حاجی ئیبراهیم جوابی نارد و وتی برادەرانی لقی ١١ و هەندێک لە ناوچە لای منن، لەگەڵ خۆم دەیانهێنم بۆ لات، منیش وتم زۆر باشە بەخێر بێن. هێنانی و لەگەڵ خۆی بردنیەوە. بابەکری فەقێ ئەحمەد کارگێڕی لقی و هیوا ئەحمەد مستەفا و هەندێکی تریشی لەگەڵ بوو. شەڕ بەردەوام بوو، ئەو کاتەش مام جەلال و کاک نەوشیروان لە وڵات نەبوون، بروسکەکانیان دیارە.[١

## شەڕی نێوان یەکێتی نیشتمانی و بزووتنەوەی ئیسلامی

**من لە سلێمانی بووم. مام جەلال ئاگاداری کردم کە بچم بۆ کفری. کێشەیەک ڕووی دابوو لەوێ. وتی مامۆستا شێخ محەمەد بەرزنجی لەگەڵ خۆت ببە و پێکەوە بچن و زوو چارەسەری بکەن. مامۆستا کە ئێستا پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامییە، شاهیدە. هەردووکمان یەکمان گرتەوە، خۆمان حازر کرد و بەڕێکەوتین. شە و درەنگ دەوری نزیکەی سەعات دووی شە و بوو بۆ دەربەندیخان، لەوێشەوە بۆ کفری. شە و درەنگ گەیشتینە ئەوێ، هەردوو لایەنی شەڕکەرمان ئاگادار کردەوە کە هاتووین. سەردانی کۆمیتە و بارەگای بزووتنەوەمان کرد. هەر لایەش هێزی خۆی ئامادە کردبوو و سەربانەکان گیرابوون.**

**ئەوەی بۆمان کرا، چارەسەری کێشەکەمان کرد. برایانی بزووتنەوە وتیان چەکی شەهیدەکانمان فەوتاوە و داوایان کردەوە. هەر بۆ چارەسەری کێشەکە من لەوێ چوار چەکم لە پاسەوانەکانی خۆم وەرگرت و تەسلیم بە برایانی بزووتنەوەم کردەوە لەباتی ئە و چەکانەی کە فەوتاوە. لە و شەڕ و جەنجاڵیەدا کێ دەزانێ چەک کێ بردوویەتی و لای کێیە، شڕەخۆر زۆرە. لەگەڵ مامۆستا لە کفرییەوە بەڕێ کەوتین بۆ ئەوەی بێنەوە بۆ سلێمانی. شەهیدەکانمان لەگەڵ خۆمان هێنا، یەکێکیان خەڵکی کەلار بوو. تەسلیممان کردەوە بە کەسوکاریان و دووەمیان خەڵکی دەربەندیخان بوو، ئەویشمان بردە مزگەوت و تەسلیم بە کەسوکاریان و بزووتنەوەمان کردەوە. سێهەمیان لە زەڕایەن تەسلیممان کردەوە بە بارەگاکەیان کە لەسەر جادەکە بوو و لە مەخفەرەکەی زەڕایەندا بوون. کەسێکیان هەندێ قسەی ناشیرینی کرد. لەبەر حورمەتی مامۆستا (شێخ محەمەدی بەرزنجی) وەڵامم نەدایەوە. شەهیدێکی ترمان پێبوو، پێکەوە هێنامانەوە بۆ بارەگای بزووتنەوە و تەسلیممان کرد. بارەگا لەسەر شەستیەکەی سلێمانی بوو، شەهیدەکەش خەڵکی ڕانیە بوو. پاش ئەوەی ئیشی هەردووکمان تەواو بوو، سوپاسی یەکترمان کرد و خواحافیزیمان کرد. هەر ئە و ڕۆژە لە هەولێر دەبوایە بچوومایە بۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی، پێشتر بڕیاری لێدرابوو.**

کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە هەولێر

**لە هەولێر لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا کۆبوونەوە بە سەرپەرشتیی مام جەلال دەستی پێکردە. لە ناوەڕاستی کۆبوونەوەکەدا بووین بروسکە هات بۆ مام جەلال کە لە شاری ڕانیە بزووتنەوەی ئیسلامی پەلاماری کۆمیتەی ڕانیەیان داوە و داگیریان کردووە، پێنج لە هەڤاڵانمانیان شەهید کردووە: لێپرسراوی کۆمیتەکە مامۆستا محەمەد سوڵتان بوو، عەلی مام قادر، سلێمان فەخری، بەختیار محەمەد مەجید، عەزیز شێخە.**

**چوونەتە سەر بارەگا و لەناو بارەگاکەدا شەهیدیان کردوون، ئەوەی لە کفری کوژراوە من و مامۆستا شێخ محەمەد کە هێناومانەوەتەوە بۆ سلێمانی و ئەوانیش ڕەوانەی ڕانیەیان کردۆتەوە، لە ڕانیە بە خۆپیشاندان بە ناو شاری ڕانیە و بەردەم کۆمیتە ڕانیەدا بردوویانە، لەوێ دەستیان کردووە بە هاوار و قسەی ناشیرین و شعاری ئیسلامی و دژی یەکێتی و حەماسی خەڵکەکەیان هەڵساندووە. ئە و لێپرسراوانەی لەوێ بوون، بەرنامەیان داناوە بۆ تۆڵەکردنەوە. بە شەرتی**

مامۆستا محەمەد ئەیهێشتووە فیشەکێک بتەقێ، پیاوێکی نەرم بوو و بڕوای نەبووە نە و کارە بکەن. خۆشیان بۆ هیچ ڕووداوێک ئامادە نەکردووە، بێجگە لە شەهیدکردنی نە و هەڤاڵانە، هەرچیش لە کۆمیتە بووە، گرتوویانن و بە دیلی .بردوویانن

ئیتر کۆبوونەوەکە کۆتایی هات. دەبوو هەریەکەمان بچێتەوە بەلای جێگەی خۆیەوە و ئاگاداری وەزعەکە بین، بزانین .ئەم ڕووداوە لە کوێی تر سەر دەردەهێنێ، خۆشمان ئامادە بکەین بۆ هەر ڕووداوێک و ئەگەرێک

ئێمە هیچ بەرنامەیەکی شەڕمان نەبوو. ئەوانەی سلێمانی و کەرکووک و ڕانیە دەبوایە بهاتینایەتەوە بۆ کۆیە. لەسەر شاخی هەیبەت سوڵتان بزووتنەوە بازگەیەک یان بڵێین بارەگایەکیان هەبوو، بە گەورەی (لا اله الا الله)یان لەسەر .نووسی بوو. نەمانتوانی لەوێوە بگەڕێینەوە، چووینەوە شەقڵاوە و لەوێوە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی و گەرمیان

## بارەگای سەرەکیی بزووتنەوە لەسەر ئەشکەوتان لە بێتواتە بوو

بارەگای شێخ عوسمان کە ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامی بوو، لەوێ بوو. بەنیاز بوون لە حەوزی پشدەر و بیتوێن و تاکو کۆیە دەوڵەتی ئیسلامی دروست بکەن، یان ئیعلانی بکەن. غروریان بێسنوور بوو. وەڵامی کەسیان نەدەدایەوە و لە بازگەکانیش ڕانەدەوەستان. لە ڕانیەش پاش شەهیدکردنی محەمەد سوڵتان، شەڕ دەستی پێکردبوو، دیارە لە پای ئەمەی کردوویانە، دەبێ حسابی وەڵامدانەوەش بکەن. هەڤاڵ جەبار فەرمان لەبەر ئەوەی سەرلەشکری یەکی سلێمانی بوو، لێپرسراویەتیی هەبوو بەرامبەر ئەم ڕووداوە. بۆ ئەم مەبەستە ئێمەش لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەندی سلێمانی بۆ چارەسەری ئەم کارەی هاتۆتە پێشەوە، کۆبووینەوە. دیارە شەڕ هەموو نە و جێگەیانەی گرتەوە کە بزووتنەوەی لێبوو. لە ماوەی دوو ڕۆژدا هەموو بارەگاکانی بزووتنەوە گیرا بە بێتواتەشەوە. لە سلێمانیش بەهەمان شێوە بارەگاکانیان گیرا، چونکی ئەوان گەورەترین هەڵەی سیاسییان کرد کە هاتن بەگژ ماندا، نە قۆناغەکە پێویستی دەکرد، نە شەڕیش پێویست بوو. ئەم غرورە لەپای چی؟ لە هەردوولاش کوژراوێکی زۆر هەبوو، دەست بەسەر هەموو بارەگاکانیان گیرا و ڕایان کرد بۆ ئێران. مەلا عوسمان و ئەوانەی لەگەڵی بوون لەکاتی هەڵاتن لە دۆڵی شاوریێ گیران، هەر بۆ نمونە عومەر چاوشین کە سەر بە حکومەت بوو، چوار پێشمەرگەی شەهید کردبوو لە سلێمانی، لای ئەوان .دالَدە درابوو، ئەویش لەلای دارەبەن لە دۆڵی شاوریێ کوژرا

ئیتر لەسەر داوای برایانی پارتی و جەنابی کاک مەسعود بارزانی مەلا عوسمان تەسلیم بەوان کرا و ناردیان بۆ مەسیف. دیارە لە هەورامانیش شەڕیان کرد، بەڵام لەوێش شکان و خۆیان کرد بە ئێراندا. ماوەیەک هێزەکانمان لە تەوێڵە مانەوە، ئەمەش هەمووی بە شەڕ بوو، بارەگایان نەما و چوونە ئێرانەوە. لەوێش ڕادیۆیەکیان دانا و دەستیان کرد بە بەرنامەی خۆیان

# شەڕی یەکێتی و پەکەکە

پێشمەرگەکانی یەکێتی لە دێی ئاڵی ڕەش دەبن لە سنووری پشدەر، بێ ئەوەی هیچ شەڕێک لە بەینا بووبێ، پێکاکا پەلاماریان دابوون و ئەمانیش ئاگایان لە خۆیان نەبووە. زیاتر لە دوانزە پێشمەرگەیان شەهید کردین، ئەمە کارێکی زۆر ناخۆش و شەرفرۆشتن بوو، دوای ئەمەش لەیەکی بدەنەوە ئەوە بکەن چی ڕوو دەدات. چەندین جار تورکەکان داوایان کردووە کە پێکاکا لە و ناوەیە و دەریان بکەین، ئێمە وتوومانە لەلامان نین و لەسەر سنوورن، دەیان شێلەوبیلەمان بۆ هێناونەتەوە. کەسێکیان هات بۆ لام بە ناوی نادەم بۆ ئەوەی جێگەیان بۆ دیاری بکەین، هەر .بەردەوام بووین. بە وریای کارمان لەسەر دەکرد

مامۆستا باپیر لە مەکتەبی پەیوەندییەکان بوو. جارێکیان هات بۆ لام و وتی تورکەکان بەنیازن بێن سەردانی ناوچەکە بکەن، من هەڤاڵ سەلیم حەمە ئاغام بانگ کرد کە لێپرسراوی پێشمەرگەکانی پشدەر بوو، بەداخەوە بە نەخۆشی وەفاتی کرد. وتم بچۆ ئاگاداریان بکە لە و جێگەیانە نەمێنن و دیار نەبن، جموجۆڵیان نەمێنێت. ئەوەم جێبەجێم کرد، بزانین چی دەبێ. هەر هەمان ڕۆژ مامۆستا عەزیز و مامۆستا باپیر لای برادەرانی پێکاکا بوون و هاتنەوە. ڕێکمان .خستبوو لەگەڵیان چی بکەن

ڕۆژی ١١/٥/١٩٩٩ تورکەکان لەگەڵ دکتۆر خەسرە و گوڵ محەمەد هاتن و ڕۆیشتن بۆ ئەوێ، بەڵام من پێشتر پێم وتبوون ئێمە پەیوەندیمان نییە لەگەڵیان و ئەوان لەم سنوورە نین، لەسەر مەرزی ئێرانن، دەسەڵاتمان نییە بەسەر ئە و ناوچانەوە، بەڵام برادەران گێڕایانەوە کە چووبوون و کەرەستەی پێشکەوتوویان پێبووبوو، دەیانزانی لە کوێن، .بڕوایان بە قسەکانی من نەکرد

جارێکی تریش لە ١٦/٢/١٩٩٩ دکتۆر خەسرە و لەگەڵیان هاتەوە، بۆ هەمان مەبەست ڕۆیشتن بۆ بناری قەندیل و گەڕانەوە. ئەوەی ئێمە بۆمان باس دەکردن، هەر بڕوایان پێی نەبوو، چونکی خۆیان شوێنەکانیان لەسەر نەخشە .دەزانی

دێمەوە سەر شەڕی دێی ئاڵی ڕەش. پاش شەهیدکردنی دوانزە پێشمەرگەکە ئیتر ئەمبەرونەوبەرمان لەیەک گرت و شەڕ دامەزرا، کە خۆشمان بۆ ئامادە نەکردبوو و چاوەڕوانی نەبووین. لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی و م.س ئە و هەڤاڵانەی کە پێویست بێ، کارەکانیان بەسەردا دابەش کرا، ئەو کاتە من لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکان بووم، .بەڵام دەبێ دیار بم و لەوێ وجودم هەبێ. جەبهەکانمان بەربڵاو بوون

## دانانی بارەگای سەنگەسەر وەک ژووری ئیشکردن

ئەوانەی کە کارەکانمان پێسپێرابوو لەوێ کۆ بووینەوە. هەڤاڵ جەبار فەرمان لێپرسراوی هەمووی بوو، سەردانی سەنگەرەکانمان کرد، سەردانی کورتەکمان کرد لای دۆڵی شەهیدان، دوایی هاتینەوە ڕانیە و لەوێشەوە بۆ زینوی وەرتێ. تەماشای سەنگەرەکانی خۆمان کرد و پێکاکاشمان کرد کە لە یەکەوە نزیک بووین. دوایی گەڕاینەوە بۆ چوارقوڕنە بۆ لای مام جەلال کە لە سلێمانییەوە هاتبوو، خۆی بارەگایەکی هەمیشەیی هەبوو لەوێ. لەگەڵ مام جەلال سەعاتێک کۆبوونەوەمان کرد، هەرکەسە و لای خۆیەوە وەزعی جەبهەکانی بۆ باس کرد و بەرنامەمان دانا بۆ ئەوەی .پێکاکا دوور بخەینەوە

لەسەر ئەم باس و ئاڵوگۆڕی ڕەئیە بووین بە دوو بەشەوە بۆ سەرپەرشتیی کارەکان. یەکەم جەبهەکانی کورتەک و هێزەکانی گەرمیان هەڤاڵ جەبار فەرمان لەگەڵیان بێت. ئێمەش گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر. لەگەڵ کاک فەرەیدون عەبدولقادر و لیوا خەلیل دۆسکی سەردانی سەنگەرەکانی کوزینەمان کرد بۆ ئەوەی بەرچاومان ڕوون بێت و بەرنامەی خۆمان دابنێین. ئە و هێزەی کە لە جەبهەی کوزینە بوو، ئەم هەڤاڵانە بوون. ١ بورهان سەعید سوفی ٢ هەرێم کەمال ئاغا ٣ سیامەندە سوور ٤ عوسمان بانی مارانی ٥ ئێلنجاغی. قسەمان لەگەڵیان کرد لەسەر ئەوەی هاتۆتە پێشەوە. هەر شەویش گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر. ڕۆژی ٢/١٢ من و فەریدون عەبدولقادر و لیوا خەلیل دۆسکی و .مامۆستا عەزیز گەڕاینەوە بۆ ڕانیە. فەریدون عەبدولقادر دەربارەی ئاڵوگۆڕی وەزعەکە قسەی بۆ کردین

دوای چووین بۆ پشتی قەڵادزە بۆ سەنگەرەکانی جۆلانە بۆ لای هەڤاڵ محەمەد وەتمان و لەگەڵ فەرماندەیی ئەوێ قسەمان کرد. ئەم هەڤاڵانە لەوێ بوون ١ لەتیف حاجی فەرەج 2- تەها کانی بەردی ٣ حاجی مام عەلی لە مامەندە بوو، فاتح حەمەڕەشیش لەوێ بوو، بۆ ئەوەی ئەوانیش خۆیان بەرنامە دابنێن و خۆیان قایم بکەن. سەعات چوار گەڕاینەوە. هەڤاڵ جەبار فەرمان هات و تفەنگێکی قەناسی بۆ هێنام. هێشتا شەڕ لەلای ئێمەوە دەستی پێنەکردووە. ئەم هەیئەتەی ئێمە لە سەنگەسەر بووین، هەڤاڵ فەرەیدون عەبدولقادر و من خۆم و خەلیل دۆسکی بووین. کارەکانی خۆمان جێبەجێ کرد و بەرچاومان ڕوون بوو. دوایی گەڕاینەوە بۆ لای فەوجی شێنێ و سێوەیس. هەر هێزە و جێگەی .خۆی پێسپێردرا

ڕۆژی ٤/١٢/٢٠٠٠ شەڕ دەستی پێکرد و لە جەبهەی شاخی زێرنەکیوی لای ماخوێزنان چاومان لە ئاگری شەڕەکە بوو، چاوەڕوانی ئەنجام بووین، لە جەبهەکەش هەڤاڵ مستەفای سەید قادر، عەدنانی حەمەی مینا، موحسین بایز، محەمەدی حاجی قادر، عوزێر فەقێیانی و ئازم کەرکووکیی لێبوون، باش چووبوونە پێشەوە و سەیتەرەیان کردبوو .بەسەر جادەی ئێندزێدا

# شەڕە گەورەکەمان لە بناری قەندیل لە جەبهەکەی کورتەک

ئەگەرچی بناری سوورە دێ و سلّی و پۆلّی زۆر دوور بوون، بەڵام لە هێرشی یەکەمدا کەمێک چووبوونە پێشەوە و هەندێک شوێنیان گرتبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی جێگە سەرەکیەکانیان پێ نەگیرابوو، هێزەکانمان زۆر بە خراپی شکابوون و کشانەوە. دە شەهید و ٣بریندارمان هەبوو، دیلیشمان هەبوو.

لە جەبهەی زێرنەکیوی ژمارەیەک لە پێکاکا شەهید بوون و دوو دیلیان هەبوو، هەندێک تەقەمەنیش دەستکەوتبوو. جەبهەی کورتەک باش نەبوو، هێزەکانمان هەموویان بە شکاوی گەڕانەوە بۆ جێگەی خۆیان بۆ لای هەڤاڵ جەبار فەرمان، کە لێپرسراوی جەبهەکەی ئەوێ بوو. ئێمەش بۆ بەیانی سەردانی سەنگەرەکانی لای شاخی مامەندەمان کرد لای محەمەد وەتمان. هەندێک تەقە دروست بووبوو و لە دوورەوە پێیانەوە نابوون بۆ ناو دۆڵەکە. دوایش چووین بۆ لای شاخی موسێ چەپلەک لای فەرماندەیی ١٦ باباگوڕگوڕ، هەندێک ئامۆژگاریمان کردن و گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر، لەوێ بارەگای فەرماندەیی ئێمەی لێبوو. ژ

پێکاکا ڕۆژی ٥/١٢/٢٠٠٠٠ سەعات ١١:٣٠ پەلاماری سەنگەرەکانی شێنییان دابوو. بە چەند بروسکەیەک لەم پەلامارە ئاگاداریان کردین. هێزەکانی ئێمەش وەڵامیان دابوونەوە و نەیانهێشتبوو بێنە پێشەوە. هیچ جێگەیەکیان نەگرتبوو، لەوێ و لە جەبهەکانی تریش دوو شەهید و حەوت بریندارمان هەبوو. ئیسعافم بۆ بریندارەکان نارد بۆ ئەوەی زوو بگەنە خەستەخانە. هێزەکانی ئێمە داوای دۆشکایان کردبوو، منیش کاتیوشا و دۆشکام بۆ دابین کردن. دوای شەڕی زێرنەکێو جارێکی تر پێکاکا هێرشی کردبوو، پێشمەرگەکان شکابوون، هەموو شاخی زێرنەکێویان گرتبوو، وەزعی پێشمەرگەکانی ئێمە باش نەبوو.

لە پاش ئەم شەڕانە، هەموو ئە و هەڤاڵانەی بەرپرسیاری جەبهەکان بوون، لەگەڵ جەبار فەرمان کۆبووینەوە و بەرنامەی تازەمان دانا. هەندێک پێشمەرگەی ترمان نارد بۆ جەبهەی زێرنەکێو بۆ ئەوەی ئە و شوێنانەی لێیان، گیراوە بیگرنەوە. هەندێک هێزی شکاویشمان گۆڕی.

ئێوارەی ٥\٠٠٠٠٦/١٢/٢ من و عوسمان حاجی مەحموود سەرکەوتین بۆ جەبهەی کۆرک پشتی سەنگەسەر.
سەعات ٢:٣٠ دوو و نیوی شە و پێکاکا پەلاماری سەنگەرەکانی داین و شەڕ دامەزرا، هێزی دوانزەی پشدەری لێبوو و هەڤاڵ عەلی حەمەڕەش ئامریان بوو، پاش شەڕێکی یەک سەعاتی پێکاکا هیچ شوێنێکی نەگرت و کشانەوە.
پێشمەرگەکان بەرگرییەکی چاکیان کرد. لە دڵی خۆمدا لێکم دەدایەوە ئەم شەڕەی تووشی هاتووین، ماڵوێرانییە و ئەنجامیشی نابێ. لە هەردوولا کوڕی فەقیر و هەژار تێدا دەچن و دەکوژرێن. خوا پێکاکا بگرێ لەسەر ئەم سیاسەتە چەوتەیان. سەعات هەشتی بەیانی من و عوسمان حاجی مەحموود هاتینە خوارەوە بۆ ئەوەی پێویستی جەبهەکەیان بۆ بنێرین، ئە و ماوەیە لە هەموو جەبهەکان شەڕ هەبوو، بەتایبەت بە شەو، ئێمەش پاش شەڕەکان و کشانەوەی پێکاکا

لە هەندێک جێگە خەریکی ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە بووین، بەڵام هەمووی هیلاک بوو، سەرماوسۆڵە لەولاوە
.وەستابێ، بە گشتی وەزعی نەفسی پێشمەرگە باش نەبوو، بێجگە لەوەی شەڕەکەش هەر باش نییە
ڕۆژی ٨/١٢/٢٠٠٠٠ جەبهەکان نارامییەکیان پێوە دیار بوو و شەڕ نەبوو، ئێمەش هەندێک ئاڵوگۆڕمان بە هێزەکانمان کرد. جارێکی تر پێکاکا پەلاماری کورتەکیان دایەوە و گرتیان. هێزی ئێمەش پاش شەڕێکی چەند سەعاتی پاشەکشێی کرد. ئە و فەرماندەییەکانی ڕاپەڕین و بتوێن و کەرکووک لەوێ بوون. ئە و شەوە جەبار فەرمان لە
.چوارقوڕنە بوو
.شەوی ١٩٠٠٠٠/١٠/١٢/٢ لەسەر شاخ بووم لەگەڵ فەرماندەیی پشدەر لە موسی چەپلەک شەڕی لێنەبوو
بەڵام شە و پێکاکا هێرشی کردبووە سەر فەرماندەیی ٥ دوکان، پاش شەڕێکی گەرم و چەند سەعاتێ ١٣ پێشمەرگەی دوکان شەهید بووبوون و چەندین پێشمەرگەش بریندار بووبوون. لە پێکاکاش نۆ کەس شەهید بوبوون و بەجێما بوون، بەڵام شکابوون و کشابوونەوە. هەر هەمان ڕۆژ کاک کۆسرەت سەردانی کردین و چووین بۆ لای
.پێشمەرگەکان، دواتریش ڕۆیشتین بۆ دۆڵی شەهیدان

## شەڕی کوزینە

ڕۆژی ١١/١٢/٢٠٠٠٠ سەعات یەکی شە و پێکاکا هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پشتی دێی کوزینە، فەرماندەیی دووی هەولێر لەوێ بوون (بورهانی سەعید سوفی و هەرێم کەمال ئاغا). پاش شەڕێکی گەرم و بێوێنە لەلایەن هەردوولاوە پێکاکا شکابوون و زەرەرێکی زۆریان کردبوو. هێزەکەی ئێمەش دوانزە شەهیدمان هەبوو. لە پێکاکاش زۆر کەس شەهید بووبوون و لێیان بەجێما بوو. هەر لە هەمان شەودا پەلاماری زینوی وەرتێ و شاخی هەڵەموندیان دابوو، پاش شەڕێکی کورتخایەن پێکاکا هەموو سەنگەرەکانی ئێمەیان گرتبوو، لەوێش کەمتەرخەمی کرابوو. دەبێ
.چاوەڕوانی ئەوەش بکەی
لە سەعات سێی شەودا پێکاکا زاڵ بوو بەسەر شاخەکەدا و دوو شەهیدمان هەبوو. ئەم شکانەش کارێکی یەکجار خراپی کردە سەر جەبهەکە و ورەی پێشمەرگە، بەڕاستی پێکاکا واجباتیان شەڕە. خۆ لە و شاخە زیاتر کوێ هەیە بۆی بچن؟ هەر دەبێ شەڕ بکەن. من ئە و شەوە دووجار چووم بۆ لای جەبار فەرمان لە فیرقەی چوارقوڕنە. نامەیەکی کاک کۆسرەتم بۆ برد. لە خە و هەڵمساند و ئاگادارم کرد کە زینوی وەرتێ گیراوە. دوایی چووم بۆ لای مستەفای سەید قادر. هەردووکمان چووین بۆ لای هێزی قەرەداغ، دەوری سەعات پانزەی نیوەڕۆ بوو. لەگەڵ ئامرەکەیان ئەنوەر دۆڵانی و کاکەمەند بۆ ئەوەی هیمەت بکەین بۆ گرتنەوەی زینوی وەرتێ، ئەوانیش ئەوەندەی بۆیان کرا، هیمەتیان کرد، بەڵام بێسوود بوو، هەرچی شاخی هەڵەموندی هەبێ، زینوی وەرتێشی دەبێ و بەسەر ئەمدیوو و ئەودیوی
.ناوچەکەدا زاڵ دەبێت. بە گشتی وەزعی جەبهەکان باش نەبوون، ناڵێم هەر هەمووی

دەنگیش هەیە ئەمڕۆ شەڕ ڕاوەستێ و ئاگربەست بکرێ. مام جەلال لەسەر وەزعەکە و شەڕ و ئاشتی نامەیەکی دوورودرێژی نوسیبوو بۆمان. ئێوارش هەڤاڵ کۆسرەت بروسکەیەکی کرد و دەڵێت خۆت و هەڤاڵ جەبار فەرمان وەرن بۆ لامان. لە نامەکەشدا دەڵێت با کاک مستەفای سەید قادر لێپرسراوی جەبهەکە بێ. لەبەر ڕۆشنایی نامەکەی مام جەلال من و کاک جەبار ڕۆیشتین، لە کۆبوونەوە هەموومان پێمان باش بوو شەڕ نەبێ و ئاشتی لەگەڵ پێکاکا بکرێ. .بڕیارمان دا کاک کۆسرەت بچێتەوە بۆ لای مام جەلال و ڕەئی ئێمەشی پێ بڵێت و بۆی ڕوون بکاتەوە

ئاگربەست کرا، کەچی پەلاماری شێنییان دابوو، هەروەها لە قوڵی موسی چەپلەکەوە هێرشیان کردبوو. بەڵام شەڕەکە زوو تەواو بوو، شەهیدێکمان هەبوو بە ئارنجۆکی دەستی شەهید بووبوو، ئێوارەیە و جەبهەکان بۆنی شەڕوەستانیان لێدێت. بەڵام وردەتەقە لەملاوئەولاوە هەر هەیە. هێرشی گەورە و شەڕی گەورە نەبوو، بزانین بەرهەمی شەڕوەستان چیی بەسەر دێت و چەند سەرکەوتوو دەبێ. هەر هەموومان لە جەبهەکانین و هەڤاڵەکان دێن بۆ لامان بۆ .جێبەجێکردنی پێویستیی ڕۆژانەیان

ڕۆژی ١٢/١٢/٢٠٠٠٠ سەردانی ە

ەڤاڵ جەبار فەرمانم کرد لەچوارقوڕنە، لەوێشەوە چووین بۆ زینوی وەرتێ. من و هەڤاڵ فەرەیدون عەبدولقادر، عوسمان حاجی مەحموود، لیوا خەلیل دۆسکی پێکەوە بووین. پاش ئەوە کۆبوونەوەیەکمان کرد دەربارەی جەبهەکان و وەزعی سیاسی. پێمان باش بوو هەڤاڵ مام جەلال لەسەر دوایین گۆڕانکارییەکان ئاگادارمان بکاتەوە، بەتایبەت کە شەڕ وەستاوە. هەر ئە و شەوە بە تەلەفۆن لەگەڵ هەڤاڵ کۆسرەت قسەمان کرد. لە وەڵامی تەلەفۆنەکەیدا وتی سبەینێ خۆم و مام جەلال دێین. مام جەلالیش بروسکەی کرد و وتبوی خۆشم سبەینێ دێم بۆ لاتان. هەر لە سەروبەندی دەڵێت ئەگەر یەکێتی ڕازی بێت، شەڕ ڕادەگرین. چاوەڕوانی هەڵوێستی یەکێتی Medtv ڕاوەستانی شەڕ تەلەفزیۆنی دەکەین و ئامادەین ڕۆژ و سەعات دەستنیشان بکەین. ئێمەش چاوەڕوانین بزانین هەڵوێستی م.س چی دەبێ لەگەڵ هاتنی مام جەلال. ئێمەش وەک سەرپەرشتیاری جەبهەکان و پێشمەرگەکان پێمان باش بوو شەڕ بوەستێ و تورکیش .سوود لەم شەڕە وەرنەگرێ

## هاتنی مام جەلال بۆ چوارقوڕنە

مام جەلال هات و ئێمەش ئەم هەڤاڵانە لەوێ پێشوازیمان لێکرد: (فەرەیدون عەبدولقادر، مستەفا چاوڕەش، عوسمان .حاجی مەحموود، لیوا خەلیل دۆسکی). هەروەها هەڤاڵ جەبار فەرمان و مستەفای سەید قادریش لەوێ بوون کۆبوونەوەی مام جەلال دوای نیوەڕۆ دەستی پێکرد، قسەکان زیاتر دەربارەی جەبهەکان و هێزەکانمان بوو. ئێمەش هەندێک ڕاوبۆچوونمان پێوت. خۆشی وتی ئەوەی ئێوە دەیڵێن، ڕاستە. لەبەر جەژنیش پشوو بە هێزەکان دەدەین. لە داهاتوودا هەندێک ئاڵوگۆڕیش دەکەین. ئەوانەی ئازابوون، هان بدرێن و تەمەڵ و ترسنۆکەکان دوور بخرێنەوە.

پێویستە پاکسازی بکرێ. دیارە ئەم ماستە بێ موو نییە و ئێرانیش دەوری هەیە. ئێمە دوای کۆبوونەوەکە گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر، چونکی بەرپرسیار بووین و پێشمەرگەش چاوەڕوانی بڕیاری تازەیە. لەسەر بڕیاری مام جەلال هەندێک ئاڵوگۆڕی چەکمان کرد بۆ پێشمەرگە. جەلال کە بەرپرسی جبەخانە بوو، لەوێ بوو. بە ناوی جەلال ئەوەندی بۆم کرا، لە سەردان و هاتوچۆی جەبهەکان کەمتەرخەم نەبووم. سەردانی هەموو بەشەکانی لای خۆمانمان دەکرد لە .جۆلانە و کوزینە. ئەو کاتەی چووینە لایان لە جەبهەکە، مام غەفوریش لەوێ بوو

ڕۆژی ۱۵/۱۲/۲۰۰۰۰ ئەوەی لەسەر بێسیمەکە بوو، بانگی کردین و وتی مام جەلال داوای تۆ و فەرەیدون عەبدولقادر دەکات. ئێمەش چووین بۆ لای بۆ چوارقوڕنە. کە چووین، هەندێک لە هەڤاڵانی تریش لەوێ بوون، لەوانەش: مستەفای سەید قادر، جەبار فەرمان، خەلیل دۆسکی. بانگکردنەکە تایبەت بوو بە دابەشکردنی هێزەکان لە .پاش ڕاگرتنی شەڕ

هەر ئەمڕۆش کەسێکی لێپرسراوی تورکی بە ناوی یوز پاشا لەگەڵ حەسەن قاپلان کە هەردووکیان تورک بوون، بە هالیکۆپتەر هاتن بۆ چوارقوڕنە و داوایان لە مام جەلال کرد بچێت بۆ تورکیا. دوای گەڕانەوەیان مام جەلال کۆبوونەوەی پێکردین. هەندێکیش چەکی داینێ، بەتایبەت سەنگەرەکانی من و فەرەیدون عەبدولقادر و خەلیل دۆسکی کە ئەشکابوون. دوای کۆبوونەوەکە گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر. هەر ئەمشە و بێکاکا لە تەلەفزیۆنەکەیان بڵاویان کردەوە کە یەکێتی وەڵامی ئاگربەستی ئەوانی نەداوەتەوە. هەر ئەمڕۆش لە دوکان مەکتەبی سیاسی کۆدەبێتەوە، ئایا .مام جەلال بچێت بۆ تورکیا یان نەچێت

ئەمڕۆش جەبهەکانمان دابەش کرد و جیا کرانەوە. لیوا خەلیل دۆسکی بۆ ناوچەی شێنێ، خۆم مستەفا چاورەش بۆ بەرقڵیش و کوزینە، عوسمان حاجی مەحموود بۆ کۆرک، مستەفای سەید قادر بۆ دۆڵەڕەقە و پڵنگان. لە دوای ئەوەی جەبهەکان دابەش کرایەوە، هەرکەسەمان بەرپرسیار بوو لە شوێنی خۆی. من هاتمەوە بۆ ڕانیە، پشوویەکم دا و دوایی گەڕامەوە بۆ سەنگەسەر. وەستا ڕەسوڵم نارد بۆ بارەگای نە و محوەرەی خۆم لێی بەرپرسیارم، هەر ئەمڕۆش بڕیارە وەفدێکی ئێرانی بێت بۆ لای مام جەلال لەسەر گۆڕانکاریی تازە. هەروەها تورکەکان گەیشتنە چوارقوڕنە لە قەڵاکەی چوارقوڕنە و هێزێکی بچوکیان لەوێیە بۆ پەیوەندی و سەردانی جەبهەکان. پاش ئەوەش چووم بۆ دێی سپێرۆ لای پشتی سەنگەسەر بۆ دانانی بارەگایەک. لە و بێدەنگییەی جەبهەکان و کەمە ئارامییەی هەبوو، لەلایەک خەریکی ڕێکخستنەوەی هێزەکان بووم، لەلایەک دانانی بارەگا و لەلایەکیش سەردانی هەڤاڵەکانم دەکرد، سەردانی مامەغەفە و هێزەکەیانم کرد، چووم بۆ سەرشاخ و پشتی کوزینە و سەردانی فەرماندەی نوێی کۆیەم کرد لە گرد ئێستر. داوام لێکردن سەنگەرەکانیان قایم بکەن نەک پردەکە بە تاریکیی شە و بیتەقێننەوە. لە پاش هاتنی ئێرانییەکان کە چاویان بە .مام جەلال کەوتبوو، بەڵێنیان دابوو بیانگوێزنەوە

ڕۆژی ۱۹/۱۲/۲۰۰۰ لەگەڵ هەڤاڵ عوسمان حاجی مەحموود و لیوا خەلیل دۆسکی و مامۆستا عەزیز و شێخ جەعفەر چووین بۆ قەڵادزە بۆ پرسەی مام وسو کاوانی و سەردانی چەند کەسایەتییەکی تری ناوچەکەمان کرد. هەر هەمان ڕۆژ گەڕاینەوە بۆ چوارقوڕنە. کە چووین بۆ لای مام، برادەرانی تریش هاتبوون، وەک هەڤاڵ بەرهەم ئەحمەد ساڵح، ئەرسەلام بایز و جەبار فەرمان و هەندێک هەڤاڵانی تر، پاش ئەوەی مام جەلال هەندێک ئامۆژگاری کردین، .گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر

## هاتنی وەفدێکی ئێرانی

هەیئەتێکی ئێرانی هاتبوون بچن بۆ لای پێکاکا، پێک هاتبوون لە سەردار فروزەندە، هاشمی، پەناهی و نوریان. چون بۆ لای پێکاکا بۆ ئەوەی کۆتایی بە شەڕەکە بێت. پێکاکا بچنەوە جێگەکانی خۆیان و بکشێنەوە. بڕیاربوو ئێوارە بگەڕێنەوە. کە هاتنەوە، وتیان بەڵێنیان داوە بڕۆنە دواوە. وتبوویان مام جەلال چی بڵێت وا دەکەین، بە قسەی .ئێرانییەکان

ڕۆژی ۲۰/۱۲/۲۰۰۰ تەها کانی بەردی فەرماندەی هێزەکەی سەر شاخی مامەندە بروسکەی بۆ کردین و وتی لەسەر شاخی مامەندە ئەوەندە بەفر باریوە، ڕێگە نییە پێشمەرگەکان هاتوچۆ بکەن و بێنە خوارەوە. ڕێگە نەبوو .ئێمەش بچین بۆ لایان، هەوڵمان دا شۆفڵ و گلێدەریان بۆ بنێرین بۆ پاککردنەوەی ڕێگەکە

وەزعی جەبهەکەش هێمنە، بەڵام بارانێکی یەکجار زۆر دەبارێ. لەبەر ڕێگەگرتن و سەرما و بارانێکی زۆر و ڕەشەبا هەندێک لە پێشمەرگەکان، لە جەبهەی دۆڵی شەهیدان کە هێزی ئینزباتی سلێمانی و فەوجی تایبەت بوو، دابەزیبوون. لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر و شێخ جەعفەر چووین بۆ دۆڵی شەهیدان لە پشتی سەنگەسەر، کە هێزەکانی لێبوو. هەوڵمان دا ئەوانەی هاتوونەتە خوارەوە، سەربکەونەوە. هێزی تریشمان بۆ ناردن بۆ ئەوەی لەوێ لاواز نەبین تاکو ئەنجامی کۆتایی. هەر هەمان ڕۆژ چووین بەرە و شاخی مامەندە بۆ سەرپەرشتیکردن و ناردنی شۆڤڵ و پێویستی بۆ .کردنەوەی ڕێگەی بەفرگرتوو

ئێوارەش ڕۆژی ۲۱/۱۲ هەڤاڵ فەرەیدون عەبدولقادر و جەبار فەرمان چوون بۆ قەڵاچوالان بۆ کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی. مام جەلال بروسکەی کردبوو (من و عوسمان حاجی مەحموود و مستەفای سەید قادر) ئاگاداری جەبهەکان بین. هەندێک لە هەڤاڵانیش هاتن بۆ لامان وەک عەلی بچکۆل و سەعدون فەیلی. عەلی بچکۆل ساڵی ۱۹۸۳ لە .مەڵبەندی دوو لە سەرگەڵوو بەرپرسمان بوو، برادەری هەمووومان بوو و هاتبوو بۆ لامان

پاش گەڕانەوەی هەڤاڵ فەرەیدون لە کۆبوونەوەی م.س بۆی باس کردین کە هەموو لایەک دەستیان خستوەتە کارەکەوە. دەست بۆ هەر لایەکیان دەبەیت، کۆمەڵێک گرێکوێرەی تێدایە، لەملا ئێران و لەولاوە تورکیا. ئێمەش هەندێک ڕاوبۆچونی خۆمان لەگەڵ کاک فەرەیدون باس کرد. ئەویش لەبەر ڕۆشنایی قسەکانمان نامەیەکی بۆ مام جەلال نووسی و وەزعی جەبهەکەشی بۆ ڕوون کردەوە.

هەر لە و بەینەشدا لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر و باقی برادەران سەردانی دۆست و ڕێکخستن و پرسەکانی خەڵکی قەڵادزە و ڕانیەمان دەکرد. وا جەژنیش هاتە پێشەوە. لای ئێمەش نە شەڕە و نە ئاشتی. بڕیارمان دا هەندێک لە پێشمەرگە ماندووەکان، ئەوانەی زیاتر لە مانگێکە لەوێن، مۆڵەتیان بدەین و بچنەوە لەگەڵ کەسوکاریان جەژن بکەن. من هەر لە سەنگەسەرم. برادەرانی مەڵبەندی پێشمەرگە هاتن بۆ لام هەڤاڵان ١ هەڵۆ. ٢ چیمەنی ٣ دەشتی. وا هاتبوون لام بمێننەوە. منیش بەسەر جەبهەکانی پێشمەرگەدا دابەشم کردن. من جارێ هەر لە و بەینەدا لە ڕانیە و قەڵادزە و شوێنەکانی تر سەرپەرشتیی هێزەکان دەکەم و لە هاتوچۆدام. لەسەر کەمکردنەوەی پێشمەرگە مام جەلال نامەیەکی بۆ نووسیبووین، کە نیوەی ئیزن بدەین و نیوەی بهێڵینەوە. داواکەیمان جێبەجێ کرد.

ڕۆژی ٢٥/١٢/٢٠٠٠ نامەیەکم نووسی بۆ ئە و هێزەی فەوجی ئیزامی، کە لیوا قارەمان لەگەڵیان بوو. داوام لێکردن بێنە خوارەوە و بڕۆنەوە. ملازم شێخ جەمالم نارد بۆ لایان. منداڵەکانیشم لە سلێمانییەوە هاتبوون بۆ ڕانیە بۆ ئەوەی پێکەوە جەژن بکەین. لە نێوان ئێمە و پەکاکا تاکو ٢٥/١٢ شتێکی وا دیار نییە.

ڕۆژی ٢٦/١٢/٢٠٠٠ لەگەڵ کاک فەرەیدون و زریانی کوڕم چووین بۆ جەبهەکانی کوزینە و چووینە سەر شاخ و سەردانی هەموو سەنگەرەکانمان کرد. لەوێ فەرماندەیی دووی هەولێری لێبوو. ئەوەندە باران باری بوو، ناو سەنگەرەکان هەمووی ئاو بوو. پیرۆزبایی جەژنمان لێکردن و گەڕاینەوە. لە ڕانیەش بە بۆنەی جەژنەوە خەڵکی تەقەی خۆشیی دەکرد. ڕۆژی ٢٧/١٢/٢٠٠٠ یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە. ئێمەش بەم جەژنە دڵمان هەر لای پێشمەرگەکانە، کە بەرامبەر یەک وەستاوین و خەریکی چین. ئە و ڕێکەوتنەی ئێرانییەکان لەگەڵ پەکاکا کردوویانە، چەند ڕۆژێکی ماوە بۆ کشانەوە. ئەگەر جێبەجێ بکرێ کارێکی باشە و لە کۆڵ ئەم شەڕە دەبینەوە، کە حەزمان پێ نییە.

لە ڕانیە سەردانی ماڵی شەهیدانمان کرد

ڕۆژی دووەمی جەژن هەڤاڵ عوسمان حاجی مەحموود تەلەفۆنی کرد و وتی بەتەماین بە بۆنەی جەژنەوە لەگەڵ کاک مستەفای سەید قادر بچین بۆ سەردانی ماڵی شەهیدان، تۆش وەرە. منیش یەکسەر چووم، هەروەها لەگەڵ کۆمیتەی ڕانیە هەڤاڵ ئەحمەد زرار دەستمان پێکرد بە سەردان. پاشان چووین بۆ ئۆردوگای ڕانیە و چوارقوڕنە و گرجان و قەرەنی ئاغا. هەر ئە و ڕۆژە ئاگاداریان کردین و وتیان کاک کۆسرەت هاتووە. ئێمەش گەڕاینەوە بۆ ڕانیە و لەوێشەوە بۆ سەنگەسەر. هەر هەمان ڕۆژ هەندێک لە هەڤاڵان هاتبوون (کاک بەرهەم، محەمەد سابیر، عەدنان موفتی،

سەعدون فەیلی، ئاسۆ ئەڵەمانی، مامۆستا بەکر، سەفین مەلا قەرە و شاخەوان عەباس). لەگەڵیان سەردانی هێزەکانی لای عەدنانی حەمەی میناماان کرد لە دێی ماخوێزنان، پاش ئەوە گەڕاینەوە بۆ ڕانیە و لە مەڵبەندی ڕانیە لەگەڵ کەسوکاری شەهیدان کۆبووینەوە.

دواتر لەگەڵ ملازم عومەر و سەلاحەدین موهتەدی و هەندێک برادەری تر چووین بۆ دۆڵی شاورێ لای دێی پڵنگان. پاشان چووین بۆ دێی باوزێ لە پشتی قەڵادزە بۆ لای کەسوکاری شەهیدان، دێکەیان ٧٣ شەهیدی هەیە، دێیەکی تێکۆشەر و باشن، زۆرینەیان پێشمەرگەی یەکێتین. ڕۆژی ٣٠/١٢ بەیار کوڕی ملازم عومەر هات و لەگەڵ زریان کوڕم ناردمن بۆ جەبهەکەی لای کوزینە بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان هەم ژیانی پێشمەرگە و هەم سنوورەکەش ببینن. دوا ڕۆژی ساڵی دوو هەزارە ٣١/١٢/٢٠٠٠٠ و هێشتا پەکاکا ئەکشاوەتەوە. بڕیارە سەرەتای ساڵی تازە جێبەجێی بکەن. بڕیاریشە ڕۆژی ١٨/١/٢٠٠١ مام جەلال سەردانی ئەنقەرە بکات. بروسکەیان بۆ کردین کە ڕۆژی ٢/١/٢٠٠١ کۆبوونەوەی سەرکردایەتییە لە قەڵاچوالان.[]

لە ڕابوردوودا هەر شتێک بووایە، دەخرایە پاڵ بەرەی کوردستانی. بەڵام کە حکومەت پێک هات، حکومەتی تورکیا زەختێکی زۆری دەکرد لەسەر وجودی پەکاکا لە سنوورەکانی کوردستانی عێراق. وتی قبوڵ ناکەین چەکدارەکانی پەکاکا لاتان بن، لەسەر ئەم هەڵوێستەی تورکیا دەیان و سەدان جار خۆمان دزیوەتەوە و خۆمان پاراستووە لەوەی لەگەڵ پەکاکا تووشی شەڕ بین. ئەوانیش بە چاک و خراپ مراعاتی وەزعی ئێمەیان نەدەکرد. هەوڵێش درا لەگەڵیان، بەڵام ئەوان لە جێگەیەک و ئێمەش لە جێگەیەکی تر سوودی نەبوو. کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی بڕیاریان دابوو لێیان قبوڵ نەکەین و ئاگاداریان بکەینەوە، وابکەن بچنەوە ناو خاکی تورکیا، تورکیاش قبوڵی ناکات. حکومەتی تورکیا دەیانوت پێویستە لە سنووری ئێوە دەستدرێژی ئەکەنە سەرمان و سەربازمان ئەکوژرێ. ئەمەش بەڵایەکی گەورە بوو، پەکاکاش هەرچی خۆی بیویستایە، ئەوەی دەکرد.

## کۆبوونەوەی شەقڵاوە لە نێوان یەکێتی و پارتی بە سەرپەرشتیی مەسعود بارزانی

هەردوو سەرکردایەتیی یەکێتی و پارتی بە سەرپەرشتیی کاک مەسعود بارزانی لە شەقڵاوە کۆ بووینەوە. هەندێک لە لێپرسراوانی سەربازیی هەردوولا بەشدار بوون. ئە و کاتە مام جەلال لە دەرەوەی وڵات بوو. ئەوانەی بەشداری کۆبوونەوەکە بوون، ئەم بەڕێزانە بوون:

١ کاک مەسعود بارزانی ٢ کۆسرەت ڕەسول عەلی ٣ فازڵ میرانی ٤ ئەرسەلان بایز ٥ مستەفا چاوڕەش ٦ بابەکر زێباری ٧ عومەر فەتاح ٨ حەسەن کوێستانی ٩ مامۆستا چەتۆ ١٠ کەمال فوئاد ١١ عارف ڕوشدی ٢٢ هەندێکی بەڕێزی تریش بەشدار بوون.

عوسمان قادر منەوەر نوێنەری پارتی بوو. چووین بۆ بانک. لەوێ مەبلەغێک پارە بۆ مەسروفات و یارمەتیی پێشمەرگەکان و ئە و هێزانەی کە بەشداری دەکەن، دیاری کرابوو. پارەکەمان وەرمان گرت. هێزەکان کۆ کرانەوە و رەوانەی ناوچەی سیدەکان کران لە ناوچەی برادۆست. خۆشمان رۆیشتین بۆ جێگەی مەبەست کە پێویست بوو، بەرامبەر هێزەکانی پێکاکا. بنکە و بارەگامان دانا و چادرمان هەڵدا. ماڵی کەریم خانی برادۆست لە مجێسەر بوو و لەوێ دادەنیشت. ئەوانیش هێزێکیان هەبوو، هەمووی خرایە ژێر بەرپرسیارێتیی منەوە. هەروەها حەمید ئەفەندیش .نوێنەری پارتی بوو و لەگەڵمان

## هاتنی کاک نەوشیروان پێش ئەوەی شەڕ دەست پێبکات

هەموو هێزەکان جێگەیان بۆ دیاری کرا. من و مامۆستا بەکر مستەفا پێکەوە بووین. پێویستیی شەڕ بەسەر هێزەکاندا دابەش کرا. پێش ئەوەی شەڕ ببێ، ئێوارەیەک کاک نەوشیروان و حەمە ئەمین پێنجوێنی و حامد حاجی خالید و مام رۆستەم هاتن بۆ ئە و جێگەیەی ئێمەی لێبووین. حەمە ئەمین پێنجوێنی دۆستی پێکاکا بوو. لە رابووردوودا لەگەڵ من .لە حیزبی شیوعیدا قیادەی مەرکەزی بوو، هاوڕێی یەکتر بووین و زۆر پێکەوە بووین
کاک نەوشیروان وتی هاتووین خەڵک دەنێرین بۆ لایان، بەڵکو بڕیارەکە جێبەجێ بکەن، شەڕ نەبێ و بڕۆن. حەمە ئەمین پێنجوێنی و حامدی حاجی خالد رۆیشتن بۆ لایان، شە و لایان مانەوە و قسەیان لەگەڵ کردبوون هەرچۆنێک بێت شەڕ روو نەدات، وابزانم کەسێکی ئەوانیش لەگەڵیان هاتبوو. ئێش ئەوەی ئەوان بگەنەوە لامان، تەقە دامەزرا. بەبێ ئەوەی ئاگادار بین، بەرنامەکان تێک چوون. ئە و هێزەی بەرامبەریان لێپرسراوەکەی ناوی هەڵگورد بوو ئامرهێزیان .بوو، لە برادەرانی پارتی بوو
ئە و رۆژە ددانم زۆر دەیەشا. لە ئازاری ددان ناخۆش تر نییە، جا لێپرسراوی ئە و جەبهە گرانەش بی. وتم باشتر ئەوەیە بنێرم بۆ رەواندز دکتۆرێک بێت و ددانم دەربهێنێ. دکتۆر هات، لەسەر تەنەکەیەک دانیشتم. وابزانم برای دکتۆر محەمەد خۆشناو بوو، دکتۆری ددان بوو. لە هێنانوبردنی ددانم بە گازەکە ددانم شکا. ئەمە زۆر ناخۆش بوو، زۆر هەڵیکۆڵی و دەرنەهات، هەندێک دەرمانی ئازاری بۆ نووسیم. لە نیوەشەودا سەعات سێی شە و لەتاو ئازار خەبەرم بۆوە. بیرم کردەوە جارێ شەڕەکە گەورە نەبووە و کاک نەوشیروان لامانە. هەر ئە و شەوە سواری ئوتومبێل بووم بۆ سلێمانی، سەعات 8ی بەیانی گەیشتمە شار. چووم بۆ لای دکتۆر سەرداری حەمەی باقی. ئەوەی پێویست بوو بۆی کردم، پارچە شکاوەکانی دەرهێنا. نانی نیوەڕۆم لە سلێمانی خوارد و گەڕامەوە بۆ سیدەکان و جەبهەکە لای برادەران. کاک نەوشیروان و ئەوانەی لەگەڵی بوون، گەڕانەوە. من و حەمید ئەفەندی و مامۆستا بەکر و عوسمان قادر منەوەر پێکەوە بووین. برادەرانی پارتی جەمال مورتکە، هەڵگورد، مستەفا نێروەیی و زۆری تریش بوون. هەندێک لە هێزەکان لە سلێمانییەوە هاتبوون، لای یەکێتی (ڕێباز، شاخەوان و سەفین، رەهبەری سەید ئیبراهیم، ئەنوەری

عەزەباوە، عەبدوڵڵا بۆر، مەحموود سەنگاوی، عەبدوڵڵا مام عەلی، تۆفیق کانی وەتمانی، فاقە) و زۆری تریش لە هەڤاڵەکانی لێپرسراوی پێشمەرگە. لە چەند جەبهەیەکەوە شەڕ دەستی پێکرد. هەتا بڵێی ئازا بوون، کچەکانیان وەک پیاوەکان شەڕیان دەکرد. لە هەموو شەڕەکان لە هەردوولا زەرەرمان لێکەوت، زۆریش شەهید و بریندارمان هەبوو. لای ئەوانیشەوە بەهەمان شێوە. شەڕەکە درێژەی کێشا، بەتایبەت لە بادینان. بەپێی مەعلوماتەکان پێکاکا ئازایانە شەڕیان کرد و دەریش نەکران، بەڵام لەلای ئێمەوە هەنگاوبەهەنگاو دەچووینە پێشەوە. هەندێک جێگامان گرت و زاڵ بووین بەسەر جێگاکانیاندا. هێزەکانمان ئاڵوگۆڕ پێدەکرد، چونکی شەڕەکە درێژەی کێشا. هەندێ هێز شەهیدی زۆر بوو، هیلاک بوبووین. مانگی دە و یازدە بوو، لە و کاتانەشدا ئەوێ سارده و کوێستانە. ئەم شەڕە حاڵەتێکی نەفسیی خراپی دروست کردبوو لای پێشمەرگەکان، بڕوایان پێی نەبوو، کە ئیمانیشت بە شتێک نەبێ، لە شەڕدا سەرناکەوی و زەحمەتە. من خۆم لێپرسراوی یەکەم بووم، کە قسەم دەکرد بۆ پێشمەرگەکان و دەموت دەبێ وابکەین و ئاوا بکەین، لە .دەروونی خۆمدا زۆر بڕوام پێی نەبوو، ئیتر ئیلتیزاماتە

ئەمەش وەزعی گشتیی شوێنی شەڕەکان بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شەڕیان دەکرد، هەوڵی سەرکەوتن دەدرا. وەک وتم هێزەکان هیلاک بووبوون، لەگەڵ هێزێکی لەشکری یەک کە هەڤاڵ عوسمان حاجی مەحموود سەرپەرشتیی دەکردن و هی گەرمیان بوون، گۆڕیمانن. لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تر هاتن. شەڕێکی باشیان کرد. زۆر چووینە پێشەوە، ئەم .شەڕانەش لەگەڵ پارتیدا بە هاوبەشی دەمانکرد

## هاتنی کۆسرەت بۆ لامان وەک سەرپەرشتیی یەکەمی جەبهەکە

ئە و ماوەیەی کاک کۆسرەت لامان بوو، گورووتینێک بوو بۆ پێشمەرگەکان. لە هەموو ڕۆژەکانی شەڕەکاندا دەیان ڕۆژنامەنووسی بیانی دەهاتن بۆ لامان. ئەڵەمانی، هۆڵەندی، تورکی، ئێرانی، ئینگلیزی... ئێمەش وەزعی شەڕەکانمان بۆ باس دەکردن. داوای ئێمە ئەوە بوو پێم دەوتن ئامادەین هاوکاریشیان بکەین بە شەرتی لای ئێمە چۆڵ بکەن. لەبەر ئەوەی ئێمە حکومەتین و دەبێ سنووری خۆمان لەگەڵ دراوسێ بپارێزین، ئیتر هەر دەوڵەتێک بێت. ئەم قسانە و زۆر شتی تریش دەوترا، ئەموت فەرموو ئێوە وەکیلی ئێمە بن و بچن بۆ لایان، پێیان بڵێن بڕۆن. ئێمە هیچی ترمان لەوان .ناوێت، ئیتر ئەوانیش ڕاپۆرتی خۆیان دەنووسی، ئێمەیان بەجێ دەهێشت و دەگەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان

ئەم شەڕە زۆر ناخۆش بوو، هێزی مەعنەوی و مادیی دەویست. درێغیمان نەکرد بۆ سەرکەوتنی خۆمان. هاتنی کاک کۆسرەت بەرپرسیارێتیی سەرشانمانی کەم کردەوە، شەڕ چووە سەر و مانگێکی خایاند. لەگەڵ کاک کۆسرەت لە چادرێکدا پێکەوە بووین، سەعات چواری بەیانی پێشمەرگەیەک پاسەوان بوو، هەڵیساندم و وتی جیهازێک هەر داوا دەکات هەڤاڵ هەڤاڵ. وتم کە داوای کرد، بانگم بکە و هەڵمسێنە. لە دەوری سەعات پێنجی بەیانیدا بوو جیهازەکەی بۆ هێنام، قسەم لەگەڵ کردن. وتیان دەمانەوێ چاومان پێتان بکەوێ. مەرجی حکومەتی ئێوەمان قبوڵە و ڕازین. وتم زۆر

باشە، سەری سەعات وەرنەوە قسە دەکەین، بە کاک کۆسرەت و حەمید ئەفەندیم وت. وتی باشە چاوتان پێیان بکەوێ. هاتنەوە سەرخەت. مەوعیدمان دانا لەسەر ئاوی خواکورک یەکتر ببینین. بۆ ڕۆژی دوایی سەعات ٥ مەوعیدمان هەبوو. ئەوانەی کە چووین بۆ چاوپێکەوتنیان، من خۆم بەرپرسی هێزەکان، عوسمان قادر منەوەر، مامۆستا بەکر مستەفا، کەمال شاکر، لەبیرم نییە کێی ترمان لەگەڵ بوو. لەگەڵ هێزێک چووینە خوارەوە، سەعات و نیوێک ڕێگە دەبوو. کە گەیشتین، ئەوانیش هاتن. عوسمان نوجەلان برای عەبدوڵڵا نوجەلان، نازانم کێی تری لەگەڵدا بوو، پاش .یەکترناسین و چاکوچۆنی قسەمان کرد

ئەوان ڕازی بوون بێن بۆ لای ئێمە و ڕێکەوتن واژوو بکەن. لە کۆتایی قسە و باسەکانمان وتم فەرموون با پێکەوە بچین بۆ هەولێر. عوسمان ئوجەلان وتی من بە ئەمر هاتووم بۆ لاتان. پرسم بە سەرۆک ئاپۆ نەکردووە، دەبێ بڕۆمەوە پرس بکەم و ڕەزامەندیی لەسەر بێ ئەنجا بێم. مەوعیدمان دیاری کرد بۆ ڕۆژی دوایی لە هەمان جێگەیەک بگرینەوە. ئێمەش گەڕاینەوە، بە شاخدا سەرکەوتینەوە بۆ لای هێزەکان. کاک کۆسرەت و حەمید ئەفەندیمان بینی قسە و باسەکانمان بۆ گێڕانەوە. وتم مەوعیدی ترمان هەیە لەگەڵیان. ژمارەی جیهازەکانیشمان گۆڕیوەتەوە بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ یەکتر بکەین. لە ماوەی پێش وەستاندنی شەڕ هێزەگەی عوسمان حاجی مەحموود هاتبوون. برادەرانی پارتیش هێزەکانیان گۆڕیبوو. لە شەوی دواییدا پێکاکا جێگەی کەمیان بەدەستەوە مابوو. زۆرمان پێ باش بوو کە ڕێک کەوتین، چونکی ئەوان لە دۆڵێکدا مابوون. بەهەموو جۆرە چەکێ شەڕمان دەکرد. ترسم لێنیشت و بچنە سەریان لە بەرپرسە گەورەکانیان بکوژرێ. خۆ پێشمەرگە لە شەڕدا نازانێ کێ بەرپرسە و کێ چییە، ئیتر ئەمە فرسەتێکی باش .بوو بۆ ڕێککەوتن

لە کاتی خۆیدا سەعات 5 عوسمان ئوجەلان هات. ئەمجارەیان پێویستی بە دانیشتن نەبوو. عوسمان وتی من کە هاتووم، پێویستە لەباتی من تۆش لێرە بمێنیتەوە. بیرم کردەوە کە نابێ بڵێم ناتوانم، وتم هەڤاڵ عوسمان من لەبەر ئەوەی لێپرسراوی هێزەکانم، ناکرێ لێرە بم. چونکی هەموویان من بڕیاریان بۆ دەردەکەم. بە کوردییەکەی لێپرسراوی یەکەمم. ئەگەر من بمێنمەوە، ئیشەکان ئەوەستێ. قەناعەتی کرد و وتی با هەڤاڵانی تر بمێننەوە. ئیتر عوسمان قادر منەوەر و مامۆستا بەکر مستەفا و کەمال شاکر لەوێ لای پێکاکا بەجێمان. من و عوسمان ئوجەلان کەوتینە ڕێ و بەسەر شاخەکەدا سەرکەوتین. هەر ئە و شەوە کە گەیشتینەوە لای پێشمەرگەکانی خۆمان، سواری ئۆتۆمبێلمان کرد و ڕەوانەی هەولێرمان کرد بۆ بینینی حکومەت و پەرلەمان، دەقیقەیەک زووتر بگەیشتایە باشتر بوو. شەڕ کۆتایی هات، چەند ڕۆژی لە هەولێر مانەوە، پاشان گەڕایەوە. لەسەر چۆڵکردنی ناوچەی خواکورک ڕێک کەوتن، منیش چاوساغم .لەگەڵ ناردنەوە بۆ لای خۆیان. باش بوو ئەم شەڕەمان لە کۆڵ بۆوە

هەر دوای هاتنەوەی عوسمان قادر منەوەر و مامۆستا بەکر و کەمال شاکر، ئە و هێزانەی لامان بوون، نیوەی زیاترم ئیزن دا بڕۆنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان. ڕێک کەوتین کە ئەوێ چۆڵ بکەن، لە بەرامبەردا ئیوزەنگیان بۆ دیاری کردبوون و خۆشیان ڕازی بووبوون. ئیوزەنگ دەکەوێتە پشتی قەڵادزە لە سەرسنووری ئێران–عێراق. لە ڕابوردوودا سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی لەوێ بوو، خانووی لێبوو و چۆڵ بوو. مام جەلالیش بارەگایەکی لەوێ هەبوو.
هەموویان ڕۆیشتن و کەسیان لەوێ نەما، دوا کەس خۆمان بووین. ئەوانەی بڕیاریان دابوو بگەڕێنەوە بۆ تورکیا، هەر لە و تەقەمەنییانەی لامان بوو، زۆرم دانێ بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرن بۆ خۆیان. لە و سەردەمەشدا تورکیا هەندێک یارمەتیی چەک و پێویستیی شەڕی دایێ. هەموویم بەسەر هێزەکانیاندا دابەش کرد. منیش گەڕامەوە بۆ هەولێر و چووم بۆ مەکتەبی سیاسی، لەوێش ئەوەی ڕووی دابوو، بۆم گێڕانەوە. دوایی گەڕامەوە بۆ شەقڵاوە کە .بارەگای لەشکری دوو لەوێ بوو



# هەندێک لە تاوانی یەکێتی لە شاخ




ئەم نوسینە لە کتێبی (هەورازەرێ)ی عەلی بچکۆڵ وەر گیراوە کە ناوبراو زۆربە بوێرانە و زۆر ڕاست گۆیانە ڕووداوەکانی سەر دەمی پێشمەرگایەتی خۆیمان بۆ دە گێرێتەوە کە خۆی لە و ڕۆژگارەدا پێش مەرگە بوەوە ، خوێنەر لێرەوە تێدەگات ئەوانەی لافی خەبات و کورد پەروەریمان بەسەردا لێدەدەن چی بوودەڵەیەکن چی خائین و خورێکن ئێمە ئیدی تێ دەگەین ئەمانە دەستیان سورە بە خوێنی هەزارەها ڕۆڵەی قارەمان .

**من وەکو (ئاوارەکەریم )نوسەری ئەم کتێبە زۆر سودم لە و سەرچاوانە بینیوە کە نوسەرەکانیان خۆیان پێشمەرگەبوون و بە ڕاستگۆیانە بەشێکی مێژوویان تۆمار کردوە . وەسوپاسی یەک بەیەکیان دەکەم و دەستی ماندوبوونیان دەگوشم .**

**لەم کورتە نووسینەدا وەکو یادگارێکی سەردەمی پێشمەرگایەتیی دەمەوێت ڕاستییەکی مێژووی باس بکەم سەبارەت بە تاوانی حیزب و بەرپرسەکان و ئەم ناپاکانە بە نەوەی نوێ بناسێنم، چونکە ئەم نەوەیەی کە ئیستا گەورەبوون، زۆر ڕاستییان لێشاردراوەتەوە و جگە لە فشەی قارەمانێتیی سەردەمی پێشمەرگایەتیی ئەم ناپاکانە کە گوایە ئازا و قارەمان و نەبەرد بوون، هیچی دیکەی بە گوێ نەوەکانماندا نادەن، درۆی زل و ئازایەتیی خۆیان بۆ باس دەکەن، بەڵام من لێرەدا لەوەو دەستپێدەکەم، کە بڵێم ئێوەی سەرکردە و بەرپرسە پیسەکان جگە لە جرجی ناو زێرابی شۆڕش هیچی دیکە نەبوون، ئێوە کۆمەڵێک کەسانی دەرون نەخۆش، داوێنپیس و دەستدرێژکەر بۆ سەر نامووسی ژنانی گوندەکان، ژن کوژ، دەستدرێژیکەر بۆ سەر ئاژەڵ و کوڕی گەنج، هەروەها ڕاکردوو لەدەست یاسا و دزییکردن و پیاوکوشتن، کە ڕاتان دەکرد و بەناوی کوردایەتییەوە لە شاخ خۆتان دروست کرد بۆ ئەو هەموو بێناموسییە، ئەوەتا کەسایەتیی ئەمڕۆتان هەموو ئەو ڕاستیانە دەسەلمێنێت، کە ئێوە چ پیاوێک بوون، بۆیە نەک ئێمە بەڵکو مرۆڤایەتیی و مێژوو دەبێت تف لە ناوچەوانتان بکات، و لەناو ببرێن و نەهێڵرێن، من بۆ خۆم یەکێک بووم لەو پێشمەرگانە هەر زوو وازم ..لێهێنان و ئیستا ویژدانم ئاوسودەیە بەتایبەتیی کە ئەم ڕاستیانەش دەخەمە ڕوو**

**ئەوەی نوێ کە مێژوی بەشی زۆری ئەو بەرپرسە پیس خور و ناپاك و داوێنپیسانە بەهەلە پێیان ناسێنراوە و بێ ئاگان لە تاوانەکانیان، بەتایبەتی تاوانەکانی شاخیان و واتێگەیەنراون هەموو ئەوانەی جەك لەشانی شاخ فریشتە و گیڤارا ئاسا بوونە و کارو خەباتیان بۆ ئەم گەلە کردووە، بۆ ناسینی زیاتری ئەم سەرکردانەی ئەمڕۆ کە لە بەعس مەترسیدارتر تاوان و ئازاری خەڵکیان داوە و خەونە جوان و پڕ لە ڕەنگا و ڕەنگەکانی شاخیان بەدروستکردنی ئەو دەسەلاتە مافیایە لەناوبرد، بۆیە دەبێت ڕووی ڕاستەقینە و کەسێتیان لە شاخیش هەڵبدەینەوە، چونکە ئەوەی ئیستا ڕوودەدات زادەی ڕەوشتی ئیستایان نییە، بەڵکو ئەو کاتەش ئەمانە لە شاخ هەر بێنەخلاق بوون، کە لە لوتکەی خەبات بۆ ئازادیی و نیشتمانێکی یەکسان بانگەشەیان بۆ دەکرد، هەرلە قوناخی سەرەتایی شۆڕشدا ئەم حیزب و بەرپرسانە خاوەنی سەدان تاوان و پێشێلکاری مەترسیداری مافی مروڤ بوون و لە ناو خۆشیاندا ناپاک بوون و بۆ دژایەتی یەکتر .زۆر تاوانی ڤێزەوەنیان دژ بەیەك کردووە**

**لێرەدا وەك ئەرکیکی ئەخلاقی و ژیان لەگەڵ ئەو ئازار و تاوانەی بە بەرچاوی ئێمە ٣٣ ساڵ لەمەوبەر بەرامبەر بە کوڕە هەژارێك کراوە، کە تەڕی بوو لە پاکیی و لە جوانی، پڕ بوو لە دڵسۆزی بۆ خاک و نیشتیمانەکەی، من دەمەوێت ئەو چیرۆکەتان بۆ باس بکەم، چونکە ٣٣ساڵە ئازاری پێوە دەخۆم و وێنەی ئەو گەنجە بەردەوام لە بەرچاوم ون نابێت، کاتێک بیری لێدەکەمەوە، هزری سیاسیم بۆ ئەوە دەڕوات و دەڵێم ئیلاهی ئێمە چ بەشەرێک بووین، کە بەناوی شۆڕش و خەبات بۆ ئازادیی و داکۆکی لە مافی میللەتێک، ئێمە چ سەرکردەیەکی پیس و تاوانبارمان پێگەیاند و**

تاوانمان بەرامبەر بە خەڵکی گوندەکان ئەنجام دا، بۆیە بۆ ئەوەی چیتر ئازار نەخۆم و تا لە ژیاندا ماوم و نەمردوم، لە ڕێگای ئەم پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاش کە بوارێکی ڕەخساندوە مرۆڤ بتوانێت بەجۆرەها شێوە تاوانە کۆنەکانیش تۆمار بکات بۆ ئەوەی ویژدانمان ئاسودە بکەین ئەم چیرۆکەشتان بۆ دەگێرمە و هیوادارم هاوڕێکانی تریشم کە تاوانی ئەو .بەرپرسانە دەزانن باس و بە دۆکۆمێنتی بکەن، تا بزانن تاوان هەرچەندە کۆن دەبێت بەڵام لە نێو ناچێت

## :عەلی بچکۆل

.بەر لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە با باسی یەکێک لە قارەمانی ئەو چیرۆکەتان بۆ بکەم، کە ناوی عەلی بچکۆلە عەلی بچکۆل بەرپرسی سەربازیی مەڵبەندی دوو بوو، مەفرەزەیەکی هەبوو لە پشتەوە تەقەیان لە چەندین پێشمەرگە کردووە و تیرۆر و شەهیدیان کردوون، خۆشی دواتر ددانی پێداناوە و بەخۆی لە ڕاگەیاندنەکانی ئەو سەردەمەی شاخدا باسی کرد، دەیگوت بەناهەق زۆرکەسمان شەهیدکردوە، لە کاتی ئەنفالدا ئەم عەلی بچکۆلە و عومەر فەتاح و هێزەکانیان بواریان نەدابوو هەزاران خەڵکی گوندەکان لە دەست هێرشی سەربازە ئەنفالچییەکانی بەعس رابکەن و خۆیان رزگار بکەن، ئەو ڕووداوە لە زۆر شوێن و بۆنەدا باسکراوە، من ئەمەیان باس ناکەم.لێرەدا تاوانێکی زۆر گەورەی نامرۆڤانەی ئەو فەرماندەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانتان بۆ باس دەکەم، کە بەرامبەر کوڕە هەژارێکی دەشتی هەولێر ئەنجامی داوە.چیرۆکە لەوێوە دەست پێدەکات، کاتێک پارتی و سۆسیالیست و شیوعییەکان، پەلاماری یەکێتیان دا و سەرەنجام سەرکردەیەکی دیاری یەکێتی بەناوی (ئەحمەد قەمبەری) و حەوت پێشمەرگەیان شەهیدکرد، بۆیە سەرکردایەتی یەکێتی لە تۆڵەی ئەو شکست و خەنجەر وەشێنەی پشتەو، بڕیاری دا لە شوعیەکان بدات، ئەو تۆڵەکردنەوەیەش بە تاوانی پشتئاشان ناسرا و کۆتایی هات، کە تاوانێکی زۆر قێزەوەنە و مرڤ شەرم دەکات باسی .بکات

دوای شەڕی پشتئاشان هێزێکی مەڵبەندی دوو لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی مەڵبەندی سێی یەکێتیی ڕوویان کردە دەشتی .هەولێر، ئەو هێزە عەلی بچۆل سەرکردایەتیی دەکرد

ڕۆژێك لە گوندی پوریجە دانیشتبوین، ئەو گوندە کە دەکەوێتە ناحیەی قوشتەپەی سەر بە شاری هەولێر و پشت گوندەکانی دۆرەبەکرە و گەرەشێخانە، گەنجێك لە سەر گردەکەی پۆریجە هاتە خوارەوە ئێمە لە دوورەوە بینیمان، چونکە ئەو گردە لە دووریی ٧٠٠ مەتریشەوە هەر کەسێک پێیدا بڕوات دەبینرێت، سێ پێشمەرگە چوونە پێشەوە ولێیان پرسی کە تۆ کێیت و بۆ کوێ دەیت، وەڵامی دابوونەوە کە دەیەوێت ببێت بە پێشمەرگە و بچێتە ناو ریزەکانی حیزبی سۆسیالیستەوە، دوایی من لێکم دایەوە، کە هەڵبەت کوڕێکی گەنجی هەرزەکار لە دڵ پاکیی خۆیەوە ئەوەی درکاندبوو، ئەوەندە ناخی پیس و بۆگەن نەبووە، تا درۆ بکات، بۆ ئەو هەموو حیزبەکان وەکو یەک وا بوونە، بۆیە ئەو سێ پێشمەرگەی یەکێتییە خۆیان لە کوڕە دەکەن بە پێشمەرگەی سۆسیالیست و گەنجەکەیان بۆ لای هێزەکانی .یەکێتی هێنا.گەنجێك بوو تازە موی سمێڵی دەرکردبوو، تەمەنی ١٥ و ١٦ ساڵ دیاربوو

لێیان پرسی ناوت چییە؟

!وەڵامی دایەوە وتی: عەلی

!پێیان گوت: بۆچی هاتووی؟

.وتی: هاتووم ببمە پێشمەرگەی سۆسیالیست لای سەید کاکە

ئیتر دوای کەمێك بۆ رابواردن بەو منداڵە سیناریۆیەکیان بۆ دانا و لە شێوەی شانۆگەرییەکدا هەموومان لەوێدا پاشەکشەمان کرد، وتیان وەرە چەکدارێکی جەلالیمان گرتووە دەبێت تۆ بیکوژی، تا فێری کوشتن ببیت، ئەوکات دەتکەینە پێشمەرگە و دەتبەینە لای سەید کاکە، بە گاڵتەوە بەبێ ئەوەی ئەو گەنجە بزانێت، پێشمەرگەیەکی خۆیان بە دەستبەستراوی هێنا و ئینجا کلاشینکۆفێکیشیان دا بەگەنجەکە، بەڵام دەرزی کلاشینکۆفەکەیان لێدەرهێنابوو، ئیتر هەموومان لە چواردەوری گەنجەکە کۆبووینەوە، ئیتر زۆربەی پێشمەرگەکان غیرەتیان دەدایە بەر کورە منداڵەکە و دەیانگوت بیکوژە و دەی بۆ ناوێرێ، گەنجەکەش شەرم دایگرتبوو رەنگی تێکچوبوو، لە کۆتاییدا بە ناچاریی دەستی نا بە پەلە پیتکەی کلاشینکۆفەکەدا، چونکە دەرزییەکەیان دەرهێنابوو نەیتوانی تەقەی نەکرد و نەیتوانی بیکوژێ، بۆیە پاش کەمێك دواتر چەند مروفکوژێك لە پیاوەکانی عەلی بچکۆل، ئەوگەنجەیان بردە گورستان و لە بەرچاوی خەڵك شەهیدیان کرد، دوایی پێشمەرگەکان، دەیان گوت ئەو منداڵە بچکۆڵە بێگەردە، بە دەستیانەوە دەگریا و دەیگوت من هاتومە ببمە پێشمەرگە توخوا مەمکوژن، بەڵام ئەو مروفکوژانەی عەلی بچکۆل، بە زەییان پێیدا نەهاتەوە و دڵیان لە ئاستی پاکیی و خاوێنی ئەو منداڵە نەرم نەبوو، هەر شەهیدیان کرد و تەرمەکەشیان بەخەڵکی گوندەکەش ناشت، .ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکی گوندەکە زۆر لە یەکێتیی تورە بوون هەموویان بوونە دوژمنی یەکێتیی بۆ راستی ئەم رووداوە دەتوانن لەپێشمەرگەکانی ئەو کاتی مانگی ٥ ی ١٩٨٣ کە لەگەڵ عەلی بچکۆلی تاوانباردا بوون و هەروەها لە خەڵکی گوندی پوریجە بپرسن کەهەیانە ئامادەیی هەیە بجیتە دادگا و گەواهی لەسەر بدات.دوای دووساڵ بیستمانەوە، کە ئەو کورە گەنجە، تاقە کوری پیرەژنێکی هەژار بووە.تاقانەی حەوت خوشك بوو، زۆر بە هەژاریی پێیی گەیاندبوو، بەئامانجی ئەوەی بچێتە شاخ و خەبات بۆ ئازادیی گەلەکەی بکات، بەڵام بەم تراژیدیایە ..شەهیدیان کرد

هەندێک لە سەرکردە و پێشمەرگە ناسراوەکان یادگاری خۆیان و بیرەوەرییەکانیان دەنووسنەوە، باشی ئازایاتیی و قارەمانێتیی خۆیان دەکەن، دەیانەوێت بە گەشیی و بە جوانی بخرێنە نێو مێژووەوە، عەلی بچکۆل یەکێکە لەوانە کە بە ناوی هەورازەرێ، بیرەوەرییەکان خۆی نووسیوەتەوە، ئەم تاوانە و دەیان تاوانی قێزەوەنی دیکەی لە بیر چووە، کە .تێیدا بینووسێتەوە، بە بۆیە من پێویستم زانی ئەمەشی بۆ زیادبکەم

چاوەروانی بەشی دووەم بن، تێیدا باس لەوە دەکەین چۆن هێزێکی یەکێتی بەسەرکردایەتی سەلاح شێنە لە دەرەنجامی رەفتاری شێخ جەعفەر و سەرکردایەتی یەکێتی هەموو رێگایەکیان لێگرتن، ناچار تەسلیم بە بەعس بونەوە و ناپاکیان .لەگەلەکەیان کرد

پێشمەرگەی دێرین

## کوسرەت رەسوڵ و شێخ جەعفەر ئەو دوو بەرپرسەی کە کۆمەڵێک پێشمەرگەی دڵسۆزیان ) ناچار کرد بچنەوە ناو حکومەت

دەبێت ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، کە باکوری کوردستان، نزیکەی ٢٥ ملیۆن مرۆڤی کورد تێیدا دەژی و بۆ ٣٣ ساڵ دەبێت شۆڕش و جوڵانەوەیەکی رزگاریخوازی وەك پەکەکەی تێدایە و لەگەڵ ئەو هەموو بەرتیل و هەوڵەی تورکیا و بنەماڵەی بارزانی لەدژایەتی ئەو حیزبە، نەیانتوانیوە هێندەی جاش و جاسوس و پیاوخراپی تێدا دروست بکەن وەکو ئەوەی کە لە باشووردا هەیە، کە تا چەند ساڵ لەمەوبەر ٣٥ هەزار جاش لە باکور هەبوو، بەڵام دوای سەردانیکردنی بەرپرسانی هەدەپە لە هەڵبژاردنی ٢٠١٥ بۆلای هەندێ لە سەرۆك خێڵی ناوداری کورد بەشێکیان وازیان لەجاشایەتی هێنا و ئیستا ژمارەی جاش لە باکور کەمی کردووە، بەڵام لە باشوری کوردستان بە بەردەوامی رێژەی جاش بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت!؟

هەڵبەت وەڵامەکەش دەتوانین لەوێوە دەست پێبکەین کە پەکەکە پێش ئەوەی شەڕی ئەنقەرە بکات لە خائین و جاشەکانی ناوخۆوە دەستی پێکرد، لوتی جاش و خائینەکانی شکاند، ئەمان وەکو پارتیی و یەکێتیی نەبوون کە متمانە بە کەسانی چەورە و سەرسەری بکەن، شۆڕش بەرێوە بەرن، هەرچی پیاوکوژ و هۆمۆ و نێرباز و داوێنپیسە لە ناو شۆرشەکانیاندا کۆیان کردبوونەوە، بەرپرسیارێتیان دابوونێ، جگە لەوە پەکەکە بە بیروباوەرەوە هاتنە مەیدان بۆیە دەبینین ئافرەتیش رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت، بەڵام لە باشوور هەرچی داوێنپیس و بەدرەوشتە کەوتنە دەستدرێژی کردن بۆ سەر ئافرەتانی گوند و شارەکان، مێژووی پارتیی و یەکێتیی جگە لە لێدانی ئافرەت جێگای ژنی تێدا نەبۆتەوە، یان بە ژمارەی پەنجەی دەست ژمێردراون و ئەوانەش هەمیشە لە پیاوە سەرسەریی و دوانپیسەکان دوورخراونەتەوە. هەروەها وەڵامێکی دیکەش بابەتەکەمان بۆ بەهێزتر و دەوڵەمەندتر دەکات، ئەوەیە کە مەلا مستەفای بارزانی و کورەکانی، هەر سەرۆك خێڵێک نەبووبێتە کۆیلەیان پاڵیان پێوە ناوە تا حکومەت باوەشیان بۆ بکاتەوە ناچاریان کردوون رابکەن و ببن بە جاشی حکومەت، وەك خێلەکانی زێباریی و سورچی و هەرکی... تا دەگاتە ئەوەی پالپێوەنان بە ژمارە و هێزی گەورە و بەرینی وەك جەلالییەکان، کە لە ١٩٩٦ دا چوونە باوەشی حکومەتی بەغدا.

لە دوایین شۆڕشی نوێشدا سەرجەم حیزبەکان بەگشتی و پارتی بەتایبەتی ڕۆڵی زۆر مەترسیداریان بینی بە بەرنامە ژمارەیەکی زۆری خەڵکیان نارده نێو حکومەت و کردیانن بە جاشی حکومەت ، لە نمونەی قالە فەرج و تەحسین شاویش دارای حەمە ئاغا وهتد. تا لەو ڕێگایەوه پێشمەرگەکانی یەکێتی شەهید بکەن.

لە دوای ١٩٧٧ پارتیی و بنەماڵەی بارزانی هەوڵیاندا زۆرێك لە کادیره پیاوکوژ و پاراستنەکان بکەنە جاش، چەندین سەرکردەی جاش باسیان لەوه کردووه، کە ئەو سەرکردایەتییەی پارتی و مناڵەکانی بارزانی ڕێز لەخەڵك ناگرن، تا ئەو خەڵکە پەیوەندیی سیخوڕییان لەگەڵ دەوڵەتێکی داگیرکەر و دوژمندا نەبێت، واتا ئەوانەی دەبوونە جاش، پارتی و کوڕەکانی مەلامستەفا ڕێزیان زیاتر دەگرتن لەوانەی کە دڵسۆز و کوردپەروەر بوون.

یەکێتیش سەرەتا وەك هێزێکی شۆڕشگێر و چەپ دەرکەوت، دوایی ئەویش کەوتە نێو هەمان یاری سیاسی هاوشێوەی پارتییەوه، پۆلێك لەسەرۆك جاشی دروستکرد کە هێزە ئەیارەکانی لە ناوببات و هاریکاریان بکات، ئەمە جگە لەوەی بەهۆی نەبوونی پرەنسیپیکی تۆکمەی ڕێکخستن و زاڵبونی میزاجی کەسێتی دڵی زۆر کەسیان شکاند و ناچاریان کردن بڕۆن و ببنە جاش، کە لێرەدا من باس لە دوو بەرپرسی سەربازیی سەرەتاییەکانی پێشمەرگەی دەشتی هەولێر دەکەم، کە چۆن یەکێتی و چەند بەرپرسێکی لە پێشمەرگە نازا وهەڵۆکانی شۆڕشیان کرد، بچنەوه سار و ناپاکیی و خیانەت بکەن! بەڵام سەرەتا من ئەو دوو کەسایەتییەتان پێ دەناسێنم.



وێنەیەکی سەڵاح شینە

### ١. سەڵاح شینە:

لە دایکبوی ساڵی ١٩٥٨ گوندی دورەبەکرەی سەر بە ناحیەی قوشتەپە بوو، بنەماڵەکەی بنەماڵەیەکی هەژار و مەرداری گوند بوون. لە ١٩٨٠ سەڵاح شینە چووە شاخ و هەفتەیەك بووە پێشمەرگەی حیزبی سوسیالست، دواتر بەهۆی نورەی هاوریی گوندی، وازی لە سۆسیالیست هێنا و بووە کۆمەڵەی رەنجدەران. پاش ماوەیەکی کورت بەهۆی ئازایەتی و لێهاتووییەوە، بووە ئامرکەرتی چواری کەندیناوەی تیپی ٨٦ لە دەشتی هەولێر، دواتر بووە جێگری سەرتیپی ٨٧ قەرەچۆغ لە مانگی ٦ سالی ١٩٨٨ لەدەرەنجامی ئەوەی سووکایەتیی پێکرا و بە ئاشرینی مامەلەیان لەگەڵدا کرد، ناچار بوو بە خۆی و ٣٠ پێشمەرگە ی یەکێتی خۆیان رادەستی حکومەت کردەوە، بەداخەوە لەکاتی

تەسلیم بونەوەیدا ٨ پێشمەرگەی کوڕە هەژار و قارەمانی شیوعی و یەکێتیان شەهید کرد



وێنەیەکی سەڵاح شینە و نوری قادر

## ٢.نوری قادر

هەژار بوو. ئامۆزای شەهید جەبار موحەمەد کە لە ساڵی ١٩٧٨ بەدەستی ڕژێم لە دەشتی هەولێر شەهید کرا و ٣ .کوڕە پوریشی (شەهید ستار مۆتە، ئازاد مۆتە و شەهید احمد حسن مۆتە).هەر لە ناو ریزەکانی یەکێتی شەهید کران بەرلە دەستپێیکی باسەکە، هەموو خەڵکی هەولێر و قەراج و کەندیناوە و شەمامك دەزانن، کە نوری و سەڵاح چ کەسایەتییەکی قارەمان و پێشەوەی زۆربەی شەڕەکان بوون، ئەو دوو بەرپرسە و چەند بەرپرسێکی تری کوڕە هەژاری یەکێتی و شیوعی و سوسیالست توانیبێتیان بە قارەمانیتی خۆیان ٣٠٠ گوند و زۆربەی ناحیەکان نیمچە ئازاد بکەن و دوای ساڵی ١٩٨٦ شەوان نیوەی هولێر دەکەوتە دەست پێشمەرگە. ئەو شەڕانەی ئەو بەرپرسە سەربازیانە ڕۆڵی سەرەکییان تیا دەبینی، کە تا ئیستاش لە هزری زۆر کەسدا دەسوڕێتەوە و چالاکی دیار و بەناوبانگ بوون وەك لێدانی موشتەرەکەی هەولێر کە ١١٧ لە پیاوانی ئەمنیان کوشت و گرتنی قاتعی ابو جەعفەر مەنسور، کە زیاتر لە ١٢٠ جەیشی شەعبی تێدا کوژراو بە دیل گیرا، هەموویان خەڵکی تکریت بوون، دیسان لە لێدانی سەیتەرەی هەولێر- .مەخمور و دیبەگە و  سەدان داستانیان تۆمارکرد، وەکو گرتنی دەیان رەبایە لە ریزی هەرە پێشەوە بەشدار بوون بەلێ لەوکاتدا تەنیا کوڕە هەژارەکانی هەموو حیزبەکان بەخوێنی خۆیان شاری هەولێریان بۆئازادیی ئاودەدا و ئەوەك زۆرینەی ئەو بەرپرسانەی ئیستا کە دەنگ و رەنگیان نەبوو، بەڵکو لە کەرەج و دوور لە شەڕەکان لێی کەوتبون



وێنەیەکی شێخ جەعفەر

## ٣-شێخ جەعفەر

لەساڵی ١٩٨٢ بە بڕیاری یەکێتی کرا بە سەر تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر، ئەم کەسە لەو سەردەمەدا و لە مێژووی یەکێتییدا نمونەیەکی وەکو شێخ جەعفەری بە خۆیەوە نەدیوە لە داوێنپیسی و بێموڕاڵییدا، ئەم کابرایە چەندین دەستدرێژی کردۆتە سەر ماڵان، لەوانە ماڵی ( ح، ج ) یان ( م ) لە دەشتی هەولێر (بە باشم نەزانی ناوی تەواوی ئەو بنەماڵانە بنووسم). ئەم شێخ جەعفەرە لەکاتێکدا سەرتیپی دەشتی هەولێر بوو، بەڵام تا ئەو کاتەی لەوێ ئەما لەو ناوە دوور نەدەکەوتەوە، بۆ جارێک چییە لە جادەی هەولێر- کەرکوك نەپەڕییەوە، تەنیا جارێك بۆ پرسەی پێشمەرگەیەك لە قوشاغلۆ چووبوو کەئەوکاتیش گفتوگۆی نێوان رژێمو یەکیتی بوو . پێش هاتنی شێخ جەعفەر بۆ دەشتی هەولێر پێشمەرگە و بەرپرسەکان زۆر بە پرەنسیبی کۆمەڵە دەجوڵانەوە، بەڵام لەگەڵ هاتنی شێخ جەعفەردا کەلتوری شەهوەتبازی و دەستدرێژی بۆ سەر ژنانی گوندەکان تەشەنەی کرد و زیاندی کرد چونکە خۆی بووە مامۆستای دەستدرێژیی و شەهوەتبازی ناو پێشمەرگەکان، لەو بوارەدا شێخ جەعفەر قوتابخانەی تاوان و کاری قێزەوەنی ناو پێشمەرگە بوو.

چۆنیەتی سەرهەڵدانی کێشەکە و رادەستبوونەی ئەو هێزەی دەشتی هەولێر

دوو رۆژ دوای گفتوگۆی نێوان بەعس و یەکێتی لە ١٩٨٣ / ١٢ / ٥ دەیان پێشمەرگە لە گوندی کەردز دەبن، نێوارە دوو پیکابی پڕ لە جاش کە پێک هاتبوون لە (١٩ ) جاش، دێنە گوندی کەردز کە ئەو گوندە دەکەوێتە نزیك قوشتەپە و بیستانە، کاتێک چاویان بەپێشمەرگەکان دەکەوێ دەڵێن هاتوین ببین بە پێشمەرگە، بەڵام پێشمەرگەکان باوەڕیان

پێناکەن، بۆیە هەموویان چەك دەکەن و دەیان بەن بۆ گوندی بیستانە، کە بەهۆی گفتوگوە تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر بارەگای لە بێستانە کردبۆوە، سەرتیپی ئەوکاتی ٨٦ دەشتی هەولێر ئەم شێخ جەعفەرە ئاموبارەکەی وەزیری .(پێشمەرگەی ئیستا دەبێت (لەخوارەوە گوێ لە ڤیدیۆکەی قاسم ئاغا بگرن

شێخ جەعفەریش فەرمان بە نوری قادر دەکات، کە ئەو کات ئامرکەرت بوو لەگەڵ سەردارە قیت، کە ئەویش ئامر مەفرەزە بوو لای نوری (سەردارە قیت دواتر لەشەڕی ناوخو کوژرا) پێی گوتن بڕۆن بیانکوژن ئەوانیش هەموویان لەسەر مەفرەقی بێستانە دەکوژن و لاشەکانیان جێدەهێڵن. تالەبانی، کە ئەو هەواڵەی پێدەگات گڕدەگرێ و دەڵێت بیانگرن و بینادەنە دادگا، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی هیچ جاشێک ئیتر ئەوێرێ بێتە ناو ڕیزەکانی یەکێتیی، بەتایبەتی کە یەکێتی یەکێك لە ئامانجەکانی ئەوەبوو هەوڵ بدات لە گفتوگۆی لەگەڵ بەعسدا بەشێك لەجاشەکان بکاتە هەواداری خۆی، بەڵام بەو کۆمەڵکوژییەی جاشەکان، ئیتر هیچ جاشێکی تر ئەیوێرا لە یەکێتی نزیك بێتەوە. دوای چەند ڕۆژێك دادگایی شێخ جەعفەر و نورە و سەردارە قیت کرا سەرۆکی ئەوکاتی دادگایی کردنەکە کۆچکردوو (د. کەمال .خۆشناو) بوو، چونکە ئەوکات کۆسرەت ڕەسوڵ هێشتا لە شار بوو، نەبووبووە پێشمەرگە

شێخ جەعفەر هەڕەشەی لە هەردوو بکوژی ئەو ١٩ جاشە کرد، کە دەبێت بڵێن ئەوانە هەوڵیان دا هەڵبێن بۆیە ئێمەش گوللەبارانمان کردن، بەڵام لەکاتی دادگاییکردنەکەدا نوری قادر ڕاستییەکەی گوتبوو، کە ئێمە وەك کادیرەکی سەربازیی بڕیاری شێخ جەعفەرمان جێبەجێکردوە، بۆیە شێخ جەعفەر بۆ ماوەی ٦ مانگ زیاتر سڕ کرا، ئەمر سابیر ڕەسول لە .شوێنی شێخ جەعفەردا بووە سەرتیپی ٨٦ دەشتی هەولێر

بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەو ڤیدیۆیە بکە کە چۆن قاسم ئاغا باس لە ڕاستی زانیارییەکەی ئێمە دەکات دوای تەواوبوونی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم دا، کۆسرەت ڕەسوڵ هاتە دەرەوە بەماوەیەکی کورت کرایە بەرپرسی مەڵبەندی ٣ یەکێتی، کۆسرەتیش هەوڵی جدی ئەدا بۆچارەسەرکردنی کێشەکە بۆیە کێشەی نیوان نوری قادر کە جێیگری سەرتیپی ٨٦ دەشتی هەولێر و شێخ جەعفەر بەردەوام بوو، بەتایبەتی دوای تەواوبونی گفتوگۆی یەکێتیی و بەعس، یەکێتیی وەك پیشەی ئیستای بۆ قەرەبووکرنەوەی تاوان و سزاکەی و دوای سڕ کردنەکەی هەڵسا پلە سەربازییەکەی شێخ جەعفەری لەسەرتیپی ٨٦ دەشتی هەولێرەوە کرد بە بەرپرسی سەربازیی هەموو مەڵبەندی ٣ هەولێر بەرزکرایەوە، بۆیە شێخ جەعفەر بەدوای تۆڵە دەگەڕا، کە لە نوری دوورەبەکرەی بکاتەوە، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٨٦ کاتێك یی دەشتی هەولێر ٢ سەیارەی سەربازی دەڕفێنن و دێنە گوندی پوریجە هەلیکۆپتەر دوایان دەکەوێ چەند ساروخێك بەگوندەکەوە دەنێت، بۆیە ئاغاکانی ئەو ناوچەیە شکایەت دەکەن لە نوری قادر، شێخ جەعفەریش ئەمە بە هەل دەزانی هەوڵ دەدا ئەو هێزە چەك بکات، بەڵام لە کەندی شاقازی، کە لە پشت گوندی پۆریجەیە لە نزیك قوشتەپە، ڕوو بە ڕووی یەك دەبنەوە، دەبێتە ڕاکێشانی کلاشنکۆف لەیەکتر، بەڵام دوایی بێ کێشە کۆتایی دێت و کێشە و ململانێکان بەردەوام دەبێت تا لەشەڕی قەیوان- ماوەت ١٩٨٧ شێخ جەعفەر و هێزەکەی شاخێکی ستراتیژی بەردەدا بەیانی بە تیپی دەشتی هەولێر دەڵێت ئێوە دەبێت بیگێرنەوە ئەوانیش دەڵێن یەکەم بە بەیانی، کە خۆر بە دەرەوە بێت،

گرتنەکەی قورسە. دووەم تو بەرت داوە، فەرمو بە خۆت برۆ بیگرەوە، بۆیە شەخ جەعفەر دەچێتە لای تالەبانی دەڵێت .ئەو هێزەی نوری شاخەکەیان بەرداوە تالەبانیش بەپەلە و بێ لێکۆلینەوە دەڵێت نوری قادر لە سێدارە بدەن سەلاح شینە، کە جێگر تیپی ۸۷ قەرەچوغ بوو، لە شوێنی سەفین مەلا قەرە بەشداری شەڕی قەیوان - ماوەتی کردبوو ئاگاداری رەوشەکە دەبێت بۆیە دەڵێت ئەوە ناهەقییە کە شێخ جەعفەر و تالەبانی بەرامبەر بە نوری قادر دەیکەن بەتایبەتی کە هەردوکیان هاوڕێی منالی و یەك گوند بوون، هەستی کردووە زوڵم لە نوری دەکەن، بۆیە داکۆکی لێدەکات، زیاتر لە ۱۰۰ پێشمەرگەی ئازای دەشتی هەولێر و قەرەچوغ لەگەڵ سەلاح شینە و نوری قادر دوای تەواوبوونی شەڕەکە یاخی دەبن لە یەکێتیی و مل بۆ بڕیارەکەی تالەبانی نادەن، شێخ جەعفەر و فەریدون عبدولقادر هێزێک بەدوایان دەنێرن، بەڵام ناوێرن لێیان نزیك ببنەوە. کۆسرەت تێکەڵ دەبێت، بەڵام هەلپەرستانە وەك ئیستا مامەلە دەکات، چونکە نایەوێ پێگەی خۆی لای تالەبانی لە دەست بدات. سیمای کوسرەت لە شاخ و شار ئەوە بووە یەکەم شت بیر لە قازانجی پێگەی ئیداری خۆی دەکاتەوە چ دەستکەوتیکی دەبێت، بۆیە دەڵێت ئەوە بڕیاری تالەبانییە، بەلای کەم با نوری قادر هەفتەیەك چەك دابنێ، سەلاح شینە دەڵێت ناهەقیە قبوڵ ناکەین بەو بڕیارەی یەکێتیی و تالەبانی با .لێکۆڵینەوە بکرێ

لە دەرەنجامدا کێشەکە قوڵتر دەبێتەوە، هێزەکەی سەلاح شینە و نورە بەلایەکدا دیتەوە، کۆسرەتیش هێزی ۷۸ کاروخ لەگەڵ خۆی دەهێنێتەوە، بەڵام بە دوو ئاراستەی جیا دەگەڕێنەوە دەشتی هەولێر، هێزەکەی سەلاح و نوری قادر لە .بەستی شەڕغە و ئاومار دەبن، وەك هێزێکی یاخی لە یەکێتیی



کۆسرەت، شەهید عومەر عەوێنە، نوری قادر، ، شەهید مەناف) ڕۆژێک دوای هێرشکردنە سەر قاطعی جعفر بن) منصور

پاش ماوەیەك نوری قادر پیلانی دەستگرتن بەسەر قاتعی ئەبو جەعفەری مەنسور دادەنێ، لەگەڵ شەهید عومەر عوینە و کۆسرەت و ٦٠ پێشمەرگەی هەرە ئازا لە تیپەکانی ٨٦ی هەولێر87٨٧ی قەرەچوخ هەڵدەبژێرن لەگەڵ ١٢ ئارپیجی ئەوهێزە بە پێوە و بە وەستان هێرش بکاتە سەر ئەو قاتعە بە دوری ١٠٠ مەتر زیاتر دەبوایە بەپێوە بڕۆن و گوللە بارانیان بکەن و ئارپیجی بتەقێنن تا نەتوانن هیچ کاردانەوەیەکی هەبێت سەرکەوتو دەبن لەهێرشەکە و قاتعەکە دەگرن وەزیاتر لە ١١٠ جەیش شەعبیش دەکوژن و ١٠ جەیشی شەعبی بە دیل دەگرن، کە هەموویان خەڵکی ناوچەی تکریت بوون، هەروەها ٩ سەیارەی هینوی پڕ لەچەك دەگرن لەگەڵ ٢ ناقیلە، بۆیە تالەبانی ئەو جارە بروسکەی پیرۆزباییان بۆ دەنێرێ، بەتایبەتی بۆ نوری قادر و لە بڕیاری لە سێدارەدانەوە دەیکەنە قارەمان. بەڵام ئەو چالاکیە بە توڕەبوونی سەلاح شینە تەواو دەبێت، چونکە نوری قادر بەهیچ شێوەیەك ئاگاداری ناکاتەوە و لەپشت ئەو چالاکیە کە دەیکات، تاهەیبەتی شیخ جەعفەر بشکێنێت، ئەمەش هەڵوێستێکی زۆر هەڵپەرستانەی نوری قادر دەبێت بەرامبەر سەلاح شینە و بەتەنیا لەململانێکە بە جێی دەهێڵێت، لەمەوە سەلاح هەر پەراوێز دەخرێ و هەندێ خزمی جۆکەری سیخوڕیش ئەمە بە هەل دەزانن، زیاتر هانی دەدەن وەك جەوهەر خدر، شوان و دیاب و جەمیل پیرداود، بەتایبەتی جەوهەر خدر هانی دەدا ببێتە پارتی، سەلاح بڕوا پێدەکەن، بەڵام دەقی ئەو زانیاریی و پیلانە دەگاتە دەست ڕێکخستنەکانی یەکێتیی و کۆسرەت. کۆسرەت بەدواچوون دەکات بۆ ڕاستی مەسەلەکە و ڕاست دەردەچێت کە هێزێکی پارتی بەسەرپەرشتی خدر سوارەی بندیان دێتە خوارەوە، کە ئەو کات لە گوندی شیخ وەسانان بارەگا دادەنێ، کۆسرەت ڕەسولیش لە بری ئەوەی کێشەکە چارەسەربکات و سەلاح هێور بکاتەوە کەچی کێشەکە قوڵتر دەکاتەوە هەڵدەستێت بەناردنی وەڵام بۆسەلاح کە بێتە سماقولی لە (بارەگای سەرەکی مەلبەندی ٣) لەوێ دەبێت سوێندی شەرەف دەخوات کە هیچ ناکات لەگەڵی و دەیەوێ ئاشتی بکاتەوە و لەگەڵ یەکێتیی کێشەکە چارەسەر بکەن، چونکە بەس سەلاح مابوە کە یاخی ببوو، بۆیە سەلاح شینە بەخۆی و ٣چەکداری دەچێتە لای کۆسرەت، بەڵام کۆسرەت ڕەسول سوێندخواردنەکەی کە بە شەرەفی بووە دەیشکێنێت و یەکسەر لە بری پێشوازیکردنی زیندانی دەکات، دەیخەنە زیندانی تاکە کەسی لەگوندی زیارەت لە خۆشناوەتی و چەند پێشمەرگەیەك بە دیارییەوە دادەنێن زۆر ئازاری دەدەن و سوکایەتی بەسەلاح دەکەن. لەو زیندانییە تاکە کەسییە کەم کەس دەتوانێت دیداری لەگەڵدا بکات، جگە لە سەفین مەلا قەرە و خزمێکی نزیکی خۆی بە ناوی سورە.

کۆسرەت ڕەسوڵ، ئەو قارەمانەی کە لە کاتی شەڕدا چەندین پێشمەرگەی ئاحەزی خۆی لە دواوە کوشتووە دوای زیاتر لە ٣ مانگ سەرەنجام سەلاح ئازاد دەکەن و دەیکەنە سەر تیپی ١٢ سوران، بەڵام سەلاح هەست دەکات ئازادکردنەکەی بۆ ئەوەیە کە بیبنێرنە شەڕەوە و بە پلان بیکوژن. لە شەڕەکانی مەرگە (١٩٨٨)، سەلاح هەست بەوە دەکات کە چەند جارێك گوللە لە پشتەوە بۆی دێت، دەزانێت دەیانەوێ لەپشتەوە لێیی بدەن و بەپێی زانیاری و بەدواچوونەکانی هەست دەکات مەفرەزیەکی مەڵبەندی ٢ لەم شەڕەدا دانراوە، (ئەو کەسەش کە تەقەکەی لێدەکات، دوایی دەردەکەوێت کە عەلی بچکۆل بووە بەرپرسی مەڵبەندی دوو دەبێت) کە لەپشتەوە لە شەڕەکاندا بیکوژن. سەلاح

شینە وەڵام بۆ نوری دورەبەکرە دەنێرێ و دەڵێت وەرە لەگەڵم بەو بمگەیەنە دەشتی هەولێر من لەسەر تۆ توشی ئەوهەموو ئازار و سوکایەتیی بوومە و ئیستاش هەوڵی کوشتنم دەدەن، بۆیە سەلاح شینە بەچەند پێشمەرگەیەك لەگەڵ نوری قادر بەهێزێکەوە دووبارە یاخی دەبنەوە و دێنەوە دەشتی هەولێر و چەند وەفدێکیان بۆدەنێرن و لە ئیستگە بانگەواز دەکەن کە لەهەر شوێنیکن بگەنەوە سەرکردایەتی، بەڵام ئەوان گوێی پێنادەن، بەتایبەتی کە نامەیەکی شێخ جەعفەریان پێدەگات و زیاتر تورەیان دەکات، تیایدا نووسراوە: دێنە سەرکردایەتی وەرن، گەرنا وەك سەگ پەتتان !دەکەین

کە دەگەنەوە دەشتی هەولێر سەلاح شینە دووبارە خزمە سیخورە جوکەرەکانی لێی نزیك دەبنەوە هانی دەدەن بێتەوە تەسلیمی بەعس بێتەوە، ئەوانیش هاریکاری دەکەن بەتایبەتی جەوهەر خدر شوان و دەوڵەمەندێکی هەولێری بەناوی عونی حاجی قادر، کە هەردوکیان هەم پاراستن و پارتی بوونە، هەم پیاوی رژێمیش دەبن، کە گوایە نوری رازی نەبووە بە تەسلیم بوونەوە، بەڵام نوری ئەوکات برایەکی بە ناوی شەمسەدین قادر کە گیرا بوو لە ژوری سێدارەدان بوو عەونی و جەوهەر بە نوری دەڵێن، ئەگەر تۆش تەسلیم نەبیتەوە، دائیرەی ئەمن پێی گووتوین شەمسەدینی برات .بۆ چەند ڕۆژێکی تر لە سیدارە دەدەین، ئەگەر تەسلیمیش ببیتەوە ئەوە شەمسەدینی براشت ئازاد دەکەین

سەلاح شینە لەگەلیان رێك دەکەوێ و پەیوەندی بە ئەمنی بەلدەوە دەکەن و بەومەرجە وەریدەگرنەوە کە دەبێت چەند پێشمەرگەیەکیان بۆ بکوژێ، سەلاح شینەش پیلانەکە جێبەجێ دەکات لەگەل هێزەکەی خۆیدا هەشت پێشمەرگەی حیزبی شیوعی لەچەند گوندێك کەمینیان بۆ دادەنینەوە شەهیدیان دەکەن، لەگەل تەسلیمکردنەوەی خزمێك و پێشمەرگەیەکی خۆی، کە ئامادە نابێت لەگەڵی تەسلیم بێتەوە بەناوی هەینی و دواتر لەسیدارەدرا بەمەش سەلاح شینە و هاوڕێکانی مێژووە جوانەکەی خۆیان بە هۆی شیخ جەعفەر و کۆسرەت رەسوڵەوە گۆڕی بۆ مێژویەکی قێزەوەنی ناپاکی مرۆڤ کە ئەو چیرۆکە راستەقینەیە دەخوێنێتەوە، یان بەو زانیارییە مێژووییەدا دەچێتەوە هەست دەکات چۆن لەهەڵە و نەزانینی مامەلەی ئەو کوڕە هەژار و قارەمانانە، چۆن ناچاریان کردن بەرەو زەلکاوی هەڵبژاردنی ڕێگای ناپاکی هانیان دەدەن، جگە لەوەی نوری و سەلاح شینە، کەسانی سەربازیی و تێگەیشتوی فیکری نەبوون، کادێری کۆمەڵە و کەسانی وشیاریشیان لەگەڵدا نەبووە، بۆیە زیاتر کەوتنە نێو زەلکاوەکەی ناپاکییەوە، بەپێی زۆربەی بەدواچوونەکان سەلاح و نورە پێشوتر پەیوەندییان بەبەعس نەبووە و لە هیچ بەڵگەیەکی بەردستی بەعسیشدا ئەوە بەردەست نەکەوتووە، بەڵکو لەمانگی ٥ و ٦ ی ١٩٨٨ لە رێگای ئەو سیخورانەی پاراستن و بەعس پەیوەندییان لەگەڵ بەعس کردووە و زیاتر هانیان داون بەرەو تاوان و ناپاکی برون، گەرنا هەموو ئەوانەی ئەم بابەتە دەخوێننەوە کە ئەو هێزە و بەرپرسانە چ کوڕە هەژار و قوربانیدەرێك بوون، لە پێناوی گەلەکەیاندا چەندین ساڵ یاریان بە مەرگی خۆیان و خزم و بنەماڵەکانیان کردوە، بە نمونە سەلاح شینە ٢ ئامۆزای لەگەڵی شەهید بووە (مەغدید و باشە) و نوری قادر خۆی ٢ جار بە سەختی بریندار بووە، و ٣ کورە پوری بەناوەکانی (ستار، ئەحمەد و ئازاد مۆتە شەهید بوون و ئامۆزای بوون، .... کە لەمەفرەزە سەرەتاییەکان بوو لە ساڵی ١٩٧٨ شەهیدبووە بە ناوی جەبار موحەمەد

هەموو خەڵکی دۆرەبەکرە و هێزەکەی سەڵاح شینە و هاوڕێکانی دەزانن لە ساڵی ١٩٨١ سەڵاح شینە جەیش شەعبیەك دەگرێ بەناوی بایز کە خەزوری مەلا حوزێری جاش دەبێت بە ٣ هەزار دیناری سویسری ئازادی دەکات و مەلا حوزێریش دەچێت باوك و برای سەڵاح شینە دەگرێ و بە ٣ هەزار دینار پێدانەوەکە ئەویش ئازادی دەکات، بەڵام سەڵاح شینە لە بری ئەوەی پارەکە بۆ باوك و برا هەژارەکەی بگەڕێنێتەوە دەچێت بیکەیسی و چەند کلاشینکۆفێکی پێدەکڕێ و بە ماڵی باوکی دەڵێت ناتاندەمەوە ... لەکاتێکدا باوکی زۆر هەژاربووە و نیوەی مەڕەکانی خۆی فرۆشتووە بۆ ئازادکردن، ئەمە جگە لەوەی دەیان شەڕی شار و دەشتی هەولێریان کردوە، کە دەیان جار خۆیان و کەسە نزیەکەکانیان بەرێکەوت لە مەرگ رزگاربوونە. قارەمانیتی هەردوکیان لەگوتن تەواونابێت کە لێرەدا تەنیا ئەو شەڕەی نێو شاری هەولێر و گەڕەکی حی العمال دەهێنمەوە کە لە گفتوگۆی رژێم و یەکێتییدا (سەڵاح شینە و سەفین مەلا قەرە، بە تەنیا لە ماڵێك دەبن و دوو دەمانچە و یەك کلاشینکۆفیان پێدەبێت، جاشەکانی سەید قەهار بەخۆیان و سەدان پیاوی رێم دەوریان دەدەن بە رۆژی روناك پێنج کاتژمێر شەڕ دەکەن تاهێزی پێشمەرگە دەتوانێت بگاتە نێو شاری هەولێر و ئابلۆقە سەربازیەکەیان لەسەر لادەبەن و رزگاریان دەکەن، لەو شەڕەدا جاشەکان ٣٠ رومانەیان زیاتربۆ ئەو ماڵە هەلدابوو کە سەفین و سەڵاحی تیادابووە، و بەڵام لە زاری سەفین مەلا قەرە لە زۆر شوێن باسی کردووە، کە سەڵاح شینە بەتەنیا ٢٥ رومانەی هەڵگرتوتوەوە بۆیانی فرێداوەتەوە لە کاتێکدا هەم دەست سوتێن بوە هەمیش زۆرمەترسی بوە بەگیانیدا بتەقێتەوە

بۆیە لەبری ئەوەی ئەو کورە هەژارانە زیاتر پەروەردە بکرابانایە و بە ژیرانە مامەلەیان لەگەڵ بکرایە، کەچی هەموو دەرگاکانیان بەسەردا داخستون و پاڵیان پێوەناون، تا تەسلیم ببنەوە بە رژێم ئەو هەموو کورە هەژار و پێشمەرگە قارەمانانەی حیزبی شوعی و یەکێتییش شەهید بکەن و مێژوی تێکۆشانیان لە هەڵۆبونی دەشتی کاکی بەکاکیەکەی هەولێردوە بکەنە ناپاك و دژ بەگەلەکەیان

:

١. کۆی ئەو زانیاریانە زادەی کۆکردنەوەیە لە ٨ کەسایەتی کە ٥ کەسیان لە نێو رووداوەکاندا بوونە، یەکێکیان بەخۆمم

٢. سەڵاح شینە کەمتر لە ساڵێك دوای تەسلیم بوونەوەی لە کۆڕێ لەگەڵ جاشەکانی جەمیل ئاغای کۆڕێ دەبێتە شەڕی .و دەیکوژن، نوری دورەبەکرەش هەر زوو واز دەهێنێت و دەبێتە سەرباز و ئیستاش بەرپرسە لە ناو یەکێتیی



کاروانی سەروەری

شەهید

جەوهەر خدر شوان

ئەم شەهیدە قارەمانە لەساڵی ١٩٤٢ لەگوندی دێمەکار لەدایك بووەو لەساڵی ١٩٧٩ لەنێو کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە خەباتی خۆی پەرەپێداوە لەساڵی ١٩٨٨ دەزگا سەرکوتکەرەکان لەهەولێر دەیگرن دوای ٦ ساڵ زیندانی لە٢٣/٦/١٩٩٤ ئازادکراوە. لەدوایدا بۆتە فەرماندەی فەوجی ٢٤ی سەر بەلیوای ٣١ی رۆژئاواو ئازایانە بەرگری لەدەستکەوتەکانی راپەرین و حکومەتی هەرێم کردووە.

ئەم قارەمانە لەشەوی ٢٨\٢٩/٣/١٩٩٥ لەسەنگەری بەرگری لەدەستکەوتەکان بەسەختی بریندار دەکرێ و دوای ١٤ رۆژو لەرۆژی ١١/٤/١٩٩٥ شەهید دەبێت.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهید جەوهەرو سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

**یەکێتیی و رۆژنامەی کوردستانی نوێ، جەوهەر خدر وەکو پێشمەرگە باس دەکەن**

**٣. بە پێیی زانیاریی وبەدواچوونی ئێمە جەوهەر خدر لە ژیانیدا کۆمەڵە نەبووە، دەڵێن ماوەیەك لەگەڵ خەتی گشتی جەلالی بووە، بەڵام کاری بە بەردەوامی بۆپاراستن و بەعسیش دەکرد، ئەوەی کوردستانی نوێ باسی دەکات کە لە ساڵی ١٩٨٨ لەسەر کوردایەتی گیراوە، زۆر شەرمەزارییە، چونکە کاتێك جیگر فەوجی سوکی عەشیرەتی ساڵەییەکان ١٣٥ بوو، تاوانێکی دڕندانەی دژی ئامۆزاکانی خۆی کرد، یەکێکی لێ شەهیدکردن و شەشیشی لێ بریندار کردن بەجەکی جاشایەتی . بۆیە لەگەڵ مەفرەزەیەك لەجاشەکانی بەبڕیاری دادگای هەولێر بڕیاری زیندانی ئەبەدی کران، بەلام لەگەرمەی شەری ناوخۆ بەعس زۆربەی مروڤ کوژەکانی کوردی ئازادکرد تاشەرەکە گەرم بکەن**

**٤. بەهیوام هەر هەڵە و کەم وکورتییەکم هەبێت بۆم راست بکەنەوە و دەوڵەمەندی بکەن، با ئەو لاپەڕانە لەسەر ئەو سەرکردە و بەرپرسانەی لە شاخیشەوە دەیان تاوان و سوکایەتییان بەخەڵك کردووە هەڵبدەینەوە**

# کوشتنی دیلە کان لە شاخ

!

مێژووی تاوان و کوشتنی خەڵکی بێ تاوان لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کورد بەناوی شۆڕش و پێشمەرگە، هیچی کەمتر نیە لە تاوان و کوشتارەکانی ڕژێمی بەعس کە لە بەرانبەر گەلی کورددا ئەنجامیان داوە.

پێناسەیەکی کورت بەر لە ڕووداوەکە:

غازی نورەدین خورشید) ناسراو بە غازی بەگ خەڵکی شەقڵاوە بوو. ئەوانەی غازی بەگ دەناسن دەزانن کابرایە کی) چەند دڵسۆز و باش بوو. زیان و زەرەری بۆ کەس نەبووە.

لەگەڵ دەستپێکردنی گفتوگۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ڕژێم لە ساڵی ١٩٨٣ دا، فەوجو سریەی جاشەکان لە کوردستان زۆر بوون. زۆرێک لە دەرەبەگ، ئاغا و سەرۆک عەشیرەتەکان فەوجیان وەردەگرت و ڕژێم هاوکاری دەکردن. هەر ئامیر فەوجێک کۆمەڵێک خەڵکی ناونووس ئەکرد. زیاتریش ئەو فە وجانە بۆ خۆپارستن بو لە گرتن و ڕاوەدونانی خەڵک بۆ سەربازی. فەوجەکان دابەش ببون بەسەر هێزەکان. ئەوکاتە فەوجی غازی بەگی شەقڵاوە ژمارە ٣١٣ی بۆ دیاریکرابو لە لایەن ڕژێم. زۆربەی ئەوانەی لای غازی بەگ بوون، خەڵکی شەقڵاوە و گوندەکانی دەوروبەری بوون. لەناو ئەوانەشدا خەڵکەکە لەو کەسانە پێکدەهاتن کە نەدەچونە خزمەتی سەربازی و هاوکات نەیاندەتوانی ببنە پێشمەرگە "جاش وەرەقە".".

غازی بەگ هێرشی نەکردبوە سەر گوندەکان، خەڵکی نەگرتبو و ڕادەستی دائیرەی ئەمنی نەکردبوون. ناوبراو هیچ کاتێک پێشمەرگەی شەهید نەکردبو، کەمینی بۆ دانەنابونەوە و شەوان لەگەڵ ڕژێم نەدەچوە دەرەوە. جگە لەوە ئەو پیاوە یەک جاریش براو باوکی پێشمەرگەی نەگرتبو، بەپێچەوانە وەک کەسێکی دڵسۆز هاوکاری زۆری پێشمەرگەی کردبو. ئەو ئامیر فەوجە فیشەک، خواردن و کەلوپەلی بۆ بارەگاکانی پێشمەرگە دەنارد. لێرەدا پرسیار ئەوەیە: بۆ دەبێ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بڕیاری لێدانی فەوجەکەی غازی بەگی بدات

ئەوانەی خەڵکی شەقڵاوە و دەوروبەرن دەزانن کێ تاوانبار بوە و کێ هاوکاری ڕژێمی دەکرد. ئەگەر مەبەستی یەکێتی کوشتنی جاش و پیاوە خراپەکان بوایە، دەبوایە ئەوان هەوڵی کوشتنی (حەسەن ئاغای ماوەرانی، کەمال سوێرەیی، سەیدۆی دەشتی هەریر و ئەنوەر کوورەگێسکی) بدابوایە. ئەو چوارجاشەی کە ناوم هێناون، بەبەڵگەوە لامە پێشمەرگەیان شەهیدکردووە و هاوکاری دەزگای ئەمنیان کردوە. ئەو جۆرە کەسانە چەندین جار کەمینیان بۆ پێشمەرگە دادەنایەوە. شەوان لەگەڵ دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم دەچونە سەر ماڵە پێشمەرگەکان، خەڵکیان دەگرت و ڕادەستی دائیرەی ئەمنیان دەکردنەوە. لە هەمووشی سەیرتر، دوای ئەو هەموو تاوانانە، حیزبەکان لە دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١. یارمەتیان داون و بە پلەی باش باش خانەنشینیان کردوون

ڕووداو و تاوانەکە

لەسەر فەرمانی کۆسرەت ڕەسوڵ، بڕیاری لێدانی فەوجی غازی بەگ و جەمیل ئاغای کۆڕێ وەرگیرا لە شارۆچکەی مەسیف سڵاحەدین. فەرمان درا، بە تیپی ٩١ی سەفین، تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و مەفرەزەیەکی مەڵبەند تاکو بڕیارەکە جێبەجێ بکەن. تەحسین کاوانی سەرکردایەتی تیپی ٨٥ی بەرانەتی ئەکرد. ئامیرکەرتەکان پێکهاتبوون لە ئاسۆ ئەڵمانی فایلدار، بورهان سەعید سۆفی و حاجی مەسیفی کە پیاوی کۆسرەت بوون و لە دیلکوشتن و شەڕی ناوخۆییدا ڕۆڵێکی قارەمانانەیان هەبوو. تیپی ٩١ی سەفین لەلایەن سەفین مەلاقەرە سەرکردایەتی ئەکرا و ئامیرکەرتەکان پێکهاتبوون لە هاشیم باپیر، وەستا عەلی و لادێ حەسەن. ئەو تیپە وەک تیپەکانی دیکە دیلکوژ و شەڕخواز نەبوون. بەتایبەتی سەفین مەلا قەرە و کاک لادێ، بەقسەی کۆسرەتیان نەدەکرد و کاروفەرمانەکانیان جێبەجێ نەدەکرد.

شەوی ١٢/١١-١٢ی ١٩٨٧ هێزەکانی یەکێتی هێرشیان کردە سەر هەردوو فەوجی جەمیل ئاغاو غازی بەگ. تیپی٨٥ ی بەرانەتی ئەرکی هێرشکردنە سەر سرییەکانی پێ سپێردرابو و لە ماوەیەکی کەمدا، توانیان فەوجەکان بگرن. تیپی ٩١ی سەفین هێرشی کردە سەر رە بایە کان دەوروبەری سریەکان و سەرجەم رە بایە نانیان تێکشکاندن و لەکاتی شەڕەکەدا لە بارەگای مقر سریە، ئامیرکەرتێکی تیپی ٨٥ ی بەرانەتی بەناوی فوادە ڕەش، شەهید دەبێ. هەروەها لە هەمان شوێندا دوو پێشمەرگە بەناوی لوقمان خۆشناو و جەوهەر بریندار دەبن. لە سریەکەی غازی بەگدا ١٠ جاش کوژران لەناو کوژراوەکاندا، شێرزاد کەمال لەگەڵ ئیسماعیل ساڵح لە بنەماڵەی غازی بەگ بوون. هەروەها چەند کەسێک بەدیل گیران یەکێک لەوانە عزیز لوشی بو لە دەستی تیپی ٩١ی سەفین، بەڵام ڕێزیان لێی گرتبو.

ئەوەی جێگای نیگەرانی و شەرمەزاری بوو، ئەو چەکدارانەی تیپی ٨٥ی بەرانەتی بەناو شۆڕشگێر و پێشمەرگە، چوار کوڕی غازی بەگ کە لە تەمەنی منداڵی دابوون و چەکداریش نەبوون بەدیل دەگرن و لەگەڵ خۆیان دەبەن. بە قسەی یەکێک لە جاشە دیلەکان ئەو مناڵانەی غازی بەگ، لە هەولێر گەڕابونەوە و لە فەوجەکە لایاندابو بۆ ئەوەی کەسوکاری خۆیان ببینن.

چەکدارەکانی تیپی ٨٥ی بەرانەتی کوڕەکانی غازی بەگ بەرەو گوندی زیارە ت دەبەن. ڕۆژی دوایی تیپی ٩١ی سەفین لەگەڵ دیلەکان بەڕێگای ڕەزگە، سەرکەند و ماوەران دەگەڕێنەوە ناوچەی خۆشناوەتی و لە گوندی پڵێنگە دادەنیشن. چەند پێشمەرگەیەک پێشنیار دەکەن، لەسەر ڕێگای خۆیان هێرش بکەنە سەر پێشمەرگەکانی ئاڵای شۆڕش و لەناویان ببەن، بەڵام سەرتیپی ٩١ی سەفین "سەفین مەلا قەرە" خۆیان لێ توڕەدەکان و پێیان ئەڵێ: "ئەگەر حەزتان لە کوشتنی خەڵکە، بڕۆنە شەقڵاوە، پیاوانی ڕژێم بکوژن".

ڕۆژی ١٢/١٢/١٩٨٧ پێشمەرگەکانی بەرانەتی لە نێوان گوندی ئاژگە و زیارە ت ، لێکۆڵێنەوە لەگەڵ چوار کوڕەکانی غازی بەگ دەکەن. دواتر بە جیهاز قسە لەگەڵ کۆسرەت دەکەن و ئەنجامی چالاکیەکەیانی پێ ئەڵێن:

"فەوجەکەمان گرت، بەڵام لەکاتی هێرشەکەدا، ئامیرکەرت فوادە ڕەش شەهید بوو و هەروەها دوو پێشمەرگەی بریندارمان هەیە"

کۆسرەت داوایان لێ دەکات، ئەو چوار کوڕەی غازی بەگ مە هێننە مەڵبەند.

یەکێک لە پێشمەرگەکان بۆی گێرامەوە و گوتی: شەهیدبوونی فوادە ڕەش لە ناخەوە هەژاندمی، بەڵام دوای ئەوەی .زانیم ئەو چوار برایە گولەباران دەکەن، باوەڕیم بە شۆڕش و پێشمەرگایەتی نەما

هەمان ئێوارە، تیپی ٨٥ی بەرانەتی لە نێوان مەسیف و کۆڕێ بەرەو گۆڕەشێر دەپەڕنەوە و دواتر خۆیان دەگەیەننە بارەگای مەڵبەند. ئەوان ئەو چوار منداڵە بێتاوانانە ڕادەستی کۆمەڵێک پێشمەرگە دەکەن. پاشان بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ یاسایەک، بەبێلێپێچینەوە و ترس لە خوا، پێشمەرگەکان ئەو چوار منداڵە لە شوێنێکی نادیاردا گولەباران دەکەن، کە تا .ئێستاش کەس نازانێ چیان بە تەرمەکانیانەوە کردوە

:ئەمەش ناوی هەرچوار منداڵەکانی غازی بەگ کە بە ناحەق دوای بەدیلگرتنیان گولەبارانیان کردن

نورەدین غازی لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٦ تەمەن ٢١ ساڵ -

سەربەست غازی لە دایکبووی ساڵی ١٩٧١ تەمەن ١٦ ساڵ -

بەدرخان غازی لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٤ تەمەن ١٣ ساڵ -

سەرهەنگ غازی لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٦ تەمەن ١١ ساڵ -

پاش ئەو ڕووداوە، غازی بەگ و عوسمان بەگ چەندین کەسیان ناردنە لای کۆسرەت و مەڵبەندی چوار بۆ سۆراغی کوڕەکانیان. ئەوان پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن بەتەنیا لە پێناوی دۆزینەوەی تەرمی کوڕەکانیان، بەڵام کۆسرەت و .پیاوکوژەکانی، وەڵامیان نادەنەوەو پێشیان ناڵێن لە کوێ ئەو چوار منداڵانەیان گولەباران کردوونە

ئەو هەڵوێستە نامرۆڤانەی کۆسرەت و پیاوکوژەکانی خەڵکی شەقڵاوە و چەندین پێشمەرگە نیگەران دەکات لە بەرانبەر .ئەو تاوانەدا

دوای ئەو کارەساتە، بەڕێوەبەری ئەمنی شەقڵاوە لەدوای غازی بەگ دەنێرێت و پێی ئەڵێ: "تۆ ئازادی، هەر چ کەسێکت دەوێ، بەتایبەتی ماڵە پێشمەرگەکان دەتوانی بیانکوژیت". بەڵام غازی بەگ، ئامادە نابێ هیچ کارێکی خراپ .ئەنجام بدات

دوای ڕاپەرینەکەی ساڵی ١٩٩١ کۆسرەت ڕەسوڵ دەچێتە ماڵی غازی بەگ و پێی ئەڵێ: "منیش پێمناخۆش بو، منداڵەکانی تۆیان بەو شێوەیە کوشتوە، من ئاگادار نیم". لەمەش سەیرتر کۆسرەت، سەرجەم تاوانەکانە دەخاتە ئەستۆی تەحسین کاوانی و پێی ئەڵێت: "تەحسین کاوانی سەرپەرشتیاری تیپی بەرانەتی بوە و ئەو و چەند کەسێکی دیکە ئەوکارەیان ئەنجامداوە. من ئامادەم هەر شتێکتان بوێ، بۆتانی ئەنجام بدەم. هەروەها ئامادەم کوڕەکانت بە ".شەهید دابنێم

غازی بەگ لە وەڵامدا ئەو داوایەی کۆسرەت ڕەددەکاتەوە و ئەڵێ: "چاوم بەرایی نادات پێشمەرگە ببینم. تاوانباران ."ڕادەستی خوا دەکەم

من وەک پێشمەرگەیەک کە ٨ ساڵ لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا خەباتم کردوە، دەیان ڕووداوی وا .ناخۆش و کارەساتئامێز و دیلکوشتنم بینیوە

هەر کە کەوتنە لێواری مەرگەوە سەرو بنی زمانیان خەباتی شاخە ، شەرعیەتی شۆڕشگێریە وەک ئەوەی بێجگە لەوان زیاتر ئەو هەموو گەنجە لەخۆبردوە بۆ پیاسە یان بۆ وێنە گرتن ڕوویان لە چیاکان کردبێت یاخوود لەکۆلانەکانی شاردا مێرخاسە مەرگ بەزێنەکان تەحەدای مردنیان نەکردبێت ، ئەمە لەگەڵ ئەوەی نانی منداڵانی ئەو ماڵە جوتیارانەشتان دەخوارد کە بە هەزار کوێرەوەری چەند قەپاغەیەکیان دەکرد بە گەنم و لەوەرزی هاویندا دوای دروێنە شەن و کەو دەیان کرد بە نان و دەیان خستە گەدەی تێر نەبووتانەوە ، ئەو گەدەیەتان ئەمڕۆ هێندە زل و ناشرینە .مۆرکی دیزاینی مرۆڤ بوونی لێ سەندوونەتەوە

ئێوەی سەرکردەی خۆ بەشەرعیزانی شۆڕشگێری دەسەڵاتدار کە باسی ڕەنجدەران و جوتیارانتان دەکرد تەنها کاتێک دەتان زانی ئەم بونەوەرانە هەن کە بە سوتفە بە گوندەکاندا تێپەڕدەبوون و گەدەی برسی خاڵیتان لە خۆراک ناچاری دەکردن لەوێدا بمێننەوە ، کەچی ئەمڕۆ خەڵکی گوندنشین وەک مۆرانەی یاخیبووی چڵکن و زیانبەخش سەیر دەکەن و .گەر لەدەستیشتان بێت وەک سونە و کیسەڵە قەلاچۆیان دەکەن

ئێوەی بەناو سەرکردە مەقەڕەکانتان هێندە لە زستاندا گەرم و لە هاویندا فێنک بوو نەدەتان زانی تەور چیە تا داری زۆپای پێببرنەوە، نەدەشتان زانی دروستکردنی کەپر چیە لە گەڵای داربەڕوو تا لە هاویندا لەژێریدا خۆتان فێنک بکەنەوە ئێوە تەنها بەوە فێربوون بە پێشمەرگە و خەڵکی گوندەکان بڵێن : لە زستاندا گەرممان بکەنەوە و .لەهاوینیشدا فێنک

ئێوەی بەناو سەرکردە کە دەگەیشتینە بەردەم ڕەبایەکانی بەعس هەر هەمووتان تووشی سک چوون دەبوون و بە - . دوو پێشمەرگە دەمان بردنە خوارەوە

.ئێوەی بەناو سەرکردە تا ئێستاش نازانن ڕەنگی پێستی ئەسپی چیە؟ پێش خوێن مژین و پاش خوێن مژین -

ئێوەی ساختەچی بەناو سەرکردە گەر فیشەکی ژێرسێ و برنەو قەناسەتان بۆ تێکەڵ بکەین نازانن لێکیان - جیابکەنەوە

ئێوەی سەرکردەی (شۆڕش دز) هەرگیز وەک هزر وەک تێکۆشان لەشاخ نەبوون ، ئەوەی لەسەردەمی شاخدا نانی پێدان بەخەڵکی شار و گوندەوە هەر ئەوانیش دەتان خاتە ناو زبڵدانی مێژووەوە ، چاوەڕوان بن

# خیانەت مامە ڕیشەی شەهید کرد

ە فەرماندەی کەرتی چوار-ی جەباری، لە ماوەی پێشمەرگایەتیشدا کاریگەری هەبووە لە زۆر داستان و نەبەردی و چالاکی پێشمەرگانەدا، بەشداری و فەرماندەیی زۆر شەڕی گەورەی کردووە، وەک: داستانەکانی حەمک، ژاڵەی دەربەند، ژاڵەی خوێڵێن، بێتواتە، ناوچەی قەرەحەسەن، جەباری، شێخ بزێنی، بۆسەکانی دەشتی کاکی بەکاکی گەرمیان و بۆسەکانی سەر ڕێگا گشتییەکانی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر و سەنگاو و چەمچەماڵ و خورماتوو.

نازایەتی و خۆڕاگریی مامە ڕیشە وایکرد، دوژمن بکەوێتە ڕاوەدونانی خێزانەکەیان و نازاریان بدات، بۆیە لە ساڵی ١٩٨١ مام شکوری باوکی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیرکرا و دوای ماوەیەکیش لە بێسەروشوێن بوونی، تەرمەکەی دۆزرایەوە.

داستانی گوندی حەمک:

بەرەبەیانی ١٧ی ئایاری ١٩٨٢ مامە ڕیشە خۆی و ١١ پێشمەرگەی لە ناو گوندی حەمک-دا لە خەوی قوڵدا بوون، هێزێکی زۆری حزبی بەعس، کە بە هەشت هەزار سەباز مەزەندە دەکرێن چواردەوری گوندەکەیان گرتبوو، ١٢ کۆپتەریش لەسەر ئاسمانی گوندەکە سووڕابوونەوە، مامە ڕیشە لە بەردەم مزگەوتی گوندەکەوە بە ورەیەکی پۆڵاینەوە وەستابوو، بە پێشمەرگەکانی وتبوو: ئێمە پێشمەرگەی ی.ن.ک-ین، ئەمڕۆ دوا هەناسە و دوارۆژی ژیانمانە، داواتان لێ دەکەم، وەک چۆن شیعەکان شانازی بە ئیمامی عەلییەوە دەکەن، با لە دوای خۆمانەوە گەلەکەمان شانازی بە ئێمەوە بکەن.

لە کاتژمێر ٠٦:٠٠ ی بەیانییەوە شەڕێکی قورسی نابەرامبەر لەناو ماڵەکانی حەمک-دا بەرپابوو، دوژمن بە هەموو جۆرە چەکێکی قورس و سووک بە هاوەن و تۆپی قورس و دۆشکە هێرشیکردبووە سەر گوندەکە، پێشمەرگەکان ببوون بە دووبەشەوە، بەشێکیان لەلای ڕۆژهەڵاتی گوندەکەوە دامەزرابوون، تا کاتژمێر ١٠ی بەیانی زۆربەی خانووەکانی گوندەکە ڕووخابوون، شەڕ بەچڕیی تا کاتژمێر ٠٧:٠٠ ی ئێوارە بەردەوامبوو، لە ئەنجامدا دوژمن شکستیان هێنا و ٦٢ سەرباز و جاش کوژرابوون، تەرمی ٤٣ سەربازیان بەجێمابوون، ٢٥ سەرباز بریندارببوون، مامە ڕیشە یەکێک لە کۆپتەرەکانی پێکابوو و کۆپتەرەکانی دیکەش بڵاوەیان لێکردبوو.

دوای وەستانی شەڕ، خەڵکی حەمک و گوندەکانی دەوروبەریان ڕوویان کردە ناو کەلاوە ڕووخاوەکانی حەمک و لە خۆشی ئەو سەرکەوتنەدا، مامە ڕیشە و پێشمەرگەکانیان ماچ باران کردبوو، ئەو سەرکەوتنەش وەک "داستانی حەمک" بەناوکرا و بووە بەشێک لە مێژووی ئەبەردیی مامە ڕیشە و وردی سەر زمانی خەڵک.

ساڵی ١٩٨٣ مامە ڕیشە لەگەڵ کچان حسێن-ی خەڵکی گوندی قەرەتامور چووەتە ژیانی هاوسەرێتییەوە، دواتر خۆی ناوی کچانی گۆڕیوە بە نیشتیمان، بەردەوام لە هاتووچۆکانی پێشمەرگایەتییدا هاوسەرەکەی لەگەڵدا بووە.

ڕۆژی ٢٤ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٥، مامە ڕیشە لە پیلانێکی جاشە کوردەکانی سەر بە حزبی بەعسدا، لە نزیک گوندی قایش پاشای سەر بە شارەدێی لەیلان لە پارێزگای کەرکوک، لە بۆسەیەکدا شەهیدکرا.

شەهیدبوونی مامە ڕیشە ئەگەرچی فرمێسکی خستە چاوی هەزاران کەسی باشوری کوردستان و هاوڕێ و دۆستانی، بەڵام نەیتوانی ناوبانگی مامە ڕیشە لە دڵ و بیروهۆشی گەلی کورد بسڕێتەوە، مامە ڕیشە بووە ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی بەرخۆدانی گەلی کورد و بە قارەمێتییەکەی، پەڕەیەکی پڕ سەروەریی لە مێژوودا بۆخۆی و گەلەکەی تۆمار کرد.

لە دوای ٣٤ ساڵیش لە شەهیدبوونی، خانەوادەی مامە ڕیشە ڕۆژی ١٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩ لە بەیاننامەیەکدا، ڕەتیانکردەوە، کە بەشداریی هیچ مەراسیمێکی فەرمیی بکەن بۆ یادکردنەوەی مامە ڕیشە، داواشیان لە سەرکردایەتیی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی کردووە، کە بەهیچ شێوەیەک یادی مامە ڕیشە نەکەنەوە، ئەوەشیان بۆ خاوەنداریی نەکردن لە ڕێبازی مامە ڕیشە گەڕاندووەتەوە لەلایەن یەکێتییەوە.

# ژن کوشتن لە شاخ

لە دوای روخانی سیستەمی پادشایی عێراق لە رێکەوتی ١٧ / ٧/ ١٩٥٨ دروستبوونی کۆماری عێراق و دانانی عەبدولکەریم قاسم وەک یەکەم سەرۆکی ئەو کۆمارە، هەر لەو ساڵەدا و لە رۆژی لە ٦ / ١٢ / ١٩٥٨ مەلا مستەفا لە .یەکێتی سۆڤیەتەوە گەڕایەوە بۆ عێراق

پاش کەمتر لە سێ ساڵ رۆژی ١١ / ٩ / ١٩٦١ پارتی دیموکراتی کوردستان دایە شاخ و شۆڕشیان دژی عەبدولکەریم قاسم راگەیاند، گوایە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم مافەکانی کوردی پێشێل کردووە، ئەم یاخیبوون و شۆڕشەش بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کوردە لە عێراق.ئێمە لێرەدا باس لەو مێژووە ناکەین، چونکە عیسا پژمان کە بەرپرسی ساواک و نوێنەری شای ئێران بوو، کە لەو سەردەمەدا پەیوەندی خۆی وەکو نوێنەری شاە لەگەڵ (مەلا مستەفا، ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تالەبانی، عەلی عەسکەریی و عومەر دەبابە) باس دەکات، کە چۆن بە فیتی ئێران توانی رازییان بکات تا لە عەبدولکەریم قاسم یاخیی ببن و ئەو کارەساتە بەسەر گەلی کورددا بهێنن، هەروەها باسی ئەو ئەو هەموو پەویەندییە دەکات، کە بە پێچەوانەی پرۆپاگەندەکانی پارتی و سەرانی ئەو سەردەمە دەڵێت ئێمە دەستمان هەبوو لەوەی کە مەلا مستەفا لە عەبدولکەریم قاسم هەڵبگەڕێتەوە و هەموو یارمەتییەکمان دا، تا رۆژی ئاشبەتاڵەکە، مەلا مستەفاش بە شێوەیەکی تر ددان بەوەدا دەنێت، کە وەک بەڵگەش چاوی لێدەکرێت، ئەو کاتە بە شای ئێران دەڵێت: .((کاری من تمام است

لای زۆر کەس کە لە مانا و هونەری جەنگ و فەلسەفەی شۆڕش نەگەیشتوون، سادە و ساکارانە بیردەکەنەوە، لە مانای شۆڕش نەگەیشتوون، تەنیا پێیان وایە شۆڕش واتە دەستدانە چەک و تەقەکردن و بەگژاچوونی سەرباز و پۆلیس و پیاوانی ئەو رژێمە دەگرێتەوە، کە ئەمان لێی یاخی بوون، لەوە زیاتر ئەرکی ئەوان نەبووە کە ئەو شۆڕشەی پارتیی و مەلا مستەفا، بە دواییدا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حیزبەکانی تر لە کوردستانی باشوور دەستیان داوەتێ لەوە زیاتر بکرێت، بۆیە عەقڵ خێلەکیی سەرکردە و رابەرەکان و دواکەوتووی کۆمەڵگا و زۆربەی پێشمەرگە و چەکدارەکان، زیاتر هەنگاوێکی پێشکەوتووخوازانەیان نەنا، تا ئێمە بتوانین بەراوردی بکەین لەگەڵ شۆڕشی گەلان، بەڵکو تێکرا پیاوەکانی شاخ لە ماوەی ئەو شەست/حەفتا ساڵەدا کۆمەڵگای کوردییان لە بناغەوە هەڵتەکان، رەوشتیان بە تەواویی تێکدا، کوردیان بە سەدان ساڵ گەڕانە دواوە، ئەو رەوشت و موراڵەی کە باوباپیرانمان شانازیان پێوە دەکرد، ئەمان لە رێشەوە هەڵیانکێشا، ترسناکترین کاریان کە کردیان دەستبردن بوو بۆ نامووسی ژنان، کوشتن و تیرۆرکردنی نەیار و ناحەزانی خۆیان، لە هەمووی خراپتر بە ناوی مەسەلەی نابروو، کوشتن و تیرۆرکردنی ژان و .کچانی کوردیان کرد

ئەو شەڕە چەکدارییەی کە ئەمانە دەستیان دایە، ئەو ڕەوشە ناشرینە بوو، وەک ژن کوژی و تیرۆری سیاسی و دیکتاتوریەتی بەرپرسە حیزبیەکان و تاڵانی ئەرز و ئاسمانی نیشتمان، جگە لە دەستدرێژی بۆ سەر ژنانی کورد.پاش

راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ و گەڕانەوەی ئەم سمێڵ باپڕ و پێڵاودڕاوانەی شاخ بۆ ناو شارەکان، ئێستا لەشاردا ڕۆژانە دەیان هەواڵ و زانیاری ناخ هەژێن گوێبیست دەبین، هەموو ئەمانە ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە هەمووی زادە و درێژکراوەی عەقڵی شاخیانە، بەڵام ئێمە بەهۆی تاوانەکانی بەعس، کە بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامی دەدا، زۆربەی خەڵک ناچاربوون ئەوانە وەکو فریادرەس و کەسانی گەل و نیشتیمانپەروەر سەیر بکات، هاوکات یەکێک لەو هۆکارانە نەبوونی راگەیاندنێک بوو، وەک سۆسیال میدیای ئێستا کە بست بە بستی مێژووی ئەمانە هەڵبداتەوە و بە خەڵکیان بناسێنێت، هۆکارێکی تریش ئەوە بوو، کە ئەو تاوانانەی بەرپرسەکان ئەنجامیان دەدا، لای زۆر کەس هەر لەو .سەردەمەدا پەردەپۆش دەکرا

ئەمڕۆش کوشتنی ژنان لەلایەن پیاوانەوە لەدوای ڕاپەڕینەوە کە ڕێژەکەی گەلێک بەرزە، لەکاتێکدا ئەم ئاستە بەرزەی ژن کوشتن لەپێشووتردا لەنێو کۆمەڵگای کوردەوارییدا بە دەگمەن بوونی هەبوو، چونکە ئەوە بەروبومی عەقڵی ئەو چەکدارانەی شاخ بوو، کە کۆمەڵگایان بەرەو ئەو ئاستە بردووە، ئەگەرنا ئەوە هەرئەوکۆمەلگایەی کوردی نییە لەروژئاوا و باکور، مەگەر تاک و تەرا ژن لەسەر ناموس بکوژرێ؟ ئەمە جگە لەوەی ژنان ڕۆڵیان هاوشێوەی پیاوانە .لەخەبات و تێکۆشاندا، بەرادەیەک بۆتە سەروەرییەکی گەورە بۆکورد

راستە بەشێکی ئەو ژن کوشتنە بەهۆی گەشەی ئیسلامی سیاسی و هاتنە ئارای ئامێرەکانی پەیوەندییە، بەڵام بەشی هەرەگەورەی بۆ ئەو هێزانە دەگەڕێتەوە، کە هەر لەشاخەوە خاوەن عەقڵێکی کۆنەپەرستی بوون و ژنانیان لە خەبات دابراند، بکە ۆ خۆیان خاوەن هیچ بەرنامەیەکی مرۆڤایەتیی نەبوون، دژی خەبات و تێکۆشانی ژنان و هێنانە پێشەوەیان بوون، باشترین نمونە رێکخراوێکی مارکسی لینینی وەک کۆمەلەی رەنجدەران مەفرەزەیەک چەکداری ژنی نەک نەبوو، بەڵکو چەندین ژنیش کە روویان لە شاخ دەکرد، لە دوایان بوون و چاویان تێدەبرین و بێزاریان دەکردن، .بۆیە بەپەلە ناچار دەبوون ژیانی هاوسەرگیری لەگەل پێشمەرگەکان بکەن

بەرپرسە چاوبز و ژنکوژەکان

ئەو چیرۆکانەی لێرەدا باس دەکەم هەمووی بۆم هاتوون و لەبەر ئەوەی خۆم لە نزیکەوە ڕووداوەکانم نەدیتووە، بۆیە دەڵێم مانای ئەوە نییە هەموو زانیارییەکان دەقا و دەق دروست بن، هەرچەندە بۆ کۆی ئەوانە بەدواچوونم بۆ کردون، تا گەیشتومەتە ئەو بڕوایەی کە سەرچاوەکانیان راستن، بەهیوام هەڵە و زانیاریەکانم بۆ ڕاست بکەنەوە لەهەر .شوینێک دەیبینن

بەرنامەی بیرەوەری تایبەت بە مارگرێت جۆرج یەکەم ژنی پێشمەرگە لە باشوری کوردستاندا

١. تیروری مارگرێت بە بڕیاری مەلا مستەفای بارزانی

هەرچەندە تیروری مارگرێت تا رادەیەک بڵاو بۆتەوە، بەڵام ناکرێت لێرەشدا بەسەریدا باز بدەین، چونکە ئەوەی تا ئیستا دەزانین ئەوە یەکەم تیروری ژنی پێشمەرگەیە بەتۆمەتی نارەوای ناموسپەرستی، کە لە شاخ ئەنجام دراوە.تەنانەت خودی مەلامستەفا ی بارزانی کە بە بڕیاردەری ئەو تاوانە تومەتباردەکرێ، لە وەڵامی چارەنووسی

مارگریتدا بەردەوام وەڵامی ئەوە بووە، کە مارگریتا ناپاک و بێ ڕەوشت بووە ! لەکاتێکدا ئەو تۆمەتەی کە وەک باس دەکرێ بۆتە هۆی شەهیدکردنی، کۆمیدی و تراژیدیە، گوایە ٥ چەکداری پارتی دەستدرێژیان کردوتە سەری، بۆیە !مەلامستەفا بریاری داوە ئەو ژنە بکوژێ

هەر وەک لە ڤیدیۆکەی سەرەوەدا باس دەکات، لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە، مارگریت لە رۆژی ٢٦ / ١٢ / ١٩٦٩ .ژیانی لەدەست داوە

٢ برایەکی فاخیر مێرگەسوری داوای کچی مەلا مستەفا دەکات، لەسەر ئەمە دەیکوژن

هەروەها پێشرەو ئیسماعیل نووسەر لە زاری باوکی باس دەکات (کەخزمی دایکی نێچیر و بەرپرسی لقی چواری پارتی بووە)، کە هۆکاری کۆمەڵکوژی بنەماڵەی فاخیر مێرگەسوری، سەرەتاکەی بەهۆی ژنەوە بووە کەبرایەکی فاخیر بەناوی جەمیل داوای (زەکیە)ی کچی مەلامستەفا ی کردوە و مەلامستەفا و ئیدریسیش ڕازی نەبونە لەمەدا کێشەکە سەریهەڵداوە و ئەوبرایەی فاخیر هەندی قسەی کردوە بۆیە ئەوان شەهیدیان کردوە و ماڵی فاخیریش توڵەیان کردوتەوە و بەمەش ماڵی مەلامستەفا شێت دەبن کەپیاوێکی ئەوان وەک تەحەدایەک دەکوژنەوە بۆیە لەپای ئەوە مەلامستەفا سەرەتا ئەو بنەماڵە دەگرێ و دواتریش باوکی فاخیر و هەر ١٠ برای شەهید دەکا..بۆزانیاری زیاتر کلیک .لەسەر ئەم لینکە بکە

## ٤.مستەفا چاوڕەش بە تاوانی کوشتنی چەند ژنێک ناسراوە



وێنەیەکی مستەف چاوڕەش

مستەفا چاوڕەش، لەگەڵ ئەوەی یەکیک بووە لە بەرپرسە سەربازییەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی، کەچی لە٨٠کانی سەدەی رابردودا (باس لە ساڵی ١٩٨١) دەکرێ، هەلساوە خوشکێکی کە پەیوەندی لەگەڵ کەسێک هەبووە تەقەی لەهەردوکیان کردوە، خوشکەکەی شەهید کردوە و کابراش کە ناوی قاسمە ڕەش بووە، دەڵێن لەوکاتدابریندار بووە.وەک باس دەکەن لەدوای راپەرین ئەو پیاوەی پەیوەندی لەگەڵ خوشکەکەشی هەبووە، ئەویشی بەفێل بانگ کردووە و دواتر لەبازیان کوشتویەتی.ئەمە جگەلەوەی وەک لەکوردستان پۆست خوێندمەوە و بەدواچونم لەگەل ستافی کوردستان پۆست کرد ئەو چەکدارە یان پێشمەرگەیان دەناسی و بۆیانی باسکردوە کەچۆن مستەفا چاورەش، ژنیکی بێتاوانی بەتۆمەتی ئەوەی لەگەل بەعس پەیوەندی هەیە بە پێشمەرگەیەک لەسەرەتای هەشتاکاندا لەنێو سلێمانی کوشتوە.لەکاتیکدا ئەو کۆنە پێشمەرگەیە (ناوەکەی لام هەیە بەڵام ئەخلاقیەن ڕیگام پێنادا باسی بکەم) لای چەند هاوڕێیەک گوتویەتی تائیستاش شەوان ئەو ژنە بێ تاوانە دیتە خەونم، چونکە بۆی دەرکەوتوە کە نەک سەر بەرژیم نەبووە بەڵکو بەهۆی سیکس نەکردن لەگەڵی بەوی کوشتووە، لەکاتی شەهیدکردنەکەشدا، ژنەکە هەڵاتووە و گریاوە لە دەست ئەو کۆنە پیشمەرگە و منالێکیشی لەباوەش بووە، کەچی هەر خەڵتانی خوێنی کردوە!؟ تەنانەت ئەوچیروکەی

تریشی کە ژنێک (نەرمین حەویزی) کە ژەهری دابوو بە کۆمەڵێک بەرپرسی یەکێتی و حسک، لە نێویاندا مستەفا چاورەش دەبێ، بەبێ هیچ دادگاییەک دوای راپەرین بەنهێنی دەیکوژن، کە بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، گوایە نهێنی .زۆری ئابروبەرانەی ئەو بەرپرسانەی شاخی لە لابووە

:هەروەها ئەم رووداوەی تریش کە پێشمەرگەیەکی کۆن دەیگێڕێتەوە بخوێنەرەوە

مستەفا چاوڕەش کوڕ و کچێکی لە گوندی (تیمار) بەدەستی خۆی کوشت، کە دڵخوازی یەک

## ٥ سەید کاکە حەپسەی خوشکی دەکوژێت، چونکە بە بێ پرسی ئەو شوو دەکات



وێنەیەکی سەید کاکە

سەید کاکە یەکێک لە ژنکوژەکانی تری شاخە، وەک باسی دەکەن هەر لە سەرەتای گەنجییەوە، کاتێک لە شاخ پارتی بووە، خوشکێکی بەناوی (حەپسە)، بە بێ پرسی ئەو شووی کردوە، بۆیە بڕیار دەدا بیکوژێ، پۆلێک چەکدار دەنێرێ و لە نێو نوێن دا دەیدۆزنەوە و دەیکوژن، سەید کاکە بەمە ناوەستێت، بەڵکو دوای ئەو تاوانە هەڵدەستێ بە زۆر لە ماڵی کابرا (سەید عزیز) کچێکی لەپای ئەوەی کەخوشکەکەی بەبێ پرسی ئەو شووی بەو کردوە و ئەوکوشتویەتی لەپای ئەوە کچی ئەو کابرایە لە خۆی مارە دەکا وەک دەڵێن ئەو ژنەیە کەئیستا لەگەڵیتی و کۆمەڵێک منالّی هەیە.بەڵام

کۆی ئەوەش ئەگەر بڵێین ئەوە کێشەیەکی خێزانییە و هەمان ئەو عەقلیەتە کۆنەپەرستیەی کۆمەڵگا بووە، کە ئەو کات خەڵکێکی زۆر ئەو بیرکردنەوەی هەبووە بەلام سەید کاکە یەکێک لەو سەرکردانەی سوۆسیالست بووە کەدژی .بەشداری ژن بووە لەشۆرشدا وەک لەشەهیدکردنی زەکیەدا باس دەکەن

(٥. حسک و شەهیدکردنی تاکە ژنە پیشمەرگەکەیان (زەکیە

شەهیدکردنی زەکیە تاکە پێشمەرگەی سۆسیالست لەشاخدا، کە هەموو گومانەکان بۆ ئەوە دەڕوات کە زۆرینەی سەرکردایەتیی ئەو کاتی سوسیالست، ئەوەیان پێ هەرس نەکراوە، کە لە ناویاندا ژنە پیشمەرگەیەک قبوڵ بکرێت، بۆیە بەپێی هەندێ چیرۆکی نوێ باس لەوە دەکەن هەوڵیان داوە بینێرنە ئیران لەڕێگادا ئەو پێشمەرگەیەی، کە گوایە بریار بووە بیگەیێنێتە ئێران، ئەو کوشتویەتی و پارەکەی لێ بردوە گەراوەتەوە نێو ڕژێم.بەڵام ئەو حزبە هیچ بەدواچونێکی لەم بارەوە بۆ نەکردوە، لەکاتێکدا دەیانتوانی هەم بەدواچوون لەسەر شەهیدکردنەکەی بکەن، هەمیش لەبری ناردنی بۆئێران ئەوا لەشاخ وەک نمونەیەکی نوێ لەخەباتی ئەو حزبە بەکۆمەڵگایان نیشان بدایە.بەکورتی ئەو .دۆسیەیە بەهیوام زیاتری لەسەر باس بکرێ

٦ یەکێتی کچ و کوڕێکی دڵخواز تەسلیم بە کەسوکاریان دەکاتەوە و دەیانکوژن

لە یاداشتەکانی نووسەر ئاشتی برایم فەندی، هەروەها کاوە سووریش لە نووسینێکدا، کە لە کوردستانپۆست بڵاوکراونەتەوە، هەردووکیان ئاماژە بەوە دەکەن کە کچ و کوڕیکی عاشق پەنا بۆ ناوەندی کۆمەڵە و سەرکردایەتی یەکێتی دەبەن، بەڵام دوای هاتنی سەروک خێل و بنەماڵەی کوڕ و کچەکە، جەلال تالەبانی و نەوشیروان مستەفا رازی دەبن کە کچ و کوڕەیان رادەست بکەنەوە، بەداخەوە دوایی هەردووکیان دەکوژن.لەکاتێکدا ئەو کچ و کوڕە عاشقە ئەگەر واز لە دروشمبازیەتی کۆمەڵەی مارکسی لینینیشیان بهێنایە، وەک سەروک خێڵێکش دەبوو جەلال تالەبانی ..پرەنسیبی هەبوایە رادەستی نەکردنایە، یان پەیمانی لێوەربگرتنایە، کە نەیان کوژن

١ ئاشتی برایم ئەفەندی: لە سێبەری شاخ، زنجیرەی ٤٨،٤٩

٢ کاوە سوور: دوو هەڵوێستی جیاواز لە نێوان پێشەوا قازی و تاڵەبانی

لە کۆتاییدا ماوە بڵێم، کە ئەوەی باس دەکەن، هەر بەرپرسەی لەو ناوچەی بووە بۆخۆی عەنتەرێک بووە و خۆی دادگا و یاسا بووە، بۆیە زۆر جار بەرپرسەکان دەستدرێژیان کردوتە سەر ژنان بەبێ ئەوەی هیچ سزادانێک هەبوبێ، چونکە ئەوەی ئێستا دەبینین پەروەردەی حزبی و پرەنسیب یەکجار کەم بووە بەکورتی سیمای شۆڕش و گورانکاری یەکجار لاوازبوو لەنێو هێزی پیشمەرگە و بەرپرساندا، بۆیە دەگەینە ئەو باوەرەی ئەو سەرکردانەی ئەو پارتە جیاجیا .سیاسیانە کردویانە شەرە تەقە بووە لەگەڵ بەعس، ئەوەک شۆڕش

# نامە کوشندەکانی مەسعود بارزانی

پاش کۆتایی پرسەی قادر بەنا لە ڕێگای باوکمەوە کۆمەڵێك ڕاستی نوێم بۆ دەرکەوت. باوکم گەرچی بە ئاگا بو لە کارکردنی من لە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، هەرگیز ناڕازێتی خۆی پێشان نەدەدا و هەمیشە پێی دەگوتم؛ گرنگ نیە لەگەڵ کێ کاردەکەیت و هەڵگری چ بیر و ئایدۆلۆژیایەکیت گرنگ ئەوەیە دژ بە گەل و خاکی خۆت نەبیت. باوکم پێی ڕاگەیاندم کە ماوەیەك پێش ئەو تاوانکاریانە لە لایەن مەسعود بارزانیەوە نامەی تایبەتی بۆ ئەو و قادر بەنا و سەجەم ئەوانەی شەهید کراون و کەسانی تریش هاتووە. ناوەڕۆکی نامەکان بریتی بون لە داوای مەسعود بارزانی بۆ ئەوەی ئەوانە هەستن بە زیندوکردنەوە و ڕێکخستنەوەی پارتی لە سلیمانی و دەور و بەریدا، بەڵام باوکم وەڵامی نەرێنی دابۆوە و ئامادەیی خۆی بۆ کارکردن لەگەڵیان دەرنەبڕیبو بەو بیانووەی کە تەمەنی پەنجا ساڵی تێپەڕاندووە. هەروەها لە وەڵامدا نوسیبوی کە لە ڕوی فیزیکیەوە و بەهۆی نەخۆشیەوە توانای کاری نهێنی و ڕێکخراوەیی نەماوە. لەو سەردەمانەدا باوکم هەمیشە ئەوەی دوبارە دەکردەوە کە مەسعود و ئیدریس بارزانی و کوڕەکانی ناتوانن و شایەنی ئەوە نین ببنە جێگرەوەی مستەفا بارزانی. باوکم تەواوی تەمەنی بە سەرنج و ڕێزێکی بێپایانەوە لە خودی مستەفا بارزانی دەڕوانی و لە سەردەمی کۆماری مەهاباتەوە هاوکاری بوو. لە لایەکی تریشەوە لەوە دەدوا کە نایەوێت جارێکی تر خێزانەکەی بخاتەوە بەر مەترسی ڕاکردن و بێباوکیەوە. هەروەها بەهۆی ناسراویەوە لای ڕژێم بەردەوام لە ژێر گومان و چاودێریدا بوو. ئەوەش کۆسپ و ڕێگریەکی تر بوون لە سەری و خۆشحاڵ بوم بەوەی کە ئامادەیی خۆی بۆ دەستبەکارکردنەوە لەگەڵ پارتی دەرنەبڕیبو بە کورت و بەکوردی لە ترسا بوبێت یان بەهەر هۆکارێکەوە .بوبێت جێگای تێگەیشتن بو بۆ من

جێگای سەرنجە ئەوانەی داواکەی مەسعود بارزانیان پەسەند کردبوو سەرجەمیان کوژران و بریندار کران و کەسێکی .!وەکو باوکم کە ئامادەیی هاوکاریکردنی نیشان نەدابوو بە مردنی خوا مرد

هەموو تاوانێك هۆکارێك یان چەند هۆکارێکی لە پشتەوەیە. تاکو ئەمڕۆ لێکدانەوەی من بۆ ئەو تاوانانەی لە لایەن یەکێتیەوە ئەنجام درا، یەکێك لە هۆکارەکانی نامەکانی مەسعود بارزانی بوو، کە لەو سەدەمەدا بە یەکێتی هەزم نەدەکرا دوبارە پێشبڕکێی لە سلیمانی و دەوروبەریدا بۆ دروست ببێتەوە. بە تایبەتی کە ئەو سەردەمە یەکێتی باوەڕی توندی بە .خۆی هەبوو وەکو پارتی پێشڕە و ڕۆڵی خۆی بگێڕیت و تەنها شێری مەیدان بێت

نامەکانی مەسعود بارزانی بۆچی؟

پرسیارێك کە ناکرێت خۆمانی لێ لابدەین ئەوەیە کە بۆچی لەو سەردەمەدا مەسعود بارزانی کەوتبووە خۆی بۆ زیندوکردنەوەی ڕێکخستنەکانی پارتی لە سلیمانیدا ؟ ئەو ڕوداوانە چی بوون کە بانگەوازی لاوازی ڕێکخراوەیی پارتیان کرد و سەرانی پارتی بەو ئاراستەیەدا برد کە دەبێت کاری جدی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بکەن؟. لەلایەن زۆر لە ئەندامانی ڕێکخستنەکانی ناو کۆمەڵەی نزیك لێمەوە لێکدانەوەمان ئەوە بو کە جگە لە دوژمنایەتی و قین و

شەڕی نفوز و دەسەڵاتی دێرینی نێوان جەلالی و مەلایی، خۆ پێشاندانەکانی ٨٢ هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بوبن بۆ هۆشیارکردنەوەی سەرانی پارتی لەوەی کە نەیتوانیوە کەمترین ڕۆڵیان لە شاری سلێمانیدا هەبێت. ئەوەش بێگومان هۆکارەکەی دەگەڕایەوە بۆ لاوازی تا ڕادەی نەبونی شانە و ڕێکخراوی نهێنی پارتی لە شارەکەدا. هەر بۆیە بە تێڕوانینی هەموان گرنگترین پاڵپێوەنەری ناردنی ئەو نامانە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢ بوون. ئەو خۆپیشاندانانە لە لایەن ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتیەوە ڕێکخران و ئاراستە دەکران، پاشان سەرانی یەکێتی پشتیوانی بەرفراوانیان بۆ پێشاندا ولەکاتی گفتوگۆکانیان لەگەڵ ڕژێمی ئێراقی وەکو گوشارێك بەکاریان هێنا لەسەر ڕژێمی بەعس. لە خۆپێشاندانەکانا سەرباری هەوڵدان بۆ بەکارنەهێنانی دروشمی حیزب و لایەنێکی سیاسی دیاریکراو هەمیشە مۆرکی یەکێتی بە خۆپیشاندانەکانەوە بوو. ئەگەر لێرەو لەوێ لایەنگرانی پارتی نوزەیەکی بژی پارتی و بژی بارزانیان لێ بهاتایە لە ناو تەوژمی دروشمی (یەکێتی نیشتیمانی ئاواتی هەمومانی) دا نەبیستراو دەکرا. یەکێتی بە تایبەتی کۆمەڵە ڕێکخستنێکی بە ژمارە کەم و بە چۆنایەتی بەهێز و پۆڵایینی لە سلیمانی دا هەبوو. هەروەها سەرکردایەتیەکەی نزیك بوون لە شارەکانەوە. لە ناو شاریشدا ڕێکخستنی کۆمەڵە سەرکردایەتیەکی تایبەتی بە ڕێکخستنەکانەوە هەبوو. لە پاڵ ئەو ڕێکخستنەشدا بەرپرسە سەربازیەکانی یەکێتی کەس و شانەی تایبەتی خۆیان هەبوو کە هەواڵی بۆ دەبردن و کارئاسانی بۆ چالاکیەکانیان دەکرد. بە پێچەوانەوە پارتی جگە لەوەی سەرکردایەتیەکەی لە ناو ئێران وسنورەکانی ئێران بون. هیچ ئۆرگان و ڕێکخستن و سەرکردایەتیەکی ناوشاریشیان نەبوو. تەنها بونێکیان ئەوە بوو کە پارتیە دێرینەکان و لایەنگرانیان لە ڕێگای هەندێ مەفرەزەی بچوك و بەرپرسە سەبازیە کانی ئاستی خوارەوەیان پەیوەندیان پێوە دەکردن. ئەمەش بۆ پارتی مەسەلەیەکی کوشندە بوو. خۆ پیشاندانەکانی ٨٢ ئەو کەم و کورتیەی پارتیان زیاتر لەبەرچاو زەق کردەوە و مەسعود بارزانی هەوڵی دا بەو ڕێگایەی سەرەوە سەرکردایەتیەکی ناوخۆی شاری سلێمانی .پێك بهێنێت کە کاری بنیاتنانی ڕێکخستنێکی لامەرکەزی لە شاری سلیمانی و دەوروبەری لە ئەستۆ بگرێت

لە دوا ئەنجام دا دەتوانم بڵێم؛ هۆکاری نامەکانی مەسعود بارزانی هەست بە لاوازی ڕێکخستنی پارتیە دێرینەکان بو .) کوشتنی هەندێك لەو ناسراوانەی پارتیش ئەنجامی نامەکانی پێشتر و دوای خۆپێساندانەکانی ٨٢ ی مەسعود بارزانی (.بون. ئەو تاوانانەش بونە هۆکاری کوشتنی شەهید ووریا

# عەشیرە وەک پاراستنی دەسەڵاتی حیزبەکان لە کوردوستان

## بناغەی کۆمەڵگای کوردی

مەبەست لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی چییە؟ ئایا هەموو کۆمەڵگەکان یەك شێوەی پەرەسەندنیان هەیە؟ ئایا ئاراستەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە جیاوازەکان بەرەو کوێیە؟ کۆمەڵگە لە پەرەسەندنیدا بە چی دەگات و چ جۆرە دامەزراوەیەك دروست دەکات؟ ئایا جووڵەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی خێرایە یان هێواش؟ ئایا پەرەسەندن لە کۆمەڵگەی کوردیدا چۆنە؟ ئایا هێز و دەستە و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن بە ویستی خۆیان جووڵەی کۆمەڵگە و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ئاراستە بکەن؟

ئاشکرایە ئەو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیەی کە ئێستە دەیبینین بەرهەمی جووڵەی ناوخۆیی و پەرەسەندنی هەمەلایەنەی خودی مرۆڤایەتییە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رابردووی دوور ئەوا بەجۆرێك باسی سەرەتای کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ دەکرێت کە رەنگە ئێستە تەسەورکردنی واقیعییانەی ئەو قۆناغە گران و لە هەمان کاتدا تەمومژاوی بێت. بە هەرحاڵ شێوەی دیار و تا ئەندازەیەك پێناسەکراوی ئەو پێکهاتەیەی کە بە کۆمەڵگە ناو براوە لە کۆمەڵگەی سەرەتاییەوە دەست پێ دەکات کە دەشێ لەو چوارچێوەیەدا باسی کۆمۆنەی سەرەتایی و قۆناغی کۆیلایەتی و قۆناغی فیودیالی و قۆناغی سەرمایەداری بکرێت. بەپێی دیالیکتیکی مێژووی کۆمەڵگە بەپێی شێوازی پەرەسەندنی بەرهەمهێنان و هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە جووڵەیەکی هێواشدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و لە هەناوی هەر قۆناغێکدا گۆڕهەڵگەنی ئەو قۆناغە لە دایك بووە و رابەرایەتیی قۆناغی دواتری کردووە. ئەم گۆڕانکارییەش بەشێوەیەکی هەمەلایەنە و لە .جووڵەیەکی خاودا رووی داوە

وەك لە روانگەی هەندێ کۆمەڵناسی وەك ئیبن خەلدوونیشەوە کە کۆمەڵایەتیبوون لە پلەی یەکەمدا بەهۆی هۆکارەکانی خوێن و دەمارەوە بووە، ئەویش جووڵەیەکی هێواشی هەبووە و سەباری دەرکەوتنی پێکهاتە و دامەزراوەی نوێی کۆمەڵایەتی بەڵام ئەو جووڵە هێواشە وایکردووە ئەو پێکهاتانەی کە خوێن و دەمار بنەمای پێکەوەبەستنیان بووە لە کۆمەڵگە جۆراو جۆرەکاندا بوونیان بەردەوام بێت. هەروەك چەندین هۆکاری تایبەتیش وەك بزوێنەری مێژوو دیاری .کراون وەك ئابووری و فاکتەری خوێن و دەمار و رۆح و رۆمانسیی سروشت و... تاد

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە و سەرباری برواپوون بە بوون و جیاوازی مۆتیڤەکانی بزوێنەری مێژوو، جۆرێك لە کۆدەنگی سەبارەت بە رەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی هەبووە، ئەویش لەوەدا کۆ بووەتەوە کە کۆمەڵگە بەپێی کارلێك و جووڵە و پێکەوە کارکردنی کۆی رەگەزە مادی و مەعنەوییەکانی خودی خۆی دەجووڵێت و پەرەسەندنی خۆی دەکات

کە ئەویش ملکەچی یاسا خۆیی و بابەتییەکانی پەیوەست بە بوون و پێکهاتەی خودی ئەو کۆمەڵگەیە، کە ئەویش .هەمیشە جووڵەیەکی هێواش و سروشتی هەیە بەپێی سروشتی تایبەتی ئەو کۆمەڵگایە

کەواتە ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت کە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ڕەوتی مێژوو لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەپێی سروشتی پێکهاتە و کارلێکە ناوخۆییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەڕوات، ئەوا ناتوانین بڕوا بەوە بکەین کە ڕۆڵی تاکەکەس و تەنانەت دەستە و گرووپیش گرنگییەکی ئەوتۆیان دەبێت، ناشێت تەسەوری ئەوە بکرێت تاك بە تەنیا، یان دەستەو گرووپ بتوانن گۆڕانی گەورە لە سروشت و لە جووڵەی کۆمەڵگەدا دروست بکەن، ئەمە ڕوانینێکی سیۆسیۆلۆجیە، بەڵام هاوکات مێژووی مرۆڤایەتیش نیشانی دەدات کە چۆن هەندێك جار تاکەکەس یان دەستە و گرووپ چ ڕۆڵێکی دیاریان .هەبووە بە تایبەتی لە کاتی هەندێ ڕووداودا کە جۆرێك لە دابڕان لەگەڵ قۆناغی پێتردا ڕوویان دابێت

بێگومان ڕەنگە لە شێوەی جۆرێك لە جووڵەیەکی میکانیکیدا هەوڵ بدرێت کۆمەڵگە بەرەو گۆڕان ببرێت و بەبێ ئەوەی کە پێداویستییە کۆمەڵایەتی و بنیادییەکانی ئەو گۆڕانکارییە بوون و ئامادەبوونیان هەبێت و کۆمەڵگە ڕەوتی مێژووی خۆیی بڕیبێت، هەوڵ بدرێت ماوەی ئەو قۆناغە مێژووییە کورتتر بکرێتەوە و جووڵەی پەرەسەندنی کۆمەڵگە خێرا بکرێت و گۆشەجووڵەی بەرەو پێشەوەچوون کە بەسروشتی گۆشەیەکی زۆر تیژە و لە چەند پلەیەکی زۆر کەم زیاتر نییە، بکرێتە گۆشەیەکی وەستاو، یان کراوە، ئەوا مانای وایە لە دەرەوەڕا و بە هێزێکی میکانیکی هەوڵی گۆڕانکاری کۆمەڵگە دەدرێت کە ئەوەش لەگەڵ سروشتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا ناگونجێت، سەرئەنجام دەبێتە هۆی تێکدانی .هارمۆنیای کۆمەڵایەتی و دەشێ جۆرێك لە پشێویی و فەوزای کۆمەڵایەتی بەرهەم بهێنێت

بە گشتی کار و بەرنامەی بزووتنەوە پۆپۆلیستییەکان لە دەرەوەی ئەو ڕەوتە سروشتییەیە کە لە کۆمەڵگەکاندا ڕوو دەدات، بۆیە بزووتنەوە پۆپۆلیستییەکان هەمیشە ناسروشتی دەردەکەون و ئەوەندەی پشت بە عاتیفە و هەڵچوون و کاردانەوەی خێرا دەبەستن، ئەوەندە پەیوەست نین بە جووڵەی سروشتی و گۆڕانکاریی بە بەرنامە و گونجاو لەگەڵ ڕەوتی سروشتی کۆمەڵگەدا. هەر ئەم هۆکارەیە لە زۆرێك لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکاندا لەبری بەرهەمهێنانی گۆڕانێکی هێواش و سروشتی کە بەرهەمی گۆڕانکاریی ڕیشەیی بێت لە ژێرخانی کۆمەڵایەتیدا، لە سەرخاندا بانگەشە بۆ گۆڕانکاری دەکرێت کە ئەوەش بە پێچەوانەی سروشتی کۆمەڵگەوە دەبینرێت و لەنێوان خوازیارانی ئەو جووڵە و گۆڕانە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا جۆرێك لە دیواری لێك تێنەگەیشتن دروست دەبێت کە لە ڕوانگەی کۆمەڵگەوە خوازیاران و داکۆکیکەرانی هەر گۆڕانێکی لەو جۆرە وەك شوێنکەوتنی جۆرێ لە وەهم سەیر دەکرێن، یان وەك بزووتنەوەی پۆپۆلیستی کە لە ڕوانگەی سیۆسیۆلۆجییەوە ئەو جۆرە جووڵەیە وەك ئەو شەپۆلە خێرایەی دەریا وایە کە لە زووترین کاتدا بەتوندی دەدات بە کەناردا و تا ئەندازەیەك شەپۆلەکە بەرز دەبێتەوە و بەبێ ئەوە هیچی لێ بمێنێتەوە نزم دەبێتەوەو ون دەبێت، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونە کۆمەڵناسییەیە کە پێی وایە هەموو تێژڕەوێك زوو دەگاتە کۆتایی و ئەنجامەکانیشی لە دروستکردن و گۆڕانکاریدا ڕووکەش دەبن، بەڵام لە ڕووخاندن و وێرانکاریدا، .لە شێواندنی هارمۆنیای سروشتدا بە کۆمەڵگەشەوە خێرا و توند دەبن، بەڵام مانەوەیان کورتخایەن دەبێت

بۆیە دەبێ بزانین نە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و نە گۆڕانی کۆمەڵایەتیش بە گۆشەی وەستاو یان کراوە ناجووڵێن و نارۆن، بەڵکوو ڕەوتێکی هێواشیان هەیە کە مۆتیڤەکەی لەنێو بنیادی کۆمەڵایەتیی خۆیدایە و ئەویش پرۆسەیەکی هەمەلایەنە و گشتگیرە و سەرتاپای جەستەی کۆمەڵگا دەگرێتەوە. هەر لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەو هەموو پشێویی و دەنگەدەنگ و جووڵە ناسروشتییانەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەکرێن و ئەنجام دەدرێن و وەك جووڵەی میکانیکانە، یان دەنگدانەوەی جووڵەی پۆپۆلیستی دەبینرێن و دەبیسترێن، رووکەشن و لەبری ئەوەی بەرهەمی جووڵە و گۆڕانکاریی ناوەوەی کۆمەڵگە بن، بەرهەم و دەرهاوێشتەی گرێ و رق و کینە و بچووکی و شکستی کەسێتیی نوخبەیەکە لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە پاڵنەری خەریکبوونی زۆربەیان بە حزبایەتی و سیاسەتەوە گرێ کەسییەکان و ئەو پاشخانە ناتەندروستەیە کە لێیەوە هاتوون، ئەوەش وای لێ کردوون زۆرینەیان بوویەکی ئەگرێسیڤیان هەبێت و هەموو گرێکانی خۆیان بدەن بەسەر ئەوانی تردا و بە ناوی جۆراوجۆرەوە میللەت سەرقاڵ بکەن و شیرازەی کۆمەڵایەتی تێك بدەن و ئاشتی کۆمەڵایەتی بشێوێنن و کۆمەڵگە بەرەو کارەسات و تراژیدیا ببەن لەبری گۆڕانکاری و گواستنەوە بۆ قۆناغێکی .باشتر لەوەی ئێستە تێیدایە

ئێستە بەربەستی گەشەی سروشتی کۆمەڵگەی کوردی ئەو هێز و بژاردە سیاسیی رۆشنبیرییە نەریتییەیە کە ناتوانێت لە ڕەوتی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە تێ بگات و بەو پێیەش ناتوانێت خوێندنەوەی واقیعییانە بۆ کۆمەڵگەی کوردی بکات، کە ئەویش دابەش بووە بەسەر دوو بەرەدا. یەکەم بەرەی خۆپارێز و بەرژەوەندیی خۆپارێز و لە هەموو جووڵەیەکی دروست رووتکراوە و تێنەگەیشتوو لە پێداویستییەکانی ژیانی ئێستەی کۆمەڵگە و نەتوانینی بینینی رووبەرە فراوانەکەی کۆمەڵگە کە خەڵکە و سەیرکردنی هەموو شتێك لە روانگەی تەسکی خۆیەوە، خۆی تێرووپڕ و خاوەن سەرمایە و دەستگرتوو بەسەر کۆی پێتەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری و ئابووریدا، کە ئەم بەرەیە ئەوانەن لە ڕێگای ژیانی حزبایەتی و شەرعیەتی شۆڕشگێڕی بە تێگەیشتنی خۆیان و لە ڕێگەی پێگەی خێڵ و هۆز و ئایین و مەزهەب و تەریقەتەوە هاتوون، واقیعی سیاسیی نێودەوڵەتی و لاوازیی هوشیاریی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردی ڕێگای بۆ خۆش کردوون کە بەم شێوەیە کۆنترۆڵی هەموو شتێك بکەن. بەرەی دووەم ئەو بزووتنەوە پۆپۆلیستانەن کە ئایینین یان بەناو عەلمانین کە نوخبەی سەرەوەی ئەمانیش هەر جیابووەوەکانی -مونشەقین-ی بەرەی یەکەمن و لەبەر زۆرهۆکار جیا بوونەتەوە، بەڵام هۆکاری سەرەکیی هەموویان بۆ جیابوونەوە، لەوەدا کۆ دەبێتەوە کە نەگەیشتنیانە بە پێتە یەکەمینەکانی کە خەونیان پێوە بینیوە، لەبەرئەوە هاتوونەتە دەرەوە و چەندین گرووپی پۆپۆلیستییان بە دەوری خۆیاندا بە ناوی گۆڕانکاری و عەدالەت و یەکسانی و ماف و هاووڵاتیبوونەوە لە خۆیان کۆ کردووەتەوە کە ئەوانەش .زۆربەیان لەو جەماوەر یان گرووپانەن کە لە زۆر لە پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکانی ژیان بێبەش کراون

بەڵام لە رووی گەوهەر و ماهییەتەوە لەبەرئەوەی هەر نوخبەی سەرەوەی ئەم بەرەیە کە بەشێکن لە نوخبە نەریتییەکە رێکخەرە و بەرنامەدارێژەری هەموو کار و جووڵەیەکن، سەرئەنجام وێنەی لە بەرشۆراوەی بەرەی یەکەم بەرهەم دەهێننەوە. ئەمانەش بە هەردوو بەرەکەوە لە دەرەوەی بیناکردن و ئاوەدانکردنەوەوی مادی و مەعنەوی

کۆمەڵگەن و ناهاوڕێك و ناهاوتا لەگەڵ جووڵەی کۆمەڵگە و لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگەشدا دەجووڵێن، بۆیە هەردوو بەرەکە ئومێدی ئەوەیان لێ ناکرێت کە کۆمەڵگە بە ئاراستەیەك بجووڵێنن کە بەرەو ئاسۆیەکی گەش بێت. بەڵام دیارە کۆمەڵگە خۆی لە هەموو ئەم جۆرە ئوخبانە و لەم بزووتنەوە خۆپاریز و بەرژەوەندیپاریز و پۆپۆلیستانە بەهێزترە، ئەگەرچی ئەمانەش بە گشتی بەرهەمی جووڵەی ئاناسایی کۆمەڵگەن، بەڵام لە ئەنجامی کارلێکی ناوخۆ و گەشەی سروشتی و کارابوونی مۆتیڤەکانی گۆڕانکاریدا، بنەمای شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەرەخسێت و ئامادە دەبێت و سەرئەنجام کۆمەڵگە لە ناوەوەڕا دەگۆڕێت .

ئەم هێزە رووکەشانە کە رەگ و ریشەیان کورتە و شۆڕ نەبووەتەوە بۆ ناخی کۆمەڵگە، ناتوانن خۆیان رابگرن و بەملاوئەولادا دەکەون و وشك دەبن و دەکەونە پەراوێزەوە و کۆمەڵگە هێزی نوێی پێویست بە خۆی و بە گۆڕانکاری و بە ژیانی هاوچەرخ و سەردەمییانە بەرهەم دەهێنێت و هەموو ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە ئیفلیجانە بەجێ دەهێڵێت. واتە دەشێ بەربەستەکان جووڵەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی خاوتر بکەنەوە یان جووڵەی لە رێ لادراو دروست بکەن، بەڵام ناتوانن بۆ هەمیشە کۆمەڵگە لە ئاستێکدا رابگرن یان ئاراستە جووڵەی بەرەو پێشوەچوونی کۆمەڵگە بەلاڕێدا ببەن. بێگومان پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی سروشتی بەرەو بەرزترین ئاستە کە کۆمەڵگە بیگاتێ ئەویش بەرهەمهێنانی دامەزراوەی دەوڵەتە.

سەرئەنجام کۆمەڵگەی کوردی بەرەو دامەزراندنی ئەو دامەزراوە هەنگاو دەنێت و لە بەرزترین ئاستی پەرەسەندنی خۆیدا دەگاتە ئاستی بەرهەمهێنانی ئەو دامەزراوە. سەرئەنجام ئەو دەستە و گرووپ و هێزانەی لە ئاراستەی سروشتی پەرەسەندنی کۆمەڵگە لا دەدەن و وەك بەربەست لە رێگای رەوتی سروشتی کۆمەڵگەدا دەوەستن، هەرەس دەهێنن، یان پاسیڤ دەبن و دەپووکێنەوە.

# گەڕانەوە بۆ عەشیرەت گەری

لێرەوە ئاشکرایە لەو کۆمەڵگەیانەدا کە رەوتێکی ئاسایی پەرەسەندنیان هەبووە دامەزراوەکانی هەر قۆناغێک بە سرووشتی لەسەردەمی خۆیدا پێکهاتووە، هەروەک هیگڵ باسی دەکات ، بە سیانەیەک ناوی دەبات لە خێزانەوە دەست . پێدەکات بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی و لەوێشەوە دەگات بە دەوڵەت

لەو کۆمەڵگەیانەشدا کە پەرەسەندنێکی نائاساییان هەیە وەکو زۆرێک لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتیەکان ئەوە لە خێزانەوە گواستنەوە بۆ دامەزراوەی خێڵ ، عەشیرەتەو لەوێشەوە هەندێ جاری پێکهاتنی دەوڵەتی خێڵە ، هەندێ لەم کۆمەڵگەیانەش ناتوانن قۆناغی ژیانی خێڵایەتیان بەجێبهێڵن ، بە ئاسانی کۆمەڵگەی مەدەنیان تێدا دروست نابێت ، . ژیانی سیستێمی خێڵایەتی بەهەموو خاسێتەکانییەوە درێژە دەکێشێت ، بۆ ماوەی درێژ دەمێنێتەوە

لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا هەمیشە ئاراستەی فەرمان شوازێکی هەرەمی دەبێت کە هاوشێوەی پێکهاتەی هەرەمی خێڵەو ئاراستەی فەرمانیش لە هەرەمی خێڵدا لە لوتکەوە بەرەو بنکەیە ، واتە فەرمان یەک ئاراستەی هەیە ئەویش لە لوتکەوە بەرەو بنکەیە ، هەر بۆیە لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا مەسەلەی دیموکراسی و ئازادی لەبەردەم قەیران یان . جۆرێک لە وەهم و رووکەشبووندایە

لە مێژووی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا ئەگەرچی بنیادێکی خێڵایەتیشیان هەبووبێت ، کاتێک ناسیونالیزم پەرەی سەندووەو بووەتە بەرنامەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جەماوەری، ئەوا هەموو دامەزراوە ناوچەییەکانی لە جۆری دامەزراوەی خێڵ و عەشیرەت و دەستەو گروپە ناوچەییەکانی لە نێو ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە جەماوەیەدا دەتوێنەوەو . لەیەکەیەکی گەورەتردا رێکدەخرێن کە یەکەی نەتەوەیە

بەڵام لەو کۆمەڵگە خێڵایەتیانەدا کە پەرەسەندنێکی نائاساییان هەیەو ناسیونالیزم نەبووەتە بەرنامەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جەماوەری ئەوە دامەزراوەی خێڵ و عەشیرەت بە خۆیان و هەموو بنەماو خاسێت ئامادەبوونەکانیانەوە ماونەتەوە کە کۆمەڵگەی کوردی یەکێکە لەو کۆمەڵگەیانەو تاکو ئێستاش دامەزراوەکانی خێڵ و عەشیرەت بە . زیندووی ماونەتەوەبوون و ئامادەبوونی خۆیان لە رووبەرێکی فراواندا پیادە دەکەن

بێگومان لە ئێستادا سەرباری ئەوەی لەم بەشەی کوردستاندا کورد زیاتر لە بیست ساڵە خۆی خۆی بەڕێوە دەبات و لەرووکەشدا کوردستان لە رووی بیناسازی و رێگاوبان وشەقام و هۆیەکانی پەیوەندی کردنەوە دیمەنی کۆمەڵگەوە وڵاتێکی تا ئەندازەیەک پێشکەوتووی هەیە بەڵام لە رووی بنیادی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و لە رووی تەقسە کۆمەڵایەتیکانەوەو لە رووی عەقڵی باڵادەستەوە جۆرێکی ترەو هەرگیز لە ئاستی ئەو رووکەشە گەشە کردووەدا نییەو دەتوانین بڵێن لە گەوهەردا کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی خێڵایەتیەو تەنانەت دامەزراوەی حیزبیش لێرە سەرباری

ئەوەی کە حیزب زیاتر دامەزراوەی کۆمەڵگەی شارە بەڵام حیزبی کوردی وەکو ئەڵتەرنایتیڤی خێڵ و عەشیرەت دەردەکەوێت بە تایبەتی لە رەفتارو لەو گوتارەشی کە هەڵیگرتووە. چونکە بە گوێرەی کورد وەکو نەتەوە دەبێ بەرنامەی حیزبی کوردی سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەتی کوردی بێت ئەگەر ئەو حیزبە لەوە پەرییێتەوە . کەدامەزراوەی خێڵ بێت

بەڵام کاتێ: کە حیزب لە کوردستاندا بەرنامەی سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەتی نەبێت مانای وایە حیزبێکی لۆکاڵیە لە رووی گوتارەوە یان وەکو فارابی باسی دەکات دامەزراوەوەی شاری ناتەواوە چونکە دامەزراوەوی شاری تەواو هەڵگری گوتاری شارە کە گوتاری شاری تەواویش لە چەمکی فارابیدا بە مانای دەولەتی سنووردار دێت کە ئەو دەوڵەتە سنووردارەش بریتی بووە لە دەوڵەتی ئیسلامی سەردەمی فارابی خۆی. بەهەرحاڵ لە کوردستاندا گوتاری باڵادەست تاکو ئێستا نەبووەتە گوتاری تەواو واتە گوتاری نەتەوەیی چونکە گوتاری نەتەوەیی لە بوونی دەوڵەتدا . پێناسە دەکرێت

ئەوە ئاشکرایە کە عەقڵ و ستراتیژی خێڵ ناوچەییە چونکە دامەزراوەی خێڵ و عەشیرەت لەسەر بنەمای دووانەی خوێن و دەمار پێکهاتووە کە ئەمەش مانای ئەوەیە سەرجەمی ئەندامانی خێڵێک یان عەشیرەتێک هەمان رەگ و ریشەیان هەیە کە دەشێ ئەوەش لە رووی دۆکیومێنتێکی مێژووییەوە پاڵپشت بکرێت کەپێی دەگوترێت درەختی بنەماڵە .

سەرجەم ئەندامانی خێڵ یان عەشیرەت لە رووی مەعنەوییەوە پەیوەستن بەو هاوخوێنی و هاودەمارییەوە و ئینتیمایەکی ئاشکرا بۆ ئەو رەگ و ریشەیە لە کۆمەڵگە خێڵایەتیەکاندا هەیە لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەی شاردا ئینتیما بۆ ئەو دامەزراوەو بۆ بنەماو پایەی سەرەکی ئەو دامەزراوەش ، کەخوێن و دەمارە هەرەس دەهێنێت و تاکەکەس بە جۆرێکی ترو بە ئاراستەیەکی تر شوێنی خۆی لە نێو کۆمەڵگەدا دیاری دەکات و لەسەر بنەمای بوون و ئامادەبوونی . خۆی شووناس بە دەست دەهێنێت نەک لەسەر بنەمای ئینتیمای خێڵایەتی و عەشەرتایەتی

ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئینتیما بۆ کامیان بەهێزترە ؟ بۆ خێڵ و عەشیرەت یان نەتەوەو نیشتیمان؟ ئایا کامیان لە کوردستان باڵادەستەو زیاتر کاری پێدەکرێت: دەستوورو یاساکانی بەرێوەبردن ، یان داب و نەریت و یاساو رێساکانی خێڵ و عەشیرەت ؟ ئایا ئێستا شوێن و پێگەی سەرۆک خێڵ و شێخ و ئاغاو بەگ لەبەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری کوردستان لە لایەک و لەبەرامبەر جەماوەردا لەلایەکی ترەوە لە کوێدایە؟ ئایا لە دوای راپەرین دامەزراوەی خێڵ و عەشیرەت لە کوردستاندا بەرەو لاوازی و پووکانەوە چووە یان جارێکی تر زیندوو کراوەتەوەو رێزو بەهای بۆ گێردراوەتەوە؟ ئایا لە نێوان دەسەڵاتی ئێستای کوردی و حیزبی کوردیدا دامەزراوەی خێڵ و عەشیرەت لە کوێدایە؟ ئایا کۆکردنەوەی خێڵ و عەشیەرتەکانی کوردستان لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا بریتی نییە لە هەوڵێکی جیدی بۆ زیندوکردنەوەو بەهێزکردنەوەی ئەو جۆرە دامەزراوەیە کە کاتی بەسەرچووەو تەنانەت لە مێژووی خۆیشیدا نەیتوانیووە لە کوردستاندا بە ئاراستەی یەکگرتنء و یەکبوون بجوڵێت واتە کاربکات بۆ درووستکردنی

فیدراسیۆنی خێڵایەتی و دەوڵەتی خێڵ پێکبهێنێت ، ئایا لە ئێستادا زیندووکردنەوەی ئەم دامەزراوە بێجگە لە گێرانەوەی کۆمەڵگە بۆ بارێک کە تیایدا ئینتیما لە جیاتی نەتەوەو نیشتیمان بۆ خێڵ و عەشیرەت و ناوچەیەکی دیاری کراو زیاتر هیچی تر نییە کە ئەمەش بەتەواوەتی ناکۆکە لە گەڵ گوتری شاردا کە گوتاری نەتەوەییەو وتیایدا ئینتیما تەنیا بۆ . نەتەوەو نیشتیمانە

ئەوە ئاشکرایە خێڵ لە کوردستاندا نەیتوانیووە لە نێوخۆیدا یەکگرتن درووست بکات و بەو پێیەش فیدراسیۆنی . خێڵایەتی پێکبهێنایەو دەوڵەتی خێڵی لە مێژووی کورددا درووست بکردایە

هەروەک پێشتر باسمان کردووە لە کاتێکدا کە خێڵ لە کۆمەڵگە ئاساییەکاندا دەوڵەتی خێڵی پێکهێناوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا خێڵ دامەزراوەی میرنشینی پێکهێناوە ، کەئەگەر ئەم دامەزراوە واتە میرنشین بەراورد بکرێت بە دامەزراوەی دەوڵەت ئەوا میرنشین دامەزراوەیەکی ناوچەیی دواکەوتووترو بچوکتترە لە دەوڵەت و لە رووی پەرەسەندنی .کۆمەڵایەتیشەوە مانای ئەوەی هەیە کە کۆمەڵگە لەبری بەرهەمهێنانی دەوڵەت دامەزراوەی میرنشینی بەر هەم هێناوە هەروەک لەدوای هەڵوەشاندنەوەی میرنشینەکانیش ، خێلی کوردی وەکو یەکەیەکی ناوچەیی ماوەتەوەو پارێزگاری لە بنەماکانی خۆی کردووە کە ئەوەش لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییە مادیء مەعنەوییکانی خێڵ و عەشیرەت خۆیدا . بووەو هەرگیز بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی نەتەوە نەجوڵاوە

تەنانەت لە سەرهەڵدانی راپەرینەکانی کورددا هەر لەسەردەمی بزووتنەوەی بەردخانییەکانەوە ، عەقڵی خێڵ و ستراتیژی خێڵ بەربەست بووە لەبەردەم یەکگرتنی پێکهاتە جیاوازەکانی نەتەوەداو رێگای نەداوە هەموو پێکهاتە . جیاوازەکان یەکبگرن و ببنە هێزێکی پتەو کە سیماو خاسێتی نەتەوەیی هەبێت

ئەوەتا دەبینرێت بەگشتی بزووتنەوەکانی کورد لە سنووری ناوچەیەکی دیاریکراو تەنانەت لە سنووری عەشیرەت یان خێڵێکی دیاری کراو یان هەر هیچ نەبێت لە سنووری بەشێکی کوردستانی دابەشکراودا ماونەتەوەو نەیانتوانیووە . هەموو جەستەی نەتەوە بگرنەوە

هۆی سەرەکی ئەم دیاردەیەش لاوازی ناسیونالیزمی کوردی و باڵادەستبوونی عەقڵ و ستراتیژی خێڵایەتی کوردی بووە . لە کوردستاندا

لە دوای روخاندنی رژێمی پاشایەتی لە عێراقدا ، یاسای چاککردنی کشتوکاڵ دەرچوو ، کەبەپێی ئەو یاسایە زۆرینەی زەوی خاوەن موڵکەکان دابەش دەکرا بەسەر جوتیاراندا. هەرچەندە ئاغاو بەگ و شێخە خاوەن موڵکەکانی کوردستان بەو یاسا رازی نەبوون و لەبنەڕەتیشەوە پێش دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول ژمارەیەکی دیارو لەو ئاغاو بەگ و شێخە خاوەن موڵکانە دەستیان دابووە چەک بۆ دژایەتی کردنی دەسەڵاتی قاسم کە لە گەوهەردا مەبەستیان کوردایەتی نەبوو . بەو ئەندازە کەهەوڵیان دەدا یاسای چاککردنی کشتاوکاڵ جێبەجێ نەکرێت

بەهەرحاڵ ئەو یاسایە لە سوودو بەرژەوەندی جوتیار بوو بەڵام ئاغاو بەگ و شێخی خاوەن موڵک توانیان هەمان ئەو جوتیارانەی کەلەو یاسایە سوودمەند دەبوون ، بەکاربهێنن بۆ رێگرتن لە جێبەجێکردنی یاساکە. بەهەرحاڵ بەعس

وەکو رژێمێکی تۆتالیتار کە هات ئەو یاسایەی هەڵئەوەشاندەوە ، ئەگەرچی کوردستانی بە ئەخشەیکی بەرنامە بۆدارێژراو قۆناغ بە قۆناغ والێکرد کە دەستی جوتیاری کوردی لە زەوی بڕی و بەوەش رێگای خۆشکرد بۆ ئەوەی سەرجەمی خەڵکی لادێ لە ئۆردوگا زۆرە ملێکان و لە شارەکاندا کۆبکاتەوەو لەو رێگایەشەوە وەهایان لێبکات بەشێکیان بکات بەخەفیفەو پاداشتی زۆرێک لە ئاغاو بەگ و شێخی سەرخێڵ و سەرۆک عەشیرەت پاداشت بکات و بیانکات بە موستەشارو جوتیارەکانی ئەوساش کەزەوییەکانی ئەمانیان بەسەردا دابەشکردبوو بکات بەخەفیفەی دوای .ئەوان

بەڵام لە دوای راپەڕین و درووستبوونی دەسەڵاتی کوردی زۆرێک لەو ئاغاو بەگ و شێخانە کرانەوە بە خاوەنی ئەو زەویانەی کە پێشتر بەسەرجوتیارەکاندا دابەشکرابوون بەوەش جارێکی تر دەسەڵاتی کوردی ئیعتیباری بۆ ئاغاو بەگ .و شێخەکان گێرایەوە لەسەر بنەمای بەلاوەنانی جوتیاران و ئەو کەسانەی کە زەوییەکانیان بەسەردا دابەشکرابوو

سەرئەنجامی ئەو سیاسەتە چەوتەی دەسەڵاتی کوردی و شان بەشانی ئەوەش رێگاخۆشکردن بۆ درووستبوونی یەکێتی شێخان و زیندووکردنەوەی سەرخێڵ و سەرۆک عەشیرەتەکان و سەرباری گێرانەوەوی زۆربەی ئەو زەویانەی کە دابەشکرابوون بۆیان ، کردنیان بەهاوبەشی ئابووری شاریش لە درووستکردنی کۆمپانیاو وەرگرتنی تەندەرو کردنەوەی بەنزینخانەو مارکێت و بینای زەبەلاح و کردنی خۆیان یان کەسە نزیکەکانیان بە ئەندامی پەرلەمان و وەزیرو پێدانی پۆستی تری بەرزی حیزبی و حکومی و بەدوای ئەوەشدا یارمەتیدانیان بۆ درووستکردنی بنکەی رۆشنبیری خێڵ و عەشیرەت و کۆکردنەوەیان بە ناوی زیندووکردنەوەی کەلتوورو داب و نەریتی کۆنی ئەو خێڵ و .عەشیرەتانە بەپاساوی ئەوەی کەگوایە بەشێکە لە کەلتووری نەتەوەیی کورد

ئەوشێوازی بایەخدانەی دەسەڵات بەم یەکە کۆمەڵایەتیانەی کە کاتیان بەسەرچووە ، جارێکیتر دابەشکردنەوەی . یەکێتی نەتەوەیی کوردە کە ئێستا لە قۆناغی پێکهاتندایە

ئێمە دەزانین کە حیزب لە کوردستاندا لە بری ئەوەی هۆکاری یەککخستنی کوردو یەکگرتنی بێت هۆکاری دابەش بوون و پەرتبوون بووە ، بەهەمان شێوە ئێستا هەرچۆن خێڵ و عەشیرەتی کوردی لە رابردوودا دابەشبوو پەرتبوو بووە ، ئێستاش لە زیندووکردنەوەی کەلتووری خێڵایەتیدا کەئەویش لە برەودان بە خێڵ و عەشیرەتەکان و درووستکرنی بنکەو کۆمەڵە بۆیان بە ناوی بنکەو کۆمەڵەی رووناکبیرییەوەو پاشانیش هەریەکیان رۆژێکی تایبەتی لەساڵەکەدا بە ناوەوە ناونراوە کە سەیران و مەراسیمی خێڵایەتی خۆیانی تێدابکەن ئەوەندەی تری جەستەی کوردی پەرتکردووەو پەرت دەکات. چونکە کاتێ خێڵ و عەشیرەت زیندوو دەکرێتەوە لەهەر رێگایەکەوە بێت مانای وایە بانگەشە بۆ بارزڕاگرتنی کەلتووری خێڵ و عەشیرەت دەدرێت کە ئەویش لەسەر بنەمای خوێن و دەمار درووستبووەو بەوپێیە بانگەشە بۆ کەلتوورێک دەکرێت کە پایەی خوێن و دەمار بەرهەمی هێناوە ئەویش کەلتوورێکی داخراوو تەنگە نەفەسەو تەنیا خۆی دەبینێت و بڕوای بەبوونی خۆی هەیەو لەم کەلتوورەو لەدامەزراوەی خێڵیشدا بە گشتی ئینتیما بۆ خودی خێڵ و عەشیرەت و ئەو دامەزراوە ناوچەییەکانە کە ئەوەش پێچەوانەی چەمکی نەتەوەو مەسەلەی نەتەوایەتیە

چونکە لەبری ئینتیما بۆ نەتەوەو نیشتیمان ، ئینتیما بۆ خێڵ و ناوچەو خوێن و دەمارو درەختی بنەماڵەی خێڵ و عەشیرەتە .

کاتێ خێڵ و عەشیرەتی کوردی خۆی درووستدەکاتەوەو بنکەی رۆشنبیری خۆی درووست دەکات و رۆژی ناهەنگ گیرانی خۆی دیاری دەکات ؛ مانای وایە زەمینە سازیی دەکات بۆ زیندووکردنەوەی ئەو کەلتوورو عەقڵە داخراوەی خێڵ کەپێی وایە ئەم لەپێش هەموو ئەوانی ترەوەیەو بۆ ئەوەی ئەم هەبێت ؛ دەبێت هەموو ئەوانی تر بسرێتەوە. کەواتە ئەگەر چەمکی نەتەوە هاوواتای یەکگرتن و یەکبوون بێت ! ئەواچەمکی خێڵ و عەشیرەت هاوواتای دابەشبوون و پەرتبوون و ئینتیمایە بۆ خێڵ و عەشیرەت و خوێن و دەمارو ناوچەکە ئەمەش ئەگەر بەراوردی بکەیت بەهەندێ قۆناغی رابردوو لەمێژووی نزیکی کورددا ئەوا وەکو گەڕانەوە لەنەتەوەوە بۆ خێڵ دێتە پێش چاو ، ئەمەش لە راستیدا .پێچەوانەی رەوتی مێژووەو وەکو بەرنامەیەک سەیردەکرێت بۆ هێشتنەوەی کورد لە قۆناغی دابەشبوون و پەرتبووندا راستە لەکەلتووری خێڵاتی کوردیدا خاڵی گەش هەیە ، بەڵام ئەوە بەوە زیندوو ناکرێتەوە کە هەر خێل و عەشیرەتێک رۆژی تایبەتیان هەبێت بۆ چوونە سەیران. بەڵکو دەشێ هەموو لایەنە پۆزەتیفەکانی دامەزراوەی خێڵ و ژیانی خێڵایەتی وەکو توخم و رەگەزەکانی بیناکردنەوەی کەسێتی سەیربکرێن بەمەرجێ بەچاوی رەخنەوە بخوێندرێنەوەو ئەو لایەنە پۆزەتیفانە بڵندبکرێن تا ئەوئاستەی دەتوانن ببن بەبنەما بۆ یەکگرتنەوەو یەکبوونی نەتەوە کەئەوەش لە قۆناغی درووستبوونی ناسیونالیستێکی پەرەسەندووی ئەوتۆدا دەبێت ، کە ئەو ناسیونالیستە ببێتە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جەماوەری

## رزگاربوون لە خێل و دەسەڵاتی تەقلیدی

یەکێک لە خەسلەتەکانی کۆمەلگای تەقلیدی بریتیە لە پێکهاتەیەکی داخراوی کۆمەلایەتی کە بەزەحمەت خۆی دەداتە دەست گۆڕانکاری ،هوشیاری خێڵەکی و هەژموونی مێنتەڵییەتی خێڵ "عەشیرەت ـ بنەماڵە" زاڵە بەسەر بوارەکانی ژیانی کۆمەلگاداو زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگای تەقلیدی سەربەخۆییان نیەو بەستراونەتەوە بە نەریتی گشتی کۆمەڵگاکەوە ، ئەم جۆرە کۆمەڵگایە بەپێی سروشتەکەی خۆی ناداتە دەست گۆرانگاری و پرۆسەی کرانەوەو مۆدێرن ،زیاتر لە شوێنی خۆی دەچەقێ و گۆڕانیشی کاتی درێژی دەوێ ،لە کۆمەڵگای تەقلیدی دا هوشیاری کۆمەڵ وەک پێویست لە ئارادا نیەو دەسەڵاتی سیاسیش لە کۆمەڵگای تەقلیدی دا بەشێوەیەکی تەقلیدی بەڕێوەدەچێت و دەیەوێت کۆمەڵگا لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە ،چونکە سوود لەم دیاردەیە وەردەگرێ ،لە کۆمەلگای تەقلیدی دا سیستەمی سیاسی لەسەر زەبروزەنگ خۆسەپاندن و بەرهەمهینانی دیکتاتۆرییەت خۆی بونیاد دەنێت ، زۆرینەی سیستەمە سیاسییەکانی کۆمەڵگای تەقلیدی یان دیکتاتۆرێکی تاکەکەسی بەرهەمهێناوە ،یانیش درێژکراوەتەوە لە جەستەی تاکەکەسەوە بۆ .جەستەی خێزان و میرنشینایەتی خێڵ

یەکێك لە گرفتەکانی بەردەم پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ئەم مۆدێلی خۆبەڕیوەبردنە خێزانییەیە کە هەموو جومگە سیاسی و ئابوری و یەکە ئیدارییەکان و دەزگا سەربازی و هەواڵگریی و ئامرازەکانی فەرمانڕەواییە کە لە ژێر دەستی خێزان و حیزب و تاکێکی سیاسیدایە ،لەم دۆخەدا خێزانە سیاسییەکان کە خاوەنی حیزبی سیاسیین و بانگەشەی دیموکراتییەت و ئازادی ئینسانەکان دەکەن ،پێویستی بە پەرلەمانێکی ڕوکەشە کە خزمەت بە دیوەخانەکانی خێزان وخێڵ و حیزب بکات ،پێویستی بە ئۆپۆزسیۆنێکی بێکاریگەرو حیزبی دیکەی تەقلیدی دەستکردە بۆ بێئیرادەکردنی خەڵك و پێویستیشی بە ڕۆژنامەنوس و نوسەرو ڕۆشنبیری کڕدراو میدیای سێبەرە تاچیتر پایەکانی سیستەمی یەکەی خێڵ و حیزبی بنەماڵەیی جێگیر بکەن و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن .

تەنیا ڕێگایەك بۆ ڕزگاربوون لەم سیستەم و دەسەڵاتە تەقلیدییە سەرکوتکەرە خێڵەکییە خێزانییە بریتی یە لە شۆڕشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە مۆدێلێکی دیموکراتیانە کە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و کلتوری و سایکۆلۆژی کۆمەڵگادا بگونجێت ،شۆڕشێك کە لە پێناو "نان و ئازادی و کەرامەت بۆ ئینسانەکان  بگێڕێتەوەو دادپەروەری و ئاسایش و سەقامگیری بۆکۆمەڵگا دابین بکرێت ، خۆشەویستی بۆ خاك و نیشتیمان لە سایەی ئازادیی و لە ئامێزی دادپەروەری و دەستەبەرکردنی مافە سەرەتاییەکانی تری ئینساندا گەشە دەکات ، لە دۆخی ئێستادا مرۆڤ لەسەر حیسابی خۆی برسیکراوەو ئازادیشی لێ زەوتکراوە، ،کۆمەڵگا تاسەر کۆت و زنجیری کۆیلایەتی و چەوساندنەوە قبوڵ ناکات ، زوو یان درەنگ لە دژی ڕادەپەڕێت، ئەوە یاسای سروشتەو هیچ سیستەم و دەسەڵاتێکیش نەگۆڕ نییە .

ئەلبێرت کامۆ لە کتێبی مرۆڤی یاخیدا دەنوسێت "یاخیبوون کاتێک ڕوو دەدات ، کە مرۆڤی یاخی هەست بکات لە شوێنێک ئادادی هەیە ونەوکاتیش یاخیبوون دەبێتە ئەرک". یاخیبون وەک ئەرکێکی ئینسانی هەستکردنە بە خود دۆزینەوەی خودو هەنگاونانە بۆگۆڕانکاری ،لەوەی کێین و بۆچی دەژین و ئەرک و ماف و شکۆمەندی و کەرامەتی ئینسانبوون چییە؟! پێویستە لەو ڕابردووە ئەو مێژووە ڕەتبکەینەوە کە ستایشی پاڵەوانەکانی شاخ دەکات و سیاسییەکانی شاریشی بۆ کردوینەتە فریادرەس و فریشتە! مرۆڤی ئازاد چەندە باوەڕی بە ئازادی خۆی هەیە ، ئەوەندەش باوەڕی بە ئازادی ئەوانی دیکە هەیە، شۆرش ،ڕاپەڕین ، یاخیبوون هەوڵێکن بۆ فراوانکردنی ڕووبەرەکانی ئازادی و شکاندنی سنورەکانی کۆیلەکردن و لە قالبدانی عەقلی مرۆڤ،هەموو ئەخێرێك لە هوشیارییەوە سەرچاوە دەگرێ

# زاڵ بوونی خێڵ و عەشیرەت بەسەر حیزبە سیاسیەکاندا

لە پێناسەی فەرهەنگی سیاسیدا دەگوترێت : حەز و ئاواتی گەل و نەتەوەیەکە کە بۆ وڵات و هاوڵاتی وسیستەمی سیاسی و جۆری حکومەت و شێوازی ئیرادەکردنی لە مەیدانی سیاسیدا هەیەتی . دانانی وشەی خێڵ و عەشیرەت لە دوای فەرهەنگی سیاسی ، بە مانای بیروبۆچوونی دەسەڵاتداران و روانینی ئەوانە بۆ سیاسەت وسیستەمی سیاسی و شێوازی ئیدارەکردنی وڵاتەو هەروەها روانینیان بو وڵات وهاوڵاتییە . لە زانستی سیاسیدا چەندەها جۆر فەرهەنگی سیاسی بوونی هەیە ؛ وەکو فەرهەنگی سیاسی مودێرن و عەشیرەتی و سەڵتەنەتی یان ( پاتریمونیال ) و پاشایەتی و .... هتد . فەرهەنگی عەشیرەتی بە زۆری لە فەرهەنگی سەڵتەنەتی نزیکە و لە یەکتر دەچن . شێوازی بەکار هێنانی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی و هەڵسووکەوتی دەسەڵاتداران لە کوردستاندا بە جۆرێکە کە ناوی فەرهەنگی خێڵ وعەشیرەت بۆ ئەم جورە دەسەڵات و سیستەمە گونجاوترە . بۆ ئەوەی لەم فەرهەنگە تێگەیشتنێکی تەواوترمان هەبێت ، کورتەیەك لە تایبەتمەندیەکانی دەخەینە بەر باس .

لە فەرهەنگی عەشیرەتیدا کاتێک کە سەرۆک دەگاتە دەسەڵات ، گوێڕایەڵ بوون لە هەموان چاوەڕوان دەکات . بنەماڵەیی و شوێن کەوتنی پەتی و خێرا بناغەی پەیوەندیەکان رێکدەخات و بونیادی دەنێت و هەروەها دەبێتە هۆکارێك بۆ پۆست وەرگرتن و مانەوەی بێ لێپرسینەوە . لەم سۆنگەوە چوون بنەمای پەیوەندیەکان لە سەر خزمەت و کار و فرمان وە یا بۆ بەرژەوندی گشتی نیە ، مەرایی و گوێڕایەڵی جێگای پسپۆڕی دەگرێت . لەم فەرهەنگەدا تاکەکان بە هۆی مەرایی و گوێڕایەڵبوونیەوە پۆست وەردەگرێت و دەمێنێتەوە . بیروڕا و هەروەها بڕیار لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەبێت ، بۆیە لەم فەرهەنگەدا جیاوازی نابینیت و هەموان وەك یەك بیر دەکەنەوە. کەلتوری بەڵگەمەندی و نیشان دانی بیروڕا و رخنە و دیالۆگ و گفتوگۆ بێگانەیە . فەرهەنگی رخنە بە پێچەوانەی خێڵ و عەشیرەتەوە ، بنەمایەکی بەڵگەمەندی هەیە .

لەم جۆرە فەرهەنگەدا عەقڵانیەت لاواز دەکرێت و رێگە بە هیچ جۆر بیرکردنەوەیەك نادرێت . تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە بەردەوام دەخرێتە ژێر گوشارەوە تا خۆی لەگەڵ ئەم سیستەم و بیروبۆچوونەدا بگونجێنێت . بۆیە تاکی هیچ کات گەورە نابێت و هەمیشە لە قۆناغی منداڵی خۆیدا دەمێنێتەوە و هیچ کات باوەڕ بە خۆی ناکات و خۆی بە خاوەنی بڕیار نازانێت . لەلایەکی ترەوە لەم سیستەمەدا ، هیچ گوشارو لێپرسینەوەیەك لە سەرۆك ناکرێت ، چوون هیچ یاسایەك نیە کە بتوانێت سەروەری و دەسەڵاتی ئەو سنوودار بکات . سەرۆك دەگاتە ئەو باوڕە کە هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگا کۆیلەو گوێڕایەڵی ئەون و سەرۆك خۆی بە خاوەن تەنانەت نان وخوانی ئەوان دەزانێت . هەروەها سەرۆك عەشیرەت دەبێتە یاسا و رەفتارەکانی ئەو پێوەری چاکە و خراپەیە لە ناوکۆمەڵگادا ، بۆیە هەم دەبێتە بەرێوەبەر و هەم یاسادانەر و هەم دادوەر .

لەم سیستەم و جۆری بیرکردنەوەدا کورسی دەسەڵات و هەوڵدان بۆ مانەوەی کورسی بایەخێکی زۆری دەبێت ، ئەم گرنگی و بایەخە تاڕادەیەکە کە مکانیزمی هێشتنەوەی دەسەلات بە هەر شێوازێك زاڵبوونی تەواوی دەبێت بە سەر هەموو بیروڕایەکدا .

ناسوودەیی بنەماڵە و عەشیرەت تایبەتمەندیەکی تری بەرچاوی ئەم فەرهەنگەیە . بە واتایەکی هیچ مەنتق و لۆژیکێك جیا لە هەوڵدان بۆ سەقامگیری ناسوودەیی عەشیرەتی لەم سیستەمەدا بوونی نیە . بۆیە خێڵ و عەشیرەت ناچار دەبێت بۆ دابین کردنی ناسوودەیی خۆی ڕێکخستنی لە سەر بنەمای خوێن و بنەماڵە بێت ، نە ئۆرگانیزەکردن لە سەر پسپۆری . لەم ڕوەوەیە کە لەم فەرهەنگەدا ، تاریفێکی سنوردارو بەرتەسك لە خۆیی ، و تاریفێکی بەر بڵاو لە بێگانە دەکرێت . بازنەی بڕواومتمانە لەم سیستەمەدا زۆر بەرتەسکە و ئەندامی ئەم گرووپە تەنیا بە عەشیرەت و خێڵی خۆی باوەڕی ڕاستەقینەی دەبێت . هەر ئەم جۆرە ڕوانینە دەبێتە هۆی دابەش کردنی پۆستە گرنگەکان و بنەمای سوودوەرگرتنە لێیان .

ئەوە کۆرتەیەك بوو لە تایبەتمەندیەکانی فەرهەنگی سیاسی خێڵ وعەشیرەت . ڕوانینێکی خێرا بۆ مێژووی سیاسی کوردستان بە ئیستاشەوە وامان لێدەکات کە بڵێین ناونانی فەرهەنگی سیاسی عەشیرەتی بۆ کوردستان ناونانێکی گونجاوە . کاتێك کە لە بەرانبەر شەهیدبوونی چەندەها گەنج و لاوی ئەم ولاتە ، سووتاندنی جامانەی سوور دەبێتە جێی نیگەرانی و کاردانەوە بۆ سەرکوت کردن و لە باربردنی جوڵەی کورد ، کاتێك کە سەرۆکێك نەتوانێ خۆی لە بازنەی بەرتەسکی حیزبێکدا دووربخاتەوە ، کاتێك کە ئەندامان و دەسەڵاتدارانی وڵاتێك لە سەر بنەمای خوێن و نزیکبوون و گوێرایەڵبوون ببنە بەرێوەبەری سیستەمی ئیداری وڵات و بە هیچ شێوازێك پسپۆری و شارەزایی ئەوان لە بەرچاو نەگیرێت ، کاتێك کە هەموان گێرەشێوێن بن چوون لە دەرەوەی بازنەی حیزبی و عەشیرەتی ئێمەدان وەك دوژمن سەیربکرێن وە کاتێك کە ئاسوودەیی بنەماڵەی خۆم لە هەموان گرنگتربێت و بۆ ئەم ئاسوودەیە یاری بە هەموو تاکێکی نیشتمانەکەم بکەم و ئەوان ئاوارەکەم و خەونی چەندەها ساڵەی ئەوان لە گۆڕ بنێم ، ئەو پرسیارە دێتە بەر چاوو و زق دەبێت کە ئەی کوردستان بە زاڵبوونی فەرهەنگی سیاسی عەشیرەتی ، چۆن دەتەوێت بەرەو دەروازەکانی شارستانیەت برۆیت و لە دونیای پۆست مۆدێرندا چۆن دەتەوێت هاوشانی زلهێزانی مەیدانی ئازادی و مرۆڤایەتی و پیشەسازی هەنگاو بنێیت ؟

# سەرۆک خێڵەکان دادگا ملکەچ دەکەن

حکومەتی هەرێم کۆمپانیایەکی نەهلی و حیزبی قازانج ویستە ، کۆمپانیایەکی زەبەلاحە هەر حیزبەو بە قەبارەی : . دەنگدەرە قازانج نەویستەکانی پشکی هەیە ئامانجی حیزبەکانیش زیادکردنی پشکەکانیانە لەم کۆمپانیایەدا

دوای شەڕی ناخۆ پێمان وابوو حکومەت بەدامەزراوەی نیشتمانی دەکرێ ، پێمان وابوو بەرەو خۆشگوزەرانی و یەکسانی کۆمەڵایەتی دەڕۆین ، بەڵام لەماوەی تەنیا دوو ساڵدا هەموو بەرەو پێشچونەکانی ئەم حکومەتە شکستی خوارد و کەوتە گێژاوی قەیرانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاساییەوە

. چەکوشی دادوەر و تەزبیحی سەرۆك خێڵ

لەهەرکۆمەڵگایەکدا یاسا نەیتوانی سەروەر بێت ، ئیدی کێشەی کۆمەڵایەتی و چارەسەری کۆمەڵایەتی و یاسای خێڵەکی و ناوچەگەری گەشەدەکەنەوە ، گروپی مافیای و دز و جەردە و پیاوکوژەکان دەبنە دادوەر و خاوەن حەق و شەرەف ، کە ئەمەش دیارترین سیماکانی کۆمەڵگای دواکەوتوون ، یاسا دەکەوێتە ژێر فەرمانی کاك فلان و بەڕێز و جەنابەوە ، دادوەرانیش دەبنە کادری گوێڕایەڵی حیزبی و کەسی و دادگاش دەبێتە دامەزراوەکی بێئیرادە و بێبڕیار ، دیوەخان و . میوانخانەکان دەبنە هۆڵی دادگاو گۆچان و ، تەزبیح دەبنە چەکوشی دادوەران

دوای شەڕی براکوشتن ئامانجی حیزبەکان بنیات نانەوەی تاکی کورد و کۆمەڵگای هیلاکی کوردەواری نەبوو ، بەڵکو دروستکردنی تاکی حیزبی و کۆمەڵگای دەستەمۆ بوو ، هەمان ئەو کارەی بەعس لەگەڵ کۆمەڵگای عێراقی کردی ، ئینتما بوون بۆ حیزب و بەموقەدەس کردنی سەرۆك و سیاسیەکان شوێنی پیرۆزیەکانی نیشتمان و ئینتماکانی نەتەوە و نیشتمان گرتەوە ، بێکار و هەژاری و بێناویی و بێکارەبایی و بێموچەیی باڵی بەسەر تاك و خێزانەکانی ئەم هەرێمەدا کێشاوە ، ئەوەی بەرگەی ئەم ناعەدالەتی و پاشاگەردانیە ناگرێت جانتایەك دەکاتە شانی و دەستی منداڵەکانی دەگرێت و کۆچ دەکات ، ئەویش یان گۆرغەریب دەبێت یان لەبەرادی مریشکا ئەخنکێت یان دەبێتە خۆراکی قرشەکان و شەپۆلەکانی دەریای ناوەراست و ئیجە ، یانیش لەکەمپێکی سجن ئاسادا قەتیس دەکرێت بەهەموو ماناکان دەڕوخێت و بێنیشتمان و بێ هیوا و ئاوات سەردەنێتەوە ، ئەمە لە سایەی حوکمڕانی ئەم حکومەتەدا باشترین دەستکەوتە ، بەشەکەی تری کۆمەڵگاش سەرکز و بێدەنگ مل بە ژیانی پڕ نەهامەتی و دەردەسەری خۆی دەدات ، پەروەردە کە گرنگترین پایەی کۆمەڵگای زیندووە لەسایەی ئەم دەسەڵاتەدا ئەرکی خەساندن و بیکار کردنی گەنج و ڕۆڵەکانی ئەم . گەلە دەبینێت

شۆڕشگێر تا سنورێك شۆڕش گێڕەکە نەبێتە مافیا و دز و پیاو کوژ ، پێم وایە ئەوکەسی شۆڕشی بۆ دەوڵەمەندبوونی کردووە ئەم بازرگانە نەك شۆڕش گێر ، کەمن ئەو سەرکردانەی نەبوونە بازرگان ، وەك دەوترێت لەجەنگدا نازاکان . ناگەڕێنەوە ، بۆیە منیش پێم وایە بازرگانەکان ماونەوە نەك شۆڕگێڕەکان

لە سەرەتای دروست بوونی حزبی کوردیەوە, حزب وەک بیرکەرەوەیەکی جیاواز نەهاتۆتە ناو ژیانی گشتیەوە, بەڵکو وەزیفەی حزب بەهێزکردنی خێڵ بووە, یان خێڵ داینەمۆی حزب بوە. بۆیە هەمیشە حزب وەک دیوارێک بۆتە .پارێزەری دەسەڵاتەکانی خێڵ لەناو حکومڕانیدا

نەشێت بڵێین ئەوە خێڵە حزب دروست دەکات نەک بیرکەرەوەی دی لەدەرەوەی خێڵ, ڕاستە سەرەتا چەند خوێنەوارێک .نەخشەی حزب دەکێشن, بەڵام لەناوەندا ئەو خوێنەوارانە خۆیان دەکەونە پەراوێزەوە و خێڵ دەبێتە ئاراستەکەریان ئەگەر لەدەرەوەی خێڵیش کار بۆ دروستکردنی حزب کرابێت, دواجار ئەوە حزبە خراوەتەوە خزمەتی خێڵەوە, نەک بوبێتە دەرگایەک بۆ کاڵکردنەوەی خێڵ. ساڵانی شەستەکان بۆ ئێمە ساڵانی دروست بوونی جەنگەڵێکە بەفۆرمێکی .حزبیەوە، ئەوکاتەی حزب وەزیفەڕاستەقینەکەی خۆی لەدەست دا

حزب نەبویە دەرگایەک بۆهۆشیارکردنەوە, بەڵکو بویە دەوارێک بۆ کۆکردنەوەی خێڵەکان و پرچەک کردنیان بۆ بەرگرییەک بەناوی گوتاری نەتەوەیی, گوتارە نەتەوەیەکەش لەپێناوی بەهێزکردنی خێڵ بوو نەک لەپێناو مافی .نەتەوەیەک, بۆیە هەرخێڵ بڕیاری چارەنوسی نەتەوەی دا

کۆی گشتی بازنەکانی دەوری حزب، کۆی گشتی ئەوبیر کردنەوانەن لەدیوەخانەوە باڵانس وەردەگرن, دیوەخان یەکەمین قوتابخانەی حزبەو داواهەمین دەسەڵاتی باڵاشە, لەدەرەوەی ئەم فەزایە هەرجموجۆڵێک دەبێتە جێگەی گومان .و پەراوێز خستنەوە

# حیزب و خێڵی کوردی

. جیاواز لە رووخساردا هاوشێوە لە گەوهەرو ناوەرۆکدا :

حیزب دامەزراوەی کۆمەڵگەی شارە. هەر بەو پێیە ئەگەر سەیری مێژووی دروستبوونی حیزب بکەین لە کوردستاندا کە لە بیستەکانی سەدەی رابردوووەوە سەرەتای شێوازی رێکخستنی حیزبی کە مەبەستمان حیزبایەتیە دەرکەوتووە ، ئەوا دەشێ ئەو پرسیارەمان لەلا درووست ببێت ئایا لەو مێژووەدا کۆمەڵگەی کوردی چ خاسێتێکی کۆمەڵگەی شاری هەبووە ؟ رەنگە خۆیبوون وەکو کۆنترین رێکخراوێکی دیاری لەو جۆرە دەربکەوێت بتوانرێت وەکو حیزب سەیر بکرێت . بەڵام بە شێوەیەکی ئاشکراتر دەتوانین بڵێین مێژووی حیزبایەتی لە کوردستاندا لە کۆتایی سیەکانی سەدەی رابردووەوە دەست پێدەکات لەو کاتەی کە حیزبی هیوا دادەمەزرێت ، هەرچەندە ئەوەش دەزانین کە لە پێش ئەم . مێژووەدا چەندین رێکخراوو کۆمەڵەی سیاسی لە کوردستاندا یان لە دەرەوەی کوردستان بە ناوی کوردەوە هەبوون کەواتە ئەگەر بروامان بەو قسەیەی سەرەوە هەبێت کە حیزب دامەزراوەی کۆمەڵگەی شارە ، ئەوە دەبێ بڵێین کۆمەڵگەی کوردی لە کۆتایی سیەکانی سەدەی رابردووەوە هەنگاوی گواستنەوەوی بەرەوە بوون بە کۆمەڵگەی شاری ناوە . دیارە ئەو راستیەش دەزانین کە کۆمەڵگەی شار کۆمەڵی خاسێتی تایبەتی خۆیی هەیە کە مەرج نییە ئەو خاسێتانە پەیوەندیان بەوەوە هەبێت کە لەو کۆمەڵگەیەدا شوێنی نیشەتەجێبوونی خەڵک پێی بووترێت شار کە بریتی بێت لە شوێنێکی تا ئەندازەیەک قەرەباڵغ کە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی تێدا بژی بەراورد بە گوند یان لادێ. بەڵکو مەبەست لە شار ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی شاری تێدا بەرهەمهاتبێت و عەقڵی شارو کەلتووری شارو شێوازی پەیوەندی شار بەرێوەی ببات و کۆمەڵگە بووبێت بە کۆمەڵگەیەک تاکە کەس بە تەنیاو لەسەر بنەمای بوون و ئامادەبوونی خۆی تیایدا ببێتە خاوەنی شووناسی خۆیی و ئاراستەی پەیوەندییەکان لە شێوازی ئاراستە هەرەمیەوە گواسترابێتەوە بۆ شێوازی ئاسۆیی و لەو نێوەندەشدا حیزبیش وەکو دامەزراوەیەکی خاوەن شووناسی کۆمەڵگەی شار یان کۆمەڵگەی مەدەنی پێکهاتبێت و چیتر دامەزراوەی خێڵ یان عەشیرەت یان پێکهاتەی تایەفە یان مەزهەب نەبێت. ئەگەر ئەم راستیانەمان لەبەرچاو بێت و نەمانەوێت خۆمان فریو بدەین ، ئەوا لە لایەک دەزانین کۆمەڵگەی کوردەواری نەک بۆ ساڵی چل و پەنجاکانی سەدەی رابردوو بەڵکو بۆ ئێستاش نەبووەتە کۆمەڵگەی شار ، هەروەها حیزبی کوردیش لەهەر بەرگ و شێوازێکدا خۆی نیشان بدات و هەر جۆرە دەمامکێک بپۆشێت ، ناتوانێت لە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و لە سەر زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی و لە نێو بونیادێکی کۆمەڵایەتی لەم جۆرەی کۆمەڵگەی کوردەواریدا ببێتە دامەزراوەی کۆمەڵگەی شار، بۆیە لەم رووەوە ئەو حیزبەی کە کەمترین دەمامکی پۆشیووەو بەسرووشتی وەکو خۆی چۆنە بەو جۆرە خۆی دەردەخات و کاردەکات و دەجوڵێت ئەوە لەوانیتر راستگۆترەو نزیکترە لە واقیعی کۆمەڵگەوەو کەمتر بە وەهم دەژی . لە راستیدا زۆرینەی حیزبەکانی ئێمە لە هەموو کوردستاندا . نەیانتوانیووە هەڵگری ئەو شوناس و ئەو بیرو ئایدیۆلۆجیایانە بن کە ئیدیعایان دەکەن

حیزبی وامان هەیە خۆی بە نوێنەری راستەقینەی ناسیونالیزمی کوردی دەزانێت و بە خەیاڵ کوردستانی گەورە رزگار دەکات و دەوڵەتی سەربەخۆی یەکگرتووی کوردستان درووست دەکات بەڵام نازانێت رەهەندەکانی ناسیونالیزم چیەو نەشیتوانیووە سادەترین خوێندنەوە بۆ کۆمەڵگەی کوردی بکات و ئەوەش وای لێکردووە تەنانەت نەتوانێت کەمترین رێژەی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە خۆی کۆبکاتەوە ، لە هەمووشی سەیرتر زۆرجار پێی وایە تتەنیا ئەو مافی ئەوەی هەیە کە باسی مەسەلەی نەتەوایەتی کوردی بکات

حیزبمان هەیە خۆی بە چەپ دەزانێت و خۆی بە نوێنەری پرۆلیتاریاو زەحمەتکێشان و بەش مەینەتانی کوردستان دەزانێت ، بەڵام چەندین ساڵە نەیتوانیووە جەماوەردارێتی خۆی لە نێو ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتیانەدا بسەلمێنێت و خۆی بکات بە حیزبێکی جەماوەردار کە بتوانێت رابەرایەتی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی ریشەیی لە پێناوی گۆڕینی سیستێمی فەرمانڕەوایی و عەقڵی و کەلتووری ئەم کۆمەڵگەیەدا بکات ، بەڵکو وەکو حیزبی نوخبەیەک لە رۆشنبیری چەپ ماوەتەوە کە هاوشێوەی حیزبەکانی تر سەرکردایەتیەکانیان لە بازنەیەکی تا ئەندازەیەک داخراودا ماوەتەوەو . رووبەرەکەی فراوانتر نابێت

دەمێنێتەوە سەر ئەو حیزبانەی کە خۆیان وەکو نوێنەرو رابەرو بزووێنەری بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی نیشان دەدەن و تا ئەندازەیەکی زیاتریش بەراورد بە چەپ و ئیسلامیەکان و ناسیونالیستە ناسۆ کورتەکان جەماوەردارێتی خۆیانیان سەلماندووە . کە ئەوانیش لەم بەشەی کوردستاندا یەکەمیان پارتیە وەکو حیزبی دایک و ئەویتریشیان یەکێتی نیشتیمانیە کە لە هەناوی پارتیەوە هاتۆتە ژیان و ئەویش لە ئەنجامی روانینی سەرکردەکانی ئەو باڵەی کە ویستیان لە ژێر چەتری پتەوی دەسەڵات و کەسێتی بەهێزی بارزانی بێنە دەرەوەو تاوانی کوشتنی باوک ئەنجام بدەن ، بەڵام سەرئەنجام ئەو کاتەی کە پرۆژەی ئەو کوشتنەیان هەبوو لە ئەنجامی بەهێزی باوک نەیانتوانی پرۆژەکەیان جێبەجێ بکەن و دواترو پاش ماوەیەکی تا ئەندازەیەکی درێژو وەرگرتنی هەڵوێستی ناجۆریش لە روانگەی بەرژەوەندی نەتەوایەتی و هەڵوێستی نەتەوایەتیشەوە ، بە ناچاری هاتنەوە ژێر سایەی دەسەڵاتی باوک . دواتریش کە دەسەڵاتی باوک دووچاری شکستێکی کاتی هات ، ئەمانی کوڕانی پێشتر لە باوک هەڵگەڕاوە ، هاتنەوە مەیدان و هەمان شێوەی ئەو کاتەی کە ویستیان تاوانی کوشتنی باوک ئەنجام بدەن ، کەوتنەوە باسکردنی هەڵەو کەموکورتیەکانی باوک و وایان نیشاندا ئەوە لە ئەنجامی دەسەڵاتی یەکلایەنەی باوک و گوێنەگرتن لەمانی کوڕو سیاسەتی تاکڕەوانەی ئەوی باوک ئەو شکستە روویداوە. بەڵام لە کورترین ماوەدا ، کوڕی یەکەم هەمان دەوری ئەو باوکەی بینی کە پێشتر ویستبووی پرۆژەی کوشتنی ئەنجام بدات . ئەمی کوری ئەوسا کە رابەرایەتی کوشتنی باوک و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ئەوی دەکرد ، بەشێوەیەکی سەختتر لە ئەوی باوک پێش ئەوەی کوڕەکان بگەنە ئەوەی کە پرۆژەی کوشتنی ئەوی باوک ئەنجام بدەن ئەم وریایانە کوڕەکانی بەشێوەیەک پەرت و بڵاوکردەوەو بە دژی یەکتر بەکاری هێنان کە سەرباری جوڵەی هەندێکیان بەڵام هەرگیز نەتوانن لەبەرامبەر ئەوی باوکی یەکێتیدا رۆڵ و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان هەبێت کە شایانی باس بێت . هەمیشەش وەکو پاشکۆی ئەوی باوک دەرکەوتوون و دەردەکەون و لە ئاستی ئەودا

ئامادەبوونێکیان نەبوو وە نییە کە شایانی باس بێت . لە رووی سیۆسیۆلۆجیەوە کورانی پاش باوکی یەکێتی نیشتیمانی وەکو کۆمەڵی کوری پاشکۆ یان بێ شووناس دەردەکەون کە هەموو شتێک لە دەستی ئەوی باوکدا کۆبووەتەوە هۆکەشی ئەوەیە ئەو لە هەموو بوارەداندا کە پێویستن بۆ بوون بە باوکی سیاسی ، تواناو شارەزایی و چالاکی و . لێهاتوویی لە ئاستێکدا بووە کە هەمیشە کورەکان لە ئاستی ئەودا بچووک و نادیار بوون

ئیسلامیەکان کە بەرهەمی رابوونەوەی ئیسلامین و زیاتر درێژکراوەی ئەو ئاراستە ئیسلامیانەن کە لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا لە نیشتیمانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامیدا سەریان هەڵداوەو دەرکەوتوون و لەگەڵ رژێمە تۆتالیتارەکانی وڵاتەکانیاندا لە ململانێی سەختدا بوون ، بەڵام ئەوە کۆڵی پێنەداون هەرچەندە هەندێ جار سەرکوتکردن و زیندانیکردن و کوشتن لاوازی کردوون بەڵام ئەوان لە ناو نەچوون و لە دوای درووستبوونی رژێمی ئیسلامی ئێرانیش هەرچەندە ئەو رژێمە شیعە مەزهەبەو هەموو لایەنە ئیسلامیەکانیش لەگەڵ مەسەلەی شیعەگەرێتیدا کۆک نین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونی سیستێمێکی ئیسلامی سیاسی وەکو ئێران لە زۆر رووەوە پاڵپشتێکی مەعنەوی گەورە بووە بۆ پەرەسەندنی لایەنە ئیسلامیەکان لە ناوچەکەدا بە گشتی و لە عێراق و کوردستانیشدا بە تایبەتی . مێژووی ئیسلامیەکانی کوردستان وەکو درێژکراوەی ئیخوانی موسلیمین لە کوردستان دەگەرێتەوە بۆ دەیەی حەوتەمی سەدەی رابردوو بەڵام تا دەیەی نۆیەم دەرکەوتنێکی ئەوتۆیان نەبوو واتە تا سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی ئێران و سەرهەڵدانی جەنگی نێوان عێراق و ئێران کە لەو کاتەدا لایەنە ئیسلامیەکانی عێراق بە شیعەو سوونەو کوردیشەوە بە . ئاشکرا وەکو حیزبی سیاسی دەرکەوتن

لە راستیدا هەرچۆن حیزبە شیوعیەکانی ئەم ناوچەیە بە کاریگەری سۆڤێت و حیزبە بە ناو ئاسیونالیستەکان لە ئەنجامی هاوشێوەکردنی کۆمەڵگەی کوردی بە کۆمەڵگەکانی ترو لە ژێر فشاری سەختی داگیرکەرانی کوردستاندا بە ناچاری بۆ بەرگریکردن درووست بوون ، لایەنە ئیسلامیەکانی کوردستانیش لە ژێر کاریگەری حیزب و رەوتە ئیسلامیە سیاسیەکانی نێو جیهانی ئیسلامیدا درووست بوون . بەڵام بە گشتی ئەم حیزبانە بە چەپ و راستیانەوە ، بە عەلمانی و دینیانەوە ، بە نەتەوەیی و کۆمۆنیستیانەوە ، هەموویان لە رووی بیرو ئایدیاو رەفتارو ئەخلاقی سیاسی و ئایدیۆلۆجیاوە ، لە رووی ئەو شێوازەی کاری پێدەکەن ، کوری راستەقینەی واقیعی کۆمەڵگەی کوردین لەو روانگەیەوە کە هەرچۆن کۆمەڵگەی کوردی نەبووەتە کۆمەڵگەی شار، هیچ کام لەم حیزبـە رێکخراوانەش نەبوونەتە حیزب و رێکخراوی کۆمەڵگەی شار ، بەڵکو هەموویان دامەزراوەی کۆمەڵگەی لادێن کە مەبەست لەمەش کۆمەڵگەی خێڵە ، هەمووشیان بە بێ جیاوازییەکی ئەوتۆ ئەڵتەرناتیفی خێڵ و عەشیرەتن . رووبەری نفوزو دەسەڵات و جوگرافیاشیان هەر هەمان شێوازی نفوزو دەسەڵات و جوگرافیای خێڵ و عەشیرەتەو عەقڵی باڵادەستی هەمووشیان . هەر عەقڵی خێڵە

من پێشترو لە ساڵی ١٩٩٥ نووسیوومە پارتی حیزبێکە هەموو ئەندامان و قاعیدەو لایەنگری ئەو حیزبە بە شێوەیەکی رەها سەرکردایەتی پارتی یان سەرکردایەتی بنەماڵەی بارزانیان قبوڵەو بوونی خۆیان لەوەدا دەبیننەوە کە ئەندام و

لایەنگری ئەو حیزبە بن و ئەوەندەشی کە دڵسۆزی و وەلائی بەهێزیان بۆ سەرکردایەتی بارزانی و بنەماڵەی بارزانی پەیوەستی کردوون بە پارتیەوە مەرج نییە ئەوەندە پەیوەستبوون بە بەرنامەو پەیڕەوو ستراتیژی پارتی خۆیەوە پەیوەستی کردبن و ئەو ئینتیمایەی بۆ درووست کردبن ، ئەمەش هەمان شێوەی پێشترو پێش دامەزراندنی پارتییە کە جەماوەرێکی زۆر پەیوەستبوون بەم بنەماڵەیەوە لە رووی پەیوەستبوونیان بە رێبازی نەقشبەندییەوە( بڕوانە گۆڤاری سەراب، ژمارە ( ٤) ساڵی ١٩٩٥ ، هەروەها کتێبی سلێمانی زەمینەی سەرهەڵدانی تەسەوف و ململانێ ، سلێمانی، ٢٠٠٢ ). دیارە کاک عەبدورەحمان سدیقیش هەمان بۆچوونی لەبەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنی ئەم دواییەی تەلەفیزیۆنی ئالیادا دووبارە کردەوە . لێرەوە دەتوانین بڵێین هەموو ئەو حیزب و رێکخراوانەی لە کوردستاندا هەن هەر هەمان شێوەی پارتی کاردەکەن بەڵام ئەوان ئیدیعای زۆری دیموکراسی و بوونی بوار بۆ گەیشتنی هەر ئەندامێک بە بەرزترین پۆستی حیزبی دەکەن کەچی لە رووی راستیەوە هەر هەمان سیاسەتی پارتی پەیڕەو دەکەن ، لە کاتێکدا هەموو یان هەر هیچ نەبێت زۆرینەی ئەندامانی پارتی نەک هەر رازین کە بنەماڵەی بارزانی سەرکردایەتی پارتی بکات بەڵکو شانازیش بەوە دەکەن و لەبەر ئەوە پارتین کە بنەماڵەی بارزانی سەرکردایەتی پارتی دەکات . واتە دەتوانین بڵێین . ئینتیمای زیاتر لە نێو دامەزراوەی پارتیدا بۆ بنەماڵەی بارزانییە زیاتر لەوەی بۆ پارتی بێت

بێگومان بە گشتی حیزبەکانی تری کوردستان هەمان سیاسەتی پارتی پەیڕەو دەکەن لە کاتێکدا بە حیسابی خۆیان ئەاون زۆر جیاوازن لە پارتی . یەکێتی نیشتیمانی لە دامەزراندنیەوە کە نزیکەی 35 ساڵە مام جەلال سکرتێریتی . پارتی کرێکارانی کوردستان لە دامەزرانیەوە عەبدوڵا ئوچلان سکرتێریتی و داوی ئەوەش کە ماوەیەکی دوورو درێژە لە زینداندایە کەچی حیزبەکەی بوێری ئەوەی نەبووەو نییە کە سکرتێرێکی تر هەڵبژێرێت. کۆمەڵەی ئێران عەبدوڵای موهتەدی سکرتێری باڵیکێتی و سەید برایمی عەلیزادەش سکرتێری باڵەکەی ترێتی . کاکە حەمەی حاجی مەحمود لە درووستبوونی سۆشیالیستەوە بەو شێوەیەی ئێستای سکرتێری ئەو حیزبەیە . کاک قادر عەزیز ئەگەرچی حیزبەکەیشی شتێکی ئەوتۆی نەماوەتەوە لە ساڵی ١٩٨٦ بە دواوە کە زەحمەتکێشان درووست بووە سکرتێری ئەو حیزبەیە . بنەماڵی مامۆستا عەبدولعەزیزی پلیسی تا بزووتنەوە رۆحی تیابوو ، تاکو ئێستاش هەر بەرپرسی یەکمی بزووتنەوە خۆیانن . ئاغای مامۆستا عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵ و مامۆستا شیخ محەمەدی سەرگەتی کە خۆی بە بەرزنجەیی ناودێر دەکات ، پێشتر لە بزووتنەوەو ئێستاش لە درووستبوونی کۆمەڵی ئیسلامیەوە هەردووکیان ئەمیر و رابەرن . ئەوە مامۆستا سەلاحەدینی بەهادینی خورماڵی کە پێشتر مامۆستای سەرەتایی بووەو بە پێچەوانەی زۆرینەی ئیسلامیەکانەوە کە عەرەبیەکی باش دەزانن ئەم عەرەبیش بە باشی نازانێت کە ئەوە زۆر پێویستە بۆ سەرۆکی لایەنێکی ئیسلامی کە زمانی ئەو ئایینە بە باشی بزانێت ، کەچی لە درووستبوونی یەکگرتووی ئیسلامیەوە ئەمینداری گشتی ئەم حیزبە ئیسلامیەیە . پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دوای شەهیدکردنی قاسملۆو شەرەف کەندی چەند جارێک سکرتێری خۆیی گۆڕیووە هەرچەندە من پیموایە ئەگەر قاسملۆ بمایە ئەویش هەرگیز دەستبەرداری سکرتێری حیزبەکەی نەدەبوو . ئەوەش ئاشکرایە کە ژمارەیەکی زۆر لەبەرپرسان و کادیرانی ئەم حیزبانە ناڕازین بە مانەوەی

ئەم کەسانە بۆ ماوەی وەها دوورو درێژ لە سکرتێریتی و سەرۆکایەتی حیزبەکانیاندا ، بە پێچەوانەی پارتیەوە کە . هەموو پارتیەکان شانازی بەوەوە دەکەن کە یەکێک لە بنەماڵەی بارزانی سەرۆکی پارتەکەیان بێت

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم حیزبانە نە لەگەڵ بەرنامەو پەیڕەوی خۆیانداو نە لەگەڵ جەماوەری خۆیاندا وەکو ئەوەی کە پێویستەو دەبێت راستگۆ نین چونکە ناتوانن دان بەوەدا بنێن کە ئەمانیش حیزبی کەسێک یان بنەمالەیەکن . هەروەک بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی حیزب هیچ گرنگی و بایەخێکی نییە . دیارە ناواقیعیشن چونکە ناتوانن دان بەو واقیعەدا بنێن کە هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە ئەمانیش وەکو حیزب ئەڵتەرنایتیڤی خێڵ و عەشیرەتن و سەرۆکی حیزب یان سکرتێری حیزب دەوری سەرۆک خێڵ یان شیخی عەشیرەت دەبینێت و ئەندامانی سەرەوەی حیزب پیاوماقوڵانی خێڵ و عەشیرەتن و ئەندام و لایەنگریش کوڕانی خێڵ و عەشیرەتن . بۆیە من ناتوانم جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان کەریم بەگی هەمەوەندو مستەفا بەگی جاف و کوێخا سمایلی تەلان و کەریم خانی برادۆست و شێخ محەمەدی شێخ عەبدولکەریم و شێخانی بامەڕنی و سەرۆک عەشیرەتی مەتنی و میراودەلی و .... زۆرینەی سکرتێرو سەرۆک حیزبەکانی ئێستای کوردستاندا بکەم چونکە ئەو سەرۆک عەشیرەتانە کە ناوم بردوونء زۆریشیان مردوون تاکو مردنیان هەر سەرۆکی عەشیرەت بوون ئەم سەرۆکء سکرتێری حیزبانەش دەبێ بە سەرۆکیء سکرتێری ببرێن بۆ گۆڕستان . دیارە یەکێک لە کێشە هەرە سەرەکیەکانی سیستێمی فەرمانڕەوایی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی ئەوەیە کە ئەو کەسانەی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە چوونەتە سەرکورسی دەسەڵات تا مردنیان یان تا کوشتنیان لە کودەتا یان تا ناچارکردنی هەندێکیان لەم ساڵادا بۆ وازهێنان هەر لەسەر ئەو کورسیانە ماونەتەوەو لە پێناوی ئەو مانەوەیەشدا زیاترین خوێنیان رشتووەو بوونەتە ناشیرینترین نموونەی دەسەڵاتدارێتی و رژێمی دیکتاتۆری . باشە لە کاتێکدا هیچ سەرۆک حیزبێکی کوردی تا مردن ئامادە نەبێت سەرۆکایەتی یان سکرتێریتی حیزبەکەی رادەستی کەسێکی تر بکات ، داخۆ ئەگەر بچێتە سەرکورسی فەرمانڕەوایەتی کوردستان و دەسەڵاتی گشتی وڵاتی لەدەستدا بێت ، دەبێ چۆن وازبهێنێت ؟ کەواتە دەبێ ئاستی جیاوازییەکان لە نێوان سەرۆک و سکرتێری زۆرینەی حیزبەکانی کوردستان و سەرکردە تۆتالیتارەکانی ناوچەکەدا لە چ ئاستێکدا بێت ؟

بێگومان ئەمە واقیعی کۆمەڵگەی کوردییە و حیزب هەرچۆن خۆی نیشان بدات هەمان سرووشتی دامەزراوەی خێڵ و عەشیرەتی هەیەو ئەگەر بەو بۆچوونەی ئێستاشیەوە بەردەوام بێت کە سەرۆک و سکرتێری مەرجی بەردەوامبوونی هەتا مردنیان هەبێت ، ئەوا ناتوانرێت ئومێدی ئایندەو ئاسۆیەکی گەش بۆ بیناکردنی سیستێمێکی دیموکراسی لە داهاتووی کوردستاندا پێشبینی بکرێت. مانەوەی حیزبی کوردی و کارکردنی بەم جۆرەی کە تاکو ئێستا پێی بەردەوامبووە ، سەرەتایی بوون و مانەوەی ئەم کۆمەڵگەیە لە بازنەیەکی داخرادا نیشان دەدات . ئەوەش دەیسەلمێنێت کە کۆمەڵگەی کوردی تاکو ئێستا نەبووەتە کۆمەڵگەی شار هەر بۆیە حیزب و رێکخراوەکانیشی بە ئاشکرا جێگرەوەی . دامەزراوەی خێڵ و عەشیرەتن و بە عەقڵ و ستراتیژی ئەو دامەزراوە سەرەتاییانە کاردەکەن

# هەیمەنەی بنەماڵە

فێندەمێنتاڵیزمی بنەماڵە لەوکاتەوە دەست پێ دەکات کە تاکەکانی ناو بنەماڵەیەکی دیاری کراو پێیان وایە کە مێژوو لەوانەوە دەست پێ دەکات و دەشبێت لەواندا کۆتایی پێ بێت، جگەلەمەش هەوڵدان تا ئاستی بەرقەرار بوونی توندوتیژی بێ سنور بۆ پاراستنی بنەماڵە و پیرۆزیەکانی دەرئەنجامی ئەو هەستە نەخۆشەیانە کە وادەزانن زەمەن شتێکە ئەبێت بنەماڵەیەکی موعەیەن لە هەرێمێکی سنورداردا بەڕێی بکات و تەواوی ڕامیاری و ئابووری و کەلتور و تەنانەت هونەر و ئیدی لە بنەماوە تا ستراتیژ و بەرنامەی کار و ئامانج، ئەمانە هەموویان شتانێکن کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی بنەماڵە نین و بەشێکن لە حکومکردنە ڕەهاو تەقلیدیەکانی خۆیان و تا دەگەنە ئەو ئاستەی کە هەموو بڕیار دان و هەموو جیهەت و دەم وچاوە باڵاکان لەناو ماڵێکدا یان لەناو خێزانۆچکەیەکدا کۆدەکەنەوە و پاشان فێندەمێنتاڵیزمی بنەماڵەیی بەرهەم دەهێنن و لە پێناو پاراستنیشیدا هەموو جەنگێك دەکەن. ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە هەرێمی کوردستانی عێراق بینرا و هەردوو حیزبی (پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) تەمسیلی دیاردەکەیان کرد و تەنانەت لە پێناو مانەوەشیاندا شەڕی ناوخۆی نەتەوەیی سەری هەڵدا کە دەیان هەزار قوربانی لێکەوتەوە و ئەوەش نمونەیەکی گەورەی فێندەمێنتالیزمی بنەماڵەیی بوو کە لەناو دیاردەی .شۆڕشی کوردیدا بەدی کرا

## مێژووی سەرهەڵدانی فێندەمێنتاڵیزمی بنەماڵە

فێندەمێنتاڵیزمی بنەماڵە دیاردەیەکی ناوچەیی کورد کردی هەنوکەیی ترسناکە کە بەم دوواییە و لە سەرەتاکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولەوە بە توووندی سەری هەڵداوە و قۆناغی دەسەڵاتگەری میرنیشینەکانی گەیاندە قۆناغی دەسەڵاتگەریی بنەماڵە و بەمەش فەلسەفەی "دەسەڵاتگەرای کوردی" بۆ چەندین قۆناغ بردە دواوە و ئاستی برەودان بە خود موختاری نەتەوەیی و داهێنان لە ناو ئەزموونی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی کوردیدا کەوتەوە ژێر خاڵی سفر و .سیستەمی دەسەڵاتگەریی کوردیی، لە ئاستی نمونەی دەسەڵاتە هاوچەرخەکانی دوونیادا تەواو بە پێچەوانەوە سوڕاند فێندەمێنتاڵیزمی بنەماڵە، یان بە مانایەکی تر کەسایەتیە لە خۆ باییەکانی ناو بنەماڵەیەکی دیاری کراو دەبنە هۆی برەودانێکی زۆر نائاسایی بە توندوتیژی هەمەجۆرە لە پێناوی زیاتر پیرۆز ڕاگرتنی بنەماڵەکە و ئامانجیش لەمە تەنها .پاراستنی بنەماڵەی خاوەن دەسەڵاتە لە ڕووبەڕووبوونەوە و پرسیاری ئەزەلی لێکردن

بۆ ئەوەی بتوانین دەستپێکی ئەم دیاردەیە دەستنیشان بکەین ئەوا دەبێت لە شۆڕشی ئەیلولەوە دەست پێ بکەین.

بێگومان شوڕشی ئەیلول جگە لەوەی کە بووە کاریسەیەکی گەورە و جەرگ بڕ لە مێژووی ئازادی خوای میللەتی کورددا هیچی تری بەرهەم نەهێنا جگە لە دارمانێکی گەورەی مرۆیی و مادیی و دەروونی، کە تیایداچەندین ڕۆڵەی کورد لەسەر دەستی کۆمەڵێك سەرکردەی شۆڕشەکە بوونە قوربانی.

بێگومان نەبوونی عەقڵێکی پرۆفێشناڵی سیاسی و ستراتیجێکی بەرنامە بۆ دارێژراو بووە هۆی ئەوەی شۆڕشەکە کە شۆڕشێکی بنەماڵەیی بوو ببێتە تۆزی دەم با و بەرگەی هیچ هەلومەرجێکی سیاسی و هیچ ئابڵۆقەیەکی ئابووری و هیچ تەنگەژەیەکی وارد کە ئەگەری ڕووبەڕوو بوونەوەی هەموو شۆڕشێکە، بگرێت. لێرەوە دیاردەی شۆڕشی کوردی لە بری برەودان بە توانا سیاسیەکانی و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئاستێکی فراوانی تێگەیشتن لە سیاسەت و بەرمەجە و کاری دامەزراوەیدا، پەنای بردە بەر دەووڵەتانی دامەزراو و زلهێز و خاوەن سیاسەت، ئەمەش هۆکاری یەکەمی تێوەگلانی سەرکردایەتی شۆڕشە کوردیەکانە لە بوونە پیاو یان داردەستی دەوڵەتانی دیکە و هەر ئەمەش خاڵی سلبی و دەردی بێ چارەسەری سیاسەتی کوردییە کە بەرهەمی دەسەڵاتی فێندەمێنتاڵیزمی بنەماڵەیە.

دوای ئەوەی شۆڕشی ئەیلول هەرەسی هێنا (ئاشبەتاڵ) دیاردەیەکی تر سەری هەڵدا کە ناوی خۆی نابوو "شۆڕشی نوێی گەلەکەمان" و ئەمەش جۆرێکی تربوو لە نمایش کردنی توندوتیژی بنەماڵەیی و هەوڵدان بۆ گرتنە دەسەڵاتێکی فراوانی بنەماڵەیی بە بەرگ و ئەدایەکی دیموکراس خوازانەی چەپڕەوانە کە تەنها جیاوازیەکی لەگەڵ شۆڕشی ئەیلولدا ئەوەبوو کە بەخت یاوەری بوو وە کات لەبەرژەوەندی ئەم دیاردەیە بەڕێکەوت.

ئاستی بینینی سیاسی و ئابووری لەناو دامەزراوەی ژێر دەسەڵاتی فێندەمێنتاڵیزمی بنەماڵەدا

کێشەی سەرەکی ئەوەیە جیاوازی لە نوقاتەکانی فێندەمێنتاڵیزمە هەمە جۆرەکاندا نیە، هەموو دەمووچاوە فێندەمێنتاڵیستەکان بە یەك شێوە بیردەکەنەوە و بە یەك جۆر دەبینن، تەنها لەوەدا جودان کە هەریەکەیان لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدا کە بەرژەوەندی گەورەی فێندەمێنتاڵیزمەکەیە، بیردەکەنەوە.

لەناو دیاردەی فێندەمێنتاڵیزمی بنەماڵەدا هەموو دەبێت وەك سەرۆك وەك جەنابی والی وەك فەخامەتی سەیدەلعوزما بیر بکەنەوە و وەك ئەو ببینن و لە لوتی ئەوەوە بۆنی شتەکان بکەن و نابێت هیچ جیاوازیەك لە ئەدای بیرکردنەوە و بڕیارداندا هەبێت کە ئەمە پێش هەر شتێك خاڵی یەکەمی دەستپێکردنە بۆ بەرەو دواوە ڕۆشتنەوە و ئیفلج کردنی هەموو پێشکەوتنە ئیداریی و ئیکۆنۆمی و رامیاریەکانە، کە لێرەوە ئیدی سیستەمێکی ئیداری لاواز کاری پێدەکرێت و بەئاسانی هەمەچەشنەی ڤایرۆس بەناو دامەزراوەکانی ژێر فەرمانڕەوایی بنەماڵەکە بڵاو دەبێتەوە و چێژی دەسەڵات و ڕەهاکاری بوار بۆ دەست هەڵگرتن لە فێندەمێنتاڵیزمی بنەماڵە نارەخسێنێت و بە هەر نرخێك بووە هەمیشە دەسەڵات وویستراوی یەکەمی کادیر و تاکەکانی ناو بنەماڵەکەیە.

بێگومان هەندێك لە میللەتانی دونیاش دووچاری فێندەمێنتاڵیزمی بنەماڵەیی بوونەتەوە و کات و ماوەیەکیان وویستووەتا توانیویانە بە هاوکاری بنەماڵەی خاوەن مێژوو مێژوو و ئێستا و ئاینده بهێننەوە ناو ڕیزەکانی نەتەوە و بە

هەموویان پارێزگاری لێبکەن و دەسەڵات لە توندوتیژ و دەمارگیری بگوێزنەوە سەر شەقامی نەتەوەیی، بەڵام بۆ ئێمەی کورد رەنگە پێویست نەکات ئەو ماوە زۆر و دوور و درێژە چاوەڕێ ببین و قوربانی بدەین ، بەڵکو پێویستە بە ئەزموون وەرگرتن لە مێژوو هەوڵ بدەین لە ڕێگەی تاکە تێگەیشتوو و نوێ خوازەکانی ناو بنەماڵەکانەوە دەسەڵات بگوازینەوە دەرەوەی سنورێکی بچوکی خێزانی و بنەماڵەیی و شانازیە وەهمیەکان واز لێبێنین و مێژوو و کەلتور و سیاسەت و فەرهەنگ دابەشبکەینەوە بەسەر تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵدا و لە بری پاراستنی بەزۆر پیرۆزکراوی شتێکی بچوك بیر لە پاراستنی شتگەلێکی تر بکەینەوە کە ئێستا کوالێتی سیاسەتی هاوچەرخ دەستنیشان دەکات.

## سیستەمی خێڵ و خێزان و قۆرخکردنی دەستەڵات

خەسڵەتی کۆمەڵگاو دەسەلاتی تەقلیدی +

. کۆمەڵگای دواکەوتو دیکتاتۆر بەرهەم دێنێت +

کاریگەریی کەلتوری سیاسی لەسەر حیزب و سیستەمی سیاسی +

. شێوازی دەسەلاتە سیاسیەکەی هەرێمی کوردستان +

. دەسەلات خواستی لە بوونی پلورالیزمی سیاسی نیە +

سیستەمی خێڵ و خێزان سیستەمە دەولەتیەکە کرمێ دەکات ، دەرئەنجامی ئەم شێوە دەسەلاتە ، هەرچەندە نوسراوە + . ، بەلام من پێتان دەلێم : دەسەلات لەلایەن گەلەوە نەدرێ

حیزب ئۆرگانێکی گرنگە بۆ بەمۆدێرن کردن یان پاش خستنی سیستەمی سیاسی ئەم دەسەلاتە توانای ڕیفۆرم کردنی + . نیە ، کە ناعەدالەتی دەبێتە یاسا ، یاخیبوون و شۆڕش دەبێتە ئەرک

بیرۆکەی شۆڕش و ڕاپەڕینێکی جەماوەریی ڕێکخراو لە هەرێمی کوردستان +

خەسڵەتی کۆمەلگاو دەسەلاتی تەقلیدی

خەسڵەتی کۆمەلگای تەقلیدی ( کۆمەلگای عەشیرەت و خێل و بنەماله) ، کۆمەلگای کۆنەپاریز ، کە کۆمەلگای کشتوکاڵی و دەرەبەگیش دەگرێتەوە ، کوردستانیش سەرەڕای هەندێک گۆڕانکاری کۆمەلایەتی بەلام بێبەش نیە لەم پێناسەیە. ئەم جۆرە کۆمەلگایە وەک پێکهاتەیەکی دواکەوتوو بریتیە لە کردەوە تەقلیدیە کۆمەلایەتیەکان . ئەو کردەوانەی کە لەسەر بنەمای ئەقل و مەنتق دانەمەزراوە ، بەلکو لەسەر بنەمای ئەو کردەوانەی کە سەردەمانێک کاری پێکراوەو جێگیربوەو بە میرات ماوەتەوە وەک شتێکی تەقلیدی. یەکێک لە خەسلەتەکانی کۆمەلگای تەقلیدی بریتیە لە پێکهاتەیەکی داخراوی کۆمەلایەتی کە بەزەحمەت خۆی دەداتە دەست گۆڕانکاری. جگە لەوە زۆربەی

ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایانە سەربەخۆییان نیەو بەستراونەتەوە بە نەریتی گشتی کۆمەڵگاکە . لێرەدا هوشیاریی ئاینی زاڵە بەسەر بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگاکە . دەسەڵاتی سیاسیش خەسڵەتێکی حوکمی فەردیە تێیدا. ئەم جۆرە کۆمەڵگایە هەروەک ئاماژەم پێدا بەپێی سروشتی خۆی ، خۆی کەمتر دەداتە دەست بە مۆدێرن کردن . زیاتر لە شوێنی خۆی دەچەقێ و گۆڕانیشی کاتی درێژی دەوێ کە ئەمیش بەندە بە کۆمەڵێک فاکتەرەوە . لەم سیستەمە تەقلیدیەدا ، بە دەسەڵاتە سیاسیەکەیەوە ئابوری خزمایەتی و بارودۆخی پابەندبوون و پەیوەندی کەسیی دروست دەبێت و ڕۆڵ دەبینێت . بەم شێوەیە گەشەکردنی ئابوری گێر دەبێت ، تەنانەت کەپیتالیزمی مۆدێرن لەم شێوە دەسەڵات و سیستەمەدا ناتوانێت گەشە بکات . بە پێچەوانەی دەسەڵاتی یاسایی کە کارمەندان بە پیشە کارەکانیان دەبەن بەرێگاوە ، لەوەی دەسەڵاتی تەقلیدیدا دارودەستە (دەست و پێوەند) بەم ئەرکە هەڵدەستن . بەم پێیە دەبێت بەڕێوەبەرایەتی تەقلیدی بەم شێوە تەقلیدیە بەڕێوە بچێت گەرنا دەسەڵاتی دەسەڵاتدارە تەقلیدیەکە دەکەوێتە بەر مەترسی . هەربۆیەش لێرەدا یاسا . تەقلیدیەکان حوکم دەکەن

لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا هوشیاری کۆمەڵ وەک پێویست لە ئارادا نیەو دەسەڵاتدار سوود لەم دیاردەیە وەردەگرێ و دەشیەوێ کەش و هەوا کۆمەڵایەتیە دواکەوتوەکە هەر بەم شێوە کۆنە دواکەوتوە بمێنێتەوە لە شێوەی داب و نەریتە تەقلیدیەکان . هەموو پێشکەوتن و هوشیاریەکی کۆمەڵایەتی دەبێتە لاوازکردن و گۆڕینی ئەو بارودۆخە دواکەوتوەو نەریتە تەقلیدیەی کە دواتر دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دەسەڵاتی دەسەڵاتدار و سیستەمە سیاسیە تەقلیدیەکەدا . هەربۆیە بەگشت شێوەیەک ئەم جۆرە دەسەڵاتە هەوڵی لەناوچوونی پێشکەوتن ئەدات و دەیەوێ کۆمەڵگا کۆنەکە کۆمەڵگایەکی داخراو بێت و بەهۆی ناهوشیاری کۆمەڵەوە بۆی بچێتە سەرو دەسەڵاتدار جێگای یاساش بگرێتەوەو دەیەوێ لەم زیاتر ، لە سەرۆکێکی کاریزمای نەگەتیف زیاتر ، کۆمەڵ هیچی تر نەبینێت و بەم شێوەیە بێبەشی دەکات لە دونیای پێشکەوتن و کرانەوە . کاریزما بەو واتایەی کە گروپێک بڕوایان وایە کەسێک هەیە کە خاوەنی چەند خەسڵەتێکی ناناسایی و لەڕادەبەدەر و ڕزگاریی کۆمەڵگایە. کاریزما نەگەتیفەکان بۆ لەدەست نەدانی کاریزما دروستکراوەکەی دەبێت کاری پاڵەوانانە نیشان بدەن ، بۆنمونە بارزانی باس لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەکات و بیکاتە . دەستکەوتێکی پاڵاوانانە بۆخۆی

کۆمەڵگای دواکەوتو دیکتاتۆر بەرهەم دێنێت

لەو کۆمەڵگایانەی کە هوشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی هاولاتیان کزو لاوازەو هەروەها ڕەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتی تیایاندا لاوازە ، ئەوا سیستەمی سیاسی پەیڕەوکراو لە ولاتدا سیستەمێک دەبێت کە لەسەر زەبروزەنگ و خۆسەپاندن و دیکتاتۆریەت بونیاد دەنرێت . لێرەدا پێشێلکردنی مافی تاکەکانی کۆمەڵ و سەربەستیەکانیان و بوارنەدان بە گروپی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەربەخۆی جۆراوجۆر لە دەوڵەتدا دیاردەیەکی ئاسایی دەبێت . واتا لە دەوڵەتدا سیستەمی دیکتاتۆری پەیڕەو دەکرێت ، جا ئەو سیستەمە دیکتاتۆریە سیستەمی دیکتاتۆری تاکە کەسی بێت ، یان خێزان و خێڵ و

گرووپ بێت ... بەلام پەیرەوکردنی هەر شێوەیەک لە سیستەمی دەسەلات لە ولاتدا شتێک نیە هەتا سەر بەزۆر بسەپێندرێ ، هەتا سەر بڕبکات و نەگۆر نەبێت .

هەروەها سیستەمی سیاسی دەولەتێک کۆپی ناکرێت بۆ دەولەت و کۆمەلگایەکی تر ، بەلکو سیستەمی پەیرەوکراو لە ولاتدا دەبێت نزیک بێت لە داب و نەریت و کەلتور و باری کۆمەلایەتی و رادەی هوشیاری خەلکی ئەو ولات و دەولەتە. بەلام ئەگەر دەسەلاتە ، سیستەمە سیاسیە پەیرەوکراوەکە لەگەل باری سایکۆلۆجی و فکریی و کۆمەلایەتی و کەلتوری و داخوازیی چین و توێژەکانی خەلکی ولاتدا گونجاو نەبوو بۆ نان و نازادیش وە نادادپەروەر بوو ، ئەوا ئەو سیستەمە سیاسیە ئەگەر بۆ ماوەیەکی زەمەنییش پەیرەو بکرێت بەلام وەکو ئەنجام هەر هەرەس دێنێت و ئامانجی رێکخستنی دەولەت ناپێکێ کە لە راستیدا پێویستە بۆ خۆش گوزەرانی و سەقامگیرکردنی رەوشی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری هاتبێتە کایەوە ، وەک ئەوەی هەنووکە لە هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت . کۆمەلگاو دەسەلاتی تەقلیدی و کلاسیک هەر هێشتا بەربلاوترین شێوەکانی کۆمەلگاو دەسەلات و سیستەمە سیاسیەکانە چونکە دەسەلاتی دەولەتی یاسایی و ئەقلانی و سێکولار لە گەشە مێژوییەکەیدا درەنگ هاتۆتە دروستبوون .

ئەم دەسەلاتی خێل و خێزان و پێکهاتە عەشایەریە تەقلیدیە ئەوەندەی پەیوەندی خوێن و داب و نەریتە کۆنەکە بە یەکتریانەوە دەبەستێتەوە ئەوەندە هەستی نەتەوەیی تێیاندا نیە یان زۆر کزو لاوازە . ئەگەر ببنە دەولەتیش ، ئەوا دەولەتێکی سولتانیی و فاشیل دەبێت و لە خزمەتی تاقمێکی بچووکدا دەبێت ، وەک ئەوەی خێزانی ال سعود لە سعودیە ...

کاریگەریی کەلتوری سیاسی لەسەر حیزب و سیستەمی سیاسی

یەکێک لە گرفتەکانی سیاسەت و کۆمەل بریتیە لە دواکەوتویی کەلتوری سیاسی بۆ بەها دیموکراتیەکان . تەنانەت لە هەموو ناوچەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا دیموکراسیەت تەنیا روکەش بووە . ئەم دەسەلاتدارە کۆنە پارێزە تەقلیدیانە هەرگیز ئامادە نین دەستبەرداری دەسەلات بن . لەبەر رۆشنایی دواکەوتویی کۆمەل بەگشتی و کەلتورە سیاسیەکە هەربۆیە ئۆپۆزیسیۆنەکان لای خۆشمان وەک پێویست ئۆپۆزیسیۆنێکی هاوچەرخ نین و هەموو بە دەسەلاتیشەوە بەرهەمی واقعی کۆمەلگاکەی خۆیانن ، هەربۆیە پەرینەوە بۆ کۆمەلگایەکی مۆدێرنتر شتێکی هەروا ئاسان نیەو پرۆسەیەکی ئالۆزو درێژخایەنە، بەلام هیچ کۆمەلگاو سیستەمێکیش نەگۆر نیە .

شێوازی دەسەلاتە سیاسیەکەی هەرێمی کوردستان

ئەم شێوازی دەسەلاتە سیاسیەی هەرێمی کوردستان کە خاوەنی ئیدارەو دەزگای سەربازی ( میلیشیا ) و دارایی و هەوالگریی و ئامرازی فەرمانرەوایی خۆیەتی و لەژێر دەسەلاتی تاک و خێزاندایە ، پیادەی بە مەرکەزیەت کردنی دەسەلات دەکات ، مەرکەزیەتیش لەگەل دیموکراسیەتدا یەکناگرێتەوە . هیچ کام لەوانە شەرعیەتی دەسەلاتیان لە دیموکراسیەتەوە وەرنەگرتوە . هەلبژاردنیش تەنیا یەکێکە لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی بەلام ئەوەش لە هەرێمی کوردستاندا بەردەوام بە پرۆسەی ساختەکاریدا رۆیشتوە .

ئەم جیهازی دەسەلاتە بە شێوەیەکی سەرەکی لە کەسانی پابەندو دارودەستە بە وەلاو وەفا بۆ سەرۆک دروستبووە . بایەخ بە دروستکردنی کاریزما ئەدرێت کە بریتیە لە سەرۆکی خێزان و بنەمالە خۆی . سیاسەتێک کە نیشانەی سروشتی سیستەمێکی تەقلیدیەو سروشتی دەسەلاتەکەش دیکتاتۆریەتە . دادوەری و مافە سیاسیەکانی تر لەلایەن دەسەلاتدارەوە وەک شتێکی ، مولکێکی شەخسی مامەلەی لەگەلدا دەکرێ و توانای بەسەر ئامرازەکانی دەسەلاتدا هەیە هەروەک بەسەر شمەکێکی خۆیدا هەبێت. بەم شێوەیە دەکرێ بکڕدرێ و موزایەدەی پێوە بکرێ ، لە وەرەسەدا بەش بکرێ (خێزانی بارزانی و تالەبانی نمونەیەکی بەرچاوی باسەکەیە) . لەم بارودۆخەدا ئیرادەی سیاسی لە کۆمەلگا سەندراوەتەوەو دوور خراوەتەوە لە هوشیاری سیاسیش . گەل بێ مافە و وەک خزمەتکار ، وەک ئۆبجەکتی ڕوتاندنەوە سەیر دەکرێ نەک وەک هاولاتی لە ڕوانگەی کۆمەلگای مەدەنیەوە . لێرەدا کەسایەتی تاکەکانی کۆمەل تێکدەشکێندرێت . جوداکردنەوە لە نێوان شتە شەخسیەکان و گشتیەکاندا نیە. سەرجەم پەیوەندیەکانی دەسەلات پەیوەندی کەسییە نەک مونەسەساتی. جوداکردنەوەی دەزگاکان لانی کەم بە ڕوکەش ددان پێدا نراوە ، هەربۆیە دەکرێ لە ڕای گشتیدا ئاماژەی پێبدرێ، بەلام لە پراکتیکدا بوارە شەخسیەکان و گشتیەکان لەیەکتر جودا ناکرێنەوە. داگیرکردنی مولکی گشتی و بە هەدەردانی سامانی نەتەوە بە شێوازی جۆراوجۆر و بە ڕێگای دەسەلاتداری کەسەوە ڕەفتاری پێوە دەکرێ هەروەک ئەم ولاتە هەمیشە موڵکی خێزان و بنەمالە (خێزانەکان ، بنەمالەکان ، بچووک و گەورەکان) بوبێت. بارودۆخێک خولقێندراوە کە تەنیا بە ڕێگای حیزب و وەلاو وەفا بۆ سەرۆک دەگەیت بە بەرژەوەندیەکانی خۆت. دیاردەیەک دەبێتە هۆی سەقەت کردنی کۆمەلگا. حیزبیش لێرەدا حیزبی قائیدە، حیزب لێرەدا بۆتە ئامانج نەک ئامراز. ئەم سیستەمە سیاسیە کۆنەپارێز و خێل و خێزان و بنەماڵەییانە لە هاوکێشەی کۆتایدا بەهۆی بلۆک کردنی خۆیەوە ڕێگریش دەبێت لە گەشەکردن بە ئاڕاستەی هەرێمێکی، دەولەت و کۆمەلگایەکی مۆدێرن. پشت بەدارودەستەکانی ، بە ئیدارە بیرۆکراسیەکانی سەر بە کەسی دەسەلات و بە هێزی چەکدار و ئاسایش و میلیشیا و پارەی ناشەرعی و دەزگا هەوالگریەکانی دەبەستێت ، بەلام گەل بۆ ئەم دەسەلاتە تەنیا ئامراز و ئۆبجەکتە ، بێ ماف کراوەو کەچی دەسەلات دەشیەوێ جەماوەر دەنگی پێبدات و بە ناوی گەلیشەوە بدوێ. لێرەدا جگە لە خوێندنەوەمان بۆ دەسەلاتی سیاسی و حیزبی سیاسی و ... پێویستە لە ڕووی کۆمەلناسی سیاسیشەوە لە پێکهاتەو بارودۆخ و دیاردەکانی ناو کۆمەلگاش .بکۆلینەوە

دەسەلات خواستی لە بوونی پلورالیزمی سیاسی نیە

دەسەلات لە هەرێمی کوردستان خواستی لە بوونی پلورالیزمی سیاسی نیە ، بەلکو لە پەرلەمانێکی ڕوکەشی بێ ئۆپۆزیسیۆن هەیە ، یان ئۆپۆزیسیۆنێکی بێکاریگەر. حیزبی زۆری دەستکردووی سێبەر ، هەندێکی تری بەشدارپێکراو لە دەسەلاتدا بەلام بێکاریگەر، "ڕۆشنبیر و ئەکادیمی" کڕدراو ، میدیای زۆری سێبەر ، ...تاد. هیچی گوزارشت لە کۆمەلگایەکی سیاسی پلورالیستی (فرەیی سیاسی) ناکات. هەرەمی دەسەلات بێبوونی داروستەو کاسەلێسەکانی بە تەنها ئەو هەموو گەندەلیانەی پێناکرێت ، هەربۆیە دارودەستەکانیش لەسەر ئاستە جیاوازەکان بە

هەمان شێوەی دەسەڵاتەکە خۆی بەرپرس و تاوانبارن لەو بارودۆخە خراپە. هەموو ئەم باسە ئاماژە پێکراوە گوزارشت لە واقعی ئەمرۆی هەرێمی کوردستان دەکات. ئاسایی دەبێت گەل سەرچاوەی ڕەوایەتی سیاسی بێت. گەل خزمەتی حکومەت ناکات ، بەڵکو حکومەت خزمەتی گەل دەکات. حکومەت تەنها ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە گەل پێی .بەخشیوە

سیستەمی خێڵ و خێزان سیستەمە دەوڵەتیەکە کرمێ دەکات

لێرەدا ، لەم شێوە دەسەڵاتە تەقلیدیانەدا ، ئەوە بۆ هەرێمی کوردستانیشە، دوو سیستەم هەیە، (سیستەمی بنەماڵەو خێل و خیزان، هەروەها سیستەمە دەوڵەتیەکە)، بەلام دەسەلاتدارە تەقلیدیە ئۆتۆکراسیەکەو دەزگا بیرۆکراسیەکانی لە ڕاستیدا لە تەنیشت یەکتردوە نین ، بەلکو دەسەلاتە تەقلیدیە خێل و خێزان و بنەماڵەییەکە خۆی خزاندۆتە ناو سیستەمە شەرعیەکەو فۆرمی دەگۆڕێت و بێکاریگەریی دەکات. بارودۆخی (٣) دەسەلاتەکە ( پەرلەمان و حکومەت و دادوەریی) و تەواوی دامودەزگاکانی ولات لە هەرێمی کوردستان بەلگەی ئەم بۆچوونەیە. لە ڕووی زانستی سیاسیەوە ئەم شێوە سیستەمە وەک بەشێکی دیاری ئەوانەی تری ولاتانی "جیهانی سێ" لە ڕاستیدا (لە هەندێکیاندا) بریتیە لە گرێدانێکی تەقلیدی و ئەلەمەنتی مۆدێرن. هەربۆیە بۆ پرۆسەی بەمۆدێرن کردن ئەوە دەرکەوتەیەکی قۆناغی گواستنەوەیە (الانتقالیە) ، بەلام سروشتی ئەم "سیستەمە"ی ئێستەی هەرێمی کوردستان بە تەواوی حیزبەکانی ناو دەسەلات و هاوشێوەکانی لە دەرەوەی دەسەلاتیش توانای گواستنەوەی ئەم قۆناغەی نیە. هەربۆیە ئەم ڕژێمە و هاوشێوەکانی دەبێت جۆرێکی تر شەرعیەت بدەن بەخۆیان و تەواو لێرەدایە یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکانی. بەلام ئەم سیستەمی دەسەلاتە سەقامگیریەکەی بەتەنیا لە پیادەکردنی هێز ، لە میکانیزمی کۆنترۆل و چاودێری و تۆقاندن و کڕینی ئەم و ئەو سەرچاوە ناگرێت بەلکو پەنا بۆ میتۆدی تری جۆراوجۆر دەبات. پێکهاتە بیرۆکراسیەکان مۆنۆپۆلی سەرجەم .پەیوەندیەکانی نێوان ئەلیتەی سیاسی و کۆمەڵ دەکەن

دەرئەنجامی ئەم شێوە دەسەلاتە

شارەزایانی زانستی سیاسی دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە دەرئەنجامی ئەم شێوە دەسەلاتە لە کۆتایدا دەبێتە هۆی وێرانکردنی پێکهاتەکەی خۆی کە کار بۆ چڕکردنەوەی دەسەلات لە دەستی تاقمێکی بچوکدا دەکات کە لە هەولی ئەوەشدایە ڕێگربێت لە دروستبوونی ڕێکخراوی سەربەخۆی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینە. کار بۆ کۆنترۆل کردنی سەرجەم بزوتنەوەو چالاکیە کۆمەلایەتی و مەدەنیەکان دەکات و بەردەوام میتۆد و ستراتیجی نوێ گەشە پێئەدات بۆ بەرتەسک کردنەوەو ژێردەست کردنی داواکاریە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان و درۆ کردنیش دەبێتە بەشێک لە ستراتیجی دەسەلات. جگە لەوە دەسەلاتەکە لەلایەن ئەلیتەیەکی سیاسی و بیرۆکراتی سەر بە دەسەلات دەورە دراوە. هەرچەندە مەبدەئیەن بەناوی سەرجەم مونەسەساتەکانی ولاتەوە دەدوێ بەلام لە ڕاستیدا تەنیا لە هەولی ئەوەدایە دەسەلات و کاریگەریی خۆی گەورەو سەلامەت بکات ئیتر بەهەر میتۆدێکی ناشەرعیش بێت. بەلام هەموو دەسەلاتێکی دیکتاتۆر ئەگەر بیەوێ دەسەلاتەکەی سەلامەت بێت ئەوا هەمیشە پێویستی بە پشتگیری و ڕەزامەندی

بەشێکی کۆمەڵگاکەی هەیە. لە ژێرەوە شەڕی کێبڕکێی ئەلیتەکان هەیە کە تەنانەت لەلایەن دەسەلات خۆیەوە دروست دەکرێ و جێگۆڕکێ بە پۆستەکانیشەوە دەکات لە ترسی تەکەتولات دروستکردن و سوود وەرگرتن لەم میتۆدە بۆ ئەوەی خزمەتی سەقامگیری سیستەم و دەسەلاتەکەی پێ بکات. کار بۆ لەیەکتر ترازاندن و دابەش کردنی ئۆپۆزیسیۆن (نەیارەکانی) دەکات. بەم میتۆدە دەسەلاتدار کار بۆ سەقامگیر کردنی دەسەلاتەکەی دەکات و تەنانەت ڕۆلی حەکەمی سیاسیش دەبینێت.

"..هەرچەندە نوسراوە، بەلام من پێتان دەڵێم"

بەڕێوەبەرانی ئیداری لەم شێوە دەسەلاتەدا بەتەنیا لەلایەن سەرۆکەوە هەڵدەبژێردرێن. هەروەها سەرجەم نمونە تەقلیدیەکان لە ڕاستیدا بەو شێوەیە چارە دەکرێن کە دەڵێت: "هەرچەندە نوسراوە، بەلام من پێتان دەڵێم...". سەرۆکی ئەم دەسەلاتە تەقلیدیە خێڵ و خێزانە کار بۆ دروستکردنی کاریزما دەکات بەلام ئەم شێوازی کاریزمایە ڕەوتێکی ئانەقلانیەو کاریزمایەکی نەگەتیڤە ، کە دەیەوێ بەرگی حیزب و ئایدیۆلۆژیاش بکرێتە بەری ئەم و کۆمەڵ تەنیا ئەم ببینێت و دەیەوێ تەواوی دەسەلاتەکان لە دەستی خۆیدا کۆبێتەوە. لەناو دەزگا دەولەتیەکەدا دەسەلات لە شەخسی سەرکردە سیاسەکەدا چڕدەبێتەوە. لێرەدا کاریزمای پۆزەتیڤیش هەیە لە مێژودا وەک گاندی و نێرنست ماندێلا ، کەواتە ئەم کەسە دەکرێت چاکەخواز بێت ، یان وێرانکەر بێت.

هەر فەرمانێک لەلایەن ئەو سەرۆکەوە دەربچێ بە یاسایەک دادەنێ و دەبێت کۆمەل جێبەجێی بکات و لەو فەرمان و یاسایانە لانەدەن. خاڵی جەوهەریی لەم بەرپرسیارێتیە ئەوەیە کە هەر بەرپرسێک نەک هەر لەلایەن سەرۆکەوە دەستنیشان دەکرێ بەڵکو ئەوەندەش لە پۆستەکەیدا بێت دەبێت لە بەرگی سەرۆکدا ڕۆل و کاریگەریی و چالاکی ببینێت. هەموو ئەمانە لانی کەم لە هەردوو خێزانی بارزانی و تالەبانی و کەس و بنەمالە بچوکە دەستڕۆیشتوەکانیشدا لە هەرێمی کوردستان بە ڕوونی بەدی دەکرێت.

دەسەلات لەلایەن گەلەوە نەدرێ

لە کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسیدا دەسەلات لەلایەن گەلەوە ئەدرێ ، بەو دەنگانەی گەل ئەیدات بە حیزب و نوێنەرەکانی لە پەرلەمان، دواتر بۆ پێکهێنانی حکومەت ، ئەو حیزبانەش کە ناگەنە دەسەلات دەبنە ئۆپۆزیسیۆن و نوێنەرایەتی بەشەکەی تری جەماوەر دەکەن ، بەواتا جەماوەرەکەی خۆیان نێتر لە ناو پەرلەماندا بێت یان لە دەرەوەی بێت. بەواتا گەل سەرچاوەی دەسەلاتە. کەس لەسەرو یاساوە نیەو هەموو تاکێکیش دەبێت دەستی بگات بە دەسەلات. دەسەلاتدارانی حکومەت بەیاسا سزا ئەدرێن و حکومەت خۆیشی دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی یاساوەو دەسەلاتەکان بەپێی یاساو دەستور دەستنیشان و سنوردار دەکرێ و دەبێت یاسای ئەحزابیش هەبێت. هەربۆیە یاساو پرۆسەکانی دارشتنی یاسا دەبێت ڕوون بن و کاریشی پێ بکرێت. گەل ئاسایی دەبێت سەرچاوەی ڕەوایەتی سیاسی بێت. گەل خزمەتی حکومەت ناکات، بەڵکو حکومەت خزمەتی گەل دەکات. حکومەت تەنها ئەو دەسەلاتەی هەیە کە گەل پێی بەخشیوە بۆنمونە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە.

( حیزب ئۆرگانێکی گرنگە بۆ بەمۆدێرن کردن یان پاش خستنی سیستەمی سیاسی )

حیزب ئۆرگانێکی گرنگە بۆ بەمۆدێرن کردن یان پاش خستنی سیستەمی سیاسی. لەبەر ئەوەی سیستەمی سیاسی ئارادەیەک بریتیە لە سیستەمی کۆمەلایەتی هەربۆیە هەر جۆرە ناسەرکەوتنێک لە سیستەمی سیاسیدا دەبێتە هۆی دواکەوتنی سیستەمی کۆمەلایەتیش ( لە هەرێمی کوردستان نە شتێک هەیە ناوی سیستەمی کۆمەلایەتی بێت وە نە سیستەمێکی سیاسی تەندروستیش بوونی هەیە). پێش بە مۆدێرن کردنی سیستەمی سیاسی پێویستە حیزب بە مۆدێرن بکرێت ، هەربۆیە لەم بوارەدا گرنگی بە رۆلی حیزب و رێکخراوی سیاسی پێویستە، بەتایبەت گرنگیدان بە ئایدیۆلۆژیای حیزب. ئەگەر حیزب وەک پێویست گۆڕانکاری لە فکر و بەرنامەکانیدا ئەنجام نەدات و لەگەل گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوری و رۆشنبیری و کۆمەلایەتیەکاندا نەگونجێت و ریفۆرم لە خۆیدا نەکات ، ئەوا ئەو حیزبە سیاسیە لەگەل زەمەندا دەپوکێتەوەو لەگەل گەشەکردنی مێژوودا لاواز دەبێت و بگرە بەرەو تیاچوون دەڕوات و متمانەو باوەڕی کۆمەلانی خەلک لەدەست دەدات. هەموو بارودۆخێکی نوێ پێویستی بە پێناسەی نوێ هەیە. حیزب هێزێکی بەتوانایەو دەکرێ رۆلی گرنگ ببینێت لە پرۆسەی بە مۆدێرن کردندا. بە مۆدێرن کردن پێویستی بە هوشیاری کۆمەلایەتی هەیە کە یارمەتی کۆمەل نەدات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی بەمۆدێرن کردن. هەر بەم شێوازە رێگا بۆ هاوولاتیان خۆش دەکرێت لەزۆر لاوە چاودێری ژیان بکەن لە بواری کۆمەلایەتی، سیاسی ، ئابوری و کەسایەتی...تاد. بە مۆدێرن کردن بریتیە لە گواستنەوەی کۆمەلگا لە قۆناغی تەقلیدیەوە بۆ قۆناغێکی مۆدێرن وەک ئەوەی لە ئەوروپای سەدەی حەقدەهەم و هەژدەهەم روویدا لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسی و فکری کە تەنیا لەژێر کاریگەرێتی سێکولاریزم (عەلمانیەت) گەشە دەکات و کۆمەلگا پێویستی بە سەربەخۆیی خۆی هەیە. مەبەست لە کۆمەلگای هاوچەرخی دیموکراتیە و پرەنسیپی تاکگەرایی (ئیندیڤیدوالیزم) تێیدا پارێزراو بێت وەک یەکێک لە .پرەنسیپەکانی کۆمەلگای مەدەنی

ئەم دەسەلاتە توانای رێفۆرم کردنی نیە

بە پێی ئەزمونە سیاسی و مێژوییەکان ، سروشتی ئەم جۆرە دەسەلات و سیستەمە سیاسیە تەقلیدیە توانای ریفۆرم کردنی راستەقینەی نیە چونکە خۆی لەسەر تەواوی گەندەلّیی دروستبووە. هیچ رێفۆرمێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی راستەقینە چاوەڕوان ناکرێت لێی چونکە سروشتی سیستەمەکە سیمای رێفۆرم کردنی پێوە نیەو هەر ریفۆرمێکی راستەقینەی تەندروست دەبێتە هۆی لەناو بردنی خودی دەسەلاتەکە خۆی. داوای رێفۆرم (چاکسازی) کردن بۆنمونە لە یەکێتی و پارتی و لایەنە ئیسلامیەکان و هاوشێوەکانیان هیچیتر نیە جگە لە خەونێکی بەتاڵ نەبێت. .ئەوە هەر گەندەلّیە، وەک یەکێک لە فاکتەرە سەرەکیەکان لە هاوکێشەی کۆتایدا سەری سیستەمەکە خۆی دەخوات کە ناعەدالەتی دەبێتە یاسا ، یاخیبوون و شۆڕش دەبێتە ئەرک

شۆڕشی زۆرێک لە گەلان دژ بە دەسەلات و سیستەمە سیاسیە زۆردارو روتینەرەکان نمونەی بەرچاون لە مێژوودا. هەندێک لەو شۆڕشە سیاسی و کۆمەلایەتیانە لەناو کۆمەلگا دواکەوتوو ، یان نیمچە دواکەوتوەکانیش بە سەرکەوتویی

ئەنجامدراوون چونکە خاوەنی نوخبەی ڕۆشنبیرو سەرکردەی شۆڕشگێر و سیاسی لێهاتوو بوون کە توانیویانە سەرکردایەتی گەلە ستەملێکراوەکانیان بکەن و بەرەو سەرکەوتنیان بەرن، بۆنمونە شۆڕشەکانی کوبا و نیکاراگوا ، ڕۆژئاوای کوردستان و هەمان شتیش بۆ باکوری کوردستان چاوەڕوان کراوە ، هەرچەندە ئەو ولاتانەش خاوەن ولات و کۆمەلگای تەقلیدین ، ئیتر کەمتر یان زۆرتر. مێژووی سیاسی و شۆڕشەکانی جیهان دەبێت جێگای بایەخ و .لێکۆلینەوە بێت

نیکاراگوا ولاتێکی کشتوکالیەو خاوەن کۆمەلگایەکی تەقلیدیە. بنەمالەی سۆمۆزا دەستی گرتبوو بەسەر سەروەت و سامانی ولاتداو گەلەکەیشی دوچاری چەوساندنەوەو ڕوتاندنەوە کردبوو. بارودۆخەکە وەرچەرخانێکی گرنگی بە خۆیەوە بینی و شۆڕشی ساندینیستی لێکەوتەوە. شۆڕشەکە خوێناوی بوو بەلام سەرکەوتو بوو هەرچەندە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا تا دوا هەناسە پشتگیریی بنەمالەو ڕژێمی ڕوتێنەری سۆمۆزای کرد. یەکێک لە کارە گرنگەکانی دوای شۆڕشی ساندینیستی بریتی بوو لە ریفۆرمی کشتوکالی و لاواز کردنی هێزی دەرەبەگ و بایەخدان بە بەرهەمی خۆمالی و هەروەها کەمکردنەوەی نەخوێندەواری لە شارو لادێکاندا چونکە نەخوێندەواری دەردێکی کوژەری .کۆمەلگایە

تەنیا ڕێگایەک بۆ ڕزگار بوون لەم جۆرە دەسەلات و سیستەمە سەرکوتکەر و ڕوتێنەر و خێل و خێزانە تەقلیدیە کۆنەپارێزانە بریتیە لە شۆڕشێکی سیاسی و کۆمەلایەتی / دیموکراتی و عەلمانی. هەرێمی (باشوری) کوردستانیش بەدەر نیە لەم بۆچونەو پێویستی بە شۆڕشێکی لەم جۆرەیە. شۆڕشێک گونجاو لەگەل واقعی کۆمەلایەتی و کەلتوری و سایکۆلۆژی. ئەوە کارێکی ئاسان نیە بۆ کۆمەلگایەکی سەقەت کراو بەلام مەحالیش نیە سەرەڕای دەورەدانیشمان بە دوژمنی ئیقلیمی کە دەکرێ وەک گەمەکەرێکی ئیقلیمی بێنە ناو هاوکێشەکەوە. کەرەستەکان بۆ شۆڕش و ڕاپەرینێکی .نوێ لە هەرێمی کوردستان لە بارن و هیچ سیستەم و دەسەلاتێکیش نەگۆڕ نیە بەوەی هەرێمی کوردستانیشەوە

شۆڕش بە واتا گشتیەکەی بۆ خەلکیی ولات بریتیە لە نان و ئازادی ، مووچە و خزمەتگوزاری ، قوتابخانەو خەستەخانەو بیمەی بێکاری و تەندروستی، ئاو و کارەبا...تاد. هەرچەندە ئەمانەش بەشێکی گرنگن لە شۆڕشی گەلان بۆ مافەکانیان ، بەلام بە تێگەیشتنی زانستی سیاسی شۆڕش لێرەدا بە واتای گۆڕینی ئەو سیستەمە یان بارودۆخە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیە کۆنە دێت بە سیستەمێکی تری نوێ لەسەر بنەمای کۆمەلگای مەدەنی، یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەلایەتی و ئابوری و ئازادیە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان بونیات نرابێت و هەروەها سەقامگیری و کەسایەتی و کەرامەت بۆ تاکەکانی کۆمەلگا دابین بکات. هەر شۆڕش و ڕاپەرینێکی جەماوەریی ئەم بنەماو داواکاریانەی نەکردە ئامانجی خۆی ئەوا نەکرێت باشترە. تاک و کۆمەلگا ئاسایشی دەوێت ، مرۆڤ نان و ئازادی و دادپەروەری دەوێت ، یەکێکیان بێ ئەویتر نابێت. ئەو لایەنەی (ئیتر هەر ناوێکی لێ بنرێ) بتوانێت ئەو پێویستیانە دابین بکات بۆ کۆمەلگاکەی ، ئەوا سیستەمێکی دادپەروەر و تەندروستە کە لەسەر بنەمای فەلسەفی و زانستی و ئەقل .و مەنتق بونیاد نراوە

هیچ مرۆڤێک ، نیتر سەر بە هەر چین و توێژێکی کۆمەلایەتی بێت هەتا سەر ، کۆت و زنجیری کۆیلایەتی و چەوساندنەوە قبوڵ ناکات ، زوو یان درەنگ لە دژی ڕادەپەڕێت. ئەوە یاسای سروشتە.

ئەلبێرت کامۆ لە کتێبی مرۆڤی یاخیدا دەنوسێت "یاخیبوون کاتێک ڕوو دەدات ، کە مرۆڤی یاخی هەست بکات لە شوێنێک ، بە جۆرێک لە جۆرەکان لەسەر هەقە ... و ئەو کاتەش ناعەدالەتی دەبێتە یاسا ، یاخیبوون دەبێتە ئەرک... ئەو کۆیلەیەی کە بە درێژایی هەموو ژیانی فەرمانی جێبەجێ کردووە کتوپڕ کە فەرمانی تازەی پێ ئەدرێ بڕیار دەدات جێبەجێی نەکات. یاخیبوون بە گژداچوونەوەی پووچی ژیان و نائومیدی و ناعەدالەتیە. ئەو چەندە باوەڕی بە ئازادی خۆی هەیە ، ئەوەندەش باوەڕی بە ئازادی ئەوانی دیکە هەیە. کەواتە یاخیبوون لە پێناو پێشێلکردنی ئازادی هیچ کەسێکی دیکەدا نیە بەڵکو هەوڵێکە بۆ فراوانکردنی ڕووبەرەکانی ئازادی و شکاندنی سنورەکانی کۆیلەکردن و لە قالبدانی ئەقلی مرۆڤ. کوێرانە هیچ ڕەتناکاتەوە ، بەڵکو ڕەتکردنەوەی هەر شتێک یان هەموو نەخێر گوتنێک لە هوشیاریەوە سەرچاوە دەگرێت. تاک بە هوشیاریەوە هەردوو وشەی (نەخێر و بەڵێ) بەکار دەهێنێت نەک مورید ئاسا تەنها سەری بەڵێ ڕاوەشێنێت".

مرۆڤ کە لەسەر حیسابی خۆی برسی کراو ئازادی لێ زەوتکرا ئەوا دوو بژاردەی بۆ دەمێنێتەوە: ئەگەر ڕابەرایەتیەکی شۆڕشگێری هەبێت ئەوا دەبێتە شۆڕشگێر ، یان ئەوەیە دەبێتە کۆیلە. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ملیۆنان مرۆڤ دراوە بە کوشت لە پێناوی چاوچنۆکی و ڕوتاندنەوەو داگیرکردندا ، بەلام بە ملیۆنان مرۆڤیش گیانی خۆیان بەختکردوە لە پێناوی نان و ئازادی و خاک و کەرامەتدا.

لێرەدا شۆڕش دەبێت بریتی بێت لە وەرچەرخانێکی بنەڕەتیی کۆمەلایەتی و سیاسی ، بەلام مەرج نیە شۆڕش هەمیشە بە ڕێگای توندوتیژیەوە ئەنجام بدرێت ، بەلام زۆرجار باردۆخەکە بڕیار لەسەر ئەو ئاڕاستەیە ئەدات. شۆڕش یان لە لایەن ئەلیتە (نوخبە) و کۆمەلێکی ڕێکخراوەوە ئەنجام دەدرێت کە پشتگیریی بەشێکی بەرفراوانی گەلی هەیە یان هەر لە سەرەتاوە خۆی بزوتنەوەیەکی جەماوەرییە. ئەوە بە شۆڕش ناوزەند ناکرێت ئەگەر کۆمەلێک بێ بوونی بنچینەیەکی جەماوەریی یان تەنیا بەشێکی زۆر کەمی گەلی لەگەڵدا بێت و بە ڕێگای کودەتاوە بگاتە دەسەلات.

هەندێکجار هاوکاری و پێکەوە کارکردنی گروپ و چین و توێژە جیاوازە کۆمەلایەتیەکان کە دافع و ئایدیۆلۆژیای جیاوازیان هەیە بەلام لە باروددۆخەکە ناڕازین ، بۆ هەرەس پێهێنانی پێکهاتە کۆنەکە بۆ زەمەنێکی وەختیی یەکدەگرن چونکە بەرژەوەندی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە ، بۆنمونە نەبوونی مووچەو خزمەتگوزاری سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای گرتۆتەوە لە هەرێمی کوردستان. ژنانی دەولەمەند و هەژاریش چەندین خاڵی هاوبەش پێکیانەوە دەبەستێت لە خەباتیاندا بۆ چەندین لە مافە هاوبەشەکانیان. هەربۆیە بە تەنیا یەک گروپ ، یان توێژێکی کۆمەلایەتی یەکلایەنە ناتوانێت شۆڕشێکی سەرانسەریی بهێنێتە کایەوە ، بە تایبەت لە بارودۆخێکی وەک ئەوەی کوردستان بەلام دواتر دەکرێ ململانێکان بە شێوازی تری جیاواز یەکلابنەوە.

هێزو لایەنەکانی دژ بە شۆڕش و ڕاپەرینی جەماوەریی خاوەن ڕێکخستنەو دیسپلین و هێزی هەیە ، هەربۆیە ئەگەر شۆڕشگێڕان بە هەمان هێزو دیسپلین و ئیرادەوە ڕووبەڕووی ئەیارەکانی نەبێتەوە ئەوا ڕووبەڕووی لێدان و دارمان دەبێتەوە. ئەو کاتەی مرۆڤ ڕێگای شۆڕش و ڕاپەڕین دەگرێتە بەر بەواتا بە بڕیارێکی پۆلاینەوە دەبێت ڕێگای هێرش کردن بگرێتە بەر. بەرگری کردن بێ هێرش کردن کوشتنی هەموو ڕاپەرینێکە بە هی چەکداریشەوە ، ئەگەر ناچاری بەرگری کردنیش کرایت ئەوا سەنگەر لێبدەو جەنگی شەقامی لەگەڵ بکە بۆ ئەوەی مەعنەویاتی جەماوەر نەڕوخێت. ڕووبەڕووی دژەکەت بەرەوە ، ئەوەندەی هێزەکانی پەرش و بلاوەو متمانەی خەڵکیی کەم بۆتەوە پێی و ڕۆژانە ڕووبەڕووی شتی نوێی بکەرەوە ئەگەر سەرکەوتنەکانیش کەم بن.. دوژمنەکەت ناچاری کشانەوە بکە ، پێش ئەوەی .هێزەکانی خۆی لە دژت ڕێکبخاتەوە و ئازایەتی بنوێنە

شۆڕش دەبێت پشت بە هێزی گەل ببەستێت. بە تایبەت بەوانەی کە پێشەنگی شۆڕشن و لە پێشەوەی گەل زۆرترینن. درز بخەرە نێوان هێزەکانی دژ ، بە تایبەت ئەوانەی لە ناو هێزەکانی دوژمندا ، هی دەسەلاتدا دوو دڵییان هەیە .بەرامبەر کارەکەیان و بێهێزن

ڕوو ئەدات کە شۆڕشی گەلانێک سەرکەوتوو بووە بەلام دواتر نوخبەو سەرکردەکانی بوونەتە گەندەل و گەلەکەی خۆیان ڕوتاندۆتەوەو جیاوازییان نەبووە لەگەڵ دوژمنە ڕوخاوەکەیاندا. هەندێک جاریش شۆڕش و ڕاپەرینێک بەلارێدا دەبرێت وەک ئەوەی لە ئێرانی سەردەمی شا ڕوویدا. یەکێتی و پارتی وتیان "شۆڕش" دەکەین دژ بە ڕژێمی بەعس ، .کەچی ئێستە شۆڕش مندالەکانی خۆی دەخوات

لەم هەلومەرجەی ئەمڕۆشدا پێدەچێت پرۆسەی گۆڕینی سیاسی بە شۆڕشی ناوخۆ ، کودەتای سەربازیی ، یان بەکارهێنانی ڕوخسارەکانی تری زەبروزەنگ بۆ بەزۆر دەست لە دەسەلات پێبهەلگرتن بێت. هەندێک جاریش .بەدەستێوەردانی دەرەکی. بەلام کودەتا لەهەر بەرگێکدا بێت بریتی نیە لە شۆڕش

بیرۆکەی شۆڕش و ڕاپەرینێکی جەماوەریی ڕێکخراو لە هەرێمی کوردستان

توڕەیی خەڵکیی هەرێمی کوردستان لەو دەسەلاتە سیاسیە گەیشتۆتە لوتکەو متمانەی بەو دەسەلاتە نەماوەو ئامادەی کاردانەوەشە ، بەلام پێویستی بە هێزێکە ڕێنیشاندەری بێت و جێگای متمانەی بێت و لە نیوە ڕێگادا بە تەنیا جێی نەهێلێت ، بەلارێدا نەبرێت و موزایەدە بە خەباتەکەیەوە نەکات ، هەربۆیە گەل ئامادە نیە بۆ هەموو کەس و حیزبێک .. بێتە سەر شەقام

ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی و گروپەکانی فشار هەن کە ڕێکخراوی سێبەر نین و خاوەن هەلوێستی تەندروستن ، خاوەنی کەسانی ڕۆشنبیر و ئەکادیمیست ، نوسەر ، ڕۆژنامەنوس و مامۆستایان و کەسایەتی بە هەلوێست و ئازاین ، خاوەنی چەندین ڕێکخراوی گەنجان و ژنان و خوێندکارانی ڕەخنەگری دەسەلاتین ، لەوانەیە ژمارەیەکی هێشتا کەم لە حیزبی سیاسی ڕەسەنی بچوکی دەرەوەی دەسەلات مابێت و هەر لایەنێک لەوانە ، کەم یان زۆر خاوەنی جەماوەرێکی خۆیەتی .. ئەگەر هەموو ئەمانە بە ڕاکیشانە ناوی کاسبکاران و فەرمانبەران بتوانن بە

ڕۆح و هەڵوێستێکی شۆڕشگێرانەوە لەسەر (بەرنامەیەکی هاوبەش) بۆ ئەم قۆناغە ڕێک بکەوون و لە ژێر چەترێکدا کۆبنەوەو ببنە مەرجەعێک ، بۆ سەرکردایەتی کردنی ڕاپەڕین و بزوتنەوەیەکی جەماوەریی ڕێکخراو بە پلان و بەرنامەوە ئەوا دەکرێت ڕاپەرینێکی جماوەریی تۆکمەی لێ بکەێتەوە . مەترسی ئەوەم لاهەیە لە ئەنجامی ئەو تورەییەی جەماوەر بەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانی لە لایەن ئەو دەسەلاتەوە ، ڕاپەرینێکی جەماوەریی عەفەوی بێ سەر و سەرکردە ڕووبدات و دواتر دامرکێتەوەو کورت خایەن بێت .. هیچ بە دوریشی نازانم ڕەفتاری دەسەلات بگاتە ڕادەی ئەوەی ڕۆژگارێک پێویست بوون بە خەباتی ژێرزەمینی و شۆڕشی چەکدارییش بکات ، هەرچەندە من بێسنوور دژی هەموو خوێن ڕشتن و توندوتیژیەکم . بەڵێ مێژوو دەکرێ خۆی دوبارە بکاتەوە. ئەو مرۆڤەی بڕوای وابێت سروشتی ئەو دەسەلاتە ، دەسەلاتی خێڵ و خێزان و سیستەم و دەسەلاتی تەقلیدیی هی چاکسازی و دەستاودەست کردنی دەسەلات و خۆگۆڕین و گوێگرتن بێت لە داواکاریەکانی گەل و پەیرەویی پرەنسیپە دیموکراتیەکان و ڕیفۆرم کردن بکات ، ئەوا لە بازنەیەکی داخراوی بۆش و خەیالاویدا دەخولێتەوە. بۆچوونی من لەسەر سەرکردایەتی حیزبە ئیسلامیەکان ئاشکرایەو بۆ حیزبی گۆڕانیش تەنیا دوو ئەلتەرنەتیڤ هەیە یان ئەوەیە ئەگەر بە ڕاستی مەبەستیەتی بیگۆڕێت ئەوا دەبێت واز لەم سیاسەتەی هەتا ئێستەی پیادەی کردوە بهێنیت و ڕێگای خەباتێکی شۆڕشگێرانەی ڕاستەقینە بگرێتە بەر و ئەو جەماوەرەشی ماویەتی لە دەستی نەدات و نەگەڕێتەوە ناو دەسەلات کە بووە هۆکاری سەقەت کردنی گۆڕان خۆی، یان ئەوەیە ماڵئاوایی لە سیاسەت بکات و بڕۆنەوە ماڵەوە ، هەڵوێستی حیزبی گۆڕانمان لە ١٧ شوبات بینی. چیتر خەڵکیی خۆی سەرقاڵ نەکات بە کۆبوونەوە بێکۆتایی و بێسودەکانی نێوان حیزبەکان کە . تەنیا لە خەمی خۆیاندان و کاتی خۆی بۆ بیرۆکەی بە نرختر بۆ ئایندەو چارەنوسی خۆی تەرخان بکات

لە کۆتایدا دەنوسم : ئەمڕۆکە لە سەر گۆی زەوی هیچ سیستەمێکی سیاسی نیە بێگەرد و خەیالی بێت وەک ئەوەی لە ڕووی تیۆریەوە باس دەکرێت ، هەربۆیە من بۆ ئەم قۆناغە مێژوییەی ئەمڕۆ واقیعبینانە ڕەزامەندم لە هەرێمێکی (باشوری) کوردستاندا، لە عێراقێکدا بژیم لە ٢٥% گەندەڵی تێدا بێت وەک لە ٩٠% بێت چونکە ڕەهاو حەقیقەتی ڕەها نییە بەڵکو هەموو شتەکان لەسەر ڕیتمێکی ڕێژەیی دەڕۆن

# مێژوی سەرۆک خێڵەکان.

بەشێکی زۆری سەرۆک خێڵەکان لە خیانە ت و خۆ فرۆشیدا پشکی شێریان بەر دەکەوێت لە جاشایەتیەوە بگرە تا نۆکەری و پاراستنی گەندەڵ و بەر پرسەکان ،ئەم ئەریتە کە پیاوی نە خوێندەوارو عەشایەری کورد پربداتە سیاسەت و سەنگی هەبێت ،مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە ، ئەگەر تەماشای مەلا مستەفاو شۆرشەکانی بکەین وەک پیاوێکی نە خوێندەوار چۆن لە سەر شانۆی ڕووداوەکان دەر کەوت و بوە پارسەنگی هێز وەک کەسایەتیەکی عەشایەری و کەسی یەکەمی خێڵ ،کە بێ گومان خێڵەکەی لە پشتی بوە و بە پشت و پەنای خێڵەکەی ئەسپەکەی تاوداوە ، لە کاتێکیشدا جاشایەتی وەک ناوێکی سواو هاتە نێو فەرهەنگی هەژاری کورد دیسان سەرۆک خێڵەکان مەدالیای ڕژێمی بەعسیان بە بەرۆکدا دەکرا ، و لەدژی میلە ت و هاوخوێن و هاوزمانی خۆیان فیشەکیان دەتەقان دو جاسو سی و هەواڵ گیریان بە سەر براکانی خۆیانەوە دەکرد. کە ئەمەش برینێکی کوشندەی لە جەستەی نیشتیماندا چێکرد و برینەکەی بۆ ئەبەد دەمێنێتەوە ،کە دەمان دی سەرۆک خێڵە کان چۆن بەر لەشکری دوژمن دەکەوتن بۆ ئەنفال و قەتوڵ عامکردنی خەڵکی بێ تاوان کە ببونە چاوساخی ڕژێم و شاخو دۆڵ و کون و قوژبنی نیشتمانیان نیشانی دوژمن دەدا . ئەم ئەریتە پاشاگەردانیە تا ئێستەش باوە لە سایەی دو حیزبی دەستە ڵاتدا کە دوای پرۆسەی ئازادی ئەو جاشو سەرۆک خێڵە تاوان بارانە لەلایەن دوحیزبی دەستەڵاتەوە داڵدە دران، نە ک هەر پرێزگایان لێ کرا بەڵکو پلەو پۆستیان وەرگرت . هەندێکیان دیوە خانیان بۆ کرایەوە و هەندێکی تریان لیواو فەوجیان خرایە بەر دەست

لە ڕۆژ گاری ئەمرۆماندا ئەوەی لە دەوری حیزبە کانە (یەکێتی ،پارتی )سەرۆک خێڵ و خێڵە کانە ،کە بوون بە بڕبڕەی پشتیان لە هەڵ بژاردندا دەنگیان بۆ کۆ دەکەنەوە و لە کاتی تردا سەرو ماڵ یان دەپارێزن ، کە ڕوونە ئەم قوربانی دانە بێ بەرمبەر نیەو بە پارەی میلەت دەمیان چەورکراوە کە هەموو ئەندامانیان موچەیان هەیە بێ ئەوەی وەزیفەیان هەبێت و بە شێکیان بە واستەی خێڵ کراون بە پاسەوانی بەرپرسەکان یان لە ناو دامو دەزگاکانی حکومەتدا بوون بە فەرمان بەر بە بێ ئەوەی هیچ بڕوانامەیەکیان هەبێت، یان هەر سەرکردەیەکی حیزبی لە هەر عەشیرەتێک بێت کامل ئەو عەشیرەتە پارێزگاری لەو بەر پرسە و پاشان لە و حیزبە دەکات و وەکو میراتێکی خێڵەکی بەهادار مامەڵەی لەگەڵ ،دەکەن

سەرۆک خێڵەکان هیچ بەهایەکیان بەلا وە گرنگ نیە کورد بوون لای ئەوان تەنها لە چاوی سەرۆکەکەیان دەبینن ، هەمووکارێکی نا ئەخلاقی و نا ئینسانی دەکەن دژ بە یاساو پەرەنسیپە ئەخلاقیەکان ، بە بێ ئەوەی ڕووبەڕووی لێپرسینەوە ببنەوە، هەر بۆ یە دەبینین کوشتن و بڕین و تەعدا لە کۆمەڵگای کوردەواریدا زۆرە ،هەمووی هۆکاری ئەم خێڵانەی دەوری حیزبەکانن،هەموو سەرپێچیەک دەکەن و هەر کێیان بوێت دەی کوژن هەر شوێنێکیانبوێ داگیری دەکەن ، سەرۆک خێڵەکانیشین دیوە خانێکیان بۆ کراوەتەوە بە مانگانەیەکی زۆور کە حیزب بۆی تەرخان دەکات، نووسین لە سەر خێڵ و سەرۆک خێڵەکان زۆور زۆر کەمە ئەگەر شتێک نوسرابێت لە سەری زۆر بە پەنهانی نوسراوە

لە شێوەی کتێب یان وتار و دیمانەی ڕحژنامەوانیدا تا ئێستا نە نوسراوە ، ڕەنگە من یەکەم کەس بم ئەو کارەدەکەم ،کە ژیانم دەکەوێتە مەترسیەوە لە دوای ئەم نوسینە دوور نیە وەک و زەردەشت عوسمان و سۆرانی مامە حەمە منیش نە کوژرێم ،کە بۆ ئەوان کارێکی ئاسانە ، بەڵام ئەو ترسە من ناوەستێنێت ، گەر من نەنوسم تۆ نەنوسیت ئەوان هەر بەر دەوام دەبن بۆ نەوەکانی داهاتومان من دەنوسم و زۆم دەکەمە قوربانیان ، نامەوێ وەکو ئێمە بژین نەوەی داهاتو چاو لە خوار و زوڵم لێکراو بێت ، کاتێک نەوەیەکی نوێ دێت کە پرسیری نوێیان پێیە هەر هیچ نەبێت بەهانەیەکمن هەبێت کە ئێمە لە دژیان بووین و لەگەڵ ین نەبووین، بۆیە من باکم نیە گەر بشم کوژن من مێژوو دەنوسمەوە وەک خۆی کە هیچ هێزێک نا توانێ مێژوو بە لا ڕێدا ببات ،ئەگەر ئێستە ئێوە پارەو هێزتن هەیە ئەوا ئێمەش نوسسین و هیواو ئایندەمان هەیە ، من وەکو لاوێک بەو ئەرکە هەڵ دەستم و ئەوبارەی سەر پشتم کەمێک سوک دەکەم ، و هەوڵدەدەم ئەوەی لە توانامدا بێت درێغی نەکەم و ستەمو زۆردری و گەندەڵی ئەوکەسانە بخەمە بەر بس و شەنو کەویان بکەم ،هیوا دارم لە دوای من نوسەران و مێژوو نوسانی تر ئەم کارە حیدامە پێبدەن و بەردەوام بن تا سەری .شۆڕیان لە گۆڕ دەنێن

ئەگەر چاوێک بەمێژووی کوردا بگێرین و کەمێک ڕابمێنین بە ئاسنی بۆ مان دەر دەکەوێت کە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی خێڵەکیە ، لە سەدەکانی ناوەراستەوە میرنیشینەکان لە پەنای خێڵەکاندا چەکەرەیان دەکرد بە ئەندازەی ژمارەی ئەنداماى خێڵەکە میرنیشینەکەش بەهێز دەبوو ، کە ئەم خێڵ و میرنیشینانە دەکرێت سەرباری ڕەخنەو کەم و کوڕیان بەسود بوون بۆ ئەو قۆناغە مێژوویە ، کە لە دژی داگیر کەر دەوەستانەوە و خەڵکیان بح کاری چاکە و ئاوەدانکردنەوە هاندەدا ، سەرۆک خێڵیش خاوەن شکۆ بوو ڕێزوو پلەو پایەی ڕێگەی نەدەدا بە کاری خۆفرۆشی یان کارێک کە لەبکەسایەتیەکەی بدات بۆ یە هەمیشە بە بەڕێزی دەمایەوە .سەرۆک خێڵەنکانی ئێستا بە پاشناوی ئاغا و کوێخا و شێخ و ...هتد سەرۆک عەشیرەتی بە ڕێوە دەبەن کە هیچ گرنگی و پێگەیەکی سیاسیان نیە لە ڕووی بڕوانامەون لێهاتووی بەڵکو وەکو سەرۆک عەشیرەت و وەکو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی بەرپرس و حیزبەکان ، جێگرو پلە و پایەیان هەیەو، لە ڕێگەی حیزبەوە هاوکاری دەکرێن ، حیزب و عەشیرەت نوون بە دوانەیەک کە یەک دی تەواو دەکەن و یەکتر دەپارێزن ، لە هەرکوێی کوردوستاندا ئەندامێکی عەشیرەت هەر تاوانێک بکات ،سەرۆک . عەشیرەت بە سوڵحی عەشیەری و پارەو بەرتیل و هەڕەشە ، ناکۆکیەکان چارەسەر دەکات

## ـدارا حاجی برایمی چەرمەگا



وێنەیەکی دارای حاخی برایم

دارای حاجی برایم  سەرۆک جاش ی دوێنێ و دەستروشت وی ناو یەکێتی و سەرۆک خێڵی ئەمرۆ ، دارای حاجی برایم لو سنوری دەوروبەری سلێمانی دادەنیشێت و لەلایەن یەکێتیەوە زۆر بایەخی پێ دەدرێت بە خۆی و بە کە سوکارەکەی ، کە موچە یەکی زۆری خراوە تە بەر دەست دیوە خان ی بۆ کراوە تەوە و بۆ هەر کێشەگەکی کۆمەڵایەی کە سوکاری داری حقجگ برایم پەنی بۆ دەبەن بۆ چارە سەر کردنی ، لە گەڵ سەرانی یەکێتی بە تایبەتی بنەماڵەی جەلال تاڵەبانی نێوانیان زۆر باشە مام جەلال زۆر جار سەر دانی دەکرد ، و وەک و کۆکەرەوەی دەنگی پشتی پێ بە ستراوە ئەمە سەرە ڕای تاوان و کوشتو بڕی خەڵکی هە ژار و نە دار ، لە ئێستادا دارا وەکو قارەمانی مێژوو خۆی دەنا سێنێت و گوایە هاو کاری شۆڕشی کوردی کردوە و چەک و نازووقەی بۆ پێشمەرگە بردوە ، ئەم قسانە سەر لە بەری چەواشە

کاری و درۆ کردنە شاردنەوەی مێژووی ناشرین خۆیانە، ئەوەتا لە یەکەکێک لە ڕۆژ نامە کان ۆر بە شانازیەوە باسی ئەوە دەکات کە چەکییە یەکێتی داوە .


یەکێتی بە چەکی ئێمە دەستی بە شۆڕش کردەوە

سەیرو سەمەرە لەوە دایە ئەم کۆنە خۆ فرۆشانە بە دەمی خۆیان دەڵێن جاش و خۆ فرۆشین کەچی هێشتا نەک هەر داڵدە دەدرێن بەڵ کو دەکرێن بە سەرۆک خێڵ و شیوە خان و پارەو پاسەوان دەخرێتە خزمەتیانەوە ، دارای حاجی برایم لە چاو پێکەوتنێکی تەلە فزیۆنی ڕووداو زۆر بە ئاشکرا دوڵێت من جاش بوومە و ئانێستاش پەیوەندگم لەگەڵ مولازیم موحسین دا هەیە ، و تەلە فون بۆیەک دەکەین ، ئەو مولازم موحسگنەی دەستی بە خوێنی سەشان ڕۆڵەی ئەم نیشتیمانە سورە .

لە ئێستدا دارای حاجی برایم سەرۆک خێڵی میرالەییە و خەڵکێکی زۆر بە دەوریەوەیە لە عەشایەرو خوێندەوار بە گەو رەو ڕیشسپی خۆیان دەزانن و لە کێشە و گرفتەکاندا هانای بۆ ئەبەن ، یەکێک لە هەرە دیردە دزێو ناشرگنە کان لە کۆمەڵگای کورشی ئەم عەیرەت گەرییە کە عەشیرەت لە سەرو یاساو هەموو پەرەنسیپە ئەخلاقیەکانەوە دادەنێن ئەم دیاردە زیاتر لە ناو خەڵکە عەشایەرەکەدا باوە و ساڵنە و ناگانە کۆبونەوە دەکەن و حیزب و حکو مەت دە دۆشن ئەندامەکانی خێڵ لە پاڵ حیزبدا موچە خۆرن و بێ وە زیفە و بروا نامە پاروی میلەت دە خۆن و لە بەرامبەر دا بە

کوێرانە بەرگری لە حیز ب و خێڵ دەکەن و دیاردەی کوشتن و تۆڵە کردنەوە لە نێوانیاندا زۆر باوە



وێنەیەکی دارای حاجی برایم و پاڤێل تاڵە بانی




RÛDAW

ماڵاوایی

مولازم موحسین نەکوژراوە و ئێستاش تەلەفۆنم بۆ دەکات

ئەو ناوەی لێرەوە گەورە بوو


ماڵاوایی

مولازم موحسین نەکوژراوە و ئێستاش تەلەفۆنم بۆ دەکات

دارای حاجی برایم،شەوکەتی حاجی مووشیر پێی وتم من بە ئەمری سەرکردایەتی نەمهێڵاوە خەڵکی هەڵەبجە شارەکە چۆڵکەن

دارای حاجی برایمی چەرمەگا لەبەرنامەیەکی تەلەفزیونی ڕوداوی کۆمەڵێک نهێنی مێژویی درکان لەوانەش ڕۆڵی یەکیەتی لەکیمیابارانکردنی هەڵەبجەو پارەی بانکی شارەکە کە تا ئێستاش بۆتە مەتەڵ لای دانشتوانی ئەو شارە، دارا لەوەڵام پرسیارێکدا باس لەوەدەکات کە؛"ئەو ئاگاداری کیمیابارانەکە نەبووە،بەڵام شەوکەتی حاجی موشیر لە شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەچێتە لایی و پێی دەڵێت برسیمە لەسەروبەندی نانخواردندا نامەیەکی پیشاندەدات کە واژۆی فواد مەعسومی پێوەیە کە ئەویان بۆسەرپەرەشتی چالاکیەکە لە حەوزەی هەڵەبجەو شارەزوردا ڕاسپاردوە،

دارا دەشڵێت؛"کاک شەوکەت پی وتم خەڵکی ناوی منیان زڕاندوەو بە بازنە برو قوڵبری ژن و ئافرەتانم دەزانن و ئەوەش وانەبوەو تەنیا دەیان ویست ناوی بزڕێنن ،دەربارەی برینی بانکەکەش پێی وتم من ئەو بانکەم هەموو تەسلیمی سەرکردایەتی کردوەوەو یەک دیناریشی نەچۆتە گیرفانی خۆمەوە

لەبەشێکی تری قسەکانیدا دارای حاجی برایم ووتی؛"مام جەلال پیاوێکی سیاسی بوو دڵی هەموانی ڕادەگرت ئەو توانی سەروەتوسامانێک لەپاش خۆی جێبێڵێ بەڵام ئەمانەی دوای خۆی هیچ نین و ناتوانن پارێزگاری لێبکەن و تەفروتونای دەکەن،ڕێک وەکو کوڕی ئەودەوڵەمەندەی کە بۆ سەرتاشینێک دەچوو بۆ لوبنان،ئەگەر پێیان وابێت من شەوو ڕۆژ لەبەردەم بارەگاکانیاندا دەکەوم ئەوە نایبینن،

لەدرێژەی قسەکانیدا وتیشی؛"کاک مەسعود ناردی بەدوامدا ساڵانی .١٩٩٤ بۆ تاووتوێکردنی هەندێ پرس کاک مەسعود پێی وتم دەمەوێت هەندێ حەقیقەتی مێژوییت پێ بڵێم،زۆرمان قسەکرد لەم جارانەی دوایشدا چومەوە بۆ لای باسی ڕیفراندۆمی بۆکردم کە باڵوێزی ئەمریکا لەهەولێر چۆن خیانەتی لێکردوە،هەربۆیە لەکۆبونەوەگەورەکەدا ڕایگەیاند من ئەو پیاوە نیم خیانەت لەنەتەوەی خۆم بکەم،

دارا دەشڵێت؛"ئێران زۆر حزبی دروستکرد بە چوار پێنج کەسەوە حزبی دروست دەکردۆ پارەی دەدانێ،بەحزبی دەعوەی ئێستەشەوە زۆریش هانای بۆ کەسایەتیەکان دەهێناو مەیلی دەکرد هاوکاری بکەن و بیانگرێت.

عو زێری ئەپیاوەی لە ناوەڕاستی تەمەنیدایە و سەرۆک خێڵی سماگل عوزێییەکانە هیچ تایبەت مەندیەک لەم کە سایەتیەدا نیە جگە لە پیاو کوشتن و خوێن ڕشتن ، جەلادێکە تا مام جەلال مابو پاو کوڕی یەکەمی یەکێتی بوو کە هەموو نا حەز و بەر هەڵستکارەکانی خۆیان پێ ڕا دەماڵی ، دێرین عوزێری لە سەرە تادا لە پاڵ عەبدوڵای مەلا سالح ی سەرۆک خێڵی سمایل عوزێدی پێش و دا دەر کەوت و دوای مردنی بێ هیچ پەرەنسیپێک شوێنی گرتەوە بە هەڕەشەو چاو سور کردنەوە ، نێستە لە ناو یەکێتیدا لە گەڵ باڵی کۆسرەت ڕەسوڵ دا تێکەڵە و نزیکایەتی هەیە کورە کانی کۆسرەت بەکری دێنن بۆ مەرامەکانی خۆیان ، کوێخا دێیرگن خاوەنی سەروەتو سامانێکی زۆرە کە لە هەژمر نایە بێ ئەوەی کە خوێندەواری هەبێت یان ڕۆژێک کارێکی کردبێت ،لە سلێمانی ناو چەی کەنەکەوەی داگیر کردوە و بە رەسمی ناوگ لێناوە (کەنەکەوەی خان)کە ژمارەیەکی زۆر چەکدار پسەوانی لێ دەکات و ماڵ و عەرزی جوتیارو خەڵکی ڕەشۆکی ئەو ناوچەیەگ زەوت کردوە هیچ یاسایەک نیە بتوانێت ڕووبەڕووی بێتەوە ، لە کەس و کاری و ئەندامانی خێڵەکەگ مافیا و چەتە ئاسا فەوجێکی گەوروی چەکدادی دروست کردوە بۆ پاراستنی خۆی و بەرژەوەندیەکانی ، کوڕەکانی کوێخا دێرین ڕۆژانە سوکایەتی بەخەڵک دەکەن و بە پاروی باوکیان لاف و گەزاف لێدەدەن ، و هەمیشە چوار کەس پاسەوانیانە بە پارە بڕوانامەی زنکۆ وەر دەگرن و چاوەڕێی پۆستی باڵان لە حکومەتدا . یەکێتی وەکو پیشەی هەمیشەی زۆر بایەخ بەم جۆرە کەسانە دەدات ، کوێخا دیوە خانێکی بۆ کراوە تەوە کە موچەی دیوە خانی وەر دەگرێت لە یەکێتی ، لە و ناو چەیەی ئەوی لێدە ژی هیچ کەس بۆی نیە دژایەتیان بکات یان سوکایەتی بە یەکێی بکات ئەمان وەکو جەلاد بەردەبنە گیانیان و خەڵتانی خوێنی دەکەن ، شاڵاو کۆسرەت خێڵەکەیان وەکو کارتی فشار بە کار دێنێت لە زۆنی یەکێتی دا چونکە ئەم خێڵە ئەندامانی زۆرن و خێڵێکی گەورەن و هەموشیان لە قسەی دێرین دەر ناچن قسەکانی وەکو یاسا وایە بۆیە ئەمانیش لە بەرامبەر دا پارەو ئمتیازات وەر دەگرن و لە کوشتر و شەڕو شۆڕەکنیاندا چاو پۆشیان لێ دەکرێت ، کوێخا دێرین وەکو ڕیشسپی خێڵێکی گەورە دەردەکەوێت و حسابی بۆ دەکەن ، لە کاتێک دا هیچ خوێندەواری نیە و ئەزمانی لە شوانێتیدا هەیە تەنها یەکێتی گەورەی کردوە و سەپاندویەتی بەسەرکۆمەڵگادا ، بە داخەوە کۆمەڵگاش بێ ئەوەی خوێنەوەی بۆ کەسایەدیەکان هەبێت تەنها شوێن زۆرو بۆری دەکەون ، هەموو کەسە نزگکەکانی ە برازاو مامو ئامۆزا و خاڵەکانی لە دەوری خۆین کە پارەو ژیانێکی خۆش خراوەتە بەر دەستیان بە ڕاستو چەپدا بە کوێرانە بەرگری لە کویخاکەیان دەکەن ، هموان لە ئاستی دا سەردا دەخەن و بە ڕێبەر و فریاد رەس و گەورەی دەزانن ،

لە کاتی شەڕەکاندا لە نمونەی شەڕی داعش بەژداریان کردوە بە لەم نە ک وەکو پێژمەر گەیەکی گیان فیدا بەڵکو تەنها وەکو چاو بەست و نمایشیان دەکرد کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیان دە هەژاند بە وێنەو فیدۆ کە گویە ئەمان خاک پارێز و

وڵات پارێزن ، کوێخا دێرین قەکو باو باپیرانی ڕێگەی جاشایەتی کرشوە جیاوازیەکە تانها ئەوەیە باوکی بۆ ڕژێمی سەدامی دەکرد کە عەرەب بوون بەڵام کوڕەکەی بۆ یەکێتی دەکات کە کورد زمانن.
کوێخا دێرین یەکێکە لەهەرە پیاوە مەترسی دارەکانی هەرێم و سڵ لە هیچ ناکاتەوە ، سەرباری گەندەلی و وەرگرتنی بەرتیل ، بە هەڕەشەو گوڕەشە هەرچی بوێت دەیکات ، چونکە خاوەن هێزێکی زۆری عەشایەریە نە حکومەت و نە دەزگا حکومیەکان بەلای دا ناچن و خۆیان لێی دەپارێزن چونکە لەلایەن بنەماڵەی کۆسرەت ڕەسوڵەوە پشتیوانی دەکرێن و دەپارێزرێن لە هەرەشەی بەرپرسانی دیکە .
ئەندامانی خێڵەکای سەرتاپا چەکدارن لەو ناوچەیەی ئەوانی لێیە کوشتن زۆرە و توندوتیژی بە زۆر شێوە دەکرێت کە ئەمان لێی بەر پرسن چونکە دەستدرێژی دەکەنە سەر ماڵ و موڵکی خەڵکی و بە خێڵەکەیانەوە پشت ئەستورن .

ئەمبنەماڵەیە لە پاڵ ئەمە بەر پرسە خۆ فرۆشانە لە خێرو بێری وڵات دەبەن و بەشی خەڵکی مەشمەینەتی وڵات دەدزن ، کوێخا دێرین دەستی بە چەندین تاوان سورە هەر لە کوشتنی خوێندکاران و خەڵکی بە هەڵوێست و بەر هەڵست کار تا داگیر کردنی موڵکی خەڵکی و تەعداو دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتان ، لە ٢٠٠٩/٨/١٤دا لە گوندی کەنەکەوە دێرین هەستا بە کوشتنی دوو هاوڵاتی بە دەستی خۆی کە بێ چەک بوون ، تەنها لە بەر ئەوەی رازی نەبوون کە ئەمپیاوە وەکو ڕیش سپی و گەورەی خۆیان قبوڵ بکەن ڕووداوەکە بەمجۆرە بوو ، چوار عەشیرەتی ناو چەکە کۆ بونە وە (سمایل عوزێری ،میراڵەی،قەرە وەیسی ،گۆمەی)کە لە بنە رەتدا هەر چوار تیرە کە یەک خێڵن ، بۆ ئەوەی کەسێک ببێت بە ڕیش سپیان ،لە گەڵ ئەوەی لە خێڵەکاندا خەڵکی زۆر بە تەمەن و بە ئەزموونی تیا بوو ، بە لام بە پشتیوانی هێزی یەکێتی و کۆسرەت دێرین توانی خۆی بسەپێنێ بە سەریانداو ئەوانیش قبوڵی بکەن ، بەڵام چەند گەنجێکی تیا بوو کە بەر هەڵستیان کردوو ملیان دانەدا بۆی و بە شیاوی سەرۆک خێڵیان نەزانی ، بۆیە دێرین پاش ئەوەی هەڕەشەی لێکردن ، یەک هەفتە دوای ئەو ڕووداوە لە بەردەم ماڵی ئەو کەسانە خۆیاندا دێرین دەست ڕێژی گولەیان لێدەکات و دەیان کوژێت ، لە پاشان دا باوکو برای یەکێکیان بە ناوی (ئارزا محمد رەزا)بریندار دەکات ، دواتر زۆر بە ئاسانی سوڵحف عەشایەری بۆ دەکات کە کۆسرەت و شاڵاو ی کوڕی کۆسرەت لە سوڵحەکەدا بە ژدار بوون بە زەبری پارەو هەڕەشە کەسوکاری کوژراوەکا لێی خۆش بوون ، بەم جۆرە دەیان کەسی کوشتوە و سوڵحی کردوە بە بێ ئەوەی ڕۆژێک بچێتە زیندان و دادگا لێپێچینەوەی لە گەڵ دا بکات ، گەکێک لە و بریندارانە کە برای ئاراز بوو تا ئێستش کەم ئەندامە و لە سەر کورسیە و نا توانێت بجوڵێت ،ئەم ڕووداوە بوە هۆی ئەوەی ئەکاتە پارتی لەسەری بێتە دەنگ و لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیانەوە هێرشی توندیان کردە سەر کۆسرەت ڕەسوڵ ، لە بەرامبەر دا کۆسرەت بە بەیان نامەیەک خۆی لێ شەر باز کرد کە ئیدانەی کوش تنی دەکرد، دەر بازی کوڕی کۆسرەتیش ڕای گەیاند بە شانازیوە شوێنکەوتقە کانمان دە پارێزین ، بۆیە ئەو بنەماڵە بەر پرسە هەر کارێکی کوشتن یان هەر کێشەیەکیان ببێت بە

دێرینی چارە سەر دەکەن و خۆشیان لەپشت پەردەوە لە سزا ڕزگاری دەکەن ، لەم هەرێمەدا کە یاسا تەنها بۆ هەژارانە بە سەدان ڕووداوی لەم جۆرە ڕوودەدات کە فەرامۆش دەکرێت و هووان لەترسی ژیانی خۆیاندا خەفەی دەکەن و لە نێو مێژوودا بزر دەبێت ، بۆیە هەڵماڵینی ئەو ڕاستیانە کاری ئێمەیە وەکو مێژوو نوس کە بە بێ ترس ڕستیەکان بنووسینەوە ئەگەر چی بە باجی ڕۆحیشمان بێت .

دوای ئەوەی ە ساڵی ٢٠١٤ دا بە بڕیاری یەکێتی لە ئەندامانی خێڵەکەی فەوجێکی چەکداری پێک هێنا ، لە ناو چەی کەنە کەوەی سەر بە (تاسلۆجە)عەرزو باخ و خانویەکی زۆری بە زەبری هێز داگیر کرد کە موڵکی خەڵکی ئاسای بوون ، و کە گوایە لێیان دەکرێتەوە و بۆ مەبەستێ خزمەتگوزاری گشتی بە کاری دێنێت داگیری کرد زیتر لە ١٢٠ دۆنم عەرزە کە هەمووی شوێنی جوتیار و وەرزێرەکان بوو ، تا ئێستشی لە گەل دا بێت ئەو کەسانە قەرو بوو نە کراونە تەوە و لە شوێنی ئەو ناو چانە باخ و ڤێلای بۆ خۆی و ئەوە کانی تێدا دروست کردوە دیوە خانە کەشی هەر لە وێدایە کە ڕۆژانە بەرپرسە حیزبیەکان سەردانی دەکەن و پلانی خوێن ڕێژی و سوڵحی زۆرەملێی لێدەدەن .

هەر دوا بە دوای ئەو ڕووداوە واتە لە سڵی ٢٠١٤ دا یەکێک لە کورە کانی کە خوێند کاشی زانکۆی ئەمریکیە لە سلێمانی دەستریژی دەکاتە سەر هاو پۆلێکی خۆی و بە سەختی بدگنداری دەکات و پاشان پاسەوانەکانیان هێرشدەکەنە سەر زانکۆو دوومامۆستا دەفرێنن کە یەکێکیان بە ڕەگەز عەرەب وو خەڵکی قەتەر بوو، دوای سوکایەتی پێ کردنێکی زۆرو و ئەشکەنجە دانێکی زۆر ئازادیان دەکەن و پێیان ڕادەگەیەنن کە نابێت لەنکوردوستان بمێنەوە و پێویسە دەست بە جێ برۆنە دەرەوەی کوردوستان . ئەو کورە هاو پۆلەشی کە هێرشی کرایە سەر لە زانکۆ دوور خرایەوە و بە ناچاری ساڵی ٢٠١٦ لە زانکۆی سەلاحەدین بە ناچاری دەاتی بە خوێندن کردەوە .

یەکێک لەو تاوانە قێزەونانەی کەیخا شێرین کوشتنە کە هەمیشە دەستی سورە بە خوێنی خەڵکی لە کۆبوونەوەی یەکێتی لە تاسلۆجە کەسێک بە ناوی (هێمن شەریف )کە هۆران بوو ڕەخنەی لە یەکێتی گرت بوو دوای تەواو بوونی کۆ بوونەوەکە دێرین بە سەیارەیەک دەی فڕێنێت و دوای سێ مانگ لە شاردنەوەو ئازردانی پشان دەی کوژێت و تەرمەکەی لە سەر چیای گۆیژە فڕێ دەدات ،بەڵام ئەم ڕووداوە بە لا ڕێدا براو وترا گوایە لە سەر کێشەی کۆمەڵایەتی هێمن شەریف کوژراوە ،ڕاستیەکەی ئەوە بوو کە دێرین حەزی لێ ئەکردوە و بەر هەڵستی کردوە ،تا ئێستەشی لەگەڵ بێ بنەماڵەکەی هێمن هەر دەڵێن کێشەی کۆمەڵایەتی بوە و ناوێرن بڵێن ڕاستیەکە چیە کە خۆیان باش دەزانن دێرین بۆ کورەکەیانی کوشت بەم جۆرە تاوانەکانی بە زەبدی هێز پەردە پۆش دەکرێت بۆیە زۆر کەم دەبیسی کە قسە لەسەر

جەلادی دێرین بکرێت ئەگەریش قسەیەک بکرێت تەنها لە نێوان خەڵک خۆیاندایەو نا جێتە چوار چێوەی ڕاگەیاندنێکی گشتیەوە

سەرانی خێڵی عوزێر ئەوانەی لەگەڵ دێریندان تاوان بارن و دەستیان سورە بە خوێنی بە ناحەق ڕژاو دەبێت ڕۆژێک دادگای بکرێن و بە سزای خۆتان بگەن ، تاوانە کانت لە ژماردن نایە .
یەکێک لە تاوانە کانی تری کوێخا دێرین
کارکردنە بۆ دەستگای زانیاری یەکێتی کە ڕاپۆرتی بێ بەڵگە دەدات و خەڵکی لە تاوانێک کە نەی کردوە تێوە دەگلێنێت ، و بەڵگەی ساختە لە دژی دروست دەکەن و دادگای دەکەن و زیندانی دەکەن ، بۆ ئەو مەبەستە ئەو کەسانەی بیەوێت بیەنێتە ژێر ڕکێفی خۆی پێش ئەوەی بی کوژێت ئەو ڕێگایە بە کار دێنێی ئەمەش لە دژی مامۆستای ئاینی و بازرگان و خەڵکی ئاسایش بە کار دەخات ،هەر کەسێکی بوێت لە سەر ڕێگەی خۆی لای دەدات جا بە هەر شێوازێک بێت ، چونکە باکگ بە هیچ نیە کوێخا دێرین لە سەرێکەوە خێڵ لە پشتێتی لە سەرێکی ترەوە حیزب لە پشتێتی و بەرپرسی باڵای یەکێتی وەک و کۆسرەت رەسوڵ و کوڕەکانی ،
کوێخا دێرین لە مەسەلەی ژندا کەسێکی داوێن پیسە و چوار شوێنی لەش فرۆشی لە سلێمانی (سەرچنار)هەیە و ئافرەتی ئێرانی بۆ هێناوە ئەم زیانەی هەر بۆ خۆی نیە بگرە بۆ کۆمەڵگاشە ، هەرچی ئافرەتی لەش فرۆشە لە ئێرانەوە دەی هێنێ ،و ئافرەتی جوان و گەنجیش بۆ خۆی بە تای بەتی ، ئەمە سورەڕای ئەوەی کە دووژنی هەیە و لەگەڵ ئافرەتانی تریشدا خەریکی بەد ڕەوشتیە .

کوێخا دێرین کەسایەتیەکی بەرژەوەندی خوازی هەیە کورد وتەنی لە کوێ بایبێ لەێ شەن شەکات ، ئەمنەر و ئەو بەری حیزبی و ئەم باڵو ئەوباڵی ناو حیزب زۆر دەکات هەر لایەن و گروپێک پشتگیری و پارەی بداتێت سەر بەو لایەنەیە سەر دەمانێک خۆیو عەشیرەتەکەی پارتی بوون و لە خزمەتی سیسەتە چەوتەکانی پارتیدا بوون و لەو سەرشەمەشد کۆمەڵێک کەسایەتی ئەم خێڵە تێوە گلاون لە کۆمەڵێک دۆسیەی کوشت ن دزی و تاڵانی ، لە دواتردا کە یاکێتی هەوڵی دا نزیک بێتەوە لە خێڵە گەورەکان ئەم خێڵە یەکێک بوو لەوانەی هەر زوو زوو رۆشتنە پاڵ یەکێتی و دێرین و کەسە نزیکەکانی بون بە بەر لەشکری جەلال تاڵە بانی و لە ژێر دەستی عەبدوڵای مەلا نوری سەرۆک عەشیرەتیان چاوی کردەوە و تێکەڵێ ململانێی سیاسی و خاری چەوتی تاڵان کاری بویەوە و لە پاڵ ناوی قەبەو گەورەی عەشیتەتی سمایل عوزێری ڕەواجی پەیدا کرد ، لە دواتردا کە جەلال تاڵەبانی بو بە سەرۆک کۆما و لە سلێمانی دوور کەوتەوە و ڕۆشتە بە غداد و پاشان کە بزوتنەوەی گۆڕان دروستکرا ، کۆسرەت ڕەسوڵ هەولیدا کە لایەنگری بۆ خۆی زید بکای و وەکو کارتێک لە ناو سەرکردایەتی پارتی دا بە کار بهێنێت لە گەڵ حەوەی کە کۆسرەت خاوەن فەوجی تایبەتی خۆیەتی کە بە فەوجی کاک کۆسرەت ناسراوە ، هات ئەم خێڵانەی لە زۆی نزیک کردەوە ، لە

ڕێگەی شڵا و دەربازی کوری پەیوەنشی بتەویان دانا لە گەڵ کەسی یەکەمی ئەم خێڵانە، یەکێک لەوانە کوێخا دێرین بوو کە بوە ریش سپیو کە سی یەکەمی خێڵ دوای عە بدوڵای مەلا ساڵح ، و ڕۆشتنە پاڵ یەکێتی و لە ناو یەکێتیشدا ڕۆشتنە پاڵ کۆسرەت و تا ئێستەش ئەو پەیوەندیە بەردەوامە و کۆسرەت و کورەکانی دێرین بە کار دێنن و دێرینیش خۆی و خێڵەکەی خستوە تە خزمەتی کۆسرەت ڕەسوڵەوە لە هەموو کارێکی تاوانکاری دا وەکو کەسی یەکەمی خێڵ پێی هەڵ دەستێ ، لەم پێناوە شدا زۆر تاوانی کردوە و زۆر خوێنی ڕشتوە ، کە بە هۆێ پەیوەنشیەکانی لە ناو سەرکردایەتی یەکێتی دا هەمیشە تاوانەکانی پەردە پۆشکراوە و شاراوەتەوە ، ئەم خێڵانە بە بڕبڕەی پشتی حیزبەکان ئەژمار دەکرێن چونکە ئەوانەی ئەندامی ئەو خێڵانە ن و شوێن ڕێو شوێنەکانی سەرۆک خێڵ دەکەون زۆرینەیان کە سانی نە خوێندەوار و دور لە شاەستنی و فەر هەنگن ، بۆیە هەموو کارێکی نا ئینسانی و نا ئەخلا قی دەکەن و باکیان پێی نیە . تەنها شتێک کای ئەوان ۆیرۆزە و جێگەی ڕێزە ئەویش خێڵ و سەرۆک خێڵە ، بۆیە سەرۆک خێڵەکان باش مێشکی ئەندامە کانیان دە خوێننەوە بۆیە زۆر بە ئاسانی بە کاریان دێنن و فەوجی چەکداری زۆری لێ دروستکردوون و لە پێناوی مەرامەکانی خۆیدا بە کاریان دێنێت ، زوو زوو کۆبونەوەو فیستیڤاڵی عەشایەری ڕێک دەخەن بە ناوی نوێکردنەوەی خزمایەتی و دۆستای هێزوو قوەتی خۆیان نمایش دەکەن وەکو نمایشی سەربازیبوڵاتان کە بەر پرسان و کاربەدەستانی حکومی و سەربازی بانگێشتی ئەو کحبوونەوانە شەکرێن و لەوێدا سەودای هێزوو توانای یەکتر دەکەن ، بەم خۆرە ئەو هەرێمە بچوکە هاوشێوەی سەردەمی میرنیشینە کوردیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست کوردوستانیان لە هەموو سیمایەکی شارستانیدا بۆ دواوە بردوە ، و سیستەمی خێڵایەتی و دەرەبەگایەتی لە سایەی جوت حیبی بنەماڵەی تڵە بانی و بارزانی بوژاوەتەوە و کاری پێ دەکرێت .چونکە لە بنەڕەتدا هەردو حیزبی دەستە ڵاتدار حیزبی بنە ماڵەین و لە سەر بنەمای عەشایەری و خێڵەکی دانراوە ، کوردوستان بە درێژای یەک سەدە لە خەباتی چەکداری نەی توانیوە خۆی لە و سیستەما دەرباز بکات کە ئەو سیستەمە لە هیچ شوێنێکدا نەماوە و بە سەر چوە ، بەڵام لە کوردوستاندا تابێت برەوی پێ دەدرێت و دە بوژێتەوە ،

لە ناو کوردوستاندا چندین میلیشیا و گروپی چەکداری جۆر بە جۆر هەیە کە هەر گروپەو لە لایەنێکەوە تەیار دەکرێت و چەک و جبە خانەیان پێ دەدرێن و دەپارێز رێن ، لە شێوە دا وەکو گروپی چەکداری ڕێکخراو و نیشتیمانی خۆیان نیشان دەدەن ، بە ڵام هی کەسێک لەو چەکدارانە هیچ هەستێکی نیشتیمانیان نە ، ئەووی دەیکەن بۆ سەرۆک خێڵە کەیان و بۆ ئەوەیە کە لە پەنای خێڵدا سودی مادی بکە ن و پارە و بەرتیلیان پێ بدرێت لە کاتی کێشە و گرفتەکانیشدا خێڵ وەکو قەڵخان ئەندامە کانی بپارێزێت ، لێرەوە یە سیستەمی یاسا ی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە و یسا سەر وەری تەنها وەکو دروشم دەمێنێتەوە.
کوێخا دێرین ژۆمەڵێکی زۆر لە خێڵەکەی خۆی چەکدار کردوە بە چەکی سوک و قورسیشەوە ، کە سەیارەی درع و شوێنیان لە لایەن یەکێتیەوە پێ دراوە ، و بۆ مەرمی خۆیان هەر سەر کردەو بە جۆرێک بە کاریان دێنێت ، چونکە ئەم

گروپانە وەکو هێزی پێشمەرگە نین ڕێک خراو نین و بێ سەرو بەرەن هەر تاوان و کوشتن و برینێک بکەن لە ژێر ناوی خێڵبو کێشەی کۆمەڵایەتی و ناو چەی دا دەی هێڵنەوە ، بۆیە زۆر خواستیان لە سەرە لەلایەن سەرکردە باڵاکانی حیزبەوە ، و هەموو جۆرە تاوانێکیان پێ دەکە ن و دواتر دەلهن بە شێوەی عەشایەری سولحی بکەن و ئهمەش پشتگیریتان دەکەین .

بەم جۆرە ڕۆژ گاری هەر کەسێکیان بوێت تاریکی دەکەن . و هاتا بێت وڵات لە بە هاکان دادەماڵن عەشیرە ت و هۆزی شێخ سمایلی .

بەپێی سەر چاوە مێژوویەکان (شێخ سمایلیەکان) پێش هاتنی هۆزی جاف بۆ ناوچەکە هەر هەبوون. خاوەن جیگەو هەواری خۆیان بوون .سەرچاوەکان ئاماژە بەوە ئەدەن کە ئەم هۆزە لە بنە چەدا دەگەرێنەوە سەر کوردە گەڵاڵیەکان. هەروەها پێک هێنەرێکی سەرەکی دەستە ڵاتە مێژوویەکەی هۆزی گەڵاڵی بوون،بەڵام کە جافەکان ڕوویان لە ناوچەکە کرد ، دوای ئەوەی پێکدادان دروست بوو وەک بیری پاوانخوازیو فراوانکردنی جێگە و پێگە ئەم بەشەیان کەوتە ژێر هەژموونی جافەوە.

شێخ سمایلەکان لەسەرەتادا لەناوچەی(فروە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردوستان بوون،پێش پەنجاساڵک لە کۆچی یەکەمی مورادیەکان هاتونەتە ناوەچەی شارەزوور ، ماوەیەکی دوور و درێژ گەرمیان و کوێستانیان کردوە . پاش شەڕی (حسین شەریف)لە بەینی جافەکانی ناوچەی شارەزوورو تیرەکانی ئەو دەورووبەرە لەسەر ناوی (ناوی شلێر)ڕوویداوە.

ئەم تیرە دەستیان بەنیشتەجێ بوون کردوە لەبناری شارەزوور و چەند گوندێکیان ئاوەدانکردوەتەوە لەوانە (کێلە کەوە،کەچەڵی،ماو، مزگەوت، شانەدەری کۆن)

بەڵام لە کۆچی هاوینەیان بەدوای لەوەڕوو سەرچاوەی ئاو تا سییەکانی سەدەی ڕابردوو بەردەوام بوون.

لەگەڵ بەردەوامیان لە نیشتە جێ بوون سیو حەوت گوندیان ئاوادان کردوەتەوە ، ئەمامە ناوی هەندێک لە گوندە دیارو گەورەکانیانن (شانەدەریەکان، کانی پانکەی سەروو،کانی پانکای خوارو ،گرێزە)لەناوچەی شارەزور ،(قەڵاقۆچاڵی،کارێزەی حەمە سەعید )لە گەرمیان، ژمارەیەک گوندیشیان لە ڕۆژ هەڵاتی کوردوستان هەبوە .

سەرەرای ئەوەی زۆرێکیان لە (سەیدسادق، عەربەت، دەربەندیخان ،کەلار)نیشتە جێ بوونە .ئەمامە بە گشتی دەبنە دووکۆمەڵەوە. بەشێکیان پێیان دەڵێن (شێخ سمایلی سورە جۆ) کۆمەڵەکەیتر پێیان دەڵێن(شێخسمایلی بنە جووت) لە کۆندا هەردوو بنەماڵەکە ٥٠٠ ماڵ بوونە.سێسەد تاقمیان کە لە بنەماڵەی(فەقێ عەوڵایە) لە سورە جۆ نیشتە جێ بوون،دووسەد ماڵیان لە (گرێزە ،سەراو،بنگرد،قاڵیجۆ، بنات،بنە جوت)لەناوچەی خورماڵ نیشتەجێ بوون،مەڕو بزن و رەشەوڵاخیان زۆر بوە،و کشتوکاڵیشیان کردوە، لە بەروبوومی وەک(گەنم ،جۆ،نیسک).بەهەروولایان دوسەدو پەنجا سوارەو سێ سەد تفەنگداری پیادەیان هەبوە، ئەم تایگەیە بەشی زۆریان کە هەزارو دوسەد ماڵ بوونە لە ڕۆژ

هەڵاگی کوردوستان بوونە .کە هاوینان ئەرۆشتنە بەینی(هەمەدان،قۆریە) زستانان هەمدێ جار دەرۆشتنە نزیک سەر قەڵا لە دەوروبەری قەسری شیرین.بە گشتی لەئیستادا لە گەرمیان ناوچەکانی کەلار کفری باوەنور دەربەندی خان و لە شارەزوور بەتایبەتی نشتە جێن.
لە کۆندا ئەم خێڵە بەکاری ئاژەڵداری و کشتو کاڵەوە خەریک بووم زۆر تالبی کاری سیاسی نەبوون . بەلام بە گشتی لەسەر دەمی حێستەدا پێچەوانە بوە تەوە ئەندامانی ئەم خێڵە لەدەوری حیزبەکاندا کۆبوونەتەوە و چەکدارن وازیان لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری هێناوە .
لە ئیستادا
ئەم عەشیرەتە یەکێکە لە عەشیرەتە چەکدارەکانی ناوچەی شارەزوور و بە تایبەتی گوندی گریزە و دەوروبەری ژمارەیان زۆرەو لە مێژە لە گەڵ یەکێتیدا تێکەڵەن ئەم عەشیرەتە وەکو خوێن بە شادەماری یەکێتیدا دێت و دەچێت .





ناسرخان شێخ ئیسماعیلی کوڕی عەزیزخان– ئەسروڵا قادر (مامە ئەسە)          سالاری مامە ئەسە
براگەورەی شێخ سمایلەکانی ڕۆژهەلات –براگەورەی شێخ سمایلەکانی باشور – براگەورەی سێخ سمایلی

بە سەدان لاو وگەنجیان لە ریزەکانی پێشمەرگە و دژە تیرۆرو هێزی کۆماندۆ و ئاسایشن . بە دەیان کەسی ئەم عەشیرەتە پلەی بەرزی سەربازیان هەیە . کە هەندێکیان بە هۆی نزیکیان لە یەکێتی ئەو پلەو پۆستانەیان پێدراوە .

ئەم عەشیرەتەش وەکو سەرجەم عەشیرەتەکانی تر سەرۆک خێڵ و دیوەخانیان هەیە مووچەو بودجەی تایبەتیان هەیە ئەمانە بە شانە نوستوەکانی یەکێتی هەژمار دەکرێن . کە چەکدارن و عەشایەرن بروایان بە سوڵحی عەشایەری و ریشسپی و کۆرو مەجلیس هەیە .

بە سەدان کەسیان موچەی بندیوار وەردەگرن . سەر باری ئەوەی لە پەنای خێڵ دا ئەندامەکانی خەڵکی رەشۆکی دەروتێننەوە و ئەربابی سەرۆک خێل ژیانێکی زۆر باش دەژیت کە زۆر لە سەرو ئاستی خەڵکی ئاساییەوەن و پاسەوان و ئۆتۆمبیلی تایبەتیان هەیە . ئەمانە بە هەزارەها دۆنم عەرزی ئەم هەرێمە بەشمەینەتەیان لەسەر تاپۆکراوە . لە خێروبێری وڵات دەخۆن .

ئەمانە پایەی سەرەکی مانەوەی دەستەلاتی یەکێتین وەکو عەشیرەتەکانی دیکە . ئەندامانی ئەم عەشیرەتە گوێرایەڵی سەرۆک خێلن قسەکانی وەکو یاسا دەبینن هەر ئەندامێکی ئەم خێلە رووبەرووی هەر مەترسیەک بێتەوە خێڵ بەرگری لێدەکات یان لە پێماو ئەندامانی عەشیرەتدا یاسا شکێنی دەکەن .



ئەم کەسایەتیە مام سالاری مامە ئەسەیە کە سەرۆک خێلی شێخ سمایلە راستەو خۆ دیوەخان بەرێوە دەبات و قسەی کۆتای لای ئەمە وەکو ریش سپیو گەورەی عەشیرەت چاوی لێدەکرێت . مام سمایل هەموو کەسەنزیکەکانی خۆی لە پلەی بەرزدان و لە باشترین زانکۆکان دەخوێنن . مانگانە و سالانە برە پارەیەکی زۆر وەر دەگرن . هەرتاوان و تەعدایەکی ئەندامانی خێڵەکەی پەردەپۆش دەکات بە ناوی سوڵحی عەشایەری .

ئەمانە بەشێکیان سەر بە باڵی کۆسرەت رەسولن و راستەو خۆ فرمان لە کاک کۆسرەتەوە وەر دەگرن . بەشێکیان سەر بە باڵی مام جەلالن .

بۆ سەرکوت کردنی دەنگی نهنارازی ئەمانە لەپێشینەی چەکدارەکانی یەکێتین . لە کاتی هەڵبژاردنیشدا هەر ئەمانن خروقات دەکەن و دەنگی ساختە دەدەن .

لەم سالانەی دوایدا بە هۆی زیندوکردنەوەی دیاردەی عەشیرەت گەری . ئەم خێڵش زۆر زیاتر سوند مەندبوو لە باڵباڵێنی نێو یەکێتیدا .

ئەم کەسە سەرۆک خێلی پێشوی شێخ سمایلە کە لەگەل مامجەلالدا وێنەی گرتوە .

ئەمە دەری دەخات کە عەشیرەتی شێخ سمایل زۆر لەمێژە لەگەل یەکێتیدا هاو ئاهەنگە و دەاتیان تێکەڵە.

یەکێک لە کارە هەرە ناشرینەکانی ئەم خێلە ئەوەیە کە هەموویان چەکدارن و بەرگریەکی کوێرانە لە یەکێتی دەکەن و ئامادەن خۆیان لە پێناویدا بە کوشت بدەن .

گەرچی دەش زانن کە حەق بەوان نیە .




وێنەی مام سالاری مامە ئەسە لە گەڵ قوبات تاڵەبانیدا.

ئەم خێڵە ئەوە لە دوای ئەوە بەردەوامی بە بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەدەن کێ لە ناو یەکێتیدا باڵادەست بێ لایەنگری ئەو دەکەن و دەبن بە چەکدارو غولامی بەرپرسەباڵاکان .

لەسەردەمی قوباد تاڵەبانیدا زیاتر دیاردەی عەشیرەت گەری لە زۆنی سەوزدا تۆخ بوە تەوە . لە ساڵێکدا چەندین بۆ ئەیان بۆ ڕێک دەخرێت . پارەی دیوەخانیان زیاد کراوە لەسەر حسابی خەڵکی فەقیرو هەژار .

مام سالار چەندین سولحی عەشایەری کردوە کە بە چاو سورکردنەوەو هەڕەشە . تەنازولی بە بەرامبەرە کانی کردوە لە بەر ئەوەی خاوەن ژمارەیەکی زۆر لە کەسی چەکدارە لە دەوروبەریدا سەرباری هەبوونی داهاتێکی زۆر کە بەنایاسای بەدەستی هێناوە .



وێنەی ژمارەیەک لە ئەندامانی خێلی شێخ سمایل لە ریزەکانی یەکێتیدا .

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەم خێڵە سەر لەبەری چەکدارە . هەرکارێک کە بیانەوێت بە زەبری هێز مەیسەری ئەکەن . بەزەبری هێز عەرزەی جوتیار داگیر دەکەن بەزەبری هێز تەندەرو ئۆفەرەکانی حکومەت بۆ خۆیان داگیر دەکەن . سەر باری چاوپۆشی لە باج و موڵکانەیان لە لایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردوستانەوە .

ئەم خێڵە لە ناوچە دەشتایەکانی شارەزوردا سەرانە لە جوتیارەکان وەردەگرن . و لە شارو شارۆچکەکانیشدا سەرانە لە دوکاندارو کاسبکاران قەر دەگرن .

لە پاش راپەرینی جەماوەری گەلی کوردوستان لەساڵی ۱۹۹۱ وە ئەم خێڵە وەکو رژێمی گۆڕ بەگۆڕی بەعس بە ربوونەتەوە گیانی خەڵکی حوکمی تایبەت بە خۆیان دەکەن لە ناوچەکانی خۆیاندا بە زەبری هێز . لە میدیاو راگەیاندنەکانیشدا دیمانەوە سەردانیەکانیان وەکو بابەتی رۆژ شرۆفەی لەسەر دەکرێن . یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان میدیاو دامەزراوەکانی خستوەتە خزمەتیان بۆ زیاتر گەورە کردن و گەشە سەندنی گیانی عشیرەت گەری .



وەک دەبینین ئەم خێلە بەوەوە نەوەستاوە کە کارو کەسابەتی خەڵکی قۆرخ بکەن دەستیان داوەتە بواری وەرزشیش . کە یانەی بەهێزی ناوچەکە بە ناوی سەرۆک خێڵەوە بەشداری لە پاڵەوانێتیەکاندا دەکات و کوری سەرۆک خێڵ وەکو سەرۆکی یانەو یاری زانی پلە یەکی یانە ناسێنراون . یاریگای تایبەت بە خۆیان کردوەتەوە کە بەژداریکردنی یانەکە لە هەڵبژاردەیەکدا بە دەستکەوت و منەت بەسەر یاریزاناندا دەی بەشنەوە .

بە نارەزوی خۆیان یاریزان دەردەکەن یان زیاد دەکەن . کاتی یاری کردن دیاری دەکەن و خەڵات و دەستکەوتەکانی سەرکەوتنی یانە لە دیوەخانی سەرۆک خێڵدا هەڵدەواسرێت . ئەمەلەکاتێکدایە ئێمە لە هەرێمی کوردوستاندا یەکێتی تۆپی پێمان هەیە . نازانم ئەو یەکێتیە چکارەیە کە وەرزش و بواری وەرزشی خستوەتە بەردەستی سەرۆک خێڵ و کوری سەرۆک خێڵەکان .



ئەمانەش ژمارەیەکن لە ئەندامانی چەکدادی عەشیرەت کە بە هەموو شێوەیەک بەرگفی لە سەرۆک عەشیرەت دەکەن .چەک و جبەخانەی قورسیان هەیە کە لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردوستانەوە پێیان دەدرێت . کە بۆ مەرامی خۆیان بەکاری دێنن بۆ بڵاو کردنەوەی شەڕو شۆڕو ناسەقام گیری لە شارو شارۆچکەکاندا .

لە ناو ئەم خێلانەدا ئەوەی زۆر باوە مەسەلەی دوژمنداریە . کە کوشتن و بڕین کارێکی ئاساییە لە ناویاندا بە بێ ئەوەی دەستەلات لێپێچینەوەیان لە گەڵدا بکات . چونکە وەک پێشتر باسمانکرد ئەم خێڵانە پایەی مانەوەی دەستەڵاتی یەکێتی و پارتین .

**عەشێرەتی قەرە وەیسی**

عەشیرەتی قەرە وەیسی یەکیان گرتوە لە گەڵ سمایل عوزێریەکانداو لە ناوچەی سلێمانی و دەورو بەریدا نیشتە جێن و زیاتر بە کاری چەکداری و مەڕ داریەوە خەریکن

ئەمانیش بە هامان شێوەی عوزێریەکان خێڵێکی گەورەن و بەسەر یەکێتی و پارتی دا دابەش بوون ،

یەکێک لە کەسانەی قەرەوەیسیەکان شانازی پێوە دەکەن حەمە ی حەسۆلە کە جاش بوە کە سەرۆک جاشێکی کورد بوە و سەدام مەدالیای ئازایەتی بە بەرۆکی هەڵواسیوە .



وێنەی حەمەی حەسۆل قەرەوەیسی سەرۆک جاش

ئەم حەمەی حەسۆلە بە سەدان کەسی کوشتوە کە ئێستە بنەماڵەکەی لەسەر هەمان ڕێچکە دەڕۆن .

١٧ شەهیدی قڕگە !

شەوی ٢٨/٢٩ ی مانگی شەشی ١٩٨٣

کۆمەڵی گەنجی پێشمەرگەی بێ ئەزمون و بەبێ بەرنامە پاش ئەوەی هاتبونە قەراخ شاری سلێمانی و پا ش گەڕانەوەیەن هەموویان لە تراکتۆرێکدا کەوتنە کەمینی جاشەکانەوە و ١٧کەسیانگیانیان بەخشی.

ئەوەی ئەو کارەی کرد دوو مەفرەزە خاسەی استخبارات بوون بە ناوی حەمەی حەسۆل قەرەوەیسی و عوسەی هۆکل .

حەمەی حەسۆل لەساڵی ١٩٨٥ جاشە زێباریەکان لە ڕێگای تاسلوجە بە هەڵە کوشتیان.

عوسەی هۆکل لە دوای ڕاپەڕین چەکداری و بەرپرس بوو لای یەکێتی بوو ، ئێستا لە ڕیزی شەهیدانی یەکێتیە.

حەمەی حەسۆل . لەڕیزی شەهیدانی پارتیە و عەلی حەسۆلی برای کە جێگری بوو ،ئێستا پلەی ڕایدی زێرەقانیە ئەم تاوانە گەورەیە ، لەدوای تاوانەکەش وەکو هەموو بێ ڕەوشتیەکی تر ، یەکێتی وپارتی فیفتی بە فیفتی لەنێوان خۆیاندا دابەشیان کرد.

لەو سەردەمەدا لای ئێمەی تازە گەنج ئەمانووت

١٧ شەهیدی قڕگە

ئەبنەوە بە پێشمەرگە

ئێستا ئەزانم بەهەڵەداچوین ، ئەگەر زیندووببنەوە قەت نابنەوە بە پێشمەرگە ، تا یەکێتی و پارتی بکوژەکانیان بکەنە فەرماندە و سامانی کوردستان هەتیوەکانی جەلە و مەسە بیخۆن و خوێنی ئەمانیش هەتاوی خیانەت بیکاتە هەڵم.

غەوارە:

لە ناوچەکانی بازیان وقەرەداغ وسورداش وچەمچماڵ وسەنتەری شاری سلێمانی وبەشێکیان لە پارێزگای هەولێرن، لەم هۆزانە پێک دێت:

ئاغاسوری، کاوانی، مەرزەنک وگرزەیی، چوچانی، بێسەری، قاویلەیی، شێخ ئیسماعیلی، ورمزیاری، ساتەباری، کافرۆشی، هەیاسی، مامەلیسی.

ئەم عەشیرەتەش وەکو سەر جەم عەشیرەتەکانی دیکە دوای بێ دەستەلات بون و کپ بوونی وادەی عەشیرەت گەری . لە دوای دەستەپاتی لاهوری شێخ جەنگیەوە کە دیاردەی عەشیرەت گەری جاتێکی تر زەق کردوە ئەم عەشیرەتەش هاتنەوە و جێگەی خۆیان لەسەر شانۆی روداوەکان کردەوە.

خالیدی خولە سوور کە سەرۆک عەشیرەتی غەوارەبوو

سەردەمانی لاوێتی خالید پێشمەرگەبوو لە ریزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستاندا بەڵام وەکو ئەوەی خیانەت لە خوێنی ئەم کەسایەتیەدا بێت هەر لە کاوێتیەوە بەرژەوەندی لە کوێبێ پارەو ناوبانگ و داهات لە کوێ بێ رۆشتوەتە ئەو بەرەیە ئێستا کورو ئەوەکانی خالیدی خولە سوور بە هەمان رێگادا دەرۆن و ئەو بەرژەوەندی خوازیەیان لە باوانەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە.

6 لە گوندی بانی بنۆکی بناری سورێن لەدایکبووە.

- سەرۆکی خێڵی غەوارە بوو.

1974 پەیوەندیی بە شۆڕشی کوردەوە کردووە لە ناو (کۆمەڵەی رەنجدەران)دا. لە رێکەوتی 15-08-1976 بووەتە پێشمەرگە.

پلەی خوێندەواریی تا شەشەمی سەرەتاییە.

- لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردودا و لەسەردەمی حوکمڕانی رژێمی بەعسدا موستەشار بووە و هەروەک بۆ چەند ساڵێک ئەندامی مەجلیسی تەنفیزی بووە و لەو ماوانەشدا پێنج میدالیای ئازایەتی، (نوط الشجاعة)ی لەلایەن سەدام حسێنەوە پێدراوە.

- پاش راپەرینەکەی 1991یش، ناوبراو لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا کاریکردوەو پاش دورکەوتنەوەی لەو حیزبەش، لەم چەند ساڵەی دواییدا سەرقاڵی کاری بازرگانی و بەڵێندەرایەتی بووە.

رۆژی 23-02-2013 لە سلێمانی لەلایەن چەند چەکدارێکەوە کوژرا.

**خالیدی خولە سور لەدوێ ئەوەی بەرژەوەندی لە ریزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان لەوکاتەدا نابینیت بۆیە خۆی رادەستی رژێمی بەعس دەکات و دەبێتە جاش ، پاشان بەهۆی هەموو ئەو خزمەتانەی کردی بە رژێمی بەعس دژی گەلەکەی خۆی هەر زۆر زوو بوە جێگەی متمانەی سەرانی بەعس و سەدام حسین بۆیە پلەی بەرز کرایەوە بۆ مستە شار لەو ماوەیەدا بە ژداری دەیان تاوانی کردوە دژی گەلە کەی خۆی و بەژداری ئەنفالی گەرمانی کردوە بە چاوساخی خالیدی خولە سور شالاوی ناوچەکانی گەرمایین ئەمجام دران .**



**خالید بۆ رازی کردنی بەعس لە خۆی لە هیچ کاریکی نامفۆقانە لە دژی گەلەکەی خۆی نە دەسلَمیەوە و ئەوەی بە بەعس نەکرا خالیدی خولە سور کردی . هەر بۆیە پێنج مەدالیای ریزلێنانی لەلایەم سەدام حسین دوە بە دیاری پێ بەخشرا، خالیدی خولە سور دەیان تاوانی قێزەونی کردوە لە خەلک بە گرت دان تاعدا کردن لە ژنی کورد و دزی و سەرانە وەرگرتن و کوشت و بری خەلَکی بێدەستەلآت،**

**لە دوای نە مانی رژێمی بەعس هاتەوە ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان و لە ناو یەکێتی دا دیوە خانی بۆ کرایەوەو وەکو پیاو ماقول و سەرۆک خێلَ**

**ریزی لێ نرا .**



لەدوای ئەوەی خەڵکی لە تۆڵەی ئەو هەموو تاوانەی کە خالید بەسەریاندا هێنابووی لە ساڵی ۲۰۱۳ دەست ڕێژی گولەی لێدە کەن و لە ناو سەیارەکەی خۆیدا دەی کوژن.

